


# ئەخلاق و بەرگریی

مەریوان وریا قانع

ENDESE

https://t.me/kurdistanbooks

**زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب**

**سەرپەرشتیاری زنجیرە**

**سیروان مەحمود**

ناوی کتێب: ئەخلاق و بەرگریی

ناوی نووسەر: مەریوان وریا قانع

بابەت: فیکر

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٧

چاپخانە: ئەندێشە

تیراژ: (٢٠٠٠) دانە

نرخ: (٨٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٤٩)ـی ساڵی (٢٠١٧)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©

بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

https://t.me/kurdistanbooks

## پێشکەشە

به هەموو ئەوانەی لەنێوان ئەخلاقی ڕۆژانەی
خۆیان و کردەی بەرگریکردنی بەردەوامدا بەرامبەر به
ناشرینییەکانی دونیا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ دروست
دەکەن.
به هەموو ئەوانەی بەتەنگ مرۆڤبوونی خۆیانەوه
دێن.
بەوانەش که هەوڵ ئەدەن ژیانیان وەک تابلۆیەکی
هونەریی لێ بکەن

https://t.me/kurdistanbooks

https://t.me/kurdistanbooks

"لەو گۆشەنیگایەوە کە پێمان دەڵێت کەسایەتیی ئێمە شتێک نییە پێشوەخت پێمان درابێت، پێم وایە تەنها یەک ئەگەری ڕاستەقینەمان لە بەردەمدا دەمێنێتەوە، پێویستە کەسایەتی خۆمان وەک کارێکی هونەری دابهێنین."

– میشێل فوکۆ

"باوەڕم بەوە نییە ئێمە لەناو مێژوویەکی داخراودا نیشتەجێین، بە پێچەوانەوە هەموو کارەکانی من دەیانەوێت ئەوە نیشان بدەن کە مێژوو پڕە لە پەیوەندیی ستراتیژیی پڕجوڵە و گۆڕان و هەڵبەزودابەز. بە مەرجێک بکەرەکانی ناو ئەو پەیوەندییانە ئازایەتی سیاسیی ئەوەیان هەبێت دەسکاریی شتەکان بکەن و بیانگۆڕن."

– میشێل فوکۆ

"ئازادی کردار و هەڵسوکەوتە... ئازادیی، مرۆڤەکان هەرگیز لە ڕێگای ئەو یاسا و دەزگایانەوە ناپارێزرێت کە بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی ئازادیی دروست کراون، چونکە هەموو ئەو یاسا و دەزگایانە دەکرێت قڵپ بکرێنەوە و دژ بە ئازادیی خۆی بەکار بهێنرێن... ئەوەی گەرانتی ئازادییە، تەنها خودی ئازادی خۆیەتی"

– میشێل فوکۆ

https://t.me/kurdistanbooks

"کە من نامەوێت بڵێم پێویستە چی بکرێت؟ ئەمە لەبەر ئەوە نییە باوەڕم وا بێت شتێک لەئارادا نییە کە بکرێت، تەواو بە پێچەوانەوە، من باوەڕم وایە کە هەزاران شت هەن پێویستە بکرێن، دابهێنرێن، دابڕێژرێن، لەلایەن ئەو کەسانەوە کە ئەو پەیوەندییانەی دەسەڵات دەناسنەوە، کە پێیانەوە دەرگیرن و بڕیاریان داوە بەرگرییان بەرامبەر بکەن، یان خۆیانی لێ دەرباز بکەن."

– میشێل فوکۆ

https://t.me/kurdistanbooks

## ناواخن

پێشەکیی: فوکۆ وەک ڕۆشنبیر...................................................١٣

**بەشی یەکەم: فوکۆ و دەسەڵات**

سـەرەتا.......................................................................................٧١

لە دەسەڵاتی سەروەرەوە بۆ دەسەڵاتی دیسپلینکردن........................٧٤

دەسەڵات یان پەیوەندیی دەسەڵات؟...............................................٨٢

تەکنیکەکانی دەسەڵاتی دیسپلینکەر..............................................٩١

بیۆدەسـەڵات..............................................................................١٠٠

دەرەنجـام...................................................................................١١٠

سـەرچاوەکان..............................................................................١١٣

**بەشی دووهەم: خود و دەسەڵات، ڕەخنە لە ئینسانگەرایی**

سـەرەتا......................................................................................١١٧

فەیلەسوفی چۆنێتیی دروستبوونی تاکەکەس.................................١١٩

کێشەی بەخودبوون و دروستبوونی تاکەکەس...............................١٢٢

خود و دەسەڵات..........................................................................١٢٤

سێ قۆناغی جیاواز و دوو ڕوانین بۆ دروستبوونی تاکەکەس...........١٢٩

فوکۆ و هیومانیزم.........................................................................١٣٥

nbooks

پرسیار لە هیومانیزم...................................... ١٤٠
هیومانیزم و گەردونگەرایی...................................... ١٤٦
مرۆڤبوون و گوتار...................................... ١٥٢
جەبری گوتارەکان و جەبری دەسەڵات...................................... ١٥٩
عەقڵ وەک دروستکراوێکی مێژوویی...................................... ١٦٢
هەقیقەت، یان ڕژێمی هەقیقەت؟...................................... ١٦٤
خودی ناموتەعالی...................................... ١٦٨
خاڵی کۆتایی، نەک خاڵی سەرەتا...................................... ١٧١
مێژووی جیاواز و خودی جیاواز...................................... ١٧٤
دژەمیتافیزک و دژەڕۆمانسیەت...................................... ١٧٧
مەرگی ئینسان و لەدایکبونی زانستە ئینسانییەکان...................................... ١٨٠
فرۆید و مارکس و نیتشە و فوکۆ...................................... ١٩٠
دەرەنجام...................................... ١٩٦
سەرچاوەکان...................................... ١٩٩

## بەشی سێهەم: بەرگریی ئەگەر و توانایەکی هەمیشەیی

سەرەتا...................................... ٢٠٥
هەیمەنە و دیسپلین...................................... ٢٠٩
دیسپلین وەک هەیمەنە...................................... ٢١٢
خود و چێژ و بەرگریی...................................... ٢١٦
بەرگریی وەک بابەتی سەرەکیی...................................... ٢٢٢
قۆناغی یەکەم: مێژووی دێوانەیی...................................... ٢٢٤
قۆناغی دووهەم: بەرگریی وەک کردەی شۆڕشگێڕانە...................................... ٢٣٢
قۆناغی سێهەم: بەرگریی لە هەموو شوێنێکدا...................................... ٢٤٣
خودسازیی ئیستاتیکی وەک کردەی بەرگریی...................................... ٢٤٧
دەرەنجام...................................... ٢٥١
سەرچاوەکان...................................... ٢٥٦

https://

**بەشی چوارەم: ئیستاتیکای بوون، ژیان وەک کارێکی هونەریی**

سـەرەتا........................................................................................٢٥٩
ئیستاتیکای بوون...............................................................................٢٦٢
دوو کەلەپوری فەلسەفی......................................................................٢٧٥
پراکتیکەکانی ئازادیی.........................................................................٢٨٣
پارێسیا: بوێریی و قسەی ئازاد......................................................... ٢٩٠
ڕۆشنگەریی وەک ڕەخنە.................................................................. ٣٠٠
دەرەنجـام.......................................................................................٣٠٣
سـەرچاوەکان.................................................................................٣٠٧

nbooks

https://

# پێشەکیی

## فوکۆ وەک ڕۆشنبیر

### (١)

تەمەنی ناسینی من بۆ کارەکانی میشێل فوکۆ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی هەشتا، لەناو ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی ئێمەی ئەو سەردەمەدا، فوکۆ کەسێکی نەناسراو بوو. لە عێراقیشدا چەند کەسێکی کەم نەبێت کەس هیچی ئەوتۆی لەسەر کار و بەرهەم و بیروبۆچوونەکانی ئەم نووسەرە فەرەنسییە نەدەزانی، بەڵام دوای هاتنی کۆمەڵێک کتێب لە مەغریبی عەرەبیی و دوای گەیشتنی هەردوو گۆڤاری *الفکر العربی المعاصر* و *العرب و الفکر العالمی* کە مەرکەزی ئەنمای قەومی لە بەیروت و پاریس دەری دەکردن و دوای ئاشنابوون بە کارەکانی فەیلەسوفی سوریایی مەتاع سەفەدی، ئیتر زیاد لە پەنجەرەیەک بۆ ناسینی ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە کرایەوە.



nbooks

ئەو دوو گۆڤارەی باسم کرد، گرنگییەکی تایبەتیان بە فیکری فەلسەفیی هاوچەرخ بەگشتیی و بە کارەکانی میشێل فوکۆ بەتایبەتی ئەدا. بەر لەمانەیش فەیلەسوفی میسری زەکریا ئیبراهیم لە کتێبێکدا بەناوی *مشکلە البنیە* بەشێکی کتێبەکەی بۆ ناساندنی فیکری فوکۆ تەرخان کردبوو، کە ئێمە ئەوکات وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی ئاشنابوون بە فیکری فوکۆ بەگشتی و بە ناسینی قوتابخانەی بونیادگەری بەتایبەتی، بەکارمان دەهێنا. هاوکات کتێبی *خۆرهەڵاتناسی، الاستشراقی* نووسەری فەلەستینی ئێدوارد سەعید، سەرەتایەکی گرنگ و بەهێز بوو بۆ ئاشنابوون بە چەمکی "گوتار" لای میشێل فوکۆ. ئەو پەیوەندییە پتەوەی میشێل فوکۆ لەنێوان مەعریفە و دەسەڵاتدا پێشنیاری دەکات، ئێدوارد سەعید دەیگوازێتەوە بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەو شێوازە لە مەعریفە، کە لە ڕەوتی پەیوەندیی کۆڵۆنیالیزم و میللەتە کۆڵۆنیالکراوەکاندا دێتە کایەوە. ئێدوارد سەعید *مەعریفەی خۆرهەڵاتناسیی* وەک مەعریفەیەکی کۆڵۆنیاڵی پێناس دەکات و نیشانی ئەدات چۆن گوتارەکانی خۆرهەڵاتناسی وەک بەشێک لەو پەیوەندییە کۆڵۆنیاڵییە کار دەکەن کە لەنێوان ئەو دوو بەشەی جیهاندا دروست دەبێت، مەبەستم خۆرهەڵات و خۆرئاوایە. ئەم کارەی سەعید، یەکەم کار بوو بەوردی نیشانمان بدات چۆن دەسەڵات و مەعریفە بەناو یەکدا دەچن و چۆن دەکرێت سیستمێکی مەعریفیی وەک سیستمێکی دەسەڵاتگەر دەستبەکار بێت.[1]

---

١ بڕوانە:

Said, Edward (1978). Orientalism. Routledge & Kegan.



https://

یەکەم بەکارهێنانی من بۆ چەمکێک لە چەمکە گرنگەکانی میشێل فوکۆ، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٩، ئەودەم لە نووسینێکدا بە ناوونیشانی *دەقی مردوو لەنێوان ئەبستیم و ئایدیۆلۆژیادا* چەمکی "ئەبستیم"م لای میشێل فوکۆ بەکار هێنا، بۆ ئەوەی هەندێک سەرنج لەسەر سیاسەتی بەرهەمهێنانی تێکست لە ڕۆشنبیریی کوردیدا و لەسەر ژیانی تێکست و مردنی لەناو ئەم ڕۆشنبیرییەدا دەر ببڕم. (ئەبستیم) یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو فیکری فوکۆ، بەتایبەتی لە قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەیدا. ئەم چەمکە هێما بۆ ژێرخانی بەرهەمهێنانی مەعریفی لە سەردەمێکی مەعریفیی دیاریکراودا دەکات، ماناکانی نزیکە لە مانای چەمکی "پارادیم" لای تۆماس کۆهێن. ئەبستیم سەرجەمی ئەو گریمانە و چەمک و تێز و تیۆرە و ڕوانینانەیە کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا وەک ژێرخانی بەرهەمهێنانی مەعریفیی ئەگەرەکانی بیرکردنەوە ئاراستە دەکات، وا دەکات بتوانین بیر لە هەندێک بابەت بکەینەوە و بیر لە هەندێکی دیکە نەکەینەوە. ئەو تێزەی من لەو نووسینەدا بەرگریم لێ دەکرد، ئەوەیە کە لەناو ڕۆشنبیریی ئێمەدا ژمارەیەکی زۆری تێکست کە لەدایک دەبن، بەمردوویی لەدایک دەبن، نەک تەنها هیچ کاریگەرییەک لەسەر بونیادی ڕۆشنبیریی کوردیی جێ ناهێڵن، بەڵکو ئەم ڕۆشنبیرییەش بەتاڵ دەکەنەوە لە هەر توانا و وزەیەکی ڕاستەقینە بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکاریی بوونیادیی و ژێرخانی. وتارەکە پێداگرتنە لەسەر گرنگیی گواستنەوە بۆ ئەبستیم، یان پارادیمێکی نوێ، کە مەرجەکانی لەدایکبوونی تێکست بەزیندوویی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا دەستەبەر بکات.



nbooks

چەند مانگێک دوای ئەم وتارە، لە مانگی٤ ی ساڵی١٩٩٠ دا، لە نوسینێکی درێژتردا بە ناوی *کۆمیدیای سەلەفیەتەوە*، کە لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراقدا، بڵاو بووەوە، جارێکی تر گەڕامەوە سەر لێکدانەوەی مانای چەمکەکانی ئەبستیم و ئارکیۆلۆژیا و جینالۆژیا و دابڕانی ئەمبستمۆلۆژیی لە کارەکانی میشێل فوکۆدا[١]. سەرجەمی ئەم چەمکانە، بەشێک بن لە هەوڵە سەرەتاییەکانی من بۆ خوێندنەوەی ئەو بونیادە ڕۆشنبیرییەی من و چەند نووسەرێکی تر بەتەمای گۆڕین و تازەکردنەوەی بووین. فیکری فوکۆ هاریکارییەکی باشی منی کرد بۆ ئەوەی کێشەکانی ئەو ڕۆشنبیرە لە ئاستێکی تر و بە شێوازێکی تر ببینم کە پێشتر بەو شێوازە نەبینرابوو، نە هەوڵی گۆڕان و تازەکردنەوەی درابوو[2]. پێم وایە ئەم هەوڵانەی من یەکەمین هەوڵی ناسینی فیکری میشێل فوکۆیە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا و یەکەمین هەوڵێکی سەرەتاییانەی بەکارهێنانیەتی بۆ شیکردنەوە و ڕەخنەکردنی بونیادی ئەو ڕۆشنبیرییە. باوەڕ ناکەم بەر لەم هەوڵانەی من هیچ شتێکی ئەم فەیلەسوفە بە زمانی کوردی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا بوونی هەبووبێت.

لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا، ڕووبەری ناسینی فیکری

---

١ بڕوانە: مەریوان وریا قانع .١٩٩٠ کۆمیدیای سەلەفیەت. پاشکۆی عێراق ٢٥-٤-١٩٩٠

٢ بۆ شارەزابوون بە سەرتاکانی ئەم شێوازە لە ڕەخنەی کولتووریی و ڕۆشنبییریی، خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەو وتارەی من بگەڕێتەوە کە لە هەمان سەردەمدا، بەر لە ڕاپەڕین نووسراوە.

مەریوان وریا قانع .(١٩٩٠) زەینی نامەنەهەجی و لێکدانەوەی خورافیانە: تێڕامانێک لە بونیادیی ڕۆشنبیریی کوردیی. پاشکۆی عێراق،٢٨ -٢-١٩٩٠.



https://

ئـەم فەیلەسـوفە گەورەتـر و فراوانتـر بـوو، هـەم لـە ڕێـگای خوێندنـەوەی وەرگێڕانـە عەرەبییەکانی کارەکانییـەوە، کـە زیاتـر لـە جاران دەگەیشـتە دەسـتمان و هـەم لـە ڕێگای دەسـتگەیشـتن بـە هەندێـک لـە وەرگێڕانـە فارسییەکانیشـی. لێرەبـەدوا لەباتـی ئـەوەی فوکـۆ لـە ڕێـگای لێکدانـەوەی نووسـەرانی تـرەوە بخوێنینـەوە خۆمـان چووینـە سـەر کتێبەکانـی و خوێندنەوەیـان. لـە پەیوەندیدا بـە منـەوە، دوای جێهێشـتنی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٩٢دا و دەسـتکردن بـە خوێنـدن لـە ئەوروپا لە سـاڵی١٩٩٥ دا، ئاشـنابوون بـە فیکـری فوکـۆ و ناسـینی کۆمەڵێـک فوکۆنـاس لـە نزیکـەوە، هـەم شـێوازێکی سیسـتماتیکیتری وەر گـرت، هـەم شـێوازێکی میتۆدیـی و زانسـتیتر. وەک خوێنـدکار لـە زانکـۆی ئەمسـتردام بـووم بـە هاوڕێـی چەند مامۆسـتایەک، کە هەندێکیان فوکۆناسـی بەناوبانگـن و خوێندنـەوە و وانەوتنەوەیـان لەسـەر ئـەم فەیلەسـوفە دەروازیەکـی باشـتری بـۆ ناسـینی فوکـۆ لـە بەردەم مندا کردەوە. بەکورتـی فوکـۆ لـە سـەرەتای ناسـینیەوە بـوو بـە یەکێـک لـەو نووسـەرانەی مـن لەگەڵیدا بیـرم کردۆتـەوە و نووسـیومە، وێناکـردن و چەمـک و تێزەکانـی، بەشـێک بـوون لـەو وێناکـردن و چەمـک و تێزانـەی مـن پێیـان ئاشـنا بـووم و بـە هۆیانـەوە بیـرم کردۆتـەوە و نووسـیومە. گرنگیـدان بـە شـیکردنەوەی دیـاردەی دەسـەڵات، گرنگیـدان بـە میتـۆدی جینالیۆژیـی و بەمێژووییکـردن و بەگوتارکردنـی هەمـوو دیـاردەکان، دوورکەوتنـەوە لـە جەوهەرگەرایـی و گشـتگیریی بەتـاڵ، کارکـردن لەسـەر تێمـا و بابەتـە کۆنکرێتـەکان، دوورکەوتنـەوە لـە حەتمیـەت و حەتمیەتگەرایـی و بڕوابـوون بـە بوونـی ئەگـەری بەرگریکـردن و سـەرلەنوێ داڕشـتنەوە



nbooks

و دەسکاریکردنی دونیا، باوەڕبوون بەوەی کە ڕۆشنبیر تەنها بوونەوەرێکی تیۆریست نییە، بەڵکو هاووڵاتی ناو ژینگەیەکی تایبەتیشە و وەک هاووڵاتیش چەندان ئەرکی گرنگی لەناو ژیانی گشتیدا لەسەر شانە. هەموو ئەمانە، کە بەشێکی گرنگی فیکر و شێوازی بیرکردنەوەی میشێل فوکۆن، بە شێوازی جیاواز بوون بە بەشێک لەو دید و ڕوانینە سەرەکییانەی هاریکاریی من بوون بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن لەو دونیایەی تیایدا ژیاوم و بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی هەڵوێست و جوڵانەوەشم لەناو ئەو دونیایەدا. ئەمانە هەم بیرکردنەوەی منیان ئاراستە کردووە، هەم ئەخلاقیاتی نووسین و هەم هەڵوێست و دیدگای سیاسیم. لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بەدرێژیی لەسەر کەسایەتی "پاریسیا" لای فوکۆ دەوەستم، بۆ شیکردنەوەی ئەو شێوازە لە هاووڵاتیبوون، کە نەترس و بەرپرسیار و ڕەخنەییە و بە ئەرکی خۆی دەزانێت ڕاستییەکان بڵێت، بە هەموو ڕیسک و مەترسییەکانی وتنی ڕاستییەوە. کەسایەتی پاریسیا، وەک کەسێک، کە ناترسێت ڕاستییەکان بڵێت، لای میشێل فوکۆ و کەسایەتی پاریا، وەک کەسێکی بێوڵات و نەفیکراو، لای هانا ئارێنت، کە بەرپرسیارانە لە پێگەی خۆی و لە دونیا دەڕوانێت، دەبنە ئەو دوو مۆدێلە کە من لەپاڵیاندا نووسیومە و بیرم کردۆتەوە و هەڵوێستم هەبووە. پاریسیا لای فوکۆ، ئەو کەسەیە کە ناترسێت لەوەی هەقیقەت بڵێت و ئامادەشە مەترسییەکانی هەقیقەتبێژییەکەی قبوڵ بکات، پاریاش لای هانا ئارێنت، ئەو کەسەیە کە نیشتیمانی نییە و دونیا بە موڵکی خۆ دەزانێت، بەڵام ئەویش ناترسێت لەناو دۆخە



https://

پڕهەڕەشـە و مەترسـییەکاندا، ڕاسـتییەکان بڵێت. بەرگریکـردن لـەم دوو ڕوانینـە، لەنـاو ڕۆشـنبیریی ئێمـەدا تاقـە ڕێگایەکـە بـۆ دەربازبـوون لـەو دۆخـی ئیفلیجکردنـە سەرتاسـەرییەی لەشـکرێک لـە ڕۆشـنبیرانی بەیعـە و ڕۆشـنبیرانی بێنـوزە لـە دونیای ئێمـەدا دروسـتیان کـردوە. فوکـۆ دەتوانێت هاریکارمـان بێت بـۆ ڕەخنەکردنـی ئـەم مۆدێلـە لـە ڕۆشـنبیر و بیرکردنـەوە لـە مۆدێلێکـی دیکـە کـە بەرپرسـیارانەتر لەنـاو دونیـای خۆیـدا ئامـادە بێـت.

ئـەم کتێبـە بەرەنجامـی ئەزموونـی درێـژی منـە لەگـەڵ نووسـین و کتێب و گفتوگۆ و هەڵوێسـتە سیاسـییەکانی میشـێلدا. خوێندنـەوەی کارەکانـی لـە سـی سـاڵی ڕابـردوودا بەشـێکبووە لـە بەرنامـەی خوێندنـەوەی مـن و لەبەشـێک لـەو وانانەشـدا کـە لـە زانکـۆی ئەمسـتردام دەیڵێمـەوە، فوکـۆ زۆر جـار دەبێـت بـە بابەتـی باسـکردن و لەسەروەسـتان. سـەرەڕای ئـەم ڕاسـتییانە مـن فوکۆناسـێکی ئەکادیمـی نیـم و لـەم بـوارەدا خوێنەرێکـی هاویی ئـەم فەیلەسـوفە فەرەنسـییەم. ئەمـە وا دەکات ئـەم کتێبـە ڕەهەندێکـی شـەخسـیی گرنـگ لـە هەڵبژاردنـی بابەتـەکان و لـە شـێوازی تێگەیشـتن لـەو بابەتانـەدا ئامادەبێـت، کـە پەیوەسـتە بـەو تێگەیشـتنانەوە مـن بـۆ کارەکانـی ئـەم فەیلەسـوفەم هەیـە. هیـوادارم توانیبێتـم لـەم کتێبـەدا هەندێـک لـەو کێشـە و بابـەت و تێمـا سـەرەکییانە بـە خوێنـەران بناسـێنم، کـە بـە بـاوەڕی مـن، لـە تێمـا هـەرە گرنـگ و سـەرەکییەکانی نـاو فیکـری ئـەم نووسـەرەن و پێشـم وایـە گرنگییەکـی تایبەتیـان بـۆ واقیعـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیریی ئێمـە هەیـە.



nbooks

# (٢)

زێدەڕەوییی نییە گەر بڵێین میشێل فوکۆ یەکێکە لە گرنگترین بیریارەکانی سەدەی بیستەم، تا ئەمڕۆکەش کتێبەکانی بەبەردەوامی چاپ دەکرێنەوە و چەندەها کتێبی نوێش لەسەر ڕوانین و دید و شیکردنەوەکانی دەنووسرێت. گۆڤاری تایبەتییش هەیە کە تەنها خەریکی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی چەمک و دید و تێزەکانی ئەم فەیلەسوفەن و بەدەگمەنیش نەبێت زانکۆیەکی خۆرئاوایی نادۆزینەوە کۆرسی تایبەتی لەبارەی کارەکانی ئەم فەیلەسوفەوە تێدا نەبێت. ئەگەرچی کارەکانی فوکۆ سەر بە بوارێکی زۆر تایبەتن، بواری چۆنێتیی دروستبوونی تاکەکەس لە دونیای مۆدێرندا، بەڵام هەم شێوازی کارکردنی و هەم تێزەکانی و هەم دەرەنجامەکانیان بۆ ناو زیاد لە کایەیەکی زانستیی گواستراونەتەوە. لەم ڕووەوە کەم بوار هەیە شتێک لە فیکری ئەم نووسەرە فەرەنسییەی بۆ نەپەڕیبێتەوە.

فوکۆ ساڵی ١٩٢٦ لە شارێکی بچووکی ناوەڕاستی فەرەنسادا لەدایک دەبێت و لە ساڵی١٩٨٤ دا، لە تەمەنی٥٨ ساڵیدا، لە پاریس دەمرێت. ئەم پیاوە لە خێزانێکی بۆرجوازییدا لەدایک بووە، کە دۆخی ئابوورییان باش بووە و خوێندن و فێربوونی منداڵەکانیان بەلاوە زۆر گرنگ بووە. ئەمە وای کردووە لە باشترین قوتابخانەکانی فەرەنسادا بخوێنێت و دواتر لە باشترین کۆلێژی ئەو وڵاتەدا ببێت بە پرۆفیسۆری



https://

مێژووی فیکر. ژیانی شەخسیی فوکۆ پڕیەتی لە ڕووداوی جۆربەجۆر و هەڵبەزودابەز تا بە هەوڵدان بۆ خۆکوشتن دەگات، کە بەداخەوە لێرەدا مەودای باسکردنیانمان نییە. ئەو بوارانەی کە تیایاندا شارەزا بووە، بواری سایکۆلۆژیا و فەلسەفە و مێژووی فیکر بووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ماوەیەک وەک فەرمانبەر لە زیاد لە باڵوێزخانەیەکی فەرەنسا لە ئەورووپادا کاری کردووە، تا لە سەرەتای ساڵانی شەستدا دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. لە پاریس تێزی دکتۆراکەی چاپ دەکات و دەچێتە بواری ئەکادیمیای فەرەنسیەوە. لە ساڵانی دواتردا هەندێک کتێبی تر دەنووسێت کە زۆربەیان دەنگدانەوەی گەورە دروست دەکەن و بۆ زۆرێک لە زمانەکانی دونیا وەر دەگێڕدرێن. داوتر لە کۆلێژ دی فرانس لە پاریس دەبێت بە پرۆفیسۆری بواری مێژووی فیکر و تا مردنی لە هەمان شاردا لەو بوارەدا کار دەکات[1].

---

١ ڕەنگە باشترین کتێبێک لەسەر ژیانی میشێل فۆکۆ کە نووسرابێت، ئەم کتێبەی ئێریبۆن دیدر هاوڕێ و دۆستی فۆکۆ بێت:
Eribon, Didier (1991). Michel Foucault. Harvard University Press.



nbooks

## (٣)

ژیانی فوکۆ وەک مامۆستای زانکۆ، ژیانێکی پڕنووسین و بەرهەم و چالاکیی هەمەجۆر بوو. ئەم نووسەرە لەپاڵ نووسینی چەندان کتێبی ئەکادیمی گرنگدا، هاوکات خاوەنی سەدەها چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنی و دیالۆگی کراوەی ناو ڕووبەری گشتییە، لە زۆر بۆنەی جیاوازیشدا لەناو خۆپیشاندەراندا بووە لەسەر شەقامەکان و ئەندامی زیاد لە گرووپێکیش بووە کە بەرگرییان لە مەسەلەیەک لە مەسەلە گرنگەکانی ساڵانی شەست و ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم کردووە، بۆ نموونە بەرگریکردن لە گیراوانی ناو زیندانەکانی فەرەنسا و هەوڵدان بۆ گۆڕینی یاساکان و شێوەژیان و دۆخی ناوەکیی ناو ئەو زیندانانە. کەسایەتیی ئەم نووسەرە تێکەڵێکە لە ئەکادیمییەکی میتۆدیی و تیۆریی قووڵ و فرەلایەن، ڕۆشنبیرێکی چالاکی ناو ژیانی گشتی، چالاکەوانێکی سیاسیی بەرگریکەر لە زیاد لە مەسەلە و لە زیاد لە گروپ و کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەی. فوکۆ حەزی نەدەکرد پێی بڵێن فەیلەسوف، ئەو خۆی بە مێژوونووسی بواری فیکر دەزانی، لەدوای ئەوەش خۆی بە ڕۆشنبیری ناو ژیانی گشتیی دەزانی و لەم ڕووەوە بەشدارییەکی گەورە و ڕاستەوخۆی لە بەشێکی گرنگی گفتوگۆکانی ناو بواری گشتیی سەردەمەکەی خۆیدا هەبووە. لە هەموو ئەمانەشدا پێیەکی لەناو پشکنین و شیکردنەوەی



https://

تێکستە کۆنەکانی یۆنان و ئەرشیفی ڕووداوەکانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا بووە، پێکەی تریشی لەناو نارەزاییدەربڕین و خۆپیشاندانی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ساڵانی شەست و حەفتای کۆمەڵگای فەرەنسیدا. فوکۆ بەشداری ژمارەیەکی گەورەی ئەو خۆپیشاندانانەی دەکرد و لە ڕیزی پێشەوە بە مایکرۆفۆنێکەوە دەڕۆیشت و قسەی دەکرد. ترسی ئەوەشی نەبوو لەناو پارتێکی سیاسیدا کار بکات، لە قۆناغێکدا ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بوو، لە کاتێکی دیکەدا لە ترۆتسکییەکان و ماوییەکانی فەرەنسا نزیک بوو، کە شۆڕشی ئێرانیش بەرپا بوو بەئاشکرا بەرگریی لە شۆڕشەکە کرد و دواتر کە تاوانەکانی ڕژێمەکەی خومەینی بینی، بەئاشکرا نارەزایی خۆی دەر بڕی و ئیدانەیەکی ڕاستەوخۆی کرد. هاوکات سڵیشی لەوە نەدەکردەوە وەک ڕۆژنامەنووس بچێت بۆ ئێران و لە نزیکەوە ڕووداوەکانی شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ بۆ خوێنەرانی یەکێک لە ڕۆژنامە ئیتالییەکان و لەوانیشەوە بۆ خوێنەرە ئەوروپاییەکان شی بکاتەوە[١]. لەناو فەرەنسا خۆشیدا، فوکۆ پەیوەندییەکی زۆر تایبەتی بە ڕۆژنامەی لیبراسیۆنەوە هەبوو تا ئەو شوێنەی ئەو ڕۆژنامەیەی بە ڕۆژنامەی خۆی دەزانی و لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و سەرنووسەرەکەیدا بەبەردەوامی

---

١ سەرجەمی ڕاپۆرتەکانی فوکۆ لەسەر شۆڕشی ئێرانی و هەندێک چاوپێکەوتنی دەربارەی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ئێرانیی و بینینی خومەینی لە پاریس و کۆمەڵێک نووسینی تر لەم کتێبەدا کۆ کراونەتەوە.
Afary, Janet & Anderson, Kevin B. (2005). Foucault and the Iranian Revolution: Gender and the Seductions of Islamism. University of Chicago Press.



nbooks

کۆ دەبووەوە. لەپاڵ کتێبە گرنگەکانیشیدا ژمارەیەکی زۆر نامە و سکاڵای ناڕەزاییدەربڕین و کەمپینی جیاوازی ئیمزا کردوە، ژمارەیەکی زۆر وتاری لە ڕۆژنامەی *لیمۆند* و ڕۆژنامەی *لیبراسیۆن*دا بڵاو کردۆتەوە، دەیەها چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی ئەنجام داوە و لە چەندان گفتوگۆی ڕادیۆییدا بەشداریی کردوە.



https://

# (٤)

کەم نووسەر هەیە بە ڕادەی فوکۆ پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ژیانی تایبەتی و قەناعەتە تاکەکەسییەکانیدا و لەنێوان هەڵسوکەوتەکانی لە فەزای گشتیدا و لەنێوان کارە تیۆری و فیکرییەکانیدا هەبێت. لەم ئاستەدا فوکۆ باوەڕی بە جیاکردنەوەی ژیانی شەخسیی ڕۆشنبیرێک و کارە تیۆری و هەڵوێستە ئاشکراکانی لە یەکتر نەبووە. فوکۆ نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە ڕادیکالانە دژ بەو وەهمەیە کە باس لەوە دەکات نابێت لەنێوان کەسایەتی و هەڵوێستی شەخسیی ڕۆشنبیر و کارە تیۆرییەکانیدا هیچ پەیوەندییەک گریمان بکەین. ئەو ئەم دووانەی بە درێژکراوە و تەواوکەری یەکتری دەبینی. لەم ڕووەوە فوکۆ نووسینی وەک کارێکی تەواو شەخسی وێنا دەکرد، وەک ئامرازێک نووسەرەکەی بە هۆیەوە، بەر لە هەموو شتێک، دەستکاری خودی خۆی و دەستکاری کەسایەتیی خۆی دەکات. فوکۆ بەئاشکرا دەیگوت، "من دەنووسم بۆ ئەوەی لە خۆم نەچم، بۆ ئەوەی لە ڕێگای کتێبەکانمەوە وێنەی خۆم بگۆڕم، بۆ ئەوەی چیی تر بەو شێوەیە بیر نەکەمەوە کە بیر دەکەمەوە، بە کورتی بۆ ئەوەی خۆم لە خۆم ڕزگار بکەم".[1] ئەم بەستنەوە توندەی نووسین بە کەسایەتیی نووسەرەکە خۆیەوە، نووسین لەوە

1 Veyne, Paul (2010). Foucault, de denker, de mens. Kampen: Uitgeverij Klement. p. 175.

ڕزگار دەکات کورت ببێتەوە بۆ کردەی درۆکردنی بەردەوام، بۆ ئامرازێک بۆ دروستکردنی دەموچاوێکی درۆزنانە بۆ نووسەر، هەروەها ڕێ دەگرێت لەوەی نوسەر بتوانێت یاری بە دەمامکە جیاوازکان بکات، لە هەرشوێنێک و ژینگەیەکدا ئەو ماسکانە بەکار بهێنێت کە بەکەڵکی خۆی و بەکەڵکی ئەو شوێنە تایبەتە دێت. فوکۆ لە پەرەگرافێکی زۆر بەناوبانگدا دەنووسێت، "من لە خەمی پێگە ئەکادیمییەکەی خۆمدا نیم، چونکە کێشەی سەرەکیی من کێشەی دەسکاریکردنی خۆم و گۆڕینی خۆمە... وێنەکێشێک بۆچی تابلۆکانی دروست دەکات ئەگەر لە ڕێگای ئەو تابلۆیانەوە گۆڕان لە خۆیدا دروست نەبێت. "پێشی وا بوو "ڕۆشنبیر بۆیە مافی هەبوونی هەیە فیکری خۆی و فیکری ئەوانی تر بگۆڕێت".[1] بەلام لەم گۆڕانانەدا ڕاستگۆ بێت و پەیوەندیی بە خودی خۆیەوە و بە ئەوانی تریشەوە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە بێت. لە دیدی فوکۆدا ڕۆشنبیر تەنها بۆ ئەوانی تر نانووسێت، تەنها بۆ کۆمەڵگا قسەناکات، بەڵکو لە ڕێگای نووسین و قسەکردنەکانیەوە دەستکاریی خودی خۆشی دەکات و خۆی وەک بوونەوەرێکی ڕاستگۆ دروست دەکات. لەم ڕووەوە ئەوەی فوکۆ لە ئاستی فیکریی و تیۆریدا نووسیویەتی، وەک چۆن بەشێکی دانەبڕاو نەبووە لە ژیانی شەخسی خۆی، ئاوایش درێژکراوەی هەڵسوکەوت و جوڵە و هەڵوێستەکانی بووە لەناو ژیانی گشتیدا. هیچ کارێکی تیۆرییشی نییە دەرەنجامی سیاسی و کۆمەلایەتیی و فەرهەنگیی گرنگی لێ نەکەوتبێتەوە، تەنانەت کارە تیۆرییە هەرە ئاڵۆز و هەرە ئەکادیمییەکانیشی. بەکورتی

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو١٧٥ -١٧٦.



https://

فوکۆ چەندە نووسەرێکی تیۆریی بووە، ئەوەندەیش بکەرێکی چالاکی ناو کردە کۆمەڵایەتییەکان و ناو ڕووبەری گشتی بووە، هاوکات کەسێک بووە نووسینەکانی بەشێک بوون لە دروستکردنی کەسایەتیی خۆی وەک کەسایەتییەکی پاریسیایی ڕاستگۆ و بوێر، کە ئامانجی هەم گۆڕینی خودی خۆی بووە وەک مرۆڤ، هەم ئەو دونیایەی لەو ساتەوەختەدا دروست و باڵادەست کراوە.



nbooks

# (٥)

ئەگەر بکرێت لە ڕستەیەکدا شێوازی ئیشکردن و بیرکردنەوەی میشێل فوکۆ کورت بکەینەوە، دەکرێت بڵێین کارەکانی هەوڵدانێکی بێماندووبوون و بەردەوامە بۆ ئەوەی شێوازی بیرکردنەوە و بەرخوردمان بەرامبەر بە خۆمان و بەرامبەر بە دونیا بگۆڕین. تەحەدای شێوازە باڵادەستەکانی بیرکردنەوە بکەین و ئەوەمان لا ئاشکرا بێت، کە ئەگەری دیکەی بیرکردنەوە و لەوێشەوە ئەگەری تری جوڵە و هەڵسوکەوتی مێژوویی لەئارادایە. بۆ تەعبیرکردن لەم دیدە، ئەم پیاوە چەندان کتێبی گرنگ دەنووسێت، کە هەندێکیان وەک کتێبە هەرە گرنگەکانی سەدەی بیستەم دەناسێنرێن، لەوانەش کتێبەکانی *مێژووی دێوانەیی، وشەکان و شتەکان، دیسپلین و سزا، مێژووی سێکسوالیتە.*[١] لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەدرێژی لەسەر تێزە سەرەکییەکانی ناو ئەو کتێبانە دەدوێین.

یەکێک لە فوکۆناسەکان سەبارەت بە فوکۆ دەنووسێت، "مارکس باوەڕی وا بوو فەیلەسوفان تا ئێستا هەر خەریکی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دونیا بوون، لە کاتێکدا خاڵی سەرەکیی گۆڕانی جیهانە،" ئەو فوکۆناسە پێی وایە لەبەرامبەر ئەمەدا دەشێت فیکری فوکۆ بۆ ڕستەیەکی لەم جۆرە کورت بکەینەوە، "کاری هەمیشەیی و بەردەوامی

---

١ مێژووی سێکسوالیتە: مێژووی ژیانی سێکسیی

ئێمــە ئەوەیــە خەریکــی گۆڕینــی بیرکردنــەوە و لێکدانەوەکانــی خۆمــان بیــن"[1]. لای فوکــۆ گۆڕینــی شــێوازەکانی بیرکردنــەوە، تازەکردنــەوەی زمــان و چەمکــەکان، دۆزینــەوەی گۆشــەنیگای نــوێ بــۆ ڕوانین، تەحەداکردنی سیســتمە باڵادەســتەکانی ناونــان و سیســتمەکانی پۆلێنکــردن، نیشــاندانی ڕووبــەڕە چەپێنەرەکانــی نــاو فیکــر و نــاو دەزگا و نــاو عەقڵانییەتــی باڵادەســت بەشــێکی گرنگــی ئــەو کارانەیــە کــە پێویســتە ئێمــە پێیــان هەڵبســین و ئەنجامیــان بدەیــن. هــەر ئەمانەیــش تێمــا ســەرەکییەکانی نــاو فیکــری ئــەم نووســەرەن.

---

١ بڕوانە:
Trombadori, Duccio (1991). Michel Foucault: Remarks on Marx. New York: Semiotext(e). p14.



nbooks

## (٦)

یەکێک لـە ئـاکارە گرنگەکانـی فیکریـی فوکـۆ ئەوەیـە کـە دژ بـە بیرکردنـەوەی دوالیسـتییە، بیرکردنەوەیـەک کـە بـەردەوام خەیاڵ و عەقڵیەتی خوێنەر لەنێوان دوو هەڵبژاردندا ڕابگرێت و ئـەوەی بەسـەردا بسـەپێنێت، یـان ئەمەیـان یـان ئەوەیـان هەڵبژێرێـت، یەکێکیانـی پـێ ڕاسـتی نەبێـت و ئـەوەی تریانـی پـێ ڕاسـتی بێـت. ئـەم دابەشـکردنە دوولایەنـەی فیکـر بـۆ دوو هەڵبـژاردن کـە گوایـە یەکێکیـان ڕاسـتییەکان دەزانێـت و ئەزانێـت هەقیقـەت چییـە، عەشـق چییـە، جەنـگ چییـە، مـرۆڤ چییـە، بەرامبـەر ئـەوی تریـان کـە گوایـە هەڵەیـە و نازانێـت ئـەو شـتانە چییـە، دەڵێـم ئـەم دابەشـکردنە دوولایەنەیـە ئـەو هێڵـە سـەرەکییەیە کـە فیکـری ئـەم فەیلەسـوفە فەرەنسـییە لـە زۆربـەی نووسـینەکانیدا بەگژیدا دەچێتـەوە. لای فوکـۆ ئـەم دوالیزمـە فیکرییـە لەسـەر سـادەکردنەوەیەکی ترسـناکی دونیـا و دیـاردەکان و سـادەکردنەوەیەکی گـەورەی شـیکردنەوە و پشـکنینی شـتەکان دەژی. هـاوکات ئـەو بەدحاڵیبوون و وەهمـە گەورەیـە دروست دەکات کـە گوایـە ئێمـە بەدڵنیاییـەوە دەزانیـن شـتەکان چـۆنـن و چیـن، ئێمـە کێیـن و چـۆن بوویـن بـەو کەسانەی کـە ئەمـڕۆ هەیـن، جیهـان چیی تێدایـە و نهێنییەکانـی کامانـەن، عەشـق و جەنـگ و ڕاسـتی چیـن. لای فوکـۆ فیکـری دوالیسـتیی تەنهـا فیکرێکـی سـادە و ڕووکـەش و ترسـناک نییـە، بەڵکـو فیکرێکـە بەبەردەوامـی دونیایـەک وەهمیـش بەرهـەم

دەهێنێت. لەم ڕووەوە فیکری فوکۆ، گەرچی لەسەر دیاردە کۆنکرێتییەکانی ناو دونیای مۆدێرن قسە دەکات، بەڵام هاوکات نایەوێت دڵنیایی تەواومان تێدا بچێنێت. فوکۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی شەرم لەوە ناکات بەئاشکرا بڵێت من نازانم چ جۆرە کەسێکم، نازانم تەنانەت کە کتێبێک دەنووسم کۆتایی کتێبە چی و چۆن دەبێت. بەئاشکراش دەڵێت ئێمە ئەو کەسە نین کە لەسەر تەسکەرە و شوناس و دۆکیومێنتە فەرمییەکانمان نووسراوە. ئەو کەسەی لەناو ئەو کاغەزانەدا ئامادەیە ئێمە نین، بەڵکو شتێکە پۆلیس دروستی کردووە، دەزگا فەرمی و دەسەڵاتدارەکان دروستیان کردوە، بۆیە ئێمە شتێکی دیکەین، یان پێویستە شتێکی تر و جیاواز بین لەوەی ئەو دۆکیومێنتە فەرمییانە هێمایان بۆ دەکەن. فیکری فوکۆ شەڕێکی گەورەیە لەگەڵ ئەو دڵنیاییانەدا کە فیکری فەلسەفی هەوڵی داوە لە دونیای مۆدێرندا بە مرۆڤی ببەخشێت. ئەوەی فیکری مۆدێرن وەک هەقیقەت و پێشکەوتن و گەردوونی ناساندویەتی، لای فوکۆ دەبن بە دیاردەی مێژوویی تایبەت کە دەکرا بەو شێوەیە نەبن کە هەن و دەکرا بە فۆرمی دیکە و بە ناوەرۆکی دیکەوە ئامادە بوونایە. شتێک بە ناوی جەبر و حەتمیەتەوە لە فیکری ئەم نووسەرەدا بوونی نییە و ئەوە هێز و ڕێکەوت و جووڵە و مەعریفەی تایبەتە شتەکانی بەو جۆرە دروست کردوە کە لە ئێستادا هەن. لە فیکری فوکۆدا شتێک بە ناوی (واقیعی گەردونیی) و (بونیادی قووڵی سایکۆلۆژیی کەسەکان) و (ئەخلاقیی گەردونی)ەوە نادۆزینەوە، ئەوەی هەیە دیاردەی مێژووکرد و گوتارییە کە پڕن لە ڕێکەوت و پەیوەندیی هەمەجۆر و پڕجووڵە. ئەوەی هەیە ئێستایەکە کە



nbooks

بەردەوام لە دۆخی بەئێستاییبوون و دروستبووندایە، ئیشی فیکرییش ئەوەیە خەریکی شیکردنەوەی ئەنتۆلۆژیای ئەو ئێستایە بێت. لەمەیشدا پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە، ئایا ئەم ئێستایەی ئێمە چۆن دروست بوو؟ ئەو دەزگایانە کامانەن کە ئەم ئێستایەیان دروست کردوە و دەزگاکان خۆشیان چۆن دروست بوون؟ چ هەلومەرجێک بووە هۆی لەدایکبوونی ئەو جۆرە مەعریفەیەی ئێمە ئێستا هەمانە؟ ئەی چ هەلومەرجێک ئەم شێوازانەی لە دەسەڵات هێنایە کایەوە، کە ئێمە ئەمڕۆ دەیانناسین؟ ئێمە چۆن بووین بەو جۆرە مرۆڤەی کە لە ئێستادا هەین و ئەژین؟ ئەو فۆرمە ئەخلاقییانەی ئەمڕۆ کە هەمانە کام هەلومەرج دروستی کردوە؟ وەک دەبینین ئەم شێوازانە لە پرسیارکردن دژی هەموو ئەو شێوازانە لە بیرکردنەوەیە کە بەدوای ئەسڵ یان ڕەچەڵەک یان جەوهەری شتەکاندا دەگەڕێن. ئەمەیە وا دەکات پرسیارەکانی فوکۆ، چەندە پرسیاری فەلسەفین، هێندەش پرسیاری مێژوویین. هەر ئەمەیشە وا دەکات فوکۆ زۆر جار نکوڵی لەوە بکات، کە ئەو فەیلەسوفە، یان نایەوێت وەک فەیلەسوف بناسرێت، لەباتیی ئەمە دەخوازێت وەک مێژوونووسی فیکر و مێژوونووسی شێواز و سیستمەکانی بیرکردنەوە بناسرێت. لای فوکۆ شتێک نامێنێتەوە پەیوەندیی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئینسانییەوە هەبێت و مێژوویی نەبێت. لەم ڕووەوە فوکۆ یەکێکە لەو نووسەرە گرنگانەی کە پێداگرییەکی گەورە لەسەر ڕزگاربوون لە هەموو فۆرمەکانی میتافیزیکا دەکات و جەختیش لە خۆبەستنەوەیەکی توند بە مێژوو و پراکتیکە مێژووییەکانەوە دەکات. ئاشکرایە لەپشتی ئەو شێوازەی



https://

سەرەوە لە پرسیارکردن، حەز و پاڵنەرێکی گەورە بۆ گۆڕینی شتەکان و عادەتەکان و گوتارەکان و ڕوانینەکان لەئارادایە. ئەگەر مرۆڤ لەوە بەئاگا بوو ئەو هەلومەرجە چییە کە ئەو شێوازە لە ئەخلاقیی دروست کردووە، کە ئەمرۆ باڵادەستە، ئەودەم دەتوانێت بە دەسکاریکردنی هەلومەرجەکە، شێوازە ئەخلاقییەکانیش بگۆڕێت. ئەگەر مرۆڤ زانیی ئەو مەعریفەیەی ئێستا هەیە لەناو چ کۆمەڵەمەرجێکی تایبەتدا دروست بووە و بەرهەم هاتووە، دەکرێت لە ڕێگای گۆڕینی ئەو مەرجانەوە هەقیقەتە مەعریفییەکانیش بگۆڕێن. ئەمە وا دەکات فوکۆ باوەڕی وا بێت کەس ناتوانێت پێمان بڵێت ئایندە چۆن دەبێت. چونکە نەخشەیەک بوونی نییە ئایندەمان بۆ شی بکاتەوە و پێمان بڵێت مرۆڤەکانی ئایندە چ هەڵبژاردەیەکیان دەبێت و چ دونیایەک دروست دەکەن. هۆکارێکی تری ئەم نەزانینە ئەوەیە چەندەها هێز و دەسەڵات و گروپ و فۆرمی جیاوازیی مەعریفە و توانای بەرگریکردنی جیاواز هەن، کە هەموویان بە شێوازی جیاواز بەشدارن لە دروستکردنی هەر واقیعێکی مێژووییدا. ئەوەی ڕاستییە ئەوەیە، کە ناکرێت لە ئێستاوە بزانین ئەم گشتە گەورەیە چ جۆرە دونیایەک و چ جۆرە ئایندەیەک دروست دەکات. ناتوانین لەوە دڵنیا بین پراکتیکی مێژوویی مرۆڤەکان چی دەبێت، ئەوەی لە ئێستادا لێی دڵنیاین و دەیزانین، ئەوەیە کە دونیا بەردەوام لە دۆخی دروستبووندایە. ئەوەشی لە ئێستادا دروست کراوە دەکرا بە شێوەی تر دروست بکرێت و شتێکی جیاواز بێت لەوەی ئێستا. ئەم ڕوانییە وا دەکات فوکۆ هەمیشە کراوە بێت بە ڕووی ئەو شتە تازانەدا کە دەهاتنە کایەوە، وەک



nbooks

چۆن گومانێکی گەورەشی هەبوو لە هەموو ئەو شتانەی لە ئێستادا هەن و باڵادەستن. فوکۆ باوەڕی وا بوو دەتوانین و دەکرێت لەوە تێبگەین ئەم باڵادەستییەی ئێستا چۆن دروست بووە و ڕەگەزە جیاوازەکانی کامانەن، ئەم زانینەش هاریکارمان دەبێت بۆ گۆڕین و تازەکردنەوەی دونیا. بەڵام نازانین لە ئایندەدا چی لێ دێت.



https://

## (٧)

خاڵێکی دیکە کە بەلامەوە گرنگە، لەم پێشەکییەدا هێمایەیەکی خێرای پێ بکەم، وێنە و ڕوانینی فوکۆیە بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیر، وەک یەکێک لە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان. هەم لە نووسینەکانیدا و هەم لە شێوازی کارکردن و هەڵسوکەوتیدا، فوکۆ وێنەیەک بۆ ڕۆشنبیر نیشان ئەدات، دەکرێت وەک بکەرێکی چالاکیی ناو ژیانی گشتیی وێنای بکەین. لەم ڕوانینەدا ڕۆشنبیر بەشدارێکی چالاکیی ناو ژیانی گشتییە، مەبەستی لەم بەشدارییەش ئەوە نییە، کە خۆی بە نوێنەری هەقیقەت، یان مرۆڤایەتی، یان بەها ئینسانییەکان بزانێت، ئەوەش نییە بە حوکمی قسەزانی لەباتی ئەوانی تر قسە بکات، ئەوەیش نییە فۆرمی پێغەمبەرێک بە خۆی بدات و پێمان بڵێت ئایندە چ نهێنییەکی دەبێت و چ مۆدێلێک لە کۆمەڵگا دروست دەکات و چ جۆرە ژیانێکی بۆ هەڵگرتووین. بەشداریی ڕۆشنبیر لە ژیانی گشتیدا بەشدارییەکە بە مەبەستی دروستکردن و فۆرمبەخشین بە ئیرادەیەکی سیاسیی گشتی، بەشداربوونیەتی لەگەڵ بکەرەکانی دیکەدا لە دروستکردنی ئەو ئیرادە سیاسییە گشتییەدا. لە گفتوگۆیەکی زۆر بەناوبانگدا لەگەڵ جیل دۆلۆز لە ساڵی ١٩٧٢دا سەبارەت بە "ڕۆشنبیران و دەسەڵات" فوکۆ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆکە پێویستیان بە ڕۆشنبیرێک نییە هەقیقەتیان پێ بڵێت، خەڵک خۆیان هەقیقەتەکان دەزانن و خۆشیان باش دەتوانن تەعبیر



nbooks

لەو هەقیقەتانە بکەن، بۆیە ئەوان پێویستیان بە ڕۆشنبیر نییە لەباتی ئەوان قسە بکات. ئەوەی ئەرکی ڕۆشنبیرە لە دۆخێکی لەو بابەتەدا، ڕەخنەکردنی ئەو دەسەڵاتەیە، کە قسەکردنی کۆمەڵگا و قسەکردنی خەڵک وەک قسەی بێمانا و ناڕاست و دژەهەقیقەت وێنا دەکات، ئەو قسانە دەخاتە دەرەوەی سیستمی باڵادەستی هەقیقەتەوە. ڕۆڵی ڕۆشنبیر بریتییە لە خەبات دژ بەو فۆرمانە لە دەسەڵات کە دەخوازن خودی ڕۆشنبیر خۆشی بگۆڕن بۆ ئامرازێک بۆ مەعریفە و هەقیقەت و هۆشاری و گوتارە باڵادەستەکانی خۆی.[1]

خاڵێکی گرنگی تر لە بەشداریکردنی ڕۆشنبیر لە ژیانی گشتیدا، ئەوەیە کە ئەو ئەرکی خۆی تەنها وەک ڕۆشنبیرێک ئەنجام نادات، بەڵکو ئەو ئەرکە وەک ئەرکی هاووڵاتی ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراویش ئەنجامئەدات. ڕۆشنبیر جگە لە ئەرکی خۆی وەک ڕۆشنبیر، ئەرکێکی تریشی لەسەر شانە، کە ئەرکی هاووڵاتیبوونە. بە بۆچونی من ئەگەرچی زەحمەتە لە ڕووی کردەییەوە ئەم دوو ئەرکە لە یەکتری جیا بکرێنەوە، بەڵام لە ڕووی میتۆدییەوە و بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتنمان لەوەی کە ڕۆشنبیر چ جۆرە بکەرێکی کۆمەڵایەتییە، ئەم جیاکارییە پێویستە. لەو چاوپێکەوتنەدا کە باسمان کرد فوکۆ بەم جۆرە درێژە بە باسکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیران دەدات، "ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوە نییە بە ئەوانی تر بڵێت دەبێت چی بکەن. ئاخر کێ ئەو مافەی بە ڕۆشنبیران داوە ئەم کارە بکەن؟ بیر لەو هەموو پێشبینی و مژدە و ئەمر

1 Bouchard, F. Donald (1980). Language, Counter-memory, Practice: Selected essays and interviews by Michel Foucalt. Cornell University Press.



https://

و نەهییە زۆرانە و بیر لەو هەموو پرۆگرامانە بکەرەوە کە ڕۆشنبیران لە دوو سەدەی ڕابردوودا نووسییان و بلاویان کردەوە. ئیشی ڕۆشنبیر ئەوە نییە ئیرادەی سیاسیی ئەوانی تر لە قالب بدات. کاری ڕۆشنبیر ئەوەیە خەریکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو شتانە بێت، کە لەناو کایەی کارکردنی ئەودا ئامادەن. کاری ئەو لێپرسینەوە و بەقسەهێنانێکی نوێی بەڵگە و پێدراوە پێشینەکانە، هەژاندن و لەرزاندنی عادەتەکان و شێوازەکانی بیرکردنەوە و شێوازی هەڵسوکەوتەکانە، کاری ئەو لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕە باوەکان و دۆزینەوەی پێوەری نوێیە بۆ یاساکان و دەزگاکان... مەسەلەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر مەسەلەی بەشداربوونە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئیرادەیەکی سیاسیدا، کە تیایدا داوا لە ڕۆشنبیر دەکرێت ڕۆڵی خۆی وەک هاووڵاتییەک ببینێت"[1].

ژیانی فوکۆ خۆیشی لەناو ڕووداوەکانی سەردەمەکەیدا هێما بۆ ئەو ڕاستییانەی سەرەوە دەکات کە ئەو لەو چاوپێکەوتنەدا باسیان دەکات. فوکۆ وەک چۆن ساڵانێکی درێژی تەمەنی لەناو کتێبخانە گەورەکاندا بەسەر برد بۆ ئەوەی دۆکیومێنتە مێژووییە پەراوێزخراوەکان بپشکنێت و ڕاڤە بکات، هاوکات کاتێکی زۆری لەسەر شەقامەکانی پاریس وەک بکەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەک چالاکوانێک بەسەر برد. لەمەشدا، بە بۆچوونی من، ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە لەسەر ڕۆشنبیران پێویستە بیبینن، ڕۆڵی ئامادەگیی ئەوان لەناو کایەیەک، یان چەند کایەیەکی زانستیی و

---

١ بڕوانە:
Trombadori,Duccio (1991). Remarks on Marx. P. 11-12



nbooks

تیۆریی و ئەدەبییدا و بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی ستراتیژیی لەوێدا، لەپاڵ ئامادەگیی چالاکیی ئەودا لەناو ژیانی گشتییدا. ڕۆشنبیر لە ڕێگای ئەم بەشدارییە دووجەمسەرییەوە دژ بە هەموو ئەو شێوازانەی دەسەڵات کار دەکات کە خەریکی بەرهەمهێنانی مرۆڤی ئاسایی و گوێڕایەڵ و بێکاریگەرن لەسەر دونیا. هەروەها خەریکی دۆزینەوە و باسکردن و پشکنین و نیشاندانی سەرجەمی ئەو دەنگانەن کە لەناو مێژوو و لەناو واقیعدا بێدەنگ کراون.

دواهەمین ئەرکی فیکر لای فوکۆ، بریتییە لە بەرهەمهێنانی جۆرێکی نوێ لە تاکەکەس و جۆرێکی نوێ لە خود، کە ئازادیی زیاتر و توانای زیاتری لە دارشتنی کەسایەتی خۆیدا هەبێت. خۆی ببێت بە داهێنەر و نووسەری ژیان و کەسایەتیی خۆی. بە باوەڕی فوکۆ بەرگریکردن دژ بە شێوازە باڵادەستەکانی بە خود و بەتاکەکەسکردن پێویستییەکی گرنگە بۆ هێنانەکایەی شێوازێکی نوێ و کراوەتری پەیوەندییەکانی دەسەڵات. بەرگری لەم ئاستەدا کردەیەکە خوازیاری دەستکاریکردنی ئەو پەیوەندییانەی دەسەڵاتە کە بە هۆیانەوە دەسەڵات توانای بکەربوون و توانای جووڵانەوە و توانای هەڵسوکەوتی تاکەکەسی و دەستەجەمعی سنووردار و دەستنیشان دەکات. بەرگری لێرەدا وەک چۆن بەرگرییە بەرامبەر بە شێواز و دەزگا و مەعریفەی باڵادەست، ئاواش دەستکاریکردنێکی بەردەوامی ئەو پەیوەندیانەشە کە مرۆڤ لەگەڵ خود و ناوەوەی خۆیدا دروستی دەکات بە جۆرێک نەهێڵێت سیستەمە ناوەکییەکەی کۆپی سیستەمەکانی دەرەوە بێت. بەرگری لێرەدا پرسیارکردنە



https://

دەربارەی ئەوەی ئینسان بوێرێت چی بکات و بوێرێت ببێت بە چی. لەم تێگەیشتنەدا بۆ بەرگریی تاکەکەس کە دەستکاریی ئەو پەیوەندییانە دەکات کە بە خودی خۆیەوە گرێی ئەدات، دەستکاریی ئەو پەیوەندییانەش دەکات کە بە ئەوانی ترەوە گرێی ئەدات، هەروەها دەستکاریی ئەو پەیوەندیانەش دەکات کە ئینسان لەگەڵ مەعریفە و لەگەڵ هەقیقەتە باڵادەستەکانی سەردەمەکەی خۆیدا دروستیان دەکات. بەکورتی، بەرگری لە ئاستی تاکەکەسیدا، ئامانجی دەستکاریکردنی سەرجەمی ئەو ڕەهەندانەی دەسەڵاتە کە بە تاکەکەس خود و شوناسێکی دیاریکراو دەبەخشن. لە ئاستە دەرە تاکەکەسییەکانیشدا دەستکاریکردنی دەزگاکان و ئەو پەیوەندییانەیە کە مرۆڤەکان بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە، وەک چۆن دەستکاریکردنی ئەو پەیوەندییانەیشە کە مرۆڤ بە هەقیقەت و بە مەعریفەی باڵادەستیی سەردەمەکەی خۆیەوە گرێ ئەدات. ڕۆشنبیران دەتوانن بەشێکی گرنگی ئەم کردە کۆمەڵایەتی و مێژووییە ئاڵۆزە بن. فوکۆ خۆی نموونەیەکی زیندووی ئەم مۆدێلەیە لە ڕۆشنبیر.



nbooks

# (٨)

ئەم کتێبە باس لە چوار بابەتی ناو فیکری میشێل فوکۆ دەکات، کە پێم وایە هەم بابەتە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ناو فیکری ئەم فەیلەسوفەن و هەم لە بابەتە سەرەکییەکانی ناو دونیای ئەمڕۆکەی ئێمەن و گرنگییەکی تایبەتیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە. ئەو چوار بابەتەش بریتین لە: یەکەم، مەسەلەی دەسەڵات. دوهەمیان مەسەلەی بەتاکەکەسبوون وەک دەرەنجامی کارکردنی مەعریفە و دەسەڵات بەیەکەوە. سێهەم، مەسەلەی بەرگریکردن و فۆرمەکانی. چوارەم، ئەخلاقی خۆدروستکردن و گۆڕینی ژیان بۆ کارێکی هونەریی. باسکردنی ئەم چوار بابەتەیش سەفەرێکی درێژە بەناو نووسینە سەرەکییەکانی ئەم فەیلەسوفەدا.

ئەم کتێبە جگە لەم پێشەکییە بۆ چوار بەش دابەش بووە. لە بەشی یەکەمدا، باس لە تێزەی دەسەڵات لە فیکری فوکۆدا دەکەین. بەشی دوهەمیان تەرخانە بۆ مەسەلەی بەخودبوون و بەتاکەکەسبوون. لە بەشی سێهەمدا باس لە مەسەلەی بەرگریی و کردەی بەرگریکردن دەکەین. بەشی چوارەم و کۆتاییش تەرخانە بۆ باسکردنی فەلسەفەی ئەخلاق لای فوکۆ کە ناوی "ئیستاتیکای بوون"ی لێ دەنێت. بە بۆچونی من سەرجەمی ئەو بابەتانە گرنگییەکی تایبەتییان لە دونیای ئێمەدا هەیە و لە هەر یەکێک لەو بوارانەدا بیری فوکۆ



https://

دەتوانێـت هاریکارمـان بێـت بـۆ بینینێکـی ڕوونتـر و باشـتری دونیـای ئێمـە.



nbooks

# (٩)

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی دەسەلات لە فیکری میشێل فوکۆدا. لەم بەشەدا سێ شێوازە سەرەکییەی دەسەلات لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا لە یەکتری جیا دەکەینەوە و بەوردی تیشک دەخەینە سەر هەریەکێکیان. ئەو شێوازانەش بریتین لە دەسەڵاتی سەروەر، یان پادشایی، کە سەر بە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەیە و پادشا نوێنەر و بەرجەستەکەری دەسەڵاتە. دەسەڵاتی دووهەمیان دەسەڵاتی دیسپلینکەرە، کە شێوازی باڵادەستی دەسەڵاتە لە دونیای مۆدێرندا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەسەر تاکەکەس دەکات. شێوازی سێهەم بیۆدەسەڵاتە، واتە دەسەڵاتێک کە لەسەر ژیان وەک دیاردەیەکی بایۆلۆژیی کاردەکات. ئەم دەسەڵاتە لەسەر تاکەکەس کار ناکات، بەڵکو لەسەر یەکە گەورەکانی وەک دانیشتوان، یان "کۆمەڵگا وەک گشتێک کار دەکات.



https://

## (١٠)

بەشی دووهەمی کتێبەکە تەرخانە بۆ مەسەلەی لەدایکبوونی تاکەکەسیی مۆدێرن و مەسەلەی بەتاکەکەسبوون لە فیکری فوکۆدا. خوێنەرانی فوکۆ دەزانن مەسەلەی چۆنێتیی دروستبوون و ئیدارەدان و داهێنانی خود، یەکێکە لە تێما هەرە سەرەکییەکانی فیکری ئەم فەیلەسوفە. لە کۆتاییەکانی ژیانیدا و لە نووسینێکی زۆر بەناوبانگدا بە ناوی *خود و دەسەڵات*ەوە، فوکۆ باس لەوە دەکات کە مەسەلەی بەخودبوون لە دونیای مۆدێرندا بابەتی هەرە سەرەکیی ناو بیرکردنەوە و کتێبەکانی ئەوە. ئێمە چۆن بووین بەو کەسەی کە ئەمڕۆ هەین و چی ئێمەی دروست کرد و چۆن لەم شێوەیەی ئەمڕۆدا ئامادەین، پرسیاری هەرە سەرەکیی ناو فیکری ئەم نووسەرەیە[١]. بەشێکی گەورەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ نیشاندانی وەڵامی فوکۆ بەو پرسیارە بنەڕەتییانە. هەر لەم سەرەتایەوە دەبێت ئەو خاڵە لای خوێنەر ئاشکرا بێت، ئەگەرچی ئەم پرسیارانە وەک پرسیاری سایکۆلۆژی و نەفسی دەر دەکەون، بەڵام وەڵامی فوکۆ بۆ ئەم پرسیارانە، وەڵامێکی سایکۆلۆژییانە نییە، هاوکات وەڵامێکی فەلسەفیی ئابستراکت و موجەڕەدیش نییە، ئەنتۆلۆژیایەکی نەگۆڕیش لەپشتی چۆنیەتیی لەدایکبوونی خودەوە گریمان ناکات، بەڵکو

١ بڕوانە:
Foucault, M. (1982). The Subject and Power. Critical Inquiry, Vol. 8, No. 4 Summer, 1982), pp. 777-795..



nbooks

وەلامێکی مێژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسییە، کە تیایاندا ستراتیژە جیاوازەکانی دەسەلات و تەکنیکە مۆدێرنەکانی ناونان و دیسپلینکردن و شێوازە تازەکانی مەعریفەی زانستی، ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لە لەدایکبوونی تاکەکەس و خودیی مۆدێرندا دەبینن. فوکۆناسەکان لەم ئاستەدا سێ قۆناغی گەورە لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا لەیەکتر جیا دەکەنەوە[١].

یەکەمیان ئەو قۆناغەیە کە فوکۆ تیایدا دروستبوونی تاکەکەس و داڕشتنی خودی مرۆڤەکان بەتوندی بە میکانیزمە جیاوازەکانی گوتار و میکانیزمەکانی دەسەلات و بە شێوازە تازەکانی مەعریفەوە دەبەستێتەوە. ئەم قۆناغە ناوی قۆناغی ئارکیۆلۆژیایە لە فیکری ئەم پیاوەدا. ئارکیۆلۆژیا بە مانای ڕەچەڵەکناسیی، باسکردنی چۆنێتیی دروستبوون و لەدایکبوونی گوتارەکان و چۆنیەتیی هاتنەکایەی ئەو زمان و وێنە و مانایانەی کە گروپەکان و تاکەکەسەکان هەم قسەی پێ دەکەن و هەم دروست و ئاراستەشیان دەکات. ئەمەیش لە کتێبی *مێژووی دێوانەییە*وە دەست پێ دەکات، کە لە سەرەتای سالانی شەستدا چاپ دەبێت، تا بە کتێبی *دیسپلین و سزا* دەگات. لەم کتێبە بەدوا و تا سەرەتای سالانی هەشتا، قۆناغی دووهەم دەست پێ دەکات، کە فوکۆ ناوی قۆناغی جینالۆجیای لێ دەنێت، لەم قۆناغەدا فوکۆ گرنگی بە پشکنین و شیکردنەوەی دەسەلات ئەدات و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان "هەقیقەت" و دەسەلاتدا گریمان دەکات. فوکۆ لێرەدا تەنها گوتارەکان بە دەسەلاتەوە پەیوەست ناکات، بەلکو

---

١ بۆ نموونە بڕوانە:
Barker, Phillip (1998). Michel Foucault: An Introduction. Edinburgh Edinburgh University Pres.



https://

بەشێکی زۆری پراکتیکی کۆمەڵایەتییش بە دەسەڵاتەوە گرێ ئەدات. دەسەڵات لەم ڕوانینەدا تەنها هێزێکی چەپێنەر نییە، بەڵکو هێزێکی بەرهەمهێنە، وەک چۆن مرۆڤی دیسپلینکراو و ئاراستەکراو بەرهەم دەهێنێت، ئاواش تۆڕێکی گەورە لە مرۆڤی تر بەرهەم دەهێنێت، کە دیسپلینکراو نین، بەڵام وەک شاز و نەخۆش و ناعەقڵانیی و تاوانبار و دێوانە وێنا دەکرێن و ناو دەنرێن. ڕۆڵی مەعریفە و دەزگاکان لە چۆنیەتیی ئەم ناونانەدا و لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی ئەو جۆرە مرۆڤانە لە دونیای مۆدێرندا، ڕۆڵێکی دەستنیشانکەرە.

لەدایکبوونی زنجیرە کتێبی *مێژووی سێکسوالیتە*، بەتایبەتی بەشی دووهەم و سێهەمی ئەم کتێبە، لە سەرەتای هەشتاکاندا هێما بۆ قۆناغی سێهەم دەکات، کە بە قۆناغی ئەخلاق یان ئێتیک ناو دەبرێت. لەم قۆناغەدا فوکۆ باس لە دروستبوونی تاکەکەسێک دەکات، کە تەنها بەرهەمی کارکردنی مەعریفە و دەزگاکان نییە، بەڵکو خۆشی بەشدارە لە دروستکردنی خود و کەسایەتیی خۆیدا.

ئەگەر فیکری فوکۆ وەک گشتێکی گەورە وەر بگرین، دەکرێت بڵێین خود لە قۆناغی یەکەم و دووهەمدا زیاتر وەک دروستکراوێک دەر دەکەوێت تا دروستکەرێک، بەڵام لە قۆناغی سێهەمدا هاوکێشەیەکی یەکسان لەنێوان دروستکراو و دروستکەردا دروست دەبێت. تاکەکەس وەک چۆن دروست دەکرێت ئاواش خۆی توانای دروستکردنی خۆی هەیە. ئەم دیدەش لە یەک کاتدا هەم دەربازبوونە لە هەموو ڕێبازە جیاوازەکانی بوونیادگەری و سیستمگەرایی، هەم لە هەموو فۆرمە جیاوازەکانی بوونگەراییش. ئەمەش مانای تێپەڕاندنی



nbooks

دیدی سارتەر و دیدی لیڤی شتراوس و دیدی ئەلتۆسێر لە یەک کاتدا. بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی ئەم کتێبە، تەرخانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتانە لە فیکری فوکۆدا.



https://

# (١١)

بابەتی سێهەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ مەسەلەی بەرگریکردن و توانای بەرگریکردن لە فیکری فوکۆدا. بەرگریی چییە و تاکەکەس لە چیدا و لەکوێدا دەتوانێت بەرگریی لە خۆی بکات؟ شێوازەکانی بەرگریی کامانەن؟ ئایا بەرگریی کارێکی لاوەکی و پەراوێزییە، یاخود بەشێکی بنەڕەتیی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە؟ بەشێکی گرنگی فیکری فوکۆ، بەتایبەتی کارەکانی کۆتایی تەمەنی، تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە. ئەوەی بکرێت لەم پێشکەییەدا هێمایەکی خێرای پێ بکەین، ئەوەیە لە فیکری فوکۆدا هێڵێکی گرنگی بەرگیرکردن ئامادەیە لە قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەیدا کەمتر دیار و لە قۆناغی سێهەمدا شوێنێکی بەرچاوتر و سەرەکیتر وەر دەگرێت. بە شێوەیەکی گشتی کردەی بەرگری لە فیکری فوکۆدا، کردەی بەرگرییکردنی تاکەکەس و کۆمەڵگایە لە خۆیان، لەبەرامبەر هەموو ئەو دەزگا و مەعریفە و میکانیزمانەدا کە مرۆڤ بە مۆدێلێکی تایبەتی بە تاکەکەسبوون و کۆمەڵگاش بە مۆدێلێکی تایبەتی بەکۆمەڵگابوون ناچار دەکەن. بە مانایەکی دیکە بەرگری بەرامبەر بە هەموو ئەو میکانیزم و مەعریفانەی جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤبوون و تاکەکەسبوون بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنن. لێرەدا بەرگری پەیوەندییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆی هەیە هەم بەو دونیا گشتییەوە کە دروست



nbooks

کراوە، بە هەموو دەزگاکان و شێوازەکانی مەعریفەی ناو ئەو دونیایەوە، هەم بە تاکەکەسەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەوە. کردەی بەرگری لێرەدا پەیوەندیی بەو هەوڵدانە بەردەوامانەوە هەیە کە مرۆڤ دەیاندات بۆ گەورەکردنی هێز و توانای ناوەکیی خۆی بۆ گۆڕان و تازەبوونەوە، بۆ بوون بە شتێک جیاواز لەوەی لە ئێستادا و لێرەدا هەیە و دروست کراوە و بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگای نوێ کە ئازادیی زیاتر و ئۆتۆنۆمبوونی ڕاستەقینەتری تێدابێت.



https://

# (١٢)

بابەتی چوارەمی ئەم کتێبە، مەسەلەی ئەخلاق یان ئەتیکە. ئەو پرسیارە سەرەکییانەی لێرەدا دەکرێن بریتین لە: ئەخلاق چییە و چ مانایەکی هەیە؟ مرۆڤ چۆن خۆی وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقیی دروست بکات و دابهێنێت؟ چۆن ئازادیی و بەرپرسیارێتیی و ئیستاتیکا بەیەکەوە کۆ بکرێنەوە؟ چۆن ژیان بە شێوەیەک دابرێژرێتەوە وەک کارێکی هونەری دەر بکەوێت؟ چۆن ئەو شتە دروست بکرێت کە فوکۆ ناوی ئیستاتیکای بوونی لێ دەنێت و ئەم ئیستاتیکایەش وەک فەلسەفەیەکی ئەخلاقی کار بکات؟ بەکورتی، چۆن دیدێکی ئەخلاقی گەشە پێ بدرێت تیایدا مرۆڤ خۆی دروستکەری خۆی و خۆی داهێنەری ژیانی خۆی بێت، نەک لە دەرەوەڕا و لەناو سیستمێکی ئەخلاقیی پێشوەخت دروستکراوەوە جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤبوون و جۆرێکی تایبەت لە ژیانی بەسەردا بسەپێنرێت؟ مرۆڤ چۆن خۆی بە شێوەیەک دابهێنێت کە کردەی داهێنانەکە وەک پیادەکردنی ئازادیی شەخسیی و بەرپرسیاریەتیی مەدەنی و سیاسیی دەر بکەوێت؟



nbooks

# (١٣)

لەپشتی هەریەکێک لەو چوار بابەتە سەرەکییەوە کە باسم کرد، مەسەلەیەکی سەرەکی ئامادەیە، کە ژێرخانی هەر چوار بابەتەکەی تر دەستنیشان دەکات، ئەو مەسەلەیەش، مەسەلەی ئازادیی مرۆڤە. چۆن مرۆڤ لە گەڕانیدا بەدوای ئازادیدا و چۆن لە پیادەکردنی ئازادیدا کەسایەتیی خۆی وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ و بەپرسیار دابهێنێت؟ ئایا مرۆڤ تا چ ڕادەیەک لە دروستکردنی کەسایەتی خۆیدا ئازادە؟ چەند ئازادە لەوەدا بتوانێت بەرگری لە خۆی و لە کۆمەڵگا بکات؟ چەند ئازادە کەسایەتیی خۆی وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقی دابهێنێت و فەلسەفە ئەخلاقییەکەی فەلسەفەی پیادەکردنی ئازادییەکی بەرپرسیارانە بێت؟ بە مانایەکی دیکە ئایا مرۆڤ چ پەیوەندییەکی بە دەسەڵات و مەعریفەی باڵادەستی سەردەمەکەی خۆیەوە هەیە و چۆن دەتوانێت لەناو فشار و جەبرەکانی دەسەڵات و لەناو مەیلەکانی مەعریفەوە بۆ مۆنۆپۆڵکردنی هەقیقەت، کەسایەتیی خۆی وەک کەسایەتییەکی ئازاد و بەرگریکەر و ئەخلاقی دابهێنێت؟ چۆن بتوانێت ڕەهەندێکی ئیستاتیکی بە بوونی خۆی ببەخشێت و ژیانێک دروست بکات کە خۆی بکەری سەرەکیی ناوی بێت؟

هەموو خوێنەرێکی سادەی فوکۆ لەوە ئاگادارە کە ئەم پرسیارانە لای ئەم فەیلەسوفە تەنها پرسیاری فیکری و تیۆری



https://

نین، بەڵکو پرسیاری سیاسییشین. یەکێک لە ئاکارە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی فیکری فوکۆ لەوەدایە کە سیاسیبوون و تیۆریبوون، فیکر و پراکتیک، تاکەکەس و کۆمەڵگا، لە یەکتری دانابڕێت. بە درێژایی مێژووی فیکر کەم نووسەر هەیە بە ڕادەی فوکۆ ژیانی مرۆڤ وەک تاکەکەس و ژیانی کۆمەڵگا وەک گشتێکی گەورە بەسیاسی بکات. سیاسەت بکات بە بەشێک لە ساتەوەختی ئیشکردنی دەسەلات و ئیشکردنی مەعریفە و ئیشکردنی بەرگری. وەک چۆن پەیوەندیی تاکەکەس بە دەوڵەتەوە پەیوەندییەکی سیاسییە، ئاواش پەیوەندیی ناو خێزان و پەیوەندییەکانی ناو ڕووبەری تایبەت و ڕووبەری گشتی هەموویان پەیوەندن بە ڕەهەندێکی سیاسیی گرنگەوە، هیچ یەکێک لەو پەیوەندییانە بەبێ ساتەوەختی سیاسی نین. هاوکات فۆرمی جیاوازی سیاسەت لەناو بەرهەمهێنان و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی مەعریفە خۆیشیدا ئامادەیە. ئەخلاق خۆشی ڕووبەرێکی سیاسیی گەورەیە. لە دیدی فوکۆدا ئەخلاق هەرگیز ڕووبەرێکی بەتاڵ نییە، هەمیشە بەشێکە لە ڕووبەرە هەرە سەرەکییەکانی دەسەلات، لەناو ئەم ڕووبەرەدا ڕوانینی جیاواز بۆ ئەخلاق، بۆ خراپەکاری، بۆ ئەوەی دەشێت و ئەوەی ناشێت بکرێت، بۆ ئەوەی ئاساییە و ئەوەی نائاساییە، ئەوەی عەقڵانییە و ئەوەی دێوانەییە بیر لێ بکرێتەوە، ئامادەیە. هەموو ئەمانەش بەشێکن لەو زمان و چەمک و شێوازی پۆلێنکارییەی دەسەلاتی سیاسی و ئەخلاقی و فەرهەنگیی باڵادەست دەیەوێت بە هۆیانەوە ڕووبەرە ئەخلاقییەکان لە کۆمەڵگادا ڕێکبخات و بیهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لەناو ئەم هەوڵانەدا پەیوەندییەکانی



nbooks

دەسەڵات ئامادەیە، ململانێ و پێکدادان و دانووستان و گوێگرتن و تۆمەتبارکردن ئامادەیە، چەندان تەکنیکی جیاوازی دروستکردنی تاکەکەس و داڕشتنی کەسایەتی و فۆرمی تایبەتی خودسازی لەئارادایە.

هەموو ئەم خاڵانە، خاڵی سەرەکیی و بنەڕەتین لە فیکری فوکۆدا و لەناو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەشدا.



https://

## (١٤)

ئەگەر بکرێت تێزەی ئەخلاق و تێزەی بەرگری لە فیکری فوکۆدا کورت بکەمەوە، دەکرێت بڵێم تێزی گۆڕینی ژیانە بۆ هونەر، کردنی ژیانە بە هونەر، بە کردەی داهێنانێکی بەردەوام. هونەرێک کە ئەوەی دروست و ئاراستەی دەکات کردە و پراکیتیکی ئازادییە، کردنی ئازادییە بە شێوازی ژیان، بەو ستایەلەی کە مرۆڤێک هەڵی دەبژێرێت بۆ ئەوەی خۆی ماناکانی ژیانی خۆی و خۆی ماناکانی بوونی خۆی دابڕێژێت. هونەری ژیان مانای هونەری بوونبەمرۆڤ بەو شێوەیەی مرۆڤبوونی کەسێک دەیخوازێت، خۆداهێنان بەو شێوەیە، کە مرۆڤ هەم بکات بە بوونەوەرێکی ئازاد، هەم بە بوونەوەرێکی بەرپرسیار، هەم بە تاکەکەسێکی سەربەخۆ و هەم بە بەشێک لە دونیایەکی ئەخلاقیی گشتیی ئازاد. ئەم ڕوانینە بۆ ژیان و بۆ ئازادی و بۆ ئەخلاق، وا دەکات مرۆڤ خودی خۆی وەک شتێکی جێگیر و نەگۆڕ، وەک جەوهەرێکی داخراو، وەک بونیادێکی قووڵی بێگۆڕان نەبینێت، بەڵکو خۆی وەک چالاکییەکی بەردەوام، چالاکییەکی هونەریی پڕجوڵە و ناجێگیر ببینێت، تا ئەو جێگەی ژیان خۆشی بگۆڕێت بۆ کارێکی هونەری.

گۆڕینی ژیان بۆ هونەر، گۆڕینی ژیانە بۆ کردەیەکی بەردەوامی بەرگریکردن و خۆدەسکاریکردن و خۆداهێنان لە دەرەوە و ناوەوەدا، لەپاڵ و بەهۆی مرۆڤەکانی ترەوە دژ بە



nbooks

بونیادە گەورە و باڵادەستەکانی دەسەڵات و مەعریفە. خود لێرەدا لەوە دەکەوێت پێدراوێکی پێشوەخت بێت، جەوهەرێک بێت تەپوتۆزی زەمەن شاردبێتیەوە، مرۆڤ هەوڵی لابردنی ئەو تەپوتۆزە بدات بۆ ئەوەی ئەو جەهەرە بدۆزێتەوە، بە پێچەوانەوە خود لێرەدا چالاکییە، نەک جەوهەر، جوڵەیەکی بەردەوامە، داهێنانێکی کولتووریی و تاکەکەسییە، شوناسێکی تایبەتی ناشوناس و پڕجوڵە و گەڕۆک و بێئۆقرەی بەردەوامە، چاکەکارییەکی مەدەنی و بەرپرسیارە، مشورخواردنە بۆ خود، وەک جۆرێک لە مشورخواردن بۆ ئەوانی تر و بۆ ئەو دونیا و ژینگەیەی تیایدا دەژی.

یەکێک لە هۆکارەکانی نووسینی ئەم کتێبە، بریتییە لە بەرگریکردن لەم دیدە بۆ مرۆڤ، بە بۆچوونی من، ئەگەر شتێک هەبێت ناوی تەحەداکردنی سیستمە تۆتالیتاریی و نیمچە تۆتالتارییەکانی ئەمڕۆ بێت، لە تۆتالیتاری دینییەوە بۆ تۆتالیتاریەتی نادینی، ئەگەر پێگەیەکی بەهێز و پتەو هەبێت بۆ بەرگریکردن بەرامبەر بە میکانیزمە پڕفشار و پڕناچاریکردنەکانی دەسەڵات، ئەگەر وزەیەک هەبێت بتوانێت هەم لە بەردەم دەزگاکان و هەم لە بەردەم هەقیقەتەکاندا ڕابوەستێت و پرنسیپە سەرەکییەکانیان و شێوازەکانی ئیشکردنیان ڕەخنەبکات و پرسیاری پڕمەترسیان ڕووبەڕوو بکاتەوە، ئەوا داهێنانی ئەم جۆرە کەسایەتییەیە. وێناکردنی بەرگرییە وەک بەشێک لە کردەی ئازادییەکی ڕۆژانەی بێکۆتایی، داهێنانی ئەخلاقێکە هاریکاریی تاکەکەسەکان بکات بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوت و جوڵانەوەکانی خۆیان بپرسنەوە، چاودێرییان بکەن، سەرلەنوێ دایان بڕێژنەوە، خۆیشیان وەک

بوونـەوەری ئەخلاقـی دابهێنـن[1]. دروسـتکردنەوەی ئەخـلاق لـەم دیـدەوە بەشـێکی گرنگـی کـردەی بەرگریکـردن و کـردەی دروسـتکردنێکی ڕووبـەری ئـازادە.

1 Foucault (1985). The History of Sexuality, Vol. 2: The Use of Pleasure. New York: Pantheon. P. 13.



nbooks

# (١٥)

بەر لەوەی کۆتایی بەم پێشەکییە بهێنم دەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم ئایا فیکری میشێل فوکۆ بەکەڵکی کۆمەڵگای ئێمە دێت؟

بەر لەوەی خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بکات، دەمەوێت وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە بە بەڵێ بدەمەوە. ئەم بەڵێیەش پەیوەستە بەو ڕاستییەوە، وەک لە دوتوێی ئەم کتێبەدا ئاشکرا دەبێت، کە ئەم فیکرە لە زیاد لە ئاستێکدا دەتوانێت بەگژ بڕێک لە نەخۆشییە ترسناکەکانی ناو ڕۆشنبیری ئێمەدا بچێتەوە و هاریکارمان بێت بۆ دروستکردنی دۆخێک، کە پرسیاری مێژوویی ڕاستەقینەی تێدا بکەین، بەرەنگاری کێشەی مێژوویی ڕاستەقینە ببینەوە و دوور بکەوینەوە لە پاڵەوانبازێتی و دۆنکیشۆتێتی فیکریی و تیۆری. من لێرەدا زۆر بەکورتی لەسەر هەندێک لەو نەخۆشییە کوشندانەی ناو ڕۆشنبیریی کوردی دەوەستم، کە پێم وایە فیکری فوکۆ دەتوانێت هاریکارمان بێت بۆ سنووردارکردن و لەوانەشە تێپەڕاندنیان.

### یەکەم: بەگژاچوونەوەی جەوهەرگەرایی

یەکێک لە نەخۆشییە گەورەکانی ناو دونیای فیکری و ڕۆشنبیریی ئێمە، کێشەی جەوهەرگەرایییە، وێناکردنی مرۆڤە وەک خاوەنی "جەوهەر"ێکی نەگۆڕ، وێناکردنی دینە، وەک



https://

خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕ، وێناکردنی عەقڵە وەک خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕ، وێناکردنی کولتووره وەک خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕ، وێناکردنی شوناسە، وەک خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕ، وێناکردنی کۆمەڵگایە وەک خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕ... هتد. یەکێک لە ئاکارە هەرە بەهێزەکانی فیکری فوکۆ، بەگژاچوونەوەی هەموو شێوازەکانی جەوهەرگەراییە. هیچ دیاردەیەک لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا بوونی نییە، لە دەرەوەی ژینگەی مێژوویی و لەدەرەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و شێوازی مەعریفەی باڵادەست و جۆری ئەو دەزگایانەدا کە لە ساتەوەختێکی مێژووییدا ئامادەن. هەموو شتێک لەناو فیکری ئەم فەیلەسوفەدا بوونێکی مێژوویی هەیە، مێژووکردە، دەکرێت بگۆڕدرێت و بە شێوە و ناوەڕۆکی تازەوە دابڕێژرێتەوە. فیکری فوکۆ، فیکرێکە لەسەر تێپەڕاندنی سەرجەمی ئەو شێوازانە لە فیکری جەوهەرگەرا کار دەکات، کە جەوهەری نەگۆڕ بە دیاردەکان دەبەخشن. میتۆدی جینالۆجیا، کە میتۆدی کارکردنی فوکۆیە، شێوازێکە لە پشکنینی مێژوویی، کە دیاردەکان بۆ ئەسڵ و یان جەوهەر یان جۆرێک لە حەتمیەت ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو دەیانبەستێتەوە بە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی مانا و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە. ڕۆڵی ڕێکەوت و ڕۆڵی تێکەڵبوونی بەردەوامی دەسەڵات و فیکر، ڕۆڵی تەماح و ستراتیژەکانی دەسەڵات بە گرنگ دەزانێت. هەموو شتێکی کۆمەڵایەتی، لە حیکایەت و تێکست و گوتار و ڕوانینەکانەوە بیگرە، تا بە شێوازەکانی بەخودبوون و بە فۆرمەکانی بەتاکەکەسبوون دەگات، هەموویان دیاردەی



nbooks

مێژوویین و لەناو مێژوودا دروست دەبن و دەگۆڕێن و تازە دەبنەوە. ئەم فیکرە نیشانمان ئەدات چ وەهم و خورافەیەکی گەورەیە، بۆ نموونە، قسە لە بوونی عەقڵێکی خۆرهەڵاتیی نەگۆڕ، یان لە عەقڵێکی ئیسلامی نەگۆڕ، یان لە جەوهەرێکی دینیی نەگۆڕ بۆ کۆمەڵگا، یان لە مەیلێکی جەوهەری بۆ ستەمگەریی... هتد. بکەین.

**دووهەم: گومان لە هەقیقەت و گومان لە مەعریفە**

فیکری فوکۆ فێرمان دەکات گومان لە مەعریفە و گومان لە هەقیقەت و گومان لەوانەش بکەین کە بە ناوی هەقیقەتەوە قسە دەکەن. فوکۆ لێرەدا گەشە بە دیدێکی ڕەخنەیی گومانکار دەدات، کە گوتارە باڵادەستەکان و هەقیقەتە باڵادەستەکان و دەزگاکانیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بەمەش ئەو ڕەهەند و تەماحانەی دەسەڵات نیشان ئەدات، کە لەناو مەعریفە و هەقیقەتەکاندا ئامادەن. بەمەش ڕووبەرێکی نوێ بۆ سیاسەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەت بکرێتەوە، کە شوێنی چەپاندن و بێدەنگکردن و پەراوێزخستنی کەمتری تێدا ببێتەوە. ئەمەش لە ناوەندێکی هەقیقەتگەر و پڕئایدیۆلۆژیای دینیی و نادینیی موقەدەسچیی، وەک لە دونیای ئێمەدا کارێکی لەڕادەبەدەر گرنگە. گومانکردن لە هەموو ئەوانەی بە ناوی هەقیقەتەوە قسە دەکەن و پێمان دەڵێن دونیا بەرەو کوێ دەچێت، دەخوازن هەم ئێستا و بەتایبەتیی ئاییندە داگیر بکەن و تەلقینمان بدەن چ سیستمێک دێت و چ سیستمێک دەڕوات، بەشێکە لە هەر هۆشیارییەک بیەوێت خۆی لە مەترسییە گەورەکانی وەهم و خورافەتە گەورەکان بپارێزێت.



https://

## سێهەم: دیدێکی ئاڵۆز بۆ کۆمەڵگا و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی

فوکۆ، کۆمەڵگا وەک ڕووبەری کۆبوونەوەی چەند چینێکی کۆمەڵایەتیی کەم نابینێت، کە یەکێکیان ئەوی تریان بچەوسێنێتەوە و ئەمیان بەگژ ئەوی تریاندا بچێتەوە، بەڵکو وەک تۆڕێکی گەورە و ئاڵۆزی پڕپێگە و پەیوەندی و جوڵەی بزۆک و ململانێی هەمەجۆر و بەردەوام دەبینێت. وەک سەرزەمینی ڕستێک گوتار و دەزگا و پراکتیکی هەمەجۆری لەلایەن گوتارەوە ئاراستەکراو. وەک سەرزەمینی مەعریفە و زانیاریی جیاواز، وەک جێگەیەک چەندان سیاسەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەتی تێدایە و ئەم هەقیقەتانەش لەگەڵ یەکدا لە ململانێدان. هاوکات وەک سەرزەمینێک دەیبینێت، کە چەندان ڕووبەری بۆ هەڵسوکەوت و جوڵەی ناگوتاری و ئاراستەنەکراوی تێدایە، کە وەک ڕووبەری بەرگریکردن و سەرلەنوێ دارشتنەوە و گۆڕانکاری کار دەکەن. وەک شوێنی دروستبوونی سەرەتای تازە و کردەی مێژوویی جیاواز.

هەرچی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە، ئەویشیان وەک پرۆسەیەکی ئاڵۆز و بەردەوام وێنا دەکات، بەڵام بەبێ بوونی مۆدێلێکی پێشوەختپێدراو و بەبێ گریمانکردنی ئامادەگیی لۆژیکێکی یەکگرتوو بۆ ئەوەی لە هەموو ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتیدا گۆڕانکارییان ئاراستە بکات. فوکۆ دەزگا گەورەکانی ناو کۆمەڵگای مۆدێرن، وەک دەزگای پڕکێشە و وەک ئامرازی جیاوازیی ئیشکردنی دەسەڵات و وەک سەرزەمینی ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات



nbooks

دەبینێت. دۆزینەوەی ئەو میکانیزمە دیسپلینەکەر و چەپێنەر و ئاراستەکەرانەی ئەم دەزگایانە هەیانە و ڕەخنەکردنیان و هەوڵدان بۆ گۆڕانیان بە ئەرکی هەرە سەرەکیی کردەی مێژوویی دەزانێت. گۆڕان لەم دیدەدا، گۆڕینەوەی مۆدێلێکی دروستکراو نییە بە مۆدێلێکی وێناکراو، گۆڕینەوەی سیستمێک نییە لە ئێستادا بە سیستمێکی تر، کە لە ئایندەدا، وەک مارکسیزمی تەقلیدی و بڕێک لە مارکسییە تازەکان پێشنیار و چاوەڕێی دەکەن، واتە گۆڕینەوەی کاپیتالیزم بە کۆمۆنیزم یان سۆسیالیزم، یان ئەم "ئیزم" بەو "ئیزم"ی تر، نییە. گۆڕان لە دیدی فوکۆدا، پراکتیک و ستراتیژێکی بەردەوامە بەبێ بوونی مۆدێلێکی گریمانکراو پێمان بڵێت کۆمەڵگا بەرەو کوێ بڕوات و چ سیستمێک بە چ سیستمێکی تر بگۆڕینەوە. لەمەشدا دوو مەسەلەی سەرەکی هەن کە گرنگن، یەکەمیان، پاراستنی پلورالیزمی کۆمەڵایەتی و مەعریفی و عەقڵانیی و سیاسی و ڕەمزییە، واتە ڕێگرتنە لەوەی هێزێک، عەقڵانییەتێک، شێوازێکی تایبەتی مەعریفە، هتد... هێزەکانی تر و شێوازەکانی تری عەقڵانییەت و جۆرەکانی تری مەعریفە بێدەنگ بکات، یان بچەپێنێت و بێنرخ بکات. دووهەمیش، پەلاماردانی بەردەوامی میکانیزمەکانی چەپاندن و بێدەنگکردن و پەراوێزخستنە، کە بەردەوام قوربانی جیاواز دروست دەکەن. فوکۆ تا ئەو شوێنە دەڕوات و داوای هەڵوەشاندنەوەی سەرجەمی ئەو پەیوەندییە هەرەمیی و هیرارکییانە بکات کە وا دەکەن کەسانێک دروست ببن بەناوی هەقیقەت، دواهەمین هەقیقەتەوە، قسە بکەن و لەم ڕێگەیەشەوە بڕیار لەسەر ژیانی ئینسانەکانی تر بدەن، یان توانای ئەوەیان هەبێت،



https://

لـە ڕێگای شـوێنیان لـە هەرەمـی کۆمەڵایەتیـی و مەعریفیـی و دەسـەڵاتدا، ژیانی کۆمەڵایەتیی ئینسـانەکانی تر ئاراسـتە بکەن و بـە هەمـووان بڵێن کێ کەسـی بـاش و کێ کەسـی خراپە، کێ بەسـود و کێ بێسـودە، کێ تاوانبـار و کێ بێتاوانـە، کـێ سـاغ و کـێ بیمـارە، کـێ عەقڵانییـە و کـێ دێوانەیـە... هتـد.

## چـوارەم: دیدێکـی کـراوە و ئاڵـۆز بـۆ مـرۆڤ و نیشـاندانی وەک بوونەوەرێک، کە بەردەوام لە دۆخی خۆدروستکردن و خۆداهێنـان و خۆداڕشـتنەوەدایە

مـرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بێجەوهـەر کـە لەنـاو پەیوەندییەکانی مانا و پەیوەندییەکانی دەسـەڵات و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا نیشـتەجێیە و لەنـاو ئـەو گشـتە ئاڵـۆز و بـزۆک و پڕجوڵەیـەدا کەسـایەتیی خـۆی و دونیـای ناوەکـی دادەڕێژێـت و دەگۆڕێـت. بەحوکمـی ئـەوەی هەمـوو ئـەو پەیوەندییانـە قابیلـی گۆڕانکاری و داڕشـتنەوەن، بۆیـە وێنـەکان و ماناکانـی مرۆڤبوونیـش بـەردەوام لـە گۆڕاندایـە. ئەمـەش کێشـەی گـەورە بـۆ ئـەو وێنـە چەقبەسـتوو و جەوهەرگەرایە دروسـت دەکات کە سروشـتێکی نەگـۆڕ بـە مـرۆڤ دەبەخشـێت و وای نیشـان ئـەدات گوایـە لـە یەکەمیـن مرۆڤـەوە بـۆ دواهەمیـن مـرۆڤ، هێڵێکـی نەگـۆڕ و نەپسـاو بوونـی هەیە، کە هێما بۆ سروشـتی نەگۆڕیـی مـرۆڤ دەکات. ئـەم جـۆرە ڕوانینـە ئەدەبـی و ڕۆمانسـییە بـۆ مـرۆڤ، جـۆرە ڕوانینـی باڵادەسـتە لەنـاو ڕۆشـنبیریی ئێمـەدا، کـەم نیـن ژمارەی ئەو ڕۆشـنبیر و نووسـەر و واعیزانەی سـەدەها دێڕیان نووسـیوە سـەبارەت بـەوەی ئایـا مـرۆڤ چییـە و خاوەنـی کام جەوهـەرە. لـەم ئاسـتەدا جەوهەرگەرایـی ڕۆشـنبیری ئێمـەی لـە



nbooks

ناوەوە ئیفلیج کردوە.

## پێنجەم: دیدێکی دینامیکی و زیندوو بۆ دەسەلات و سیاسەت

لای فوکۆ دەسەلات لە فۆرمی هەرەمدا ئامادە نییە، شتێک نییە لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە دابەزێت، بەڵکو لە فۆرمی تۆڕدا ئامادەیە. ئەم ئاکارە تۆڕئاسایەی دەسەلات وا دەکات تەنها لە شوێنێکی تایبەتدا بوونی نەبێت، تەنها کەسێک یان چەن کەسێک خاوەنی نەبن، بەڵکو لەناو هەموو خانەیەک و هەموو پەیوەندییەکی کۆمەلایەتیدا ئامادە بێت، بە پەیوەندییە شەخسییەکانیشەوە. ئەم تێزە سەبارەت بە دەسەلات، بەرەو تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازمان دەبات دەربارەی چییەتی سیاسەت. مادام دەسەلات و پەیوەندییەکانی دەسەلات لە هەموو شوێنێک و لەناو هەموو پەیوەندییەکاندا ئامادەن، بۆیە سیاسەتیش لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە. لەم ڕووەوە فوکۆ ژیان خۆشی وەک گشتێکی گەورە، وەک سەرزەمینی سیاسەت دەبینێت و ئەو ڕۆمانسیەت و خورافەتەی لێ دادەماڵێت، کە گوایە شتێک بە ناوی ژیان لە دەرەوەی سیاسەتدا بوونی هەبێت. لەم دیدەدا هەموو ئەوانەی لە هەمووان زیاتر باس لە خۆلادان لە سیاسەت و پەراوێزخستنی دەکەن، لە هەمووان زیاتر لە سیاسەتەوە ئالاون، چونکە ئەوانە نەک تەنها بەشێکن لە پەیوەندییەکانی دەسەلات، بەڵکو لەناو ئەو پەیوەندییانەدا نیشتەجێن.

سیاسەت بەلای فوکۆوە بەشێکە لە پەیوەندییەکانی دەسەلات، جا چ لە فۆرمی قبوولکردنی ئەو پەیوەندییانەدا



https://

بێت بە شێوازی جیاواز، یان لە فۆرمی بەرگریکردن و قبووڵنەکردن و هەوڵدان بۆ گۆڕینیان. سیاسەت بەم مانایە تەنها بەشێک نییە لە ژیانی گشتیی و لە چالاکییەکانی ناو ڕووبەری گشتیی، بەڵکو بەشێکیشە لە ژیانی تایبەت و لە ڕووبەرە شەخسییەکانیشدا ئامادەیە. ئەوەی ناوی ڕووبەر یان مەجالی تایبەتە، ڕوبەرێک نییە بەتاڵ لە سیاسەت. سیاسەت لەناو خێزان و لەناو پەیوەندییە نایەکسانەکانی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووک و تەنانەت لەناو پەیوەندیی هاوڕێیەتیشدا ئامادەیە. ئەمەش وا دەکات شتە تایبەتەکان شتی تایبەت نەبن بەتەنها، بەڵکو شتی سیاسیی و گشتییش بن. لەم ئاستەدا مرۆڤ بوونەوەرێکە ڕۆژانە و بە شێوەیەکی بەردەوام لەبەردەم هەڵبژاردنی ئەخلاقی و سیاسیدایە. ئەوەی گرنگە مرۆڤ لە پەیوەندییەکی ڕەخنەیی و ڕاستگۆ و ئەخلاقیدا بێت بە ئێستاییبوونی خۆیەوە، بە ئێستای ئەو دونیا و کۆمەڵگایەوە لەبەردەمیدا دروست دەبێت.

### شەشەم: وێنەیەکی ناپێغەمبەرانە بۆ ڕۆشنبیر

فوکۆ وێنەیەکی ڕۆشنبیرمان نیشان ئەدات، زۆر جیاواز لەو وێنە پێغەمبەرانەیەی لە دونیای ئێمەدا ئامادەیە، هەروەها جیاواز لەو وێنە سوفی و نارسیستییەش کە گریمانی ئەوە دەکات ڕۆشنبیر تاکە کەسێکی دەگمەن و تاکوتەنهای بێتەماح و بێلایەنە و جگە لە عەشقی نووسین و عەشقی دۆزینەوەی ڕاستیی و عەشقی بەرهەمهێنانی جوانی هیچ شتێکی دیکە نایجوڵێنێت. دیدی فوکۆ بۆ ڕۆشنبیر، تێپەڕاندنی ئەو وێنانەی سەرەوەیە بۆ ڕۆشنبیر، بەتایبەتی وێنەی ڕۆشنبیر وەک



nbooks

بوونەوەرێکی بێمەبەست و عاشق بە جوانی و داهێنان. لەباتی ئەمانە فوکۆ وێنەیەک پێشنیار دەکات کە ڕۆشنبیر دەخاتە ناو سیاسەتی بەرهەمهێنانی گوتارەکان و پەیوەندییەکی دەسەڵات و گەمەکانی مەعریفە و دەسەڵات لەگەڵ یەکدا.

لای فوکۆ ڕۆشنبیری ڕەخنەیی بەرهەمهێنەری ئەو جۆرەیە لە مەعریفە کە فوکۆ ناوی مەعریفەی ستراتیژی لێ دەنێت. مەعریفەی ستراتیژیش بازدان نییە لەم بابەت و میتۆد و سەردەمەوە بۆ ئەوی تریان، لەم فەیلەسوف و نووسەر و تیۆریستەوە بۆ ئەوی تریان و نیشاندانی ئەمانەش وەک قەلەق و بێئۆقرەیی و حەزی پشکنین و تازەکردنەوەی بەردەوام. هاوکات مەعریفەی ستراتیژی مانای زۆر نووسین و قسەکردن لەسەر هەموو بابەتێک نییە، ئەوە نییە لەسەر دەیان بابەتی جیاواز بنووسیت و ئەمەش وەک ئەرکی ڕۆشنبیر نیشان بدەیت. مەعریفەی ستراتیژیی، ئەو مەعریفەیەیە کە وا دەکات تێگەیشتنمان بۆ بابەتێک لە بابەتەکانی کۆمەڵگا، بۆ تێمایەک، بۆ دیاردەیەک لە دیاردەکان، بۆ مەسەلەیەکی کۆنکرێت و ستراتیژیی، بۆ ئەم یان ئەو پەیوەندیی... هتد. بگۆڕێت و بە شێوەیەک ببینین جیاواز لەوەی لەو ساتەدا هەیە. مەعریفەی ستراتیژی دیوێکی دیاردەکانمان نیشان ئەدات کە پێشتر نەمانبینیبێت و بەم نیشاندانەیش نەک تەنها ئەگەری تێگەیشتنێکی باشتر و قووڵتر بۆ ئەو دیاردانە مەیسەر بکات، بەڵکو ئەگەری بەرگری و بەگژاچوونەوە و گۆڕانیشی گەورە بکات.



https://

## حەوتەم: گرێدانەوەی ژیانی تایبەت بە ژیانی گشتییەوە

فیکری فوکۆ تەواو دژ بەو شێوازە لە بیرکردنەوەیە، کە پێی وایە ژیانی تایبەت و ژیانی گشتی دوو یەکەی لەیەکتردابڕاو و بێپەیوەندین، ئەوەی کەسێک لە ڕووبەری گشتییدا ئەنجامی ئەدات، دادەبڕێت لەوەی لە ڕووبەری تایبەتدا ئەنجامی ئەدات. فیکری فوکۆ لەباتیی ئەم دابڕانە پێشنیاری بوونی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لەنێوان هەردوو ڕووبەرەکەدا دەکات و جیاکردنەوەیان وەک وەهمێکی گەورە نیشان ئەدات. بۆ نموونە ڕۆشنبیر کەسێک نییە بە نووسین بەرگری لە مافی ئافرەتان و هێزە پەراوێزخراوەکان بکات، بەڵام لە ژیانی شەخسیی خۆیدا پیاوسالارێکی عەیارە بیستوچوار بێت، ئەوەی لە ڕووبەری گشتیدا بۆ خەڵک و کۆمەڵگای دەیڵێت و دەینووسێت و تەواو ناکۆک بێت بەوەی لە ڕووبەری تایبەت و بەدزییەوە ئەنجامی ئەدات. دابڕانی تایبەت لە گشتی و ژیانی شەخسیی لە ژیانی گشتی لە دونیای ئێمەدا، بەتایبەتی دابڕانی بەرهەمە ئەدەبی و فیکرییەکان لە ژیانی تایبەتیی نووسەرەکانیان، خەریکە دەبێتە ڕوانینی باو و باڵادەست و ئەم دابڕانەیش بەکار دێت بۆ بەخشینی شەرعیەت بەو شیزۆفرینیا ئەخلاقی و مرۆییەی لە زۆر خانەی کۆمەڵایەتیی دونیای ئێمەدا ئامادەیە. کەسانێک هەن دژ بە بەرخۆری دەنووسن و دەڵێن، بەڵام خۆیان نوقمی ناو هەموو فۆرمەکانی بەرخۆرین، بە بەرخۆکردنی دۆست و هاوڕێی و ژن و مرۆڤەکانی دەوروبەریانەوە. فیکری فوکۆ لەم ئاستەدا دەشێت وەک فیکرێکی ڕەخنەیی هاریکارمان بێت بۆ



nbooks

سەرکەوتن بەسەر ئەم جۆرە وەهم و خورافاتەدا کە هەموو بەپرسیاریەتییەکی ئینسانیی و ئەخلاقیی لە بەرهەمهێنەرانی گوتارەکان و تێکستەکان دەسێنێتەوە و هەموو پەیوەندییەک لەنێوان ئەو کەسەی کە دەنووسێت و ئەوەی کە دەنووسرێت وێران دەکات.

**هەشتەم: فەلسەفەیەکی ئەخلاقیی نوێ**

فەلسەفە ئەخلاقییەکی فوکۆ کە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا پێوەی سەرقاڵ دەبێت، ئەگەری ڕوانینێکی ترمان بۆ ئەخلاق و بۆ پەیوەندیی مرۆڤ بە خودی خۆی و بە ئەوانی ترەوە نیشان ئەدات. فەلسەفەیەک بۆ ئەخلاق، کە بە ڕستێک حەرام و حەڵاڵی دینی و نادینی دەست پێ ناکات و داوای پەیڕەویکردنی کۆمەڵێک پرنسیپی گەردونیش ناکات، بەڵکو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت مرۆڤ مشوری خۆی بخوات و بەتەنگ خۆیەوە بێت، وەک بەشێک لە مشورخواردنی ئەوانی تر و بەتەنگەوەهاتنی ژیانی گشتی. لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا خوێنەر بە وردەکارییەکانی ئەم تێزە ئاشکرا دەبێت.

پێم وایە لە هەموو ئەو ئاستانەدا فیکری فوکۆ و شێوازی کارکردن و بیرکردنەوەی ئەم نووسەرە دەتوانێت هاریکارمان بێت.

مەریوان وریا قانع
ئەمستردام
٢٠١٦/١٠/١٦



https://

# سەرچاوەکان


1. Afary, Janet & Anderson, Kevin B. (2005). *Foucault and the Iranian Revolution: Gender and the Seductions of Islamism.* University of Chicago Press.

2. Barker, Phillip (1998). *Michel Foucault: An Introduction.* Edinburgh University Pres.

3. Bouchard, F. Donald (1980). *Language, Counter-memory, Practice: Selected essays and interviews by Michel Foucalt.* Cornell University Press.

4. Eribon, Didier (1991). *Michel Foucault.* Harvard University Press.

5. Foucault, M. (1980). Power and strategies. In *Power/Knowledge: selected interviews*

6. Foucault, M. (1982). The Subject and Power. Critical Inquiry, Vol. 8, No. 4 Summer, 1982), pp. 777-795.

7. Foucault, M. (1985). *The History of Sexuality, Vol. 2: The Use of Pleasure.* New York: Pantheon.

8. Said, Edward (1978). *Orientalism.* Routledge & Kegan.

9. Trombadori, Duccio (1991). *Michel Foucault: Remarks on Marx.* New York: Semiotext(e).

10. Veyne, Paul (2010). *Foucault, de denker, de mens.* Kampen: Uitgeverij Klement.

١١. مەریوان وریا قانع ١٩٩٠.*کۆمیدیای سەلەفیەت*. پاشکۆی عێراق ٢٥-٤-١٩٩٠

١٢. مەریوان وریا قانع ١٩٩٠. زەینی نامەنەهەجی و لێکدانەوەی خورافییانە، تێڕامانێک لە بونیادی ڕۆشنبیریی کوردیی. پاشکۆی عێراق، ٢٨-٢-١٩٩٠.




nbooks

https://

# بەشی یەکەم
# فوکۆ و دەسەڵات

nbooks

https://

# سەرەتا

ئەم بەشە تەرخانە بۆ شیکردنەوەی بابەتی دەسەڵات لە فیکری میشێل فوکۆدا، کەسانێکی زۆر فوکۆ بە فەیلەسوفی شیکردنەوەی دەسەڵات لە دونیای مۆدێرندا دەزانین و پێیان وایە ئەوەی فوکۆ ئەنجامی داوە گەشەدانە بە دید و ڕوانینێکی نوێ بۆ دەسەڵات. ئەگەرچی فوکۆ خۆی نکوڵی لەوە ناکات کە شیکردنەوەی دەسەڵات یەکێکە لە بابەتە سەرەکییە نافیکرییەکانی ئەو، بەڵام لە یەکێک لە نووسینە هەرە بەناوبانگەکانی لە کۆتایی ژیانیدا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو نەک فەیلەسوفی شیکردنەوەی دەسەڵات نییە، بەڵکو دەسەڵات بابەتی سەرەکیی کارەکانی ئەو نەبووە و نییە. فوکۆ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بابەتی سەرەکیی کارەکانی مەسەلەی چۆنیەتیی دروستبوونی خود و تاکەکەسی مۆدێرنە[1]. بەڵام هەر لەو نووسینەدا هێما بەوە

---

١ بڕوانە:
Foucault, M. (1982). The Subject and Power. Critical



nbooks

دەکات کە دروستبوونی تاکەکەسیی مۆدێرن بەبێ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کارکردنی دەسەڵاتی مۆدێرن کارێکی نەکردەیە. ئەمەیش وای کردووە شیکردنەوەی دیاردەی دەسەڵات و جیاکردنەوەی شێواز و میکانیزمەکانی کارکردنی شوێنێکی گرنگ لە سەرجەمی کارەکانی فوکۆدا داگیر بکات. ئەوەی گرنگە خوێنەر لێرەدا بیزانێت ئەوەیە کە فوکۆ لە شیکردنەوە و پشکنینی دیاردەی دەسەڵاتدا کۆمەڵێک ڕوانین و تێگەیشتنی نوێمان نیشان ئەدات کە وێناکردنمان بۆ دیاردەی دەسەڵات گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێت و باشتر لەو میکانیزمانە تێبگەین کە بە هۆیانەوە دەسەڵات لەناو دەزگاکان و پەیوەندییەکان و گشتێتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کار دەکات. ڕوانینەکانی فوکۆ بۆ دەسەڵات وامان لێ دەکات دەسەڵات لەو شوێنانەدا ببینین کە وا دەزانین دەسەڵاتی تێدا نییە، ئەو میکانیزمانە بناسین کە دەسەڵات بە هۆیانەوە کار دەکات و ئەو بەرهەمانەش بناسینەوە کە دەسەڵات دروستیان دەکات، بە دروستکرنی تاکەکەس خۆیەوە. یەکێک لەو خاڵە سەرەکییانەی دیدی فوکۆ بۆ شیکردنەوە و ناسینەوەی ئیشکردنی دەسەڵات نیشانمان ئەدات ئەوەیە کە دەسەڵات تەنها چەپێنەر و نەفیکەر نییە، تەنها بە زمانی نا و نەخێر قسە ناکەت، کاری ئەوە نییە تەنها شتەکان سانسۆر و یاساغ بکات، بەڵکو دەسەڵات بەرهەمهێنەرە، هەم مەعریفە و هەم دەزگا و هەم پەیوەندی و هەم شێوازی تایبەتیی کەسایەتی بەرهەم دەهێنێت.

لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین لەسەر هێڵە سەرەکی و

---

Inquiry, Vol. 8, No. 4 Summer



https://

گشتییەکانی میشێل فوکۆ لە ڕوانینیدا بۆ دیاردەی دەسەڵات شی بکەینەوە و ڕەهەندە تازەکانی نیشان بدەین. خوێنەرانی فوکۆ ئەو ڕاستییە دەزانن کە لە فیکری فوکۆدا سێ شێوازی سەرەکیی دەسەڵات لە یەکدی جیا کراونەتەوە و بە هەر یەکێکیشیان کۆمەڵێک ئاکاری تایبەتی بەخشراوە. ئەم سێ شێوەیەش بریتین لە "دەسەڵاتی سەروەر" و "دەسەڵاتی دیسپلینکەر" و "بیۆدەسەڵات". "بیۆ" کورتەی بایۆلۆژیایە، بۆیە بیۆدەسەڵات مانای دسەڵاتی بایۆلۆژی، واتە ئەو شێوازە لە دەسەڵات کە لەسەر ژیان وەک دیاردەیەکی ئۆرگانی، وەک شتێکی زیندوو، کار دەکات. هاوکات لەم بەشەدا سێ شێوازی تری دەسەڵاتیش باس دەکرێت کە فوکۆ لە یەکیان جیا دەکاتەوە، کە بریتین لە "دەسەڵاتی مەعریفە"، ئەویتریان "دەسەڵاتی دەزگا دیسپلینکەرەکان،" سێهەمیشیان "دەسەڵاتی تاکەکەس خۆی" بەسەر خۆیدا. هەریەکێکیش لەم سێ دەسەڵاتە بابەتی سەرەکیی ناو یەکێک لە سێ قۆناغە سەرەکییەکەی بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسوفەن.



nbooks

# لە دەسەڵاتی سەروەرەوە بۆ دەسەڵاتی دیسپلینکردن

تێزی سەرەکیی فوکۆ دەربارەی دەسەڵات لە دونیای مۆدێرندا ئەوەیە، کە لەم دونیایەدا شێوازێکی نوێ لە دەسەڵات و میکانیزمی نوێی پیادەکردنی دەسەڵات دروست دەبێت، کە جیاوازن لە دەسەڵات و میکانیزمەکانی پیادەکردنی لە دونیای کۆنی بەر لە دروستبوونی دونیای مۆدێرندا. ئێمە لەگەڵ هاتنی مۆدێرنەدا سەروکارمان لەگەڵ مۆدێلی تازەی دەسەڵات و شێوازی ئیشکردنی تازەی دەسەڵاتدا هەیە. بۆ سەلماندنی ئەم تێزە فوکۆ دەگەڕێتەوە بۆ شیکردنەوەی دونیای کلاسیکیی بەر لە مۆدێرن و بەتایبەتی لەسەر ئەو قۆناغە دەوەستێت کە تیایدا گۆڕانکارییە گەورەکان دروست دەبن. فوکۆ پێی وایە لە سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەمەوە پەیوەندییە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان بە جۆرێک پەرە دەستێنن و ئاڵۆز دەبن، چیتر ئەو مۆدێل و



https://

شێوازە لە دەسەڵات کە لە دونیای کۆندا لە دەستی پادشا یان ئەمیرێکدا کۆکراوەتەوە و ویستویەتی بەسەر هەمووندا پیادەی بکات، ناتوانێت چالاکانە کار بکات. کۆمەڵگاکان لە سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەمەوە تەواو ئاڵۆز دەبن و لەگەڵ ئاڵۆزبوونیاندا دەسەڵات لەوە دەکەوێت تەنها لە دەستی تاکەکەسێکی وەک پادشا یان ئەمیردا کۆ بووبێتەوە و لە سەرەوەڕا بەرەو خوارەوە پیادە بکرێت. لەباتیی ئەمە شێوازێکی نوێ لە دەسەڵات دروست دەبێت کە لەناو دەزگاکان و لەناو مەعریفەی مۆدێرن و لەناو گوتارەکان و لەناو بەشێکی زۆری پەیوەندییەکاندا ئامادەیە. هەموو کتێبی *دیسپلین و سزای* فوکۆ سەرقاڵی نیشاندان و شیکردنەوەی لەدایکبوونی ئەم گۆڕانکارییە، زیندان لەو کتێبەدا ئەو مۆدێلەیە کە دەسەڵاتی مۆدێرن دای دەهێنێت و کاری پێ دەکات. لای فوکۆ زیندان سیستمێکی تازەیە تیایدا مرۆڤەکان گل دەدرێنەوە بە مەبەستی سەرلەنوێ دروستکردنەوە و چاکسازیکردن لە کەسایەتیی تاوانباراندا، بە مەبەستی ئەوەی بتوانن جارێکی دیکە بۆ ناو کۆمەڵگا بگەڕێنەوە و کارێکی سودبەخش ئەنجام بدەن. لەم مۆدێلە تازەیەدا سزادانە جەستەییەکان، کە بەشێک بوون لە ستراتیژیەت و پراکتیکی دەسەڵات لە دونیای کۆندا لا دەبرێن و شوێنیان بە تەکنیکە نوێیەکانی چاودێریکردن و ئاراستەکردن و دیسپلینکردن دەگیرێتەوە. سزا لەباتیی ئەوەی کۆتایی بە ژیانی سزادراو بهێنێت، یان لەشی وێران بکات و پەکی بخات، دەگۆڕێت بۆ تەکنیکی گلدانەوەی سزادراو لەناو زینداندا و سەرلەنوێ دروستکردنەوە و پەروەردەکردنەوەی بۆ ئەوەی ببێتەوە بە

مرۆڤێکی ئاسایی و بەرهەمهێن[١].

ئەو مۆدێلەی کە لە دیدی فوکۆدا لاواز دەبێت و پەراوێز دەکەوێت و بە دەسەڵاتی دیسپلینکەر جێی دەگیرێتەوە، مۆدێلی دەسەڵاتی سەروەرە. ئەو مۆدێلەیە کە ماکیافیلی لە کتێبی *ئەمیر*دا باسی دەکات و وەک سەنتەری سیستمی دەسەڵات وێنای دەکات. دەسەڵاتی سەروەر دەسەڵاتی ئەو پادشا و ئەمیرانەیە کە لەناو دەوڵەتەوە و لە ڕێگای یاساکانی دەوڵەتەوە حوکمڕانی دەکەن. ئەمانە دەبن بە سەنتەری دەسەڵاتەکان و لەوانەوە دەسەڵات بەسەر دەزگاکان و کەسەکانی دیکەدا دابەش دەبێت. لە دیدی فوکۆدا دەسەڵاتی سەروەر لە جەوهەردا دەسەڵاتی کوشتنە، هەبوونی مافە، بۆ ئەوەی بکوژێت، بۆ ئەوەی ژیان لە کەسێک بسێنیتەوە، یاخود لێگەڕێی کەسێک بژی. ئەم توانای کوشتن و کۆتاییهێنانە بە ژیان، ئاکاری هەرە سەرەکیی دەسەڵاتی سەروەر دەستنیشان دەکات، پادشا ئەو کەسەیە کە مافی ئەوەی هەیە ئەو کەسانە بکوژێت کە لە یاساکان لا ئەدەن. لە دواهەمین لاپەڕەکانی بەشی یەکەمی کتێبی *مێژووی سێکسوالیتە*دا فوکۆ بەدرێژیی باس لەم مافی کوشتنە دەکات.[2] دەسەڵاتی سەروەر بۆ ئەوەی هەبێت و کار بکات پەنا بۆ میکانیزمەکانی یاساغکردن و سزادان دەبات، شتگەلێکی زۆر یاساغ دەکات و هەموو لادانێکیش

١ بڕوانە کتێبی دیسپلین و سزا:
Foucault, Michiel (1979). Discipline and Punish. New York Vintage

٢ بڕوانە:
Foucault, M. (1990). The history of sexuality, Volume 1: an itroduction. New York: Vintage.



https://

لـەو یاسـاغییە ڕووبـەڕووی سـزا دەکاتـەوە. دەسـەڵات لێـرەدا مانـای لێسـەندنەوەیە، فوکۆ دەسـتەواژەی subtraction بـەکار دەهێنێت بـۆ ئـەوەی هێمـا بـۆ لێسـەندنەوە بـکات[1]. لێسـەندنەوە ئـەو میکانیزمەیـە بـە هۆیـەوە پادشـا یـان سـەروەر دەتوانێـت زۆر شـت لـە مـرۆڤ بسـێنێتەوە. لەوانـە، لێسـەندنەوەی هاونیشـتیمانیبوون و نەفیکـردن، لێسـەندنەوەی موڵکومـاڵ، لێسـەندنەوەی سـەروەت و سـامان، تـا بـە لێسـەندنەوەی ژیـان دەگات. سـەروەر لێـرەدا مافـی ئـەوەی هەیـە کار و بەرهەمـی کارەکان، بـاج، خزمەتگوزاری، شـتومەک تـا بـە ژیـان دەگات لـە خەڵـک بسـێنێتەوە. هەمـوو سـەرپێچییەکیش لەمانـە ڕووبەڕووی سـزادان دەبێتـە، سـزای ئاشـکرا و بینـراو لەلایـەن کۆمەڵگاوە، لەوانـە بـۆ نمونـە کوشـتنی ئاشـکرای کەسـی تاوانبارکـراو. دەسـەڵات لێرەدا نەفیکـەرە، ڕێگـرە، دەسـتبەسـەرداگرە، سـێنەرە، ناهێڵێـت مـرۆڤ هەندێـک شـت بـکات و هەندێـک شـتی هەبێـت، بـە هەبوونـی خـودی ژیـان خۆشـیەوە. هەمـوو ئـەم شـتانەش لـە ڕێگـەی یاسـاوە دەسـتنیشـان دەکرێـن. ئەوانەشـی ئـەم "دەسـەڵاتەیان هەیـە،" واتـە دەسـەڵات موڵکـی ئەوانـە پادشـا و سـەروەرەکان و ئـەو دەزگا فەرمییانـەن کـە دەسـەڵات دروسـتی کـردون، ئـەو کەسانەشـە کـە یاسـاکان و بڕیـارەکان دەسـەپێنن، لەوانـە حکومـەت، پۆلیـس... هتـد. بـەم مانایـە دەسـەڵات لێـرەدا شـتێکە هەندێـک کـەس و دەزگا هەیانـە و خاوەنیـن، هەندێـک کەسـی تـر نیانـە و خاوەنـی نیـن. بەکورتـی دەسـەڵاتی سـەروەر و ئـەو مۆدێلـی دەسـەڵاتی یاسـایەی سـەروەر دروسـتی دەکات، میتـۆدی کارکردنەکـەی میتـۆدی لێسـەندنەوەیە.،subtraction.

١ هەمان سەرچاوەی پێشو ل١٣٦ .



nbooks

ئامرازە سەرەکییەکانی کارکردنی یاساغکردن و نەخێرگوتن و سزادانە، دەسەڵات لە شوێنێکی دیاریکراو و بینراودایە، کە دەزگا فەرمییەکانە، جۆرێکە لە موڵکایەتی، کە هەندێک کەس و دەزگا هەیانە و ئەوانی تر نیانە. مافی سەندنەوەی ژیان و کوشتن مافی هەرە سەرەکیی پادشا و حوکمڕانە. هەموو فەلسەفەی لیبراڵیزمی کلاسیکیی، لای هۆبز و لۆک و ڕۆسۆ، باس لەم مۆدێلەی دەسەڵات دەکەن و ڕەخنەی ئەوان لەم مۆدێلە ئەوەیە کە پادشا زۆر جار بەناهەق دەکوژێت، خەڵکی هەڵە دەکوژێت، دەسەڵاتەکەی بە شێوەیەکی خراپ بەکار دەهێنێت. فوکۆ پێی وایە لە دونیای مۆدێرندا ئەم شێوە لە دەسەڵاتی سەروەر هەیە و بەردەوامە، بەڵام شێوازی تری دەسەڵات دروست دەبێت، کە لەسەر مافی کوشتن و سەندنەوەی ژیان و شتەکانی تر لە مرۆڤ کار ناکات، بەڵکو لەسەر پێچەوانەکردنەوەی سەندنەوە کاردەکات، لەباتی سەندنەوە، سەرقاڵی پاراستن و درێژکردنەوە و ئاراستەکردن و چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی ژیانە. شێوە تازەکانی دەسەڵات، کە فوکۆ ناوی دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵاتیان لێ دەنێت، ئەوەی بنەڕەتییە سزای کوشتن نییە، بەڵکو پاراستنی ژیانە، ئەوەشی کە گرنگە یاسا نییە، بەڵکو بریتییە لە بەهاکان و ئامار و ژمارەکان.

لە کتێبی *دیسپلین و سزا*دا فوکۆ باس لەوە دەکات لەنێوان ساڵانی ١٧٥٧ بۆ ١٨٣٧ گواستنەوە لە دەسەڵاتی سەروەرەوە بۆ دەسەڵاتی دیسپلینکەر دروست دەبێت، لە ئاستی چۆنیەتیی مامەڵەکردنی مرۆڤەکاندا ئەم گۆڕانە مانای گواستنەوە لە سزای جەستەیی ئاشکرای تاوانبارانەوە بۆ سزای



https://

زایندانیکردنیـان و گلدانەوەیـان بـە مەبەسـتی چاکسـازییکردن لـە کاراکتـەر و کەسـایەتییاندا. سـزای جەسـتەیی و فیزیایـی شـوێنی خۆیـان چـۆڵ دەکـەن بـۆ مەسـەلەی "بەناوکیکردنـی خواسـتەکانی دەسـەڵات" و بـوون بـەو کەسـەی دەسـەڵات و مەعریفـەی باڵادەسـت دەیانەوێـت ببیـت. ئەمـەش گواسـتنەوەیە لـە کارکردنـی دەسـەڵاتەوە لەسـەر جەسـتە، بـۆ کارکـردن لەسـەر دونیـای ناوەکیـی مـرۆڤ و داڕشـتنەوەی ئـەم دونیایـە بـەو جـۆرەی لەگـەڵ سـتراتیژەکانی دەسـەڵاتدا بگونجێـت. بـە مانایـەک لـە مانـاکان ئـەم گواسـتنەوەیە گواسـتنەوەیە لـە ئازاردانـی مرۆڤـەوە بـۆ سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەی بیرکردنـەوە و هەڵسـوکەوتەکانی. سـزا لـە بەرچـاو لا دەبرێـت و دەخرێتـە نـاو خەیـاڵ و چاوەڕوانییەکانـی مرۆڤـەوە، دەبێـت بـە بەشـێک لـە هۆشـیارییەکی ئەبسـتراکت. لـەم پرۆسـەی دروسـتکردنەوەی مرۆڤـدا، ئـازاردان بەشـێک نییـە لـە تەکنیکەکانـی دەسـەڵات، بەڵکـو چاودێریکـردن و مەشـقکردنە بـە جەسـتە، سـەرلەنوێ پەروەردەکردنەوەیە، جوڵانـدن و بەهێزکردنـی لەشـە، فێرکردنی شـتی تـازە و چاندنـی توانـای نـوێ لەنـاو کەسـەکاندا، بـە مەبەسـتی گۆڕینـی کەسـایەتی ئـەو کەسـانە لـە "تاوانبـار"ەوە بـۆ مرۆڤـی سـودبەخش. فوکـۆ ئـەم گۆڕانکارییـە نـاو دەنێـت گۆڕینـی تەکنیکەکانـی دەسـەڵات لـە ئازاردانـی جەسـتەوە بـۆ دیسـپلینکردنی جەسـتە[1]. ئەگـەر دەسـەڵاتی سـەروەر لەسـەر بنەمـای یاسـا کار بـکات، یاسـا بڕیـاری کوشـتن و نەکوشـتن،

١ بڕوانە:
Foucault, Michiel (1979). Discipline and Punish
بەتایبەتـی بەشـی یەکەمـی کتێبەکـە کـە فۆکـۆ تیایـدا زۆر بەوردیـی ئـەم گواسـتنەوەیە لـە سـزاوە بـۆ دسـپلین بـاس دەکات.



nbooks

دەستگرتن یان نەگرتن بەسەر موڵک وماڵدا، سزادانی ئاشکرا یان نەدانی بدات، ئەوا دەسەڵاتی دیسپلینکردن لەسەر بنەمای یاسا کار ناکات، بەڵکو لەسەر بنەمای دروستکردنی کۆمەڵێک بەهای نوێ کار دەکات، دەسەڵات ئەبێت بە کۆمەڵێک بەها، بە هەندێک بەها و نرخی تایبەت، کە مرۆڤەکان خۆبەخۆ ڕێزیان بگرن و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەیڕەویان بکەن. بەهاکان لێرەدا هێزێکی یاساییین، بۆ نموونە ناتوانێت وەک یاسا شتەکان یاساغ بکات، بەڵام هێزی ڕای گشتیی و ڕوانینی گشتیی و لێکدانەوەی گشتیی و نرخاندنی گشتیی و چاوەڕوانییە گشتییەکانی هەیە. ئەم گۆڕانە لە دەسەڵاتێکەوە کە بە یاسا کاردەکات بۆ دەسەڵاتێک کە لە ڕێگای سەپاندنی کۆمەڵێک بەهاوە کار بکات، ئەو جیاوازییە سەرەکییەیە کە دەسەڵاتی دیسپلینکەر لە دەسەڵاتی سەروەر جیا دەکاتەوە.

لە دیدی فوکۆدا ئەم گواستنەوەیە لە سزاوە بۆ گلدانەوە و سەرلەنوێ دروستکردنەوە لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا دەچەسپێت و دەبێتە مۆدێلی باڵادەستیی ئیشکردنی دەسەڵات، پەیوەندیی بە گەشەکردنی دیدی ئینساندۆستی و هیومانیزمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کاریگەرییەکانی سزای جەستەیی وەک ستراتیژیەتی سەرەکیی دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتی و سەلماندنی هێزی خۆی لەناو دانیشتوواندا، کەم دەبێتەوە و تواناکانی لە چالاکبوون و باوەڕهێناندا بە دانیشتووان بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار بن، دەدۆڕێنێت. سیستمی زیندان ئەڵتەرناتیڤێکی چالاک و کاریگەر و خاوەنی ڕەوایەتیی نوێیە و دێت بۆ ئەوەی شوێنی ئەو شێوازە تەقلیدییەی دەسەڵات



https://

بگرێتەوە کە سزادانە، نەک دروستکردنەوە و پەروەردەکردن، ستراتیژە سەرەکییەکەی بووە. بە مانایەکی دیکە، لەو کاتەدا کە سزادان ناتوانێت چیتر توانا و زەبر و ڕەوایەتی دەسەڵات بەرجەستە و دەستەبەر بکات و ئەو دەرەنجامانە ناخاتەوە کە دەسەڵات دەیەوێت بیانخاتەوە، ئیتر گۆڕانی بەسەردا دێت و شێوازێکی نوێی دەسەڵات لەدایک دەبێت. ئەمەش پابەستی ئەوەیە کە زۆر جار کوشتن و ئەشکەنجەدانی ئاشکرا و بەدیار چاوی دانیشتوانەوە کاردانەوەی بەهێزی دژی پادشا و دەسەڵاتداران دەخستەوە و لەباتی ئەوەی دەسەڵاتی پادشا بسەلمێنێت و پاسادانی بکات، ناحەزی زیاتر و گەورەتری بۆ دروست دەکرد و ئەمن و ئاساییشی دەخستە مەترسییەوە. ئەمە وادەکات سیستمی زیندان وەک سیستمی دیسپلینکردن، ببێتە ئەڵتەرناتیڤێکی باش و چالاکی دەسەڵاتی سزادان و گلدانەوە و چاودێریکردن و دروستکردنەوە شوێنی سزادانی جەستەیی بگرێتەوە[1]. دونیای مۆدێرن نیشانی دا ئەو فۆرمە تازانەی دەسەڵات کە لەپاڵ زیندان و لەسەر شێوەی زینداندا دێنە کایەوە، زۆر لە فۆرمە کۆنەکان، چالاکتر و بەبەرهەمتر و عەقڵانییتر و بەسەمەرتر بوون.

---

١ بڕوانە:
Foucault, M. (1990). The history of sexuality, Volume 1،
بەتایبەتی بڕوانە دوابەشی کتێبەکە.



nbooks

# دەسەڵات یان پەیوەندیی دەسەڵات؟

لە شوێنێکدا فوکۆ دەنووسێت، "من زۆر بەدەگمەن دەستەواژەی دەسەڵاتم بەکار هێناوە، ئەگەر هەندێک جاریش بەکارم هێنابێت، ئەوە بە مەبەستی کورتنووسیی و درێژدادڕینەکردن بەکارم هێنەوە، من لەباتیی دەسەڵات هەمیشە باسم لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات کردووە".[1] ئەم دیدە بۆ دەسەڵات کە لەباتی قسەکردن لەسەر دەسەڵات قسە لە پەیوەندیی دەسەڵات دەکات، هەڵگریی دیدێکی تازەیە سەبارەت بە دەسەڵات. یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی ئەم ڕوانینە تازەیە ئەوەیە، کە دەسەڵات هەمیشە لە شێوەی پەیوەندیدا ئامادەیە، پەیوەندیی لەنێوان زیاد لە بکەرێک و دەزگایەک و پێگەیەک و خاڵێکدا. ئەمەش وا دەکات دەسەڵات

١ بڕوانە:
Foucault, M. (1994). The ethics of care for theself as the practice of freedom, in J. W. Bernauer and D. Rasmussen (ed), The Final Foucault, 1-20. Cambridge: MIT Press. p 11.



https://

شـێواز و فۆرمـی تۆڕێکـی هەبێت، نـەک شـێوازی هەرەمێـک، زیـاد لـە لایەنێـک تیایـدا بەشـداربن، نـەک ئـەوەی کەسـێک یـان چەنـد کەسـێکی کـەم خاوەنـی بـن و لەسـەرەوەڕا بەسـەر هەمووانـدا بیسـەپێنن. ئـەم ڕوانینـە کـە سـەرجەمی دیدی فوکۆ بـۆ دەسـەڵات لـە کۆمەڵـگا مۆدێرنەکانـدا ئاراسـتە دەکات. لـە مۆدێلـی "دەسـەڵاتی سـەروەر"دا دەسـەڵات وێنـەی هەرەمێـک وەر دەگرێـت و پادشـا خـۆی لـە لوتکـەی هەرەمەکـەدا ئامادەیـە و هەمـوو دەسـەڵاتەکانی لەدەسـتدایە، بڕیـارەکان ئـەو دەری دەکات و ئەوانـەی خـوار ئـەو ئەرکیـان ئەوەیـە ئـەو بڕیارانـە جێبەجـێ بکـەن. لـەم مۆدێلـەدا لەخـوار پادشـاوە حکومـەت و کۆمەڵێـک وەزیـر و هەندێـک کارمەنـد ئامـادەن کـە کاریـان ئەوەیـە بڕیارەکانـی پادشـا بەسـەر کۆمەڵـگادا پیـادە بکـەن، کۆمەڵـگا خۆشـی بەشـی خـوارەوەی هەرەمەکـەی دەسـەڵات پێـک دەهێنـن، نـەک تەنهـا بێدەسـەڵاتن، بەڵکـو ئـەو بابەتـەن کـە دەسـەڵات لە دەرەوەڕا کاری لەسـەر دەکات. دەسـەڵات لێرەدا لە لەشـی پادشـا خۆیدا جێگیرە و هەموو قسـەوتن و هێرشـکردنێک بـۆ سـەر پادشـا وەک شـکاندنی سـەرەوەریی حوکمڕانییەکـە و وەک برینداركردنـی دەسـەڵات وێنـا دەکرێـت. لەنێوان جەسـتەی پادشـا و جەسـتەی سیاسـیی دەوڵـەت و دەزگاکانـی حوکمڕانیدا، لەنێوان بڕیـاری پادشـا و بڕیـاری دەوڵەتدا مەسـافەیەک بوونـی نییـە، پادشـا دەسـەڵاتە و دەسـەڵاتیش پادشـایە. لای فوکۆ خاڵـی سـەرەکی لـە دەسـەڵاتی پادشـای سـەروەردا ئەوەیـە کـە پادشـا ئـەم دەسـەڵاتەی هەیـە، خاوەنیەتـی و موڵکـی ئەوە. وەک وتیشـم ئـەم دەسـەڵاتە مافـی کوشـتنی مرۆڤەکانـی هەیـە، دەسـەڵات دەسـەڵاتێکە دەکوژێـت، کۆتایـی بـە ژیـان دەهێنێـت و جەسـتەکان



nbooks

ویران دەکات، لە کاتێکدا دوو شێوازە مۆدێرنەکەی دەسەڵات، مەبەستم دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵاتە، دەسەڵاتێکن ناکوژن، کوشتن میکانیزمی کارکردنیان نییە، بە پێچەوانەوە ئەم دوو شێوازە مۆدێرنەی دەسەڵات لەسەر پاراستنی ژیان کار دەکەن و لە خەمی ئەودان مرۆڤ ژیانێکی چالاک و بێنەخۆشیی و بێلاوازیی بباتە سەر و بتوانێت بەرهەمهێنێکی بەسود بێت.

فوکۆ سەبارەت بە مافی پادشا بۆ کوشتن یان مافی سەندنەوەی ژیان لە ڕەعیەتەکانی لە دونیای بەر لە مۆدێرندا، دەنووسێت، "لە تیۆری کلاسیکیی سەروەریدا، مافی ژیان و مردن یەکێکە لە ئاکارە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی پادشا ...مافی پادشایەتی مانای ئەوە بووە کە دەتوانێت وا بکات یەکێک بمرێت یان لێگەڕێت بژیی[1]." لەم مۆدێلەدا لە دەسەڵات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان سەروەریی و کوشتندا هەیە، سەروەر ئەو کەسەیە کە دەتوانێت بکوژێت. وەک پێشتریش نیشانماندا ئەم مافە تەنها مافی کوشتن و سەندنەوەی ژیان نییە لە کەسێک، بەڵکو مافی سەندنەوەی هەموو شتێکە لەو کەسە، سەندنەوەی موڵک و ماڵ، بەرهەم و کار و سەرجەمی شتەکانی تر، تا بە کۆیلەکردنیش دەگات. ستراتیژیەتی مافی کوشتن کۆنترۆڵ و دیسپلینکردن نییە، بەڵکو سەندنەوە و دەستبەسەرداگرتنە. مافی کوشتن ژێرخانی هەموو مافەکانی تری دەسەڵاتی پادشایەتییە، پادشا مادام مافی کوشتنی هەیە، بۆیە مافی لێبوردن و بەخشینیشی هەیە، لێگەڕێ بژی یان

1 Foucault, M. (2003). Society must be defended: Lectuers at the College de France 1975/1976. New York: Picador. p. 240.



https://

بمرێت، لۆژیکی ئەم شێوازەیە لە دەسەڵات. وەک فوکۆ دەڵێت ڕەمزی سەرەکیی ئەم دەسەڵاتە شمشێرە[1]. هەڕەشەکردن بە کوشتن و سزای جەستەیی ئاشکرا، ستراتیژیەتی سەرەکیی پیادەکردنی دەسەڵاتە لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا، سزادانی جەستەیی ئەو کەسانە ئامرازی سەرەکیی پیادەکردنی دەسەڵاتە بەرامبەر بەوانەی کە سەروەریی پادشا بریندار دەکەن، بەرامبەری یاخی دەبن، یان لە شکۆی پادشایەتی کەم دەکەنەوە. لە سەرەتای کتێبی *دیسپلین و سزا*دا فوکۆ بەدووورودرێژیی باس لە وردەکاریی و تەکنیکی کوشتنی ئاشکرای کەسێک دەکات بە ناوی دوەمیانەوە کە فەرمانی کوشتنەکەی لەلایەن پادشاوە بۆ دەر چووە[2]. ئەو کەسە دەگیرێت و بە بەرچاوی خەڵکەوە لە گۆڕەپانێکدا پارچە جیاوازەکانی لەشی بەدوای یەکتریدا لێک دەکرێنەوە، تا دەمرێت. لای فوکۆ ئەم شێوازە لە دەسەڵات کە هەمووی لەدەستی پادشا و سەروەرێکدایە و برینداركردنی ئەو سەروەرییە مرۆڤ تووشی سزای جەستەیی ئاشکرا دەکات دەسەڵاتێکی سنووردارە و بە شێوەیەکی بەردەوام ئامادە نییە. ڕاستە سزاکانی ئەم دەسەڵاتە جەستە وێران دەکات، سەری تاوانباران دەپەڕێنێت، قاچ و دەستیان لێک دەکاتەوە و پارچەکانی لەش بە بەرچاوی خەڵکەوە دەسووتێنێت، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا هەقی بەسەر جەستەکانەوە نییە،

1 Foucault, M. (1990). The history of sexuality, Volume 1: an itroduction. New York: Vintage. p. 136.

٢ بڕوانە لاپەڕەکانی سەرەتای کتێبی دیسپلین و سزا:
Foucault, Michiel (1979). Discipline and Punish. New York Vintage.



nbooks

خۆی بە شێوازێکی تایبەتی پەروەردەکردن و بەهێزکردن و سوودبەخشکردنی جەستەوە خەریک ناکات، ئەو تەنها لە کاتی تاوانبارکردندا جەستەی کەسەکان وێران دەکات. بەم مانایە دەسەڵاتی سەروەر دەسەڵاتێکی دوورەپەرێزە و دەست ناخاتە ناو "ژیان"ی کەسەکانەوە، تەماحی ئەوەی جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤ دروست بکات، کەی کەسەکان سەروەریی پادشایان بریندار کرد، ئەو دەمە "ژیان"یان وێران دەکرێت.

لەگەڵ هاتنی مۆدێرنەدا ئەم شێوازە لە پراکتیکی دەسەڵات کۆتایی پێ دێت و لەباتیی ئەمە ئەو شێوازەی دەسەڵات باڵادەست دەبێت کە فوکۆ ناوی "دەسەڵاتی دیسپلینکەر"ی لێ دەنێت. ئەم دەسەڵاتە نوێیە مرۆڤەکان ناکوژێت، جەستەیان وێران ناکات و سزای جەستەیی نابەخشێتەوە، بەڵکو جەستە پەروەردە دەکات و بە شێوەیەکی تایبەت دای دەڕێژێتەوە. ئەگەر دەسەڵاتی پادشایەتی لەسەر بەرەڵلاکردن و وازهێنان لە جەستە لە ژیانی ڕۆژانەدا کار بکات، ئەوا دەسەڵاتی دیسپلین لەسەر ئاراستەکردن و پەروەردەکردن و مەشقپێکردن و ڕاهێنان و بەکارهێنانێکی ڕۆژانە و بەردەوامی جەستە کار دەکات. ئەگەر دەسەڵاتی پادشایەتی دەسەڵاتێکی دوورەپەرێز بێت و هەقی بەسەر ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەسەکانەوە نەبێت، ئەوا دەسەڵاتی دیسپلینکردن بەدوای تاکەکەسەوەیە لەناو هەموو خانە و یەکە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا. وەک وتمان ئەم گۆڕانکارییە لە سزاوە بۆ دیسپلین، پەیوەستە بە دروستبوونی قەیرانەوە لە تواناکانی دەسەڵاتی سزابەخشدا. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی وازهێنان لە دەسەڵاتی سزابەخش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە ئەم



https://

دەسەڵاتە، بە هۆی تەکنیکە ئاشکراکانی کوشتن و سزادانەوە بە مەبەستی ترساندنی کۆمەڵگا، چیتر ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت کە پادشا و سیستمی پادشایەتی چاوەڕوانی بینینی دەکەن. مەبەستم چاوەڕوانی ترساندن و ملکەچبوونی خەڵکە بۆ فەرمانەکانی پادشا. فوکۆ نیشانی ئەدات لە سەدەی شازدەهەمەوە وردەوردە سزا ناتوانێت چیتر ڕۆڵی ترساندنی ئەو کەسانە ببینێت کە کۆ کراونەتەوە بۆ تەماشاکردنی کوشتنی تاوانبارەکان. بە پێچەوانەوە زۆر جار ئەوانەی کۆ کراونەتەوە بۆ بینینی چۆنیەتیی کوشتنی تاوانبارەکە، تووڕە بوون و نارەزاییان بەرامبەر بە سزاکان دەر بڕیوە. فوکۆ باس لەوە دەکات چەندان جار ڕوویداوە ئەو جەماوەرەی کۆ کراونەتەوە بۆ بینینی کوشتنەکە، هەست و سۆزیان بەلای قوربانییەکەدا چولاوە و ڕقێکی زۆریان لە جەلادەکان هەڵگرتوە، و لە ڕێی جەلادەکانیشەوە ڕقێکی زۆر لە پادشا و دەسەڵاتداران. بە بۆچوونی فوکۆ ئەم دۆخەی تورەبوون و ڕقهەڵگرتن و ئەگەری یاخیبوونەیە "دەسەڵاتی سەروەر" تووشی قەیران دەکات و وا دەکات نەتوانێت شەرعیەتی خۆی لە ڕێگای سزادان و کوشتنی ئاشکرا و ترساندنی خەڵکەوە دەستەبەر بکات. هاوکات تەکنیکەکانی زیندانیکردن و گلدانەوەی تاوانباران زیاتر گەشە دەکەن و بیرکردنەوە لە دروستکردنی مۆدێلی پێشکەوتووتری زیندان زیاتر گەشە دەکات، تا ئەو شوێنەی ئیتر زیندانیکردن دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی کوشتنی ئاشکرا. بەڵام زیندان تەنها کردەی گلدانەوەی تاکەکەسە تاوانبارەکان نییە، بەڵکو کردەی پیادەکردنێکی نوێی دەسەڵات و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و دروستکردنی



nbooks

هاووڵاتیی گوێڕایەڵ و جەستەی ئاراستەکراوە. لای فوکۆ زیندان تەنها دەزگایەک نییە لەپاڵ دەزگاکانی دیکەدا، بەڵکو هێمایە بۆ فۆرمێکی نوێ لە دەسەڵات کە لەباتیی کوشتنی مرۆڤەکان سەرقاڵی دیسپلینکردن و ئاراستەکردنی مرۆڤەکانە. ئەم فۆرمەش تەنها لەناو زیندانەکاندا ئامادە نییە، بەڵکو لەناو زۆربەی هەرە زۆری دەزگا مۆدێرنەکاندا ئامادەیە و مۆدێلی زیندان دەبێت بەو مۆدێلە باڵادەستەی دەزگا گەورەکانی تری ناو دونیای مۆدێرن وەری دەگرن و بەکاری دەهێنن. ئەوانەشی دەبن بە بەشێک لەم مۆدێلە تازەیەی دەسەڵات تەنها کەسی سەروەر و پادشا نییە، بەڵکو یەک ڕست خەڵکی ترە کە هەریەکەیان ئەرکێک و شارەزاییەک و لێزانییەکی تایبەتی هەیە.

ئەم گۆڕانە گەورەیە وا دەکات فوکۆ دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا چیتر وەک هەرەمێک نەبینێت کە تیایدا دەسەڵات لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێتە خوارێ، بەڵکو وەک تۆڕێک بیبینێت کە لەناو زۆربەی دەزگاکان و شوێنەکان و پەیوەندییەکاندا ئامادە بێت، بە پەیوەندی خۆشەویستییشەوە. لەم ڕووەوە فوکۆ دەنووسێت، "من وای دەبینم کە دەسەڵات هەمیشە و هەردەم ئامادەیە و لێرەیە، کەس هەرگیز لە دەرەوەی دەسەڵاتدا نییە"[1]. دەسەڵات چیتر شتێک نییە تەنها لەدەستی پادشایەک یان چەند کەسێکی کەمدا بێت، بەڵکو جۆرێکە لە پەیوەندی و لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە، لەناو هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و تەنانەت لەناو

1 Taylor, Dianna (2001). Michel Foucault: Key concepts. UK, Acumen. p 15



https://

پەیوەندییە شەخسییەکان و لەناو خۆشەویستیی خۆشیدا ئامادەیە. بەڵام وەک فوکۆ دەڵێت، ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو پەیوەندییەکان کورت بکرێتەوە، تەنها بۆ پەیوەندیی دەسەڵات[1]. بەڵکو مانای ئەوەیە هەموو پەیوەندییەک تەنها پەیوەندیی دەسەڵات نییە، بەڵام بەتاڵ و بێبەرییش نییە لە پەیوەندیی دەسەڵات. پەیوەندیی مامۆستا و قوتابی، پزیشک و نەخۆش، فەرمانبەری دائیرەیەک و ئەوانەی دەچنە بەردەمی، پەیوەندیی نێوان نێر و مێ، گەورە و بچووک، پەیوەندییەکانی نێو تیپێکی وەرزشیی، پەیوەندیی دوو کەس کە لە گفتوگۆیەکدا بەشدار دەبن، هەموو ئەمانە گەرچی ناکرێت کورت بکرێنەوە بۆ پەیوەندیی دەسەڵات، بەڵام هیچیان بێبەریی و بەتاڵ نین لە پەیوەندیی دەسەڵات. کە فوکۆ باس لە دەسەڵات وەک تۆڕێک دەکات ئەم وێنایەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی لە بەرچاوە. فوکۆ دەسەڵات تەنها لە دەزگاکان و ئاستە ماکرۆ و گەورەکانیشیدا نیشتجێ ناکات، تەنها لەناو دەوڵەت و دەزگاکانی بێدەنگکردن و سەرکوتکردندا نایبینێت، واتە تەنها لەو ئاستانەدا بوونی نییە کە دەشێت تیایاندا باس لە هەیمەنە بکەین، بەڵکو لەناو شتە بچووکەکانیشدا ئامادەیە، لەوانەدا کە فۆرمی دەسەڵاتی بچووک و ناوچەیی و میرکرۆیی وەر دەگرن. فوکۆ شیکردنەوەی ئەم شێوازە لە ئامادەگیی دەسەڵات بە "میکرۆفیزیای دەسەڵات" ناو دەبات[2]. بەم مانایە تیۆریی دەسەڵات لای فوکۆ لە ئاستە لۆکاڵی و بچووک و تاکەکەسییەکانەوە لە دەسەڵات دەڕوانێت، لەوێوە

1 Foucault, Michiel (1979). Discipline and Punish. p. 15.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشو ل٢٦ .



nbooks

بەرەو سەرەوە دەڕوات تا دەگاتە دەسەڵاتی دەزگاکان و دەوڵەت. لەو ئاستە لۆکاڵی و بچووکانەشدا هەمیشە دەسەڵات لە فۆرمی پەیوەندیی دەسەڵاتدا دەبینێت، کە پڕن لە جوڵە و ناجێگیری و ئەمسەر و ئەوسەرکردن و ئەگەری گۆڕان. ئەم شێوازە لە دەسەڵات چیتر بەبەردەوامی دەسەڵاتێکی نێگەتیڤ نییە، واتا هەمیشە خەریکی یاساغکردن و سانسۆرکردن و چەپاندن نییە و بەبەردەوامیش لە فۆرمی یاسادا ئامادە نییە، واتە بەردەوام خەریکی جیاکردنەوەی یاسایی لە نایاسایی و ئەشێت لە ناشێت، نییە. تەنها خەریکی سانسۆرکردن و شاردنەوەش نییە، لە هەموو شوێنێکیشدا هەمان فۆرم و هەمان ناوەرۆکی نییە، بەڵکو فۆرم و شێوازی جیاوازیی هەیە[1].

---

١ Foucault, M. 1990. The history of sexuality, Volume 1. P. 84.



https://

# تەکنیکەکانی دەسەڵاتی دیسپلینکەر

کتێبی *دیسپلین و سزا: لەدایکبوونی زیندان*، کە لە ساڵی ١٩٧٥دا بڵاو دەبێتەوە، ئەو شوێنەیە کە فوکۆ تیایدا زۆر بەوردی تەفاسیلەکانی چۆنیەتیی لەدایکبوون و ئیشکردنی دەسەڵاتی دیسپلینکەر باس دەکات و دەرکەوت و ستراتیژ و شێوازی پیادەکردنەکانی نیشان ئەدات. بیرۆکەی سەرەکیی ئەم کتێبە ئەوەیە کە تاکەکەسی مۆدێرن، ئەو خودە نوێیەی لە دونیای مۆدێرندا دروست دەبێت، خودێکە تەکنیکەکانی ئیشکردنی دەسەڵاتی دیسپلینکەر دروستی دەکەن. ئەو خودە تازەیەی دروست دەبێت تاکەکەسێکی دیسپلینکراوە individual subjeted و ئامرازی سەرەکیی ئەم کردەی دیسپلینکردنەش چاودێریکردنی بەردەوامە، چاودێرییەک لەناو زیاد لە شوێنێک و لەناو زیاد لە دەزگایەک و لەناو زیاد لە فۆرمێکی مەعریفییەوە دێت. فوکۆ هەر لە سەرەتاوە نیشانی ئەدات کە دەسەڵاتی دیسپلینکەر سەروکاری لەگەڵ تاکەکەسدایە، خوازیاری ئەوەیە شێوازێکی زۆر تایبەتی

تاکەکەس دروست بکات و ئەم دروستکردنەش وەک کردەیەکی ڕۆژانەیی و پەروەردەیی بەردەوام دەبینێت. فوکۆ دەنووسێت دەسەڵاتی دیسپلینکەر "سەروکاری لەگەڵ جەماوەر و گروپەکاندا نییە، دەسەڵاتی دیسپلینکەر تەنها بە تاکەکەسەوە سەرقاڵە".[1] بۆیە فوکۆ لەم کتێبەدا سەیری ئەوە ناکات دەوڵەت بە چ شێوەیەک بەڕێوە دەچێت و چ پەیوەندییەک لەنێوان تاکەکەس و دەوڵەتدا دروست دەبێت، خۆی بە مەسەلەی دانیشتوانەوە سەرقاڵ ناکات، بەڵکو هەنگاوێک بۆ دواوە دێت و سەیری ئەوە دەکات تاکەکەس لە دونیای مۆدێرندا چۆن و بە کام میکانیزم دروست دەبێت. ئەوەی فوکۆ لەم کتێبەدا نیشانی ئەدات ئەوەیە: ئەوەی تاکەکەسی مۆدێرن دروست دەکات و دونیا ناوەکییەکەی ڕەنگڕێژ دەکات، ئەوەی ڕوانینی ئەم تاکەکەسە بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگا و بۆ ئەوانی تر دەستنیشان دەکات، ئەوەی پێی دەڵێت.ئەو چ جۆرە مرۆڤێکە، ئەو تەکنیکانەی دیسپلینکردنن کە لەناو دەزگا سەرەکییەکانی دونیای مۆدێرندا دێنە کایەوە. ئەوە دەسەڵاتی دیسپلینکەرە کە تاکەکەس وەک بابەت و ئامراز و ئامانجی خۆی دروست دەکات، تاکەکەسێکی گوێڕایەڵ و بەسود[2]. زیندان لەم کتێبەدا تەنها دەزگای گلدانەوەی تاوانباران نییە، بەڵکو ئەو مۆدێلەیە لە دەزگا کە دەگوازرێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا و دەزگا گرنگەکانی تری دونیای مۆدێرن لەسەر وێنەی ئەو دروست دەکرێن، ئیتر لە قوتابخانەکانەوە بیگرە

1 Foucault, M. 2006. Psychiatric power: Lectures at the College de France 1973-1974. Basingstoke: Plagrave Macmillan.
2 Foucault, Michiel (1979). Discipline and Punish. p. 138



https://

بۆ کارخانەکان و لە نەخۆشخانەکانەوە بۆ سوپا. لە هەموو ئەم شوێنانەدا مرۆڤ دەکەوێتە ژێر چاودێرییەکی ورد و بەردەوامەوە و بەو شێوەیە فێر و مەشق و ڕیفۆرم دەکرێت کە بتوانێت خاوەنی لەشێکی بەهێز و تەندروست بێت و بتوانێت کار بکات و بەرهەمهێن و بەسود و گوێڕایەڵ بێت. تەکنیکەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر تاکەکەسەکان، تاقیکردنەوەیان، دامەزراندنی چاودێران، دروستکردنی فایل و مەلەف لە زیندان و قوتابخانە و سوپا و کارخانەکاندا بۆ هەر تاکەکەسێک و کۆکردنەوەی زانیاریی هەمەجۆرە لەناو ئەو فایلانەدا، وا دەکات ئەم شێوازە لە دەسەڵات بتوانێت تاکەکەسەکان بەئاسانی ببینێت و بناسێت، زانیاریی وردی لەسەر هەڵسوکەوت و حەز و ئارەزوەکانی هەبێت، هەروەها مرۆڤەکان لەوە ئاگادار بکاتەوە کە ئەوان بوونەوەری بینراو و چاودێریکراون لەلایەن دەسەڵاتەوە. زیندانییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرانی زیندان و قوتابییەکان لەلایەن مامۆستایان و بەڕێوەبەرانەوە، سەربازان لەلایەن بەڕێوەبەرانی سوپاوە و کرێکاران لە ڕێگای موراقیب و بەرپرساکانەوە بەبەردەوامی دەبینرێن و چاودێری دەکرێن. دەسەڵات لێرەدا لەسەر توانای بینین و چاودێریکردن و ئاراستەکردنێکی بەردەوام کار دەکات، لەشی چالاک و بەسود و کارکەر بەرهەم دێنێت. بەڵام بێگومان لەشێک نەتوانێت یان نەیەوێت یاخی بێت. وەک دەبینین دەسەڵاتی مۆدێرن واز لە تاکەکەس ناهێنێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا، بەڵکو لەناو هەموو ئەو دەزگایانەدا کە باسمان کردن دەسکاریی دەروون و زمان و ڕوانین و چاوەڕوانیی تاکەکەس، بەکورتی دەسکاریی دونیای ناوەوەیان، دەسکاریی



nbooks

دەروونیان دەکات. لە ڕاستیدا مەسەلەکە لێرەدا تەنها مەسەلەی بەرهەمهێنانی لەشی تاکەکەسەکە نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی تاکێتیی تاکەکەسەکانە، بەرهەمهێنانی دونیا ناوەکییەکەیان و ئاسۆی چاوەڕوانیکردنەکانیانە. شانبەشانی بەرهەمهێنانی جەستەی بەهێز و بەسود و مەشقپێکراو، دەروونێکی ئاراستە و دیسپلینکراویش دروست دەکات. دەسەڵاتی دیسپلینکەر لە یەک کاتدا لەسەر بەهێزکردن و لەشساغیی جەستە و لەسەر دەستەمۆکردنی تواناکانی یاخیبوون و کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنی ناوەکی کار دەکات. لە دەرەوەڕا لەشێکی پڕماسولکە و بەهێز بەرهەم دەهێنێت، لە ناوەوە دەروونێکی دەستەمۆکراو و ڕامکراو. لەش دەتوانێت بەهێز بێت و پێویستیشە بەهێز بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەسود و بەرهەمهێن بێت، بەڵام ئەم لەشە لە ناوەوە وا بەرنامەڕێژی دەکرێت کە نەتوانێت یان نەیەوێت یاخی ببێت. بەم شێوەیە فوکۆ پێی وایە دەسەڵاتی دیسپلینکەر کاری ئەوەیە کۆمەڵگا و تاکەکەسی دەستەمۆکراو و گوێڕایەڵ دروست بکات. وەک چۆن لە زینداندا چاودێرییەکی بەردەوامی زیندانییەکان دەکرێت و جوڵەکانیان دەخرێتە ژێر دیسپلین و کۆنترۆڵکردنەوە، بە هەمان شێوە لە قوتابخانەکان و کارخانەکان و سوپاکان و خەستەخانەکانیشدا هەمان تەکنیک بەکار دەهێنرێت. وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ئەم شێوازە لە دەسەڵات پێویستی تەنها بە یاسا نییە، بەڵکو پێویستی بە کۆمەڵێک نۆرم و بەها هەیە بۆ ئەوەی خواستەکانی دەسەڵات بەناوەکی بکات. ئەمە وا دەکات نۆرم و بەها زۆر جار بچنە شوێنی یاسا. وەک بینیمان لە مۆدێلی دەسەڵاتی سەروەردا یاسا بۆ ئەوەی بتوانێت کار بکات



https://

پێویستی بە چەک هەیە، پێویستی بە ئامرازی سەربازی هەیە بیسەپێنێت، پێویستی بە دەزگای سەرکوتکردن هەیە، بەڵام دەسەڵاتی دیسپلینکەر پێویستی بە چەک نییە، چونکە نایەوێت بکوژێت و سزای جەسەتەیی بدات. لاوازبوونی ڕۆڵی چەک و چەپاندن و توندوتیژیی فیزیایی لە مۆدێلی دەسەڵاتی دیسپلینکەردا، وەک وتمان پەیوەندیی بە ئینساندۆستی و گەشەکردنی هیومانیزمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە دۆزینەوە و هاتنەکایەی چەندان میکانیزمی نوێوە هەیە کە کاریان کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردن و چاودێریکردن و دیسپلینکردنی مرۆڤەکانە. ئەم مۆدێلە لە دەسەڵات وەک چۆن پێویستی بە چەک نییە ئاواش پێویستی بە دوژمن نییە، ئەوەی پێویستی پێیەتی گەشەدانە بە کۆمەڵێک نۆرم و بەها و دەزگای لە بابەتی قوتابخانە و سوپا و کارخانەی مۆدێرنە، کە جۆرێکی تایبەت لە تاکەکەس دروست بکەن. تاکەکسێکی نۆرماڵ و ئاسایی.

ئەوەی شوێنی سەرنجە لە کتێبی *دیسپلین و سزا*دا ئەوەیە کە لێکچوونی نێوان دەزگا تازەکانی دونیای مۆدێرن و دەزگای زیندان تەنها لێکچوونی ئەو خەیاڵ و زانیاریی و مەعریفەیە نییە کە لە هەردووکیاندا بەکار دێت، تەنها لێکچوونی ئەو چالاکییانەش نییە کە لە زیندان و دەزگاکانی دیکەدا ئەنجام ئەدرێت، وەک فێربوونی پیشە و وەرزش و مەشقکردن، هەروەها تەنها لێکچونی ئەو لیست و جەدوەل و فایل و ئامارانە نییە کە بەکار دێن، بەڵکو لێکچوونی تەلارسازیی زیندانیشە لەگەڵ تەلارسازیی دەزگا نوێکانی وەک قوتابخانە و کارخانە و نەخۆشخانە و سەربازگەکان. فوکۆ لەم کتێبەدا



nbooks

نیشانی ئەدات کە شێوازی تەلارسازیی زیندانەکان دەبێتە شێوازی باڵادەستی بیناسازیی دەزگا نوێیەکانی تری دونیای مۆدێرن. مۆدێلی ئەم بیناسازییەش ئەو مۆدێلەیە کە فوکۆ ناوی پانئۆکتیکۆمی لێ دەنێت. پانئۆکتیکۆم ئەو مۆدێلە لە بیناسازیی کە توانای بینین و چاودێریکردنی هەموو شتێکی ناو بیناکە مەیسەر دەکات، توانای ئەوە دەڕەخسێنێت مرۆڤەکان بەئاسانی ببینرێن و چاودێری بکرێن، بەبێ ئەوەی ئەو کەسانەی کە کردەی چاودێرییەکە ئەنجام ئەدەن لەلایەن چاودێریکراوەکانەوە ببینرێن. ئەمەش ئەو هەستە بە مرۆڤەکان ئەدات کە بەردەوام چاودێری دەکرێن، بۆیە فێر دەبن ئەو شتانە بکەن و ئەنجام بدەن، بەو شێوەیە بجوڵێنەوە و هەڵسوکەوت بکەین، کە چاوەڕوان دەکرێت کە بیکەن، شتێک ناکەن کە تووشی لێپرسینەوە و سزایان بکات. ئەمەش پرۆسەی بەناوەکیکردنی چاودێریکردنەکانە. ئەم مۆدێلە لە تەلارسازیی لەسەر چاندنی ئەو هەستە لە تاکەکەسدا کار دەکات کە هەمیشە و هەردەم لەژێر چاودێریدایە و بوونەوەرێکی ڕووت و بینراوە لە بەردەمی چاودێریکەراندا. لەم ڕێگایەوە دەسەڵات دەتوانێت بونیادێکی دیاریکراو و تایبەت بە هەڵسوکەوت و کار و کردەوەکانی تاکەکەس ببەخشێت.

لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەو هەموو هاوبەش و لێکچوونانەی لەنێوان زیندان و دەزگا مۆدێرنەکاندا لەئارادان فوکۆ وێنەیەکی دونیای مۆدێرن بەرهەم دەهێنێت جیاواز لەو وێنانەی کە فیکری هیومانیستی و تەرزە فیکرییە ڕۆمانسییەکان لەسەر ئەم دونیایە بەرهەمی دەهێنن. ئەگەر گواستنەوە لە "سزادانی

ئاشکرا و جەستەییەوە" بۆ "دروستکردنی زیندان" و گلدانەوە و چاکسازییکردن لە دەروونیی زیندانییاندا لەلایەن فیکری هیومانیستییەوە وەک جۆرێک لە "پێشکەوتن" و جۆرێک لە گەشەی شارستانیەت و زیادبوونی ڕادەی ڕێزگرتن لە ئینسان وێنا بکرێت، ئەوا فوکۆ پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئاشکرا دەکات و پێی وایە داهێنانی زیندان هێمای پێشکەوتنی ئینسانی و شارستانی نییە، بەڵکو هێمایە بۆ دروستبوونی جۆرێکی نوێ لە دەسەڵات کە توانای ئەوەی هەیە زۆر فراوانتر و قووڵتر لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ کار بکات و وای لێ بکات بەو شێوەیە بجوڵێتەوە و بیر بکاتەوە کە ئەو دەزگایانە دەیانەوێت. لە کتێبی *دیسپلین و سزا*دا ئەم دەسەڵاتە مۆدێرنە دەسەڵاتێکە دەتوانێت مرۆڤی تەسلیمبوو و ئاسایی و گوێڕایەڵ دروست بکات و هەرجۆرە مرۆڤبوونێکیش نەکەوێتە ناو سنووری پێناسەکانی ئەو دەزگایانەوە بۆ ئاساییبوون، وەک نەخۆش و شێت و ناعەقڵانیی و تاوانبار مامەڵە دەکرێن و ناچار بە "ڕیفۆرمکردن" و "عاقڵکردن" و "چاکبوونەوە" دەکرێن. کتێبی *دیسپلین و سزا* بەم مانایە کتێبی *لەدایکبوونی* وێنەیەکە بۆ کۆمەڵگا مۆدێرنەکان کە تیایدا ئەگەری بەرگریکردن و سەربەخۆبوون هێجگار کەمە و لە زۆر ڕووەوە ئەم وێنەیە لەو وێنەیە دەچێت کە فرانتز کافکا لەسەر دونیای مۆدێرنی هەیە.

بەکورتی، ئەگەرچی کتێبی *دیسپلین و سزا* کتێبێکە دەربارەی لەدایکبوونی زیندان لە دونیای مۆدێرندا، زیندان وەک شوێنێک بۆ گرتن و گلدانەوەی ئەوانەی وەک تاوانبار ڕێیان دەکەوێتە ناویەوە، بەڵام هاوکات مۆدێلی دەزگا



nbooks

سەرەکییەکانی تری ناو دونیای مۆدێرنە. زیندان لەم کتێبەدا تەنها دەزگای گلدانەوە و سزادانی تاوانباران نییە، بەڵکو دەزگای ڕیفۆرمکردنیشیانە، شوێنی دەستکاریکردن و گۆڕانی کەسایەتییانە، بە جۆرێک بتوانن "ئاسایی" ببنەوە بتوانن وەک مرۆڤێکی بەسوود بۆ ناو کۆمەڵگا بگەڕێنەوە. بەم مانایە دەسەڵاتی دیسپلینکەر ئەم فۆرمەیە لە دەسەڵات کە خەریکی داڕشتن و ڕیفۆرمکردنی بەردەوامی مرۆڤەکانە، تەنها لەناو زیندانەکاندا نا، بەڵکو لەناو زۆربەی هەرە زۆری دەزگا گرنگ و گەورەکانی دونیای مۆدێرندا.

لە قۆناغی بەر لە نووسینی کتێبی *دیسپلین و سزا*دا فوکۆ کۆمەڵێک کتێبی تر دەنووسێت کە تیایاندا باس لە "دەسەڵاتی مەعریفە" دەکات، بەتایبەتی دەسەڵاتی زانستە ئینسانییەکان. ئەم کتێبانە بریتین لە کتێبی *مێژووی دێوانەیی* و *لەدایکبوونی خەستەخانە* و کتێبی *وشەکان و شتەکان*. تێزەی سەرەکیی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە مەعریفەش وەک دەسەڵات خەریکی دروستکردن و بەرهەمهێنانی جۆرێکی تایبەتە لە تاکەکەس، تەکنیکی سەرەکیی کارکردنی مەعریفە وەک دەسەڵات بریتییە لە تەکنیکەکانی "پەراوێزخستن" و "پۆلینکردن" و "جیاکردنەوە". جیاکردنەوە و پۆلینکردنی ئینسانەکان لەسەر بنەمای کێ ساغە و کێ ناساغ، کێ شێتە و کێ عاقڵ، کێ عەقڵانییە و کێ ناعەقڵانیی، کێ ناچار بکرێت لە خەستەخانەدا گل بدرێتەوە و کێ پێویستی بەو گلدانەوەیە نییە. لە دیدی فوکۆدا لەپشتی لۆژیکی ئەم دابەشکردنانەوە هەمیشە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پەراوێز دەخرێن، وەک ناساغ و بیمار و شێت و ناعەقڵانیی مامەڵە دەکرێن، دەزگای



https://

تایبەتییش دروست دەکرێت بۆ کۆ کردنەوە و گلدانەوە و دابڕانیان لە کۆمەڵگا. لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا کەمەکێک زیاتر لەسەر وردەکارییەکانی ئەم مەسەلانە دەوەستین.



nbooks

# بیۆدەسەڵات

فوکۆ لە کتێبی *پێویستە بەرگریی لە کۆمەڵگا بکرێت*، کە کۆکردنەوی کۆمەڵێک وانەیە ئەو لە ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٦دا لە زانکۆ گوتونیەتەوە، تێزی بیۆدەسەڵات دەهێنێتە کایەوە بۆ قسەکردن لەسەر ڕەهەندێکی تری کۆمەڵگا مۆدێرنەکان: ڕەهەندی کۆمەڵگا وەک گشتێک، یان ئەوەی فوکۆ خۆی ناوی دەنێت: دانیشتوان. لەم کتێبەدا فوکۆ باس لەو شێوازە لە دەسەڵاتی مۆدێرن دەکات کە لەباتیی ئەوەی لەسەر تاکەکەس کار بکات لەسەر دانیشتوان کار دەکات، یەکەی سەرەکیی ئیشکردنی بیۆدەسەڵات دانیشتوانە[1]. دەستەواژەی "بیۆ" کورتکراوەی وشەی "بایۆلۆژیا"یە، بۆیە بیۆدەسەڵات مانای ئەو شێوازە لە دەسەڵات کە بایۆلۆژیای ژیان یان ژیان وەک ئۆرگانێکی بایۆلۆژیی، دەکاتە بنەمای کارکردنی. بیۆدەسەڵات بریتییە لە تۆڕێکی گەورەی پەیوەندیی هەمەجۆر و جیاوازە لەنێوان خەڵک و دەوڵەت و دەزگاکانی دونیای

1 Foucault, M.( 2003). Society must be defended.



https://

مۆدێرندا. دەسەڵات لێرەدا لەباتیی ئەوەی خەریکی کوشتن و وێرانکردن بێت لەسەر ژیان بە مانا بایۆلۆژییەکەی کار دەکات. درێژکردنەوەی ژیان، پاراستنی و بەدورگرتنی لە مردن ئەو ئەرکانەیە کە بیۆدەسەڵات ئەنجامیان ئەدات[1]. دانیشتوان لێرەدا یەکەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی بایۆلۆژیی زیندووە، ئۆرگانێکی گەورەیە و بیۆدەسەڵات بەو مانا بایۆلۆژییە مامەڵەی دەکات. بۆیە ستراتیژیەتی دەسەڵات لێرەدا هەڕەشکردن بە مردن و کوشتن نییە، بەڵکو پاراستنی ئەو یەکە ئۆرگانییە زیندووە و ئیشکردنە لەسەر درێژکردنەوە و پاراستنی ژیانی[2]. بیۆدەسەڵات نیشانمان ئەدات چەند گرنگە دەوڵەت بزانێت ژمارەی دانیشتوانەکەی چەندە، چەندی نێرە و چەندی مێیە، ڕێژەی درێژی و کورتیی تەمەنیان چەندە، چەندی پیرە و چەندی گەنجە، ئایا ژمارەی ئەو منداڵانەی لەدایک دەبن کەمن یان زۆرن، ئەگەر کەمن چۆن زیاد بکرێن، ئەگەر زۆرن چۆن کەم بکرێن، لە هەموو ئەم دۆخانەدا دەوڵەت دەست دەخاتە ناو ژیانی سێکسیی دانیشتوانەوە وەک یەکەی بایۆلۆژیی گەورە و دەیەوێت ئەو ژیانە بایۆلۆژییە ئاراستە بکات و بپارێزێت[3].

بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی بیۆدەسەڵات، وا باشە بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەم شێوازە مۆدێرنەی دەسەڵات و دەسەڵاتی پادشا یان سەروەرە تەقلیدییەکان. لە دەسەڵاتی پادشایی و سەروەریی کلاسیکیدا، پادشا خۆی بە خوێندن

1 Foucault, M. (1990). The history of sexuality, Volume 1. P. 138.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشو ل١٤٢ .

٣ هەمان سەرچاوەی پێشو ل٢٥ -٢٦.



nbooks

و پێگەیشتن، پەروەردە و گەورەبوونی منداڵان، جۆری خۆراک و تەندروستیی دانیشتوان، درێژی و کورتیی تەمەنی هاووڵاتیان، نەخۆشی و درم و بیمارییەکانیان، ئارەزو و حەزەکانیانەوە سەرقاڵ ناکات، بەڵام هەموو ئەمانە دەبن بە یەکەی سەرەکی و بنەڕەتی کارکردنی بیۆدەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا. دەسەڵاتی مۆدێرن دەیەوێت زانیاری لەسەر ئەو شتانە هەموویان هەبێت و لە ڕێگای ئەم زانیارییانەوە بتوانێت بەڕێوەیان ببات و حوکمڕانیان بکات، شتێک فوکۆ ناوی عەقڵیەتی حوکمڕانیکردن یان *governmentality* لێ دەنێت. عەقڵیەتی حوکمڕانیی لێرەدا خەریکی ئیدارەدان و بەبیرۆکراسیکردنی ژیانە، خەریکی حیسابکردن و ژمارە و ئامارسازیی دەرکەوتە جیاوازەکانی ژیانە و لەم ڕێگایەشەوە دەسەڵات بتوانێت لەناو ژیاندا ئامادە بێت، نەک وەک فەلسەفەی سیاسیی کلاسیکیی بەرگریی لێ دەکات لە پەیوەندییەکی دەرکیدا بێت. بەم مانایە فوکۆ دەنووسێت عەقڵیەتی حومکڕانیی، *governmentality*، مانای کۆمەڵێک تەکنیک و پرۆسەی جیاواز بۆ ئاراستەکردن و چاوساغیکردنی کاروکردەوە و هەڵسوکەوتی ئینسانی"[1]. لێرەدا دەسەڵاتی سیاسیی خاوەنی عەقڵیەتێکی سیاسییە کە ژیان خۆی دەکات بە بابەتی کارلەسەرکردن و "دروستکردنی" ژیانی تاکەکەس و دانیشتوان، ژیانێکی "گونجاو" و "ئاسایی، "دەبێتە سەرچاوی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دەسەڵات.

1 Michel Foucault (1997). Essential Works of Foucault, 1954–1984, vol. 1,
Paul Rabinow. Ethics: Subjectivity and Truth, New York: New Press. p. 82



https://

لەمەشدا چەندەها ئامێری دەسەڵات و چەندەها شێوازیی جیاواز و ئاڵۆزی مەعریفە ئامادەن و کار دەکەن. بەم مانایە دەسەڵات لێرەدا ئەو دانیشتوانە تەندروست و بەهێز و بێکێشە و گوێڕایەڵ و پێویستە دروست دەکات کە بتوانن ئەرکەکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی دەسەڵات جێبەجێ بکەن و بە شێوەیەکی چالاک و سوودبەخش ڕایان بپەڕێنن. ئەمەش سەرجەمی ئەو تەکتیک و ستراتیژانە دەگرێتە خۆی کە بە هۆیانەوە دەکرێت کۆمەڵگایەک حوکمڕانیی بکرێت.

بیۆدەسەڵات لە هەموو ئەمانەدا تەنها لە ڕێگای یاساوە کار ناکات، بەڵکو زیاتر لە ڕێگای مەعریفە و بەهاکانەوە کار دەکات. با نموونەیەک بۆ نیشاندانی ئەم شێوازە لە دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بهێنینەوە. ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین کە ژمارەی ئەو قوتابییانەی لە قوتابخانەکانی ناو گەڕەکە چەپەکەکانی قەراغی شاردا دەخوێنن توشی نەخۆشییەکی تایبەت دەبن گەورەترە لە ژمارەی قوتابییانی ناو قوتابخانەکانی سەنتەری شار. ئەو دەمە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەم کێشەیە خۆی پێوستی بە تێبینیکردن و لێکۆڵینەوە و پشکنین هەیە، دوای دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی کێشەکەش ئیتر دەسەڵاتداران بەدوای هۆکارەکەیدا دەگەڕێن بە مەبەستی چارەسەرکردنی. ئەگەر دوای لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە دەر کەوت منداڵانی ناو قوتابخانەکانی سەر بە گەڕەکە چەپەکەکانی قەراغی شار شەوانە درەنگ دەخەون و ئەمەش وا دەکات بەردەوام ماندوون تا ئەو ڕادەیەی لەشیان بەئاسانی نەخۆش بکەوێت، ئەوا دۆزینەوەی ئەم ڕاستییە دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتدارن بکەونە کۆبوونەوە لەگەڵ



nbooks

دایک و باوکی منداڵەکان و دروستکردنی بەرنامەی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. لێرەدا "درەنگخەوتنی منداڵان" دەبێت بە خەمی دەوڵەت و خەمی حوکمڕانیکردن و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش بە مەبەستی باشترکردنی ژیان و چالاککردنی منداڵەکانە، دەبێت بە بەشێک لە مەسەلەی عەقڵیەت و شێوازی حوکمڕانی *Governmentality.* ئەوەی یەکەی سەرەکیی کارکردنی بیۆدەسەڵاتە لێرەدا منداڵەکان نییە وەک تاکەکەس، بەڵکو ئەوانە وەک گروپ، وەک بەشێک لە دانیشتوان، چارەسەرەکەش بە سزدان و هەڕەشەکردن ناکرێت، هەروەها چارەسەری خەوی ئەم یان ئەو منداڵ نییە وەک تاکەکەس، بەڵکو چارەسەری خەوی هەموو منداڵانە لە ڕێگای هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەوە. بیۆدەسەڵات لای فوکۆ هێمایە بۆ ئەم جۆرە تایبەتەی دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا کە خۆی بە کێشەی دانیشتوانەوە سەرقاڵ دەکات. ئەم نموونەیە نیشانی ئەدات کە بیۆدەسەڵات لێرەدا دەسەڵاتێک نییە پەیوەندیی بە سەرۆکی وڵات، پادشا یان سەروەرە هەبێت، بەڵکو دەسەڵاتیش تەنها دەسەڵاتی کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە تەندروستیی دانیشتوانەوە هەیە وئەوانەشی بە کێشەی دانیشتوانەوە سەرقاڵن لەباتی ئەوەی یەک کەس بێت، تۆڕێکی ئاڵۆزە لە کەس و لایەن و دەزگای هەمەجۆرە و جیاواز، کە پەیوەندییان بە مامۆستا و ئیدارەی قوتابخانەکانەوە و بە شارەزایان و لێزانانی بواری جیاوازەوە هەیە. هەموو ئەمانە بەیەکەوە کێشەکە دەپشکنن و لێکۆڵینەوەی دەربارە دەکەن و زازنیاریی لەسەر



https://

کۆدەکەنـەوە. هـاوکات پەیوەندیـی بەوانەشـەوە هەیـە کـە بیـر لـە چۆنیەتـی ڕێکخسـتن و دارشـتنی هەڵمەتـی ئاگادارکردنـەوە و هۆشـیارکردنەکەوە دەکەنـەوە. بـە مانایەکـی دیکـە دەسـەڵات لـەم دۆخـەدا لـە چەنـدان خاڵـی جیـاواز و بزۆکـی نـاو تۆڕێکـی گـەورەدا ئامادەیـە، کـە بەسـەر یەکـەوە کارکـردن لەسـەر تەندروسـتیی و جـۆری ژیانـی دانیشـتوان ئاراسـتەیان دەکات. ئەگـەر لـە دەسـەڵاتی دیسـپلینکەردا سـەیری تاکەکەسـەکان وەک تاکەکـەس بکرێـت و هەوڵـی ئـەوە بدرێـت دونیـای ناوەکییـان وا دابرێـژن کـە لەگـەڵ سـتراتیژەکانی دەسـەڵاتدا بگونجێـت، ئـەوا لـە بیۆدەسـەڵاتدا سـەیری تاکەکەسـەکان ناکرێـت، بەڵکـو سـەیری گـروپ، یـان دانیشـتوان یـان بەشـێک لـە دانیشـتوان دەکرێـت و هەوڵـی ئـەوە ئەدرێـت کـە کێشـەکانی دانیشـتوان وەک دانیشـتوان ببینرێـن و چارەسـەر بکرێـن.

بـۆ ئـەوەی هەرسـێ شـێوازەکەی دەسـەڵات جارێکـی دیکـە بـە شـێوەیەکی ئاشـکراتر و ئاسـانتر ڕوون بکەمـەوە و جیاوازییەکانیـان نیشـان بدەمـەوە بـا سـەیری ئـەم نموونەیـەی تـر بکەیـن. بـا وا گریمـان بکەیـن لـە شـارێکدا کەسـێک کەسـێکی دیکـە دەکوژێـت و پۆلیـس دەیگرێـت. لـە دەسـەڵاتی پادشـایەتی کلاسـیکیدا، واتـە لـە قۆناغـی بـەر لـە هاتنـی مۆدێرنـدا، ئـەو کەسـە دەگیرێـت و پادشـا فەرمانـی سـزادانی بـۆ دەر دەکات کـە زۆر جـار کوشـتنە بـە بەرچـاوی خەڵکـەوە. تاوانبارەکـە لـە شـوێنێکی گشـتیدا و بـە بەرچـاوی خەڵکێکـی زۆرەوە دەکوژرێـت (ئـەم شـێوازە لـە دەسـەڵات تـا ئەمـڕۆ لـە ئێرانـدا بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان پیـادە دەکرێـت). بـەڵام لـە دەسـەڵاتی دیسـپلینکەردا ئـەو تاوانبـارە دەگیرێـت و زیندانـی دەکرێـت، بـەڵام گرتـن و



nbooks

زیندانیکردنەکە خۆی لە خۆیدا لۆژیکی کارکردنی ئەم دەسەڵاتە نییە، چونکە ئەم دەسەڵاتە دەیەوێت تێبگات ئەم کەسە بۆ وای کردوە؟ دەیەوێت بزانێت تاوانبارەکە چ جۆرە کاراکتەرێکی هەیە؟ لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لە چ دۆخێکدایە؟ لە چ هەلومەرجێکی ماددیی و ئابووریدا ئەم کارەی کردوە؟ چ پێشینە و دۆخێکی خێزانی و کولتووری و دینی و... لەپشتی ئەم کارەوەیە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و بەدەستهێنانی زانیاری لەسەریان گرنگن. چونکە دەسەڵاتداران لە ڕێگای ئەم زانیارییانەوە دەتوانن لە دۆخی هاوشێوەی ئەوەدا زوو فریا بکەون و ڕێ لە ڕوودانی ئەو جۆرە کارانە بگرن. ئەمە جگە لەوەی بیرکردنەوە لە ئەگەری ئازادکردنی ئەم زیندانییە دوای ماوەیەک و دوای "ڕیفۆرمکردن" و بەهێزکردنەوەی توانای خوگەنجاندنەوەی لەناو کۆمەڵگادا، بەشێکی دیکەی ستراتیژییەکانی ئەو دەسەڵاتەیە کە لەباتیی کوشتن، دەخوازێت تاکەکەسەکان دیسپلین بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت چەندان شارەزای بواری دەروونناسی، تاوانناسیی، شارەزای دینیی و کولتووریی... هتد. هەموویان بخرێنە کار و ببنە بەشێک لەو تۆڕی دەسەڵاتەی دیسپلینکردن ئاکارەکەیەتی. لێرەدا لەباتیی سزادانی جەستەیی تا بە کوشتن دەگات، کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردن و دیسپلینکردنی تاکەکەسەکان لەئارادایە.

هەرچی بیۆدەسەڵاتە خەریکی ئەو تاکەکەسە نابێت کە کەسێکی دیکەی کوشتوە وەک تاکەکەس، بەڵکو دەیەوێت بزانێت ئایا ژمارەی ئەوانەی دەتوانن کاری لەو جۆرە ئەنجام بدەن چەندن؟ ئایا ڕێژەیان لەناو سەرجەمی دانیشتواندا



https://

چەندە؟ ئایا ئەو ڕێژەیە بەرزە یان نزمە، ڕووی لە زیادبوونە یان لە کەمبوون؟ لەناو کام گرووپی کۆمەڵایەتی و دینی و ئەتنی و جوگرافیدا ڕووی لە زیادبوون یان کەمبوونە؟ ئەگەر ڕووی لە زیادبوونە هۆکارەکانی چین و چۆن دەکرێت چارەسەر بکرێن؟ ئەگەر ڕووی لە دابەزینە، دیسانەوە هۆکارەکانی کامانەن و چۆن دەکرێت ئەو هۆکارانە بەناو هەموو دانیشتواندا بڵاو بکرێتەوە. وەک دەبینین بیۆدەسەڵات لێرەدا هەم پرسیارگەلێکی جیاواز دەکات و هەم بەدوای چارەسەرێکی جیاوازیشەوەیە. خاڵێک گرنگە لێرەدا هێمای پێ بکەین ئەوەیە دەشێت میتۆد و تاکتیکەکانی کارکردنی دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵات هەمان میتۆد و تاکتیک بن، جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە یەکەمیان ڕووی لە تاکەکەس و دووهەمیان ڕووی لە دانیشتوانە. هەندێک جار فوکۆ ئەم دوو شێوازە لە دەسەڵات وەک یەک جۆر لە دەسەڵات نمایش دەکات، بەڵام لەسەر دوو بابەتی جیاواز کار دەکەن، یەکەمیان لەسەر تاکەکەس و دووهەمیان لەسەر دانیشتوان. بەم مانایە دەسەڵاتی دیسپلینکەر میکرۆ-تەکنۆلۆژیای دەسەڵاتە لە کاتێکدا بیۆدەسەڵات ماکرۆ-تەکنۆلۆژیای دەسەڵاتە.

ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتی و سەرەکییەیە لە شێوازەکانی دەسەڵات و میکانیزمەکانی کارکردنیاندا فوکۆ داوای ئەوە دەکات کە پێویستە فیکر و فەلسەفەی سیاسیی لە دونیای مۆدێرندا گۆڕانی گەورەیان بەسەردا بێت، لەباتیی ئەوەی خەریکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی کەسی سەروەر بێت، پێویستە خەریکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی میکانیزمەکانی دیسپلینکردن و ئیشکردنی بیۆدەسەڵات بێت. لەم ڕووەوە



nbooks

فوکۆ دەڵێت ئەوەی فەلسەفەی سیاسی لە دونیای مۆدێرندا پێویستی پێیەتی "قرتاندنی سەری پاشا"یە. واتە پێویستمان بە فیکرێکە ڕوانینی بۆ دەسەڵات بگۆڕێت، خۆی لەو ڕوانینە بۆ دەسەڵات ڕزگار بکات کە دەسەڵات وەک دەسەڵاتێکی سەروەر وێنا دەکات و لەباتیی ئەمە خەریکی وێناکردن و شیکردنەوەی دەسەڵات بێت وەک هێزێکی دیسیپلینکەر... ئەمەش مانای گواستنەوە لە ڕوانینەوە بۆ دەسەڵات وەک ئەوەی شتێک بێت کەسێک یان لایەنێک هەیبێت و کەسانی تر نەیانبێت، هەروەها وازهێنان لە وێناکردنی دەسەڵات وەک هێزێک بۆ سەرکوتکردن و چەپاندن، وەک هێزێک بۆ یاساغکردن و نەخێروتن و سنوورکێشان، یان وەک هێزێک بۆ ئەوەی بەردەوام شتێک لە مرۆڤ بسێنێتەوە، گواستنەوە بۆ وێناکردنی دەسەڵات وەک تۆڕێک لە پەیوەندیی دەسەڵات کە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە و سەرقاڵی دروستکردن و بەرهەمهێنانی جۆرێکی تایبەت لە تاکەکەس و جۆرێکی تایبەت لە تاکێتییە. لە دونیای مۆدێرندا پادشا وەک سەروەر کۆتایی پێ دێت، یان لاواز دەبێت و لۆژیکی کارکردنی دەگۆڕێت، لە شوێنی ئەودا ڕستێکی گەورە لە شوێن و میکانیزم و گوتاری نوێ دێنە کایەوە کە لەسەر گشتێتی ژیانی تاکەکەس و ژیانی کۆمەڵگا کار دەکەن. دەسەڵات لەوە دەکەوێت یەک سەنتەری هەبێت و لەو سەنتەرەوە لەسەر هەموو شتێک بڕیار بدات، واتە ئەو مۆدێلە هۆبزیە دەکەوێت کە تیایدا پادشا وەک سەروەر خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکە بە دەسەڵاتی مردن و ژیانیشەوە. شوێنە مۆدێرنەکانی وەک زیندان و قوتابخانە و سەربازگە و نەخۆشخانە، میکانیزمەکانی چاودێریکردنی



https://

هەمەجۆر، گوتاری جیاواز لەسەر ڕیفۆرمکردنی ئەخلاقیی خراپ و چاکسازیکردن لە ڕەوشت و عەقڵیەتی مرۆڤەکاندا، دێتە کایەوە. بەم مانایە دەسەڵات تەنها لە لەشی سەروەر و پادشایەکدا نییە، تەنها لەناو دەوڵەتیشدا نییە، بەڵکو لە هەموو شوێنێکی ناو گشتێتی ژیانی کۆمەڵایەتیدایە. بەکورتی دەسەڵات لە دونیای مۆدێرندا بەو شێوەیە کار ناکات کە لە دونیای تەقلیدیدا کاری دەکرد، میکانیزمەکانی بریتی نین لە چەپاندن و نەخێروتن و یاساغکردن، بەڵکو دەسەڵات لە دونیای مۆدێرندا دەسەڵاتێکی بەرهەمهێنە، جۆرێک لە مرۆڤ و خود و کەسایەتیەکی تایبەت بەرهەم دەهێنێت، لەباتیی تێکشکان خەریکی دروستکردنە، دروستکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی تایبەت.



nbooks

# دەرەنجام

تیۆری دەسەڵات لای فوکۆ تیۆرێکی ئاڵۆزە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم ئاڵۆزییە ئەوەیە کە فوکۆ بیریارێکی سیستماتیک نەبوو، سەرقاڵی ئەوە نەبوو لە بوارێکی تایبەتدا تیۆرییەکی تەواو کامڵی هەبێت. لەباتیی تیۆریی کامڵ بۆ دەسەڵات فوکۆ کۆمەڵێک دید و بۆچوونی نوێ بۆ دەسەڵات پێشنیار دەکات کە دەکرێت بە هۆیانەوە ئاڵۆزییەکانی شێوازی ئامادەگیی دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ببینین و شی بکەینەوە. فوکۆ لە نووسینەکانیدا زیاد لە فۆرمێکی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا لە یەکتری جیا دەکاتەوە، لەوانەیش دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵات، ئەم دووانەش تەواو جیاوازن لە شێوازی دەسەڵاتی پادشا یان سەروەر لە کۆمەڵگا سونەتییەکاندا. لای فوکۆ دەسەڵاتی سەروەر وەک دەسەڵاتێکی سزابەخش، کە لەسەر مافی کوشتن و سەندنەوەی ژیان کار دەکات، لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ئامادە نییە، یان لاواز و پەراوێزخراوە،



https://

لەباتیی ئەو شێوازی تری دەسەڵات ئامادەن کە بەشدارن لە دروستکردنی تاکێکی دیسپلین و ئاراستەکراو و بەشدارن لە دروستکردنی دانیشتوانێکی بینراو و ناسراودا. ئەم شێوازە لە دەسەڵات لەناو زیاد لە کایەیەکی زانستی و سیاسیی کۆمەڵگای مۆدێرندا دروست دەبێت. بۆ نموونە، بەشێکی ئەم دەسەڵاتە لەناو زانستەکانەوە دێت، زانستەکان وەک ڕووبەرێک بۆ پۆلینکردنی مرۆڤەکان و جیاکاریی لەنێوان ئەوانەی مرۆڤی ئاسایی و سروشتین ئەوانەی کە بیمار و شوێنی مەترسین... هتد. ئەم پۆلێنە بە ناوی زانستەوە جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤ بەئاسایی دەکات و جۆرێکی تر بەنائاسایی و جێگای مەترسی. هەندێکی تر لە دەسەڵاتەکانی ناو دونیای مۆدێرن دەسەڵاتی دەزگاکانی دیسپلینکردن و چاودێریکردن و پەروەردەکردنن، کە لەناو زیاد لە ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتیدا لە شێوەی دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵاتدا ئامادەن.

مادامەکی دەسەڵات فرەشێوەیە و لە هەموو شوێنێکدایە و فرەئەرک و فرەبەرهەمیشە، بۆیە بەرگریکردن و بەگژاچوونەوەشی دەبێت بە هەمان شێوە هەمەجۆر و فرەشێوە و فرەشوێن بێت. ئەم ڕوانینە بۆ دەسەڵات ڕوانینێکی جیاواز بۆ بەرگریکردن پێشنیار دەکات کە ئەرکی بەرگری و خەباتکردن کورت ناکاتەوە بۆ یەک خەباتی گەورە و یەک شەڕی یەکلاکەرەوە، یان بۆ خەباتی ئەم چین بەرامبەر بەو چینی تر، یان خەبات دژ بەم سیستمە بە ناوی سیستمێکی ترەوە یان بە ناوی ناسیستمەوە. ئەم ڕوانینە بۆ دەسەڵات داوای ئاستی جیاواز و ڕووبەری جیاواز و شێوازی جیاواز بۆ خەبات و بەرگریکردن دەکات



nbooks

کە بەپێی بابەت و شوێن و پێگەکان و بەپێی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و کایەکان و ڕووبەرەکان و مەسەلەکان دەگۆڕێت و جیاواز دەبێت. هەموو هەوڵدانێک بۆ تیۆریزەکردنی خەبات و بەگریکردن بەناو یەک بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیاوە، دژ بە یەک تاکە دوژمن، یان یەک چین و یەک سیستم، نەک تەنها کورتکردنەوە و سڕینەوەی چەندەها شێوازی جیاواز خەبات و بەرگرییکردنە، بەڵکو جۆرێکی تایبەت و ترسناکی تێرۆریشە کە لەسەر سەپاندنی دیدێک بەسەر هەمووان‌دا کار دەکات.

لە کۆتاییەکانی ژیانیدا، فوکۆ باس لە شێوازێکی تری دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەکات، کە دەسەڵاتی تاکەکەس خۆیەتی لە دروستکردن و داهێنانی خودی خۆیدا وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقیی، وەک خودێکی بەرپرسیار و سەربەخۆ. ئەم جۆرە دەسەڵاتە جیاوازە لە دەسەڵاتی مەعریفە کە ساغ لە ناساغ جیا دەکاتەوە، جیاوازیشە لە دەسەڵاتی دیسپلینەکەر لە هەردوو فۆرمەکەیدا، فۆرمی دیسپلین و فۆرمی بیۆدەسەڵات، کە مرۆڤی گوێڕایەڵ و ئاراستەکراو دروست دەکەن. ئەم شێوازە نوێیەی دەسەڵات، کە فوکۆ دەیبەستێتەوە بە "تەکنیکەکانی خودسازیی" و "ئیستاتیکای بوون"ەوە، دەسەڵاتی تاکەکەس خۆیەتی بەسەر خۆیدا، ئەو توانایەیە کە تاکەکەس دەتوانێت خۆی سەربەخۆیانە بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی خۆی وەک خودێکی ئەخلاقی دروست بکات[1]. لە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەدرێژیی باس

---

١ بۆ باسکردنێکی وردی ئەم سێ شێوازە لە دەسەڵات، دەسەڵاتی مەعریفە و دەسەڵاتی دیسپلین و دەسەڵاتی خۆدروستکردن، بڕوانە:
Devos, Rob 2004. Macht en verzet: het subject in het denken van Michel Foucault. Kapellen, Uitgeverij



https://

لـەم شـێوازەی تـری دەسـەڵات دەکەیـن.

# سەرچاوەکان


Devos, Rob (2004). *Macht en verzet: het subject in het denken van Michel Foucault.* Kapellen: Uitgeverij Pelckmans.

Foucault, M. (1979). *Discipline and Punish.* New York: Vintage

Foucault, M. (1982). The Subject and Power. *Critical Inquiry*, Vol. 8, No. 4 Summer.

Foucault, M. (1990). *The history of sexuality, Volume 1: an introduction.* New York: Vintage.

Foucault, M. (1994). The ethics of care for theself as the practice of freedom, in J. W. Bernauer and D. Rasmussen (ed), *The Final Foucault*, 1-20. Cambridge: MIT Press.

Michel Foucault (1997). Ethics: Subjectivity and Truth. In Paul Rabinow (ed.), *Essential Works of Foucault, 1954–1984, vol. 1.* New York: New Press.

Foucault, M. (2003). *Society must be defended: Lectures at the College de France 1975/1976.* New York: Picador.

Foucault, M. (2006). *Psychiatric power: Lectures at the College de France 1973-1974.* Basingstoke: Plagrave Macmillan.

Taylor, Dianna (2001). *Michel Foucault: Key concepts.* Acumen Publishing.


---

Pelckmans.



nbooks

https://

# بەشی دووهەم
# خود و دەسەڵات
# ڕەخنە لە ئینسانگەرایی

nbooks

https://

# سەرەتا

لە بەشی پێشوودا باسم لە چەمکی دەسەڵات لای میشێل فوکۆ کرد و شێوازە جیاوازەکانیم لە یەکتری جیا کردەوە. لەم بەشەدا لەسەر چەمکی خود-subject، دەوەستم و هەوڵ ئەدەم ماناکانی لە فیکری میشێل فوکۆدا لێک بدەمەوە. چەمکی خود یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی ناو بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسوفە و بە شێوازی جیاواز لەناو زیاد لە کتێب و نووسینێکیدا ئامادەیە. ئەم بەشە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر مانا و دەلالەت و شێوازەکانی دروستبوونی خود لە فیکری فوکۆدا و بۆ شیکردنەوەی ئەو وێنانەی فوکۆ لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بۆ خودی مرۆڤ دەیکێشێت. لە بەشی پێشوودا هەندێک هێمای خێرام بۆ مەسەلەی دروستبوونی خود لە فیکری فوکۆدا کرد، بەڵام لێرەدا بەدرێژیی شێوازەکان و کێشەکانی دروستبوونی ئەم خودە نیشان ئەدەین. ئەو پرسیارانەی لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین وەڵامیان بدەینەوە ئەمانەن، تاکەکەس یان خودی مۆدێرن



nbooks

چۆن لەدایک دەبێت و چی دروستی دەکات؟ چۆن حەز و ئارەزووەکانی و چۆن بیرکردنەوە و ویست و چاوەڕوانییەکانی لەدایک دەبن؟ لە ئاستە فەلسەفییەکەیدا پرسیارە سەرەکییەکە ئەمەیە، ئایا خود "جەوهەر" یان "ئاکار" یان "قوڵایی"ەکی نادیار و نەگۆڕی هەیە کە هەمیشە و هەردەم لەگەڵ مرۆڤدا بوو‌بێت و بەناو سەردەمە جیاوازەکاندا لەگەڵ مرۆڤدا هاتبێت؟ یاخود ئەو ئاکار و حەز و ئارەزووانەی دەدرێتە پاڵ خود، بەپێی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی مانا و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان گۆڕانیان بەسەردا دێت و بە شێوازی جیاواز بەرجەستە دەبن و بەسەر یەکەوە خود و خودگەرایی جیاواز دروست دەکەن؟ ئایا دەکرێت بە شێوەیەکی موجەڕەد باس لە ئینسان بکەین، یان ئینسان هەمیشە بوونەوەرێکی کۆنکرێتیی و بەرجەستەی ناو دونیا و سەردەمێکی دیاریکراوە و لەناو کۆمەڵێک تۆڕی مێژوویی و زۆر تایبەتی دەسەڵات و مەعریفەدا ئامادەیە و بەپێی گۆڕانی ئەم تۆڕانەش گۆڕان بەسەر تێگەیشتنی ئینساندا بۆ خودی خۆی و بەسەر وێناکردنەکانیدا دێت؟



https://

# فەیلەسوفی چۆنیەتیی دروستبوونی تاکەکەس

وەک پێشتریش وتم، ئەگەرچی میشێل فوکۆ بە فەیلەسوفی دەسەڵات ناسراوە و زۆر جار وا وێنا دەکرێت کە شیکردنەوەی دەسەڵات، بەتایبەتی دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، بابەتی سەرەکی و هەرە گرنگیی بیرکردنەوەکانی ئەم فەیلەسوفە بێت، هەروەها دەگوترێت کە ئەو بۆچوون و دید و لێکدانەوانەی کە ئەم فەیلەسوفە بۆ خوێندنەوەی دیاردەی دەسەڵات پێشنیاریان دەکات، لە گرنگترین داهێنانە فیکرییەکانی ئەم فەیلەسوفەن. بەڵام فوکۆ خۆی بۆچوونێکی جیاوازی لەسەر خۆی و کارەکانی هەیە و ئەوە ڕەت دەکاتەوە فەیلەسوفی شیکردنەوەی دەسەڵات بێت، یاخود دیاردەی دەسەڵات دیاردەی سەرەکیی ناو فیکر و نووسینەکانی ئەو بێت، هەروەها ئەوەیش ڕەت دەکاتەوە کە هەوڵە تیۆرییەکانی ئەو هەوڵدان بن بۆ هێنانەکایەی تیۆرییەکی نوێ دەربارەی

چییەتی دەسەڵات و چۆنیەتیی کارکردنی. لە یەکێک لە نووسینە هەرە بەناوبانگ و گرنگەکانیدا بەناوی *خود و دەسەڵاتەوە*، *Subject and Power*، زۆر بەوردی ئەو بۆچوونەی سەرەوە ڕوون دەکاتەوە و باس لەوە دەکات کە فیکری ئەو سەرقاڵی مەسەلەیەکی ترە جیاواز لە بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی تیۆرییەکی نوێ دەربارەی دەسەڵات. ئەو مەسەلەیەیش کە ئەو بە درێژایی نووسینەکانی خۆی پێوە خەریک کردوە دۆزینەوەی ئەو میکانیزمانە بووە کە وایان کردوە ئینسان ببێتە بابەتی هەرەسەرەکیی ناو کایە جیاوازەکانی فیکر و زانست و دەزگاکان لە دونیای مۆدێرندا[1]. لە دیدی فوکۆ خۆیدا پرسیاری سەرەکیی فیکری ئەو پرسیاری دەسەڵات نییە، بەڵکو پرسیارە دەربارەی چۆنیەتیی لەدایکبوونی خودی مۆدێرن، ئەو پرسیارەش پرسیارێکە لەم بابەتە، چییە وا دەکات لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە مرۆڤ وەک تاکەکەسێک و خاوەنی خودێکی تایبەت، ببێت بە بابەتی سەرەکیی کایە فیکری و زانستییە جیاوازەکان؟ لەو وتارەدا کە لە سەرەوە هێمام پێ کرد، فوکۆ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە فیکری ئەو فیکرێکە دەیەوێت ئەو میکانیزمانە بدۆزێتەوە کە وا دەکەن ئینسان لە "پێناسێکی گشتیی"ەوە بگۆڕێت بە "خودێکی تایبەت،" لە ناوێکی گشتی و نادیارەوە، لە بوونەوەرێکی تەواوەی ناو گروپە دینی و ئەتنی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ببێت بە تاکەکەس، بە تاکەکەسێکی "سەبەخۆ" و خاوەنی "خود"ێکی تایبەت. چییە وا دەکات

---

١ بڕوانە:
Foucault, M. (1982). The Subject and Power. Critical Inquiry, Vol. 8, No. 4, pp. 777-795



https://

خـود لەنـاو فیکـر و بیرکردنـەوەی بـەر لـە مۆدێرنـدا نائامـادە ببێـت، بـەڵام لەپرێکـدا ببێـت بـە بابەتـی هـەرە سـەرەکیی نـاو فیکـر و بیرکردنــەوەی دونیـای مۆدێـرن. فوکـۆ پێمـان دەڵێـت کـە فیکـری ئـەو گەڕانێکـی بەردەوامـە بـەدوای وەڵامـی ئـەم کۆمەڵـە پرسـیارەدا کـە دەشـێت لـە ئاسـتە فەلسـەفییەکەیدا بـەم شـێوەیە دایـان بڕێژینـەوە، ئایـا خـودی ئینسـان چـۆن دروسـت دەبێـت؟ تاکەکـەس چـۆن لەدایـک دەبێـت؟ چیـن ئـەو میکانیزمانـەی خـودە مرۆییـەکان لـە دونیای مۆدێرندا دروست دەکـەن؟ سـنوورەکانی ئـازادی و سـەربەخۆیی و عەقڵانییەتـی ئـەم خـودە چەنـدە؟ ئایـا "خودبـوون" پێدراوێکـی ئەنتۆلۆژیـی پێشـوەخت دەستنیشـانکراوە، یـان بەرهەمێکـی مێژووییـە و کۆمەڵێک میکانیزمـی تایبـەت لەپشـتی هاتنەکایە و دروستبوون و ئامادەبوونییـەوەن؟ ئایا پەیوەندیی نێوان خـود و مەعریفە و خـود و دەسـەڵات چییـە و چۆنـە؟

بـە بۆچونـی مـن لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا کـە ئایا فوکۆ فەیلەسـوفی دەسـەڵاتە یان فەیلەسـوفی شـیکردنەوەی چۆنیەتیی لەدایکبوونـی خـود و تاکەکەسـی مۆدێرنـە، دەکرێـت بەئاسـانی ئەنجامگیـری بکەیـن و بڵێیـن هیـی هەردووکیانـە. چونکە، وەک لـە لاپەڕەکانـی داهاتـوودا نیشـانی ئەدەیـن، خـود و دەسـەڵات لـە فیکـری ئـەم پیاوەدا دوو شـت نین بکرێت لـە یەکتـری جیا بکرێنـەوە، خـود بەرهەمـی شـێوازە جیاوازەکانـی دەسـەڵاتە، بـە دەسـەڵاتی خـود خۆیـەوە لـە کـردەی دروسـتکردنی خۆیدا. پەیوەندیی خـود بـە دەسـەڵاتەوە لـە فیکـری فوکـۆدا بـە ڕادەیەک پتـەوە کـە جیاکردنەوەیان لـە یەکتـری زەحمەتـە، ئەگـەر مەحـاڵ نەبێـت.

# کێشەی بەخودبوون و دروستبوونی تاکەکەس

وەک وتمان، کێشـەی "بەخودبوون" و دروسـتبوونی تاکەکەسـی مۆدێـرن کێشـەی سـەرەکیی نـاو فیکـری فوکۆیـە. ئەمەیـش مانـای لێکدانـەوەی چۆنیەتیی گواسـتنەوەی ڕوانینـە بۆ مـرۆڤ لـە کەسێکەوە کە وەک درێژکراوەی گروپ و دەستە و تاقمـە تەقلیدییـەکان وێنـا دەکرا، بۆ خودێکـی تـازە و مۆدێرن کـە لـە فۆرمـی تاکەکەسـی سـەربەخۆ و عەقڵانییدا ئامادەیە. لە وتـاری *خود و دەسەڵات*ـە کە پێشـتریش هێمامـان پێ کرد فوکۆ ئـەم مەسـەلەیە لـە سـەرەتای سـاڵانی هەشـتادا بـەم شـێوەیە دەخاتـە ڕوو، "بـەر لـە هەمـوو شـتێک حـەز دەکـەم باسـی ئـەوە بکـەم کـە ئامانجـی کارەکانـی مـن لـە بیسـت سـاڵی ڕابـردوودا چـی بـوون. مـن مەبەسـتم ئـەوە نەبـووە لێکدانـەوە و شـیتەڵکردنەوەی دیـاردەی دەسـەڵات ئەنجام بـدەم، نەیشـم ویسـتوە لێکۆڵینـەوە و دۆزینـەوەی ئـەو بنەمایانـە ئەنجـام بـدەم کـە ئـەو جـۆرە



https://

شیتەڵکردنەوەیەی دەسەڵاتیان لەسەر بنیاد بنرێت. لەباتیی ئەو شتانە ئامانجی من بریتی بووە لە نووسینەوەی مێژووی ئەو ڕێگا و شێوازە جۆربەجۆرانەی لە کولتووری ئێمەدا ئینسانیان گۆڕیوە بۆ خود".[1] مەبەستی فوکۆ لە دەستەواژەی "گۆڕینی ئینسان بۆ خود" ئەوەیە چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە، لەناو چ کایە و بە هۆی کام میکانیزمەوە، مرۆڤ لەوە دەکەوێت وەک درێژکراوەی گروپە تەقلیدییەکان ببینرێت و لەباتیی ئەوە وەک تاکەکەسێکی خاوەن خود وێنابکرێت، واتە وەک مرۆڤێک کە خاوەنی خودێکی تاکەکەسیی تایبەتە. چی وا دەکات ئەم ڕوانینە تازەیە بۆ مرۆڤبوون لەدایک ببێت؟ لەکوێدا و بە هۆی کام میکانیزمەوە؟ ئەمەش مانای تێگەیشتن لەوەی چۆن مرۆڤ لە دونیای مۆدێرندا وەک شوناسێکی تایبەت، وەک خودێکی سەربەخۆ و وەک تاکەکەسێکی ئۆتۆنۆم لەدایک دەبێت، ڕێگاکانی ئەم لەدایکبوونە بە کوێدا تێپەڕین و ئەو شتانە چی بوون کە بەشداربوون لەم لەدایکبوونەدا؟ وەک فوکۆ خۆی دەڵێت ئەمە پرسیاری هەرە گرنگ و هەرەسەرەکیی ناو فیکری ئەوە. بەڵام وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەناو تێگەیشتنێکی تایبەتدا بۆ چییەتی دەسەڵاتی مۆدێرن و شێوازی کارکردنی ئەو دەسەڵاتەدا تێدەپەڕێت. گرنگیی دیاردەی دەسەڵات لە فیکری فوکۆدا پەیوەستە بەو پەیوەندییە تایبەتەوە کە فوکۆ لەنێوان دەسەڵات و خود و لەنێوان "بوون بە تاکەکەس" و میکانیزمە دیسپلینکەرەکانی دەسەڵاتی مۆدێرندا، گریمانی دەکات.

---

1 Foucault, M. (1982). The Subject and Power. Critical Inquiry, Vol. 8, No. 4 Summer, p. 777



nbooks

# خود و دەسەڵات

لە لاپەڕەکانی پێشوودا هەوڵمان دا زۆر بەکورتی هێڵە گشتییەکانی ڕوانینی ئەم فەیلەسوفە بۆ دیاردەی دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بخەینە ڕوو. بەڵام وەک فوکۆ خۆی دەڵێت ئەوەی ئەوی بەرەو لێکدانەوەی دیاردەی دەسەڵات بردووە، ئەوەی دەسەڵاتی گۆڕیوە بۆ یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ناو فیکری ئەو، خەونی بەرهەمهێنانی تیۆرییەکی نوێ دەربارەی دەسەڵات نەبووە، بەڵکو هەوڵدان بووە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی دەسەڵات لەسەر مرۆڤ، لەسەر چۆنیەتیی لەدایکبوونی تاکەکەس، لەسەر شێوازەکانی دروستبوون و پاراستن و گۆڕینی خود، بەکورتی ڕۆڵی دەسەڵات لە لەدایکبوونی ئەو بوونەوەرەدا کە ناوی مرۆڤی مۆدێرنە.

لای فوکۆ زیاد لە شێوازێک لەئارادایە بۆ لەدایکبوونی خود و بۆ بوون بە تاکەکەس، ئەم شێوازە جیاوازانەش دەرەنجامی پراکتیکە جیاوازەکانی دەسەڵاتن، یان لە



https://

پەیوەندییەکی دەستنیشانکەردان بە میکانیزمەکانی ئیشکردنی دەسەلاتەوە. فوکۆ کە باس لە دەسەلات دەکات بەتەنها باس لە دەسەلاتی دەولەت و دەزگاکان ناکات، بەلکو باس لە دەسەلاتی مەعریفە و زانستەکانیش و باس لەو پەیوەندییانەش دەکات کە لەنێوان مەعریفەی مۆدێرن و دەزگا سەرەکییەکانی دەسەلاتدا دروست دەبن. ئەمەش وای کردوە لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا خوێندنەوەی دەسەلات پێش مەرجی خوێندنەوەی لەدایکبوونی تاکەکەس و بەرهەمهێنانی خود بێت. لای فوکۆ خود پێدراوێکی پێشین نییە، تاکەکەس شتێک نییە بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووبێت، خود وەک دروستکراوێکی ئەبەدی و پێشین وێنا ناکات. هاوکات خود وەک پێدراوێکی ئەنتۆلۆژی مامەلە ناکات کە بەر لە پرۆسەکان و میکانیزمە مێژووییەکان بوونی هەبووبێت، شتێک بە ناوی "جەوهەر"ێکی ئینسانیی نەگۆڕەوە لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا بوونی نییە، کە هەمیشە و هەردەم بە کۆمەلێک پرسیاری ئەبەدییەوە، یان بە کۆمەلێک پێدراوی نامێژووییەوە ئامادە بێت و بەناو قۆناغ و سەردەمە مەعریفیە جیاوازەکان و بەناو مۆدێل و میکانیزمە جیاوازەکانی دەسەلاتدا، بەبێ گۆڕانکاری تێبپەڕێت. لای فوکۆ خود یان تاکەکەس خالی سەرەتا نییە، شتێک نییە لەوێوە دەست پێ بکەین، خود لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا خالی کۆتاییە، دەرەنجامی چەندەها پرۆسەی مێژوویی سیاسی و مەعریفیی تایبەتە، شتێکە دوای چەندەها کارلێک و کارلێکی پێچەوانە و فرەجەمسەر دروست دەبێت، نەک پێدراوێک هەموو شتەکان لەوەوە دەست پێ بکەن. لای فوکۆ خود یان تاکەکەس



nbooks

شتێک نییە لە سەرەتای سەرەتاکانەوە بوونی هەبێت، بەڵکو بەرهەمێکی مێژووییە کە دوای چەندان پرۆسەی ئاڵۆزی فرەجۆری پڕ لە کارتێکردنی فرەجەمسەر و هەمەلایەنی نێوان دەسەڵات و مەعریفە و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ و دیسپلین و ئاراستەکردن، دێتە کایەوە[1]. بەم مانایە خود و تاکەکەس لە فیکری فوکۆدا ئەسڵێکی بێمێژوو نین، دۆخێکی ناوەکی نین لە ئینسانە سەرەتاییەکانەوە بۆ ئەمڕۆ بوونیان هەبووبێت، بەڵکو دروستکراوێکی تایبەتی ناو مێژوویەکی تایبەت و ناو کۆمەڵێک پەیوەندیی زۆر تایبەتی نێوان مەعریفە و دەسەڵاتن، مەعریفەیەک جیاواز لە مەعریفەی دونیای تەقلیدی بەر لە مۆدێرن و دەسەڵاتێکیش جیاواز لە دەسەڵاتەکانی ناو دونیای تەقلیدی. لە ڕاستیدا یەکێک لەو چەمکانەی کە فیکری ئەم فەیلەسوفە لە فیکری بەشێکی زۆری کەسانی سەردەمەکەی خۆی و پێش خۆشی جیا دەکاتەوە، تێگەیشتنی ئەوە بۆ خود و تاکەکەسە وەک داهێنراوێکی نوێی ناو مێژووی مرۆڤایەتی.

بەڵام تاکەکەسبوون چییە و بە چ مانایەک؟ تاکەکەسبوون لێرەدا هێما بۆ پەیوەندیی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە دەکات، هێما بۆ ئەو ئەزموونە تایبەتە دەکات کە تیایدا مرۆڤ خۆی وەک بوونێکی جیاواز، وەک تاکەکەسێکی تایبەتی خاوەن ئیرادە و ویستی سەربەخۆ و عەقلانیی وێنا دەکات، وێناکردنێک جیای دەکاتەوە لەوانی تر و دەگمەنبوونێکی تاکەکەسی تایبەتی پێ دەبەخشێت. خود لێرەدا مانای ئەزموونکردنی

---

[1] هەموو کتێبی *دیسپلین و سزای* میشێل فۆکۆ تەرخانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە. بڕوانە:

Foucault, Michel (1979). Discipline and Punish. New York Vintage.



https://

ئینسانە بۆ کەسایەتی خۆی وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ و تایبەت، وەک خاوەن شوناسێکی شەخسی، وەک کەسێک کە خۆی سەنتەری شتەکانی دەوروبەری بێت. لە فیکری فوکۆدا لەدایکبوونی ئەم خودە تایبەتە دوا دەکەوێت بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بە هاتنەکایەی دەسەڵاتی دیسپلین و چاودێریکردنەوە هەیە کە، وەک نیشانمان دا، سیستمی زیندان مۆدێلە سەرەکییەکەیەتی، دەسەڵاتێک ئاکاری سەرەکیی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەستنیشان دەکات و هێزی گەورەی لەدایکبوونی دونیای مۆدێرن خۆشیەتی[1].

لەم ڕوانینەدا فوکۆ سەرسەختانە بەرگری لەو بۆچوونە دەکات کە پێی وایە ئەوەی خود دروست دەکات، ئەوەی مرۆڤ دەکات بە تاکەکەسێکی سەربەخۆ و تایبەت، شتێک یان هێزێک نییە هەمیشە و هەردەم بە شێوەیەکی غەریزی یان ناغەریزی، لەگەڵ مرۆڤ و لەناو مرۆڤدا بوونی هەبێت، بەڵکو ئەوەی دروستی دەکات شێوازێکی زۆر تایبەتی دەسەڵات و شێوازێکی زۆر تایبەتی مەعریفە و شێوازێکی زۆر تایبەتی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەنێوان دەسەڵات و مەعریفەدا دروست دەبێت، ئەم گشتە گەورە و ئاڵۆزەیە وا دەکات تاکەکەسی مۆدێرن دروست ببێت. دەسەڵاتی مۆدێرنە، بیۆدەسەڵات و دەسەڵاتی دیسپلینکەر، زۆر بەرهەمی جیاوازیان هەیە، یەکێک لەو بەرهەمانە بریتییە لە دروستبوونی خود، دروستبوونی تاکەکەسی هاوچەرخ. ئەم وێنەیە کە فوکۆ بۆ خود و تاکەکەسی مۆدێرن دروستی دەکات، بەتایبەتی لە کتێبی

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشو.



nbooks

*دیسیپلین و سزا*دا دواجار لە گەشەکردنی فیکری خۆیدا و لە کتێبەکانی کۆتایی تەمەنیدا، بەتایبەتی لە دوو بەرگەکەی کۆتایی کتێبی *مێژووی سێکسوالیتە*دا، هەندێک گۆڕانکاریی گرنگی بەسەردا دێت کە لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا بەدرێژیی باسی دەکەین.



https://

# سێ قۆناغی جیاواز و دوو ڕوانین بۆ دروستبوونی تاکەکەس

هەندێک لە فوکۆناسەکان، ڕوانینی فوکۆ دەربارەی چۆنیەتیی دروستبوونی خود و تاکەکەسی مۆدێرن بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکەن کە بریتین لە، یەکەم، "قۆناغی ئارکیۆلۆژیا" کە تیایدا فوکۆ گرنگی سەرەکی بە ڕۆڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان ئەدات لە دروستبوونی تاکەکەسی مۆدێرندا، وەک چۆن گرنگیی بە لێکۆڵینەوە لە چییەتی مەعریفەی مۆدێرن و لە چۆنیەتی بەرهەمهێانی ئەم مەعریفەیە ئەدات. دووهەم، "قۆناغی جینالۆجیا"یە کە فوکۆ تیایدا گرنگی بە ڕۆلی دەسەڵاتی مۆدێرن لە دروستبوونی تاکەکەسیی مۆدێرندا ئەدات، وەک چۆن خەریکی شیکردنەوەی میکانیزمەکانی کارکردن و چۆنیەتیی لەدایکبوونی سیستمی دیسپلین و کۆنترۆڵکردنە لە دونیای مۆدێرندا. قۆناغی سێهەمیش قۆناغی "قۆناغی ئەتیک" یان "قۆناغی ئەخلاق"ە. فوکۆ لێرەدا خەریکی



nbooks

شیکردنەوەی ئەو میکانیزمانەیە کە بە هۆیانەوە تاکەکەس بە شێوەیەکی سەربەخۆ خۆی بەشدارە لە دروستکردن و داهێنانی کەسایەتیی خۆیدا، ئەم قۆناغە قۆناغی دروستبوون و شیکردنەوەی خودی ئینسانە لە دەرەوەی فشار و ستراتیژەکانی دیسپلین و کۆنترۆلکردندا، قۆناغی داهێنانی مرۆڤە بۆ خودی خۆی و کارکردنی ئازادانەی خۆیەتی لەسەر کەسایەتی خۆی[1].

بە شێوەیەکی گشتی لە بواری فوکۆناسیدا دوو دیدی جیاواز لەم سێ قۆناغەدا بۆ چۆنیەتیی دروستبوونی خود و بەرهەمهێنانی کەسایەتیی مرۆڤ لە دونیای مۆدێرندا لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. لە یەکەمیاندا فوکۆ باس لە لەدایکبوونی خودێکی دیسپلین و کۆنترۆلکراوی پاسیڤ و ناچالاک دەکات، کە هەم دیلی مەعریفە و زانست و هەم دیلی تەکنیکە زۆرەکانی کارکردنی دەسەڵاتە لەناو دەزگا گەورەکانی دونیای مۆدێرندا. ئەم ڕوانینەش بە قۆناغی ئارکیۆلۆژیا و جینالۆجیا لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا دەبەستنەوە. هەرچی دیدی دووهەمە دیدێکە خود یان تاکەکەس چیدی بەتەنها وەک دیلی شێوازەکانی مەعریفە و مۆدیلەکانی دەسەڵات نابینێت و تەنها ئەوان بە دروستکەر و داهێنەری تاکەکەس نازانێت، بەڵکو خودی تاکەکەس خۆشی وەک هێزێک لە دروستکردن و دارشتن و بەرهەمهێنانی شوناسی خۆیدا وێنا دەکات. لەم قۆناغەدا فوکۆ پشت ناکاتە ئەو ڕوانینانەی پێشتری کە

١ بڕوانە:
McLaren, M. A. (2002). Feminism, Foucault, and embodied subjectivity. Albany: State University of New York Press. P. 3-4.



https://

دروستکردنی خود بە جەبرەکانی مەعریفە و تەکنیکەکانی ئیشکردنی دەسەلاتی مۆدێرنەوە گرێ ئەدات، ئەوەی ڕوو دەدات ئەوەیە ئەو چیتر ئەو جەبرانە بە تاکە هێزی دروستکردنی خود نازانێت. لەم قۆناغە نوێیەدا، کە وەک وتم بە قۆناغی ئەتیک ناو دەبرێت، فوکۆ لەپاڵ ئەو جەبرانەدا، تاکەکەس خۆشی وەک بکەری ژیانی خۆی دەناسێنێت، وەک کەسێک دەتوانێت بەرگری بکات و خۆی بەشدار بێت لە دارشتنی جوگرافیا ناوەکییەکەی خود و کەسایەتیی خۆیدا. تاکەکەس دەتوانێت خودساز بێت، بوونەوەرێکی سەربەخۆ بێت و وەک بکەرێکی ئەکتیڤ و چالاک خۆی لە جەبر و فشارەکانی مەعریفە و دەسەلات ڕزگار بکات. لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا کە باس لە مەسەلەی بەرگری لە فیکری فوکۆدا دەکەم دەگەڕێمەوە سەر باسکردنی ئەم قۆناغی سێهەمە و بەوردی لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوی قسە دەکەم.

بەکورتی بەپێی ئەو ڕوانینەی سەرەوە دەکرێت دوو تێگەیشتن و دوو وێنە و دوو تێڕوانینی جیاواز لە فیکری فوکۆدا بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتیی لەدایکبوونی خودی مرۆڤ لە دونیای مۆدێرندا لە یەکدی جیا بکەینەوە. یەکەمیان، وێناکردنی خودە وەک خودێکی پاسیڤی ناچالاک و کارلەسەرکراو و دروستکراو. دووهەمیان وێناکردنی خودە وەک بکەرێکی چالاک و بەشدار لە کردەی دروستکردنی کەسایەتیی خۆیدا، وەک وزەیەک کە توانای بەرگرییکردن و خودسازییەکی سەربەخۆی هەیە. لە ڕوانینی یەکەمدا خود تەنها ناچالاک نییە، بەڵکو وەک شتێکی دروستکراو



nbooks

و کارلەسەرکراو ئامادەیە، دەسەڵات بەو شێوەیە دروستی دەکات و دای دەڕێژێت کە دەیەوێت، مەعریفە بەو شێوەیە پێناسی دەکات و دەیناسێنێت کە دەخوازێت. بەڵام لە دووهەمیاندا خود خۆی کار لەسەر خۆی دەکات و خۆی بەشدارە لە داهێنانی خۆیدا وەک بوونەوەرێکی تایبەت.

وێنەی یەکەمیان لە قۆناغی سەرەتاکانی نووسینی فوکۆوە دەست پێ دەکات و تا نووسینی کتێبی *دیسپلین و سزا* لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا درێژە دەکێشێت. کتێبە گرنگەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە *مێژووی دێوانەیی* کە هەندێک جار وەک *دێوانەیی و شارستانییەت* ناو دەبرێت، کتێبی *لەدایکبوونی خەستەخانە*، کتێبی *ئارکیۆلۆژیای مەعریفە* و کتێبی *وشەکان و شتەکان* و کتێبی *دیسپلین و سزا*. بە درێژایی ئەم قۆناغە فوکۆ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ گریمان دەکات لەنێوان مەعریفە و دەسەڵات و خوددا. کەسایەتی "دێوانە" وەک خودێکی نائاسایی و هەڵە لە پەیوەندیدا بە مەعریفەیەکەوە دێتە کایەوە کە خۆی وەک زانست و مەعریفەیەکی عەقڵانیی وێنا دەکات. ئەم مەعریفە عەقڵانییە، کە گوایە خودێکی عەقڵانیی هەڵگریەتی، هەرچییەک لە خۆی نەچێت، وەک خودێکی ناعەقڵانیی و نائاسایی و ناڕاست مامەڵە دەکات[1]. لە کتێبی *دیسپلین و سزا*شدا فوکۆ لە جەبرەکانی مەعریفە و زانستەوە دەگوازێتەوە بۆ شێوازی ئیشکردنی دەزگاکانی دونیای مۆدێرن و چۆنیەتیی بەشداربوونیان لە دروستکردنی

١ ئەم دیدەی فۆکۆ دیدێکی ئاڵۆزە و تێزی دکتۆراکەی لەسەر چۆنیەتی وێناکردنی دێوانەیی لە سێ قۆناغی جیاوازی مێژووی خۆرئاوادا بەرجەستەکەری ئەم ڕوانینەیە...

کەسـایەتیی مرۆڤـی مۆدێرنـدا، لـەم کتێبـەدا خـود وەک بەرهەمێکـی ڕاسـتەوخۆی تەکنیکـە مۆدێرنەکانـی دەسـەڵات دەبینرێـت و کەسـایەتیی مـرۆڤ بـە یەکێـک لـە دەرەنجامەکانـی کارکردنـی دەسـەڵات لەسـەر جەسـتە و ڕۆحـی ئینسـان لەقەڵـەم ئـەدات، خـود لێرەدا وەک "شـت"ێکی دروسـتکراو وێنا دەکرێـت کـە بەرهەمـی شـێوازی ئیشـکردنی میکرۆفیزیـای دەسـەڵاتە[1].

وێنـەی دووهەمیـان لـە بەشـی دووهـەم و سـێهەمی کتێبـی *مێـژووی سێکسـوالیتە* و هەندێـک نووسـینی تـری فوکـۆدا دروسـت دەبێـت کە تـا مردنـی فوکـۆ لـە سـەرەتای هەشـتاکاندا درێـژە دەخایەنێـت. لـەم نووسـینانەدا فوکـۆ بڕێکـی زۆر لـە سـەربەخۆیی بـە خودسـازیی و ڕۆڵـی تاکەکـەس لـە داهێنانـی کەسـایەتیی خۆیدا دەبەخشـێت، خـود لێرەدا چیـی دی خودێکـی پاسـیڤ نییـە کـە دەسـەڵات لـە هەمـوو ئاسـتێکدا لەنـاو ڕۆح و جەسـتەیدا ئامـادە بێـت و بـەو شـێوەیە دروسـتی بـکات کە لەگەڵ سـتراتیژەکانیدا بگونجێـت. خـود لێرەدا چیدی بەتەنها خودێکـی دیسـپلینکراو و ئاراسـتەکراو نییـە، بەڵکـو وەک خودێکـە لـە ڕێگای بەرگریکردنـەوە توانـای ئیشـکردنی سـەربەخۆی لەسـەر خـودی خـۆی هەیـە و دەتوانێـت لـە هەڵوێسـتێکی ئۆتۆنۆمیـدا بێت بەرامبـەر بـە میکانیزم و شـێوازە باڵادەسـتەکانی کارکردنـی دەسـەڵات[2].

1 Foucault, Michel (1979). Discipline and Punish

٢ بڕوانـە بەشـی دووهـەم و سـێهەمی کتێبـی مێژووی سێکسـوالیتە کـە ناونیشـانەکانیان بـە ئینگلیزیـی ئەمەیـە:
Foucault, Michel (1990). The History of Sexuality, Vol. 2: The Use of Pleasure. Vintage Books; Reissue edition.

بەشی سێهەم:
Foucault, Michel (1988). The History of Sexuality, Vol. 3:



nbooks

تەواو وەک چۆن دروستبوونی خود لەو دوو وێناکردنەدا شێواز و دەرکەوت و میکانیزمی جیاوازی دروستبوونی هەیە، ئاوا دەسەڵاتیش لەو دوو وێناکردنەدا مانا و دەرکەوت و شێوازی ئیشکردنی جیاوازی هەیە، هەروەها بەرگرییش لە هەریەکێک لەو دوو وێناکردنەدا بە شێوازی جیاواز ئامادەیە. خاڵێک گرنگە هێمای پێ بکەین ئەوەیە کە هەردوو وێناکردنەکەی فوکۆ بۆ چۆنیەتیی لەدایکبوونی تاکەکەس لە دونیای مۆدێرندا وێناکردنێکە لە پەیوەندییەکی تەواو ڕەخنەییدایە بە دیدی هیومانیستییەوە بۆ چۆنیەتیی لەدایکبوون و چییەتی تاکەکەسی مۆدێرن. فوکۆ فەیلەسوفێکی دژەئینسانگەرایی، هیومانیستییە و پێی وایە ئەوەی فەلسەفەی هیومانیزم لەسەر تاکەکەسی مۆدێرن دەیڵێت، وەهمێکی تەواوە. با کەمەکێک درێژتر لەم خاڵە ڕابمێنین.

---

The Care of the Self . Vintage; Reprint edition.



https://

# فوکۆ و هیومانیزم

لـه لاپەڕەکانـی داهاتـوودا بەدرێژیـی لەسـەر ئـەو تێـز و بۆچوونانـەی میشـێل فوکـۆ لـە سـەرەوە هێمایەکـی خێرامـان پێ کرد دەوەستین، ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە جەختکردنەوەیە لەسـەر ئـەو خاڵـە کـە فوکـۆ لـە هـەردوو وێنەیەکدا بـۆ خـود و کەسـایەتیی مـرۆڤ و لـە هەرسـێ قۆناغەکـەی تەمەنـی نووسینیدا دژ بە ڕوانینی ئینسانگەرایی بۆ مرۆڤ کار دەکات، واتـە دژ بـەو دیـدەی لـە مێـژووی فیکـردا بـە دیدی هیومانیـزم یان هیومانیستی ناسراوە. کارەکانی فوکۆ ڕەخنەیەکی درێژن لـە هیومانیـزم و ئـەو ڕوانینـەی هیومانیـزم بـۆ مرۆڤ بەگشـتی و بـۆ مـرۆڤ لـە دونیـای مۆدێرنـدا بەتایبەتـی هەیەتـی. فوکـۆ تەنهـا وێنەکانـی دیـدی هیومانیسـتی و فەلسـەفەی هیومانیـزم بـۆ خـودی ئینسـانی ڕەت ناکاتـەوە، بەڵکـو وەک وێنەیەکـی تـەواو هەڵـە و ناڕاسـت و میتافیزیکیـش مامەڵـەی دەکات، وەک وێنەیـەک کـە هـەم ڕێ لـە تێگەیشـتنێکی ڕاسـتەقینە لـە خـودی مـرۆڤ لـە دونیـای مۆدێـرن دەگرێـت و هـەم ڕێ لـە



nbooks

تێگەیشتن لەو دەزگایانەش دەگرێت کە لە دونیای مۆدێرندا ئەو خودە ئینسانییە بەرهەم دەهێنن، هەم ڕێ لە تێگەیشتنی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی زانست و مەعریفەی مۆدێرن لەسەر کەسایەتی و هەم لە پەیوەندیی نێوان ئەو زانستانە و دەزگاکان دەگرێت. لە هەموو قۆناغەکانی بیرکردنەوەیدا فوکۆ لەسەر تێکشکان و ڕەتکردنەوەیەکی سەرتاسەریی ئەو وێنەیە کار دەکات کە فیکری هیومانیزم بۆ خودی مرۆڤ بەگشتی و بۆ مرۆڤی مۆدێرن بەتایبەتی، هەیەتی. لەم ڕووەوە هەڵە نییە کە فیکریی فوکۆ وەک فیکرێکی "دژەهیومانیزم" و خۆشی وەک یەکێک لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی دیدی هیومانیستی بناسین.

هیومانیزم یەکێکە لە ڕەوتە سەرەکییەکانی ناو فیکری ڕۆشنگەری و لەسەر ئەو کۆمەڵە وێنە و گریمانانە کار دەکات کە ڕۆشنگەری دەربارەی ئینسان و خود پێشنیاریان دەکات. بە شێوەیەکی گشتی ڕۆشنگەری کە باس لە مرۆڤ دەکات باس لە بوونەوەرێک دەکات بە چوار ئاکاری سەرەکییەوە: یەکەمیان، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئازاد. دووهەم، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ. سێیەم، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی عەقلانیی و چوارەمیش، مرۆڤ وەک هەڵگری خودێکی گەردوونی. دیدی فوکۆ بۆ مرۆڤ تەواو پێچەوانەی ئەم دیدە هیومانیستییە و ڕەخنەیەکی توندیشە لە هەریەکێک لەو چوار ئاکارە کە هیومانیزم بە ئینسانی دەبەخشێت[1].

هیومانیزم باوەڕی وایە مرۆڤ بە جەوهەر بوونەوەرێکی

---

١ دەربارەی هیومانیزم، بڕوانە:
McLaren (2002)Feminism, Foucault, and embodied subjectivity.



https://

عەقڵانییە و ئەم عەقڵانییبوونەش شتێک نییە لەناو گەشەکردنێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی تایبەتدا لەدایک بووبێت، عەقڵانییبوونی مرۆڤ پێدراوێکە لەگەڵ بوونی مرۆڤ خۆیدا وەک مرۆڤ بوونی هەیە. هیومانیزم هەروەها باوەڕی وایە کە خودی عەقڵانیی خودێکی پێشوەختپێدراوە و عەقڵانییەت سیفەتێکی سروشتیی مرۆڤە وەک مرۆڤ. هاوکات باوەڕی وایە کە بیرکردنەوەی عەقڵانیی توانای دۆزینەوەی هەقیقەتەکانی هەیە و ئەو هەلە بە مرۆڤ دەبەخشێت بتوانێت هەقیقەتەکان بدۆزێتەوە و لە وەهم و خورافەت و ناهەقیقەت جیای بکاتەوە. فیکری فوکۆ هەموو ئەم سیفەت و ئاکارە عەقڵانییانە، بەو شێوەیەی هیومانیزم باسی دەکات، ڕەت دەکاتەوە و عەقڵ خۆشی وەک دیاردەیەکی مێژوویی‌و عەقڵانییەت وەک پرۆسەیەکی خاوەن مێژوو نماییش دەکات. لە هەموو ئەمانەشدا ڕۆڵی ناعەقڵ بەوردی نیشان ئەدات و ئەو قوربانیانەش وەبیر دەخاتەوە کە عەقڵانییەت لە مێژووی خۆیدا دروستی کردون و دروستیان دەکات.

ئەگەر هیومانیزم باوەڕی وایە کە ئینسان بوونێکی یەکگرتوو و هاوئاهەنگ و بێناکۆکی و هۆشیارانەی هەیە، مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشیار و ئاگادارە لەوەی چی دەکات و چی ناکات، ئاگای لەوەیە چۆن لەناو پەیوەندییەکان و دەزگاکان و هەقیقەتەکاندا نیشتەجێیە و ئەم هۆشیاربوونەیش تەنها هۆشیاری بە دونیا و بە ئەوانی تر نییە، بەڵکو هۆشیاریشە بەرامبەر بە خودی خۆی، بەتایبەتی خود وەک خودێکی بیرکەرەوە کە دەتوانێت پرۆسەکانی بیرکردنەوەی خۆی دەستنیشان و ئاراستە بکات و بە شێوەیەکی



nbooks

عەقلانییش بەڕێوەیان ببات. دەڵێم ئەگەر ئەمە دیدی باڵادەستی هیومانیزم بێت بۆ مرۆڤ، ئەوا فوکۆ لەمەشدا وێنەیەکی تەواو ئاڵۆزتر و لە زۆر کاتدا پێچەوانەی ئەم دیدە هیومانیستییەمان سەبارەت بە مرۆڤ نیشان ئەدات.

ئەگەر هیومانیزم باوەڕی وایە کە مێژووی ئینسان بریتییە لە مێژووی پێشکەوتنی بەردەوامی ئەم بوونەوەرە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، لە سەردەمێکی دواکەوتووەوە بۆ سەردەمێکی پێشکەوتووتر، لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ قۆناغێکی بەرزتر، بۆ نموونە گواستنەوە لە قۆناغی سزای جەستەیی ئاشکراوە بۆ قۆناغی داهێنانی زیندان و گواستنەوە لە سزاوە بۆ زیندانکردن، ئەوا فیکری فوکۆ ئەم تێزەی "پێشکەوتن"ە بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە و ئەو گۆڕانانەی ڕوو دەدەن بە چەمکەکانی "پێشکەوتن" و "بەرەوپێشچوونن" لێک ناداتەوە، بەڵکو وەک گۆڕانێک لە ستراتیژییەتەکانی دەسەڵاتدا دەیانبینێت کە تیایاندا لە ستراتیژێکەوە کە ناتوانێت بەباشی کار بکات و چالاک بێت، بۆ ستراتیژێکی تر کە باشتر کار دەکات و چالاکانەتر مرۆڤ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هاوکات فوکۆ پێی وایە لە ئاستی هۆشیاریشدا ئەو گۆڕانکارییانە مانای پێشکەوتن نین لە هۆشیارییەکی سەرەتاییەوە بۆ هۆشیارییەکی پێشکەوتوو، بەڵکو مانای بەرپابوونی گۆڕانە لە پەیوەندیی نێوان مەعریفە و دەسەڵاتدا. بەکورتی ئەگەر باوەڕبوون بە پرۆسەی "پێشکەوتنی بەردەوام" یەکێک لە تێزە گرنگەکانی فیکری هیومانیزم بێت و هیومانیزم ئەم "پێشکەوتن"ە بەردەوامە وەک لۆژیکی ناوەکیی مێژوو ببینێت و جووڵە و گۆڕان و ئاراستەکانی ئەو مێژووەش وەک جوڵە



https://

بەرەوپێشچوونی زیاتر ببینێت، ئەوا فیکری فوکۆ تەواو بەم ڕوانینەشیان ناکۆکە[1].

لە فەلسەفەی هیومانیزمدا عەقڵانییبوونی مرۆڤ پرنسیپی هەرەسەرەکی بوونی ئینسانییە، مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵانییە و ئەم عەقڵانییبوونەش ئەو ئاکارەیە کە ئەو لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا عەقڵانییبوون سەرچاوەی سەرجەمی ئاکارەکانی تری مرۆڤیشە، هەموو هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی لەم مەسەلەیەوە سەرچاوە دەگرێت و عەقڵ چوارچێوەی سەرەکیی جووڵە و بیرکردنەوەی مرۆڤە لەناو مێژوودا، چ مێژووی شەخسیی خۆی، چ مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی. ئەمەش مانای ئەوەیە گەر ئینسان عەقڵانیی نەبێت، ئەوا نە دەتوانێت ئازاد بێت، نە دەتوانێت سەربەخۆ بێت، نە دەتوانێت خاوەنی خودێکی ئۆتۆنۆم بێت، نەدەتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا پێکەوە بژی. بۆیە عەقڵانییبوون مەرجی پێشینی ئازادبوون و ئۆتۆنۆمبوون و بەخودبوونی مرۆڤەکانە. عەقڵ ئەو ژێرخانە قووڵەیە کە سەرجەمی ئاکارەکانی تری مرۆڤی لەسەر بونیاد دەنرێت.

---

١ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشو ل٢٠



nbooks

# پرسیار لە هیومانیزم

لە ئاستە کۆنکریتییەکەیدا یەکەمین پرسیارێک فیکری فوکۆ لەم پێداگرتنە ریشەیی و هەمەلایەنەی هیومانیزم لەسەر عەقڵانیبوونی مرۆڤ، ئەوەیە ئەو کەسانە کێن کە هیومانیزم پێیان دەڵێت کەسانی عەقڵانیی و ئەوانەی تر کێن کە هیومانیزم وەک کەسانی ناعەقڵانیی پێناسەیان دەکات و دەریان دەکاتە دەرەوەی جوگرافیای عەقڵانییەتەوە؟ ئایا پێوەرەکانی عەقڵانییەت کامانەن و چۆن دروست دەبن؟ بۆ لەسەردەمێکی دیاریکراودا شتێک بە عەقڵانیی و شتێکی دیکە بە ناعەقڵانیی لەقەڵەم ئەدرێت؟ کێن ئەوانەی پێمان دەڵێن فڵانە بۆچوون و هەڵسوکەوت و ئەخلاقیات عەقڵانییە و فیسار بۆچوون و هەڵسوکەوت و ئەخلاقیات ناعەقڵانییە؟ پێوەرەکانی کردنی کەسێک یان بۆچوونێک یان دیدێک بە ”ناعەقڵانیی“ کامانەن؟ ئایا ناونانی شتێک یان کەسێک یان دیاردەیەک بە ناعەقڵانیی و ئەوانی تر بە عەقڵانیی، ناونانێکی بێگوناه و بێلایەنە، یاخود لەپشتی ئەم ناونانەوە چەندان میکانیزمی



https://

دیار و نادیار، چەندان فۆرمی هەڵاوێردن و پەراوێزخستن، چەندان پۆلێن و جیاکاریی ناعەقڵانیی ڕۆڵ دەبینن و کردەی ناونان و پۆلێنکارییەکان لە کردەیەکی زانستی و بابەتییەوە دەگۆڕێن بۆ کردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەیبەستنەوە بە ستراتیژەکانی دەسەڵاتەوە؟

کردنی ئەم پرسیارانە فیکری فوکۆ بەرەو خوێندنەوە و پشکنینی مێژووی دێوانەیی و مێژووی خەستەخانە و مێژووی زیندان و مێژووی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان برد. واتە بەرەو خوێندنەوەی مێژووی هەموو ئەوانەی عەقڵانییەتی مۆدێرن وەک ناعەقڵانیی و نەخۆش و تاوانبار و نائاسایی ناویان دەنێت. دێوانە وەک هێما بۆ غیابی عەقڵ و عەقڵانییەت، خەستەخانە وەک هێما بۆ شوێنی کۆکردنەوەی کەسانی نەخۆش و بیمار، زیندانیش وەک شوێنی گلدانەوەی کەسە نائاسایی و تاوانبارەکان و جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگا. فوکۆ لە پشکنینی ئەم دیاردانەدا کۆمەڵێک وێنەی تایبەتی مرۆڤ و کۆمەڵێک میکانیزم دەدۆزێتەوە تەواو ناکۆک بەو وێنە باڵادەستەی کە فیکری هیومانیزم بۆ مرۆڤ و بۆ عەقڵ و بۆ گەشەی کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی پێشنیار دەکات. فوکۆ لە کتێبەکانی *مێژووی دێوانەیی* و *لەدایکبوونی خەستەخانە* و *ئارکیۆلۆژیای مەعریفە*دا، حیکایەتی دروستبوونی ئەو "عەقڵانییەت"ەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە سەدەی هەژدەهەمەوە باڵادەست دەبێت و پێمان دەڵێت مرۆڤی ساغ و کۆمەڵگای ساغ و خودی ساغ کامەیە، هەروەها پێشمان دەڵێت مرۆڤی ناساغ و کۆمەڵگای نائاسایی و خودی ناعەقڵانیی کامەیە، کام کەس و کۆمەڵگای نەخۆش و بیمارە و کام کەس و کۆمەڵگا



nbooks

تەندروستە. لەم کتێبانەدا فوکۆ لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە هەموو ئەو مرۆڤ و تاکەکەس و شێوازی بیرکردنەوانەی کە شێوازە باو و باڵادەستەکانی مرۆڤبوون و خودبوون و عەقڵانییەتیان قبوڵ نییە، هەموو ئەو جۆرانەی تری عەقڵ و ناعەقڵ کە عەقڵانییەتی باڵادەستیان قبوڵ نییە، هەموو ئەو شێوازانەی مرۆڤ کە ناچنە ناو پێناسە عەقڵانییە باڵادەستەکەوە، هەموویان، وەک کەسانی ناعەقڵانیی و نائاسایی و ناسروشتیی و کەسانی شێت و شاز و نەخۆش و بیمار و ترسناک پێناسە دەکرێن و دەزگا دروست دەکرێت بۆ کۆکردنەوەیان و دەکرێنە دەرەوەی جوگرافیای ئاساییبوونی کۆمەڵگاوە. هەندێکیان دەخرێنە خەستەخانەکانەوە، هەندێکیان دەخرێنە زیندانەکانەوە هەندێکیشیان دەخرێنە شێتخانەکانەوە. بەم شێوەیە هەموو ئەوانەی کە نۆرم و بەها و ئەخلاقیات و شێوازی نووسین و جۆری بیرکردنەوەی باڵادەستیان قبوڵ نییە، کە هیومانیزم وەک تاقە شێوازی عەقڵانییانەی مرۆڤبوون نمایشیان دەکات، دەکرێن بە بوونەوەری نائاسایی و ناعەقڵانیی و نەخۆش، مرۆڤی شێت و ترسناک کە پێویستیان بە چاککردنەوە و ئاساییکردنەوە هەیە و پێویستە بۆ ئەم مەبەستە لەناو دەزگا مۆدێرنەکانی وەک بیمارخانە و زیندانـدا کۆ بکرێنەوە.

هاوکێشە هیومانیستییەکە پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت هەموو ئەو کەسانە مادامەکی عەقڵانیی نین بۆیە ناتوانن ئازاد بن، ناتوانن سەربەخۆ بن و ناتوانن خاوەنی خودێکی ئۆتۆنۆم بن، هاوکات ناتوانن بە شێوەیەکی "ئاسایی" و "سروشتیی" لە کۆمەڵگادا ئامادە بن و بەشێک بن لە



https://

ژیانی کۆمەڵایەتی. هەموو ئەمانە کەسانێکن "نەخۆش" و "لەڕێلادەر" و "شاز" و "بیمار" و "ترسناک" و پێویستە هەم کۆمەڵگا لە کاریگەرییە خراپەکانیان بپارێزرێت، هەم خۆشیان لە خۆیان بپارێزرێن. دروستکردنی دەزگا مۆدێرنەکانی زیندان و کردنەوەی شێتخانەکان و دامەزراندنی بیمارخانە دەروونییەکان و زۆرێک لە دەزگا گرنگەکانی تری دونیای مۆدێرن، لەسەر ئەو پۆلێنکردن و جیاکردنەوەیەی مرۆڤەکان دروست بوون کە فیکری هیومانیزم لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. بەمەش عەقلانییەتی مۆدێرن، بە ناوی عەقڵ و هیومانیزمەوە، ژمارەیەکی گەورە لە مرۆڤ و لە ئەزموونی تایبەتی مرۆڤبوون دەکاتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوە و هەموویان وەک بیماری مامەڵە دەکات و لەناو دەزگا تایبەتەکانی ناو دونیای کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و مەعریفیی مۆدێرندا نیشتەجێیان دەکات.

ئەو خاڵەی میشێل فوکۆ لە خوێندنەوە و پشکنینی ئەم پرۆسە مێژووییە گەورە و بەرفراوانەی جیاکردنەوەی ساغ لە بیمار و شێت لە عاقڵ و عەقلانییەت لە ناعەقلانییەتدا جەختی لێ دەکات، ئەوەیە کە عەقلانییەتی باڵادەست عەقلانییەتێکی بێگوناه و بێمەبەست و بێلایەن نییە، باڵادەستبوونیشی تەنها لە ڕاستی و دروستیی ئەرگیومێنت و گریمانە و داوەرییەکانییەوە نەهاتووە، هەروەها تەنها پابەندی ئەوەش نییە کە گوایە زانیاریی زانستییانەی لەسەر ئەو دیاردانە لە بەردەستدایە، باڵادەستبوونی ئەم عەقلانییەتە هیومانیستییە وابەستەی پەیوەندییەکانی ئەوە بەو دەسەڵاتە



nbooks

مۆدێرنانــەوە کــە دروســت دەبــن، جــا چ دەســەڵاتی مەعریفــە بێت یاخــود دەســەڵاتی سیاســیی، لــە زۆر کاتیشــدا پەیوەندیــی بــە هەردووکیانــەوە هەیــە. بەکورتــی ئــەوەی فوکــۆ ئەنجامــی ئــەدات ســەندنەوەی بێگوناهــی و بێلایەنییــە لــە عەقڵانییــەت و گرێدانەوەیەکــی توندیەتــی بــەو گەمانــەوە کــە دەســەڵات و هەقیقــەت لــە ساتەوەختێکی مێژووی دیاریکراودا لەگەڵ یەکدا و لەگــەڵ دونیــای کۆمەڵایەتیــدا دەیکــەن. بــەو گوتارانــەوە کــە بەرهــەم دێــت و بــەو کــەس و دەزگایانــەوە کــە بــە نــاوی ئــەو گوتارانــەوە لەنــاو مێژووی کۆمەڵایەتیدا چالاکانە کار دەکەن. لە دیــدی فوکــۆدا هەمــوو ئــەو "هەقیقەت"انــەی دیــدی هیومانیســتی لــە ســاتەوەختێکی مێژوویــی گەشــەکردنی سیاســی و مەعریفیدا بەرهەمــی دەهێنێــت، "هەقیقــەت"ی بێمبەســت و بێلایــەن و بێگونــاه نیــن، بەڵکــو بەشــێکن لــە پەیوەندییــە ئاڵۆزەکانــی نێــوان دەســەڵات و مەعریفــە، لــە چۆنیەتیــی کارکردنــی دەزگاکان و لــە جەبــر و فشــاری گوتــارەکان. لــەم ڕوانینــە فوکۆییــەدا باڵادەســتبوونی دیدێــک یــان بۆچوونێــک یــان وێنەیــەک یــان جۆرێکــی تایبــەت لــە خــود، لــەوەوە نەهاتــووە کــە ئــەو دیــد و بۆچــوون و وێنەیــە لــە هەمــوو دیــد و بۆچــوون و وێنەکانــی تــری مــرۆڤ ڕاســتتر و واقیعتــر و هەقیقیتــرە، واتــە پێــوەرە زانستییەکان و نزیکی و دووریی ئەو وێنانــە لــە "هەقیقــەت"ەوە دەســتەبەری باڵادەســتبوونی ئــەو وێنانــە ناکــەن، بەڵکــو ئــەو پەیوەندییانــە ئەو کارە دەکەن کە ئەو وێنــە و ڕوانینانــە لەگەڵ فۆرمــە باڵادەستەکانی مەعریفــە و دەســەڵاتدا دروســتی دەکــەن، شــێوازی ئــەو پەیوەندییانەیــە دەستنیشــانی باڵادەســتبوون یــان نەبوونــی ئــەو ڕوانیــن و وێنانــە بــۆ مــرۆڤ و بــۆ مرۆڤبــوون



https://

دەکـەن. لای فوکـۆ لەنـاو هەمـوو هەقیقەتێکـدا بڕێـک لـە دەسـەڵات ئامادەیـە و هەمـوو هەقیقەتێکیش کـە دروسـت دەبێت بڕێـک لـە دەسـەڵات دروسـت دەکات. ئـەم دروسـتبوون و بەرجەسـتەبوونەش بەرهەمـی بابەتیبـوون و زانسـتبوون نییـە بەتەنهـا، بەڵکـو سیاسـەتێکی تایبەتـی بەرهەمهێنانـی هەقیقـەت ئاراسـتەی دەکات. هـەر ئـەم سیاسەتەشـە هـۆکاری سـەرەکی ئـەوەی دیدێـک یـان ڕوانینێـک ببێـت بـە هەقیقـەت و بـە نـاوی ئەو هەقیقەتەشـەوە زۆر شـتی تر وەک هەڵە و ناشـاز و بیمـار و نەخـۆش و نەشـیاو، یـان بێدەنـگ بـکات، یـان پەراوێـز یـان لـە زینـدان و نەخۆشـخانەکاندا گلیـان بداتـەوە. ئـەوەی فوکـۆ دەیەوێت لەبەرامبـەر دیـدی هیومانیسـتیدا بەرگریـی لـێ بـکات ئەوەیـە کـە هەمیشـە و هـەردەم زیـاد لـە وێنـە و ڕوانیـن و زانیـاری و بۆچوونێـک لەسـەر مرۆڤبـوون لەئارادایـە، ئەوەشـی وا دەکات یەکێـک لـەو وێنـە و بۆچـوون و زانینانـە ببـن بـە وێنـەی باڵادەست و بگۆڕێـن بـۆ پێوەری مرۆڤبـوون، پەیوەندیی بـە ڕاسـتی و دروسـتی، یـان گونجانـی ئـەو وێنـە و پێـوەرەوە لەگـەڵ "جەوهـەر"ی گریمانکـراوی مرۆڤبوونـەوە نییـە، بەڵکـو پەیوەندیی بـە میکانیزمـە گەورەکانـی دەسـەڵات و شـێوازەکانی مەعریفـە و ئـەو پەیوەندییانـەوە هەیـە کـە دەسـەڵات و مەعریفـە لـە سـەردەمێکی دیاریکـراودا بەیەکـەوە دروسـتی دەکـەن.

# هیومانیزم و گەردوونگەرایی

ڕەهەندێکی تری فیکریی هیومانیستی بەرگریکردنە لەو گریمانەیەی کە دەڵێت ئینسان لە هەر شوێن و جێیەک بژی، لەناو هەر سەردەم و قۆناغ و کولتورێکدا ئامادە بێت، نیشتەجێی ناو هەر سیستمێکی مەعریفی و ڕەمزیی بێت، هێشتا هەڵگری "جەوهەر"ێکی ئینسانیی هاوبەشە کە هەموو ئینسانێک هەڵگریەتی. چەمکی "جەوهەر" ڕۆڵێکی سەرەکی لە فیکری هیومانیستیدا دەگێڕێت، خاڵی دەستپێکیش لە گریمانکردنی ئەم جەوهەرەدا ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکانی دونیا، چەندە لە یەکتریش جیاواز بن، ژینگەکانیان هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت، هەرچی جۆرە مەعریفە و گوتارێک تیایاندا ئامادە بێت، هێشتا خاوەنی ئەو "جەوهەر"ە ئینسانییەن کە دەیانکات بە مرۆڤی ئۆتۆنۆم و سەربەخۆ و عەقڵانیی و لە بوونەوەرەکانی تر جیای دەکاتەوە[1]. چەمکی "جەوهەر" لێرەدا

---

١ سەبارەت بە ماناکانی هیومانیزم و ڕەهەندە گەردوونییەکەی، بڕوانە:
S. Puledda,(1997). Interpretations of Humanism: Western



https://

هێما بۆ بوونی خودێکی پێشین و پێدراو و ئەبەدی دەکات کە شوناسی مرۆڤ وەک مرۆڤ دیاری دەکات، خودێک کە لەناو هەموو کەسێکدا هەیە و ئامادەیە، بەبێ گوێدانە جیاوازیی کولتوور و کۆمەڵگا و سەردەمە مێژووییەکان. ئەم خودەش بە جەوهەر خودێکی عەقڵانیی هۆشیار و ئازاد و ئۆتۆنۆمە، بەڵام سیستمە ئابووریی و ئەخلاقی و سیاسییە خراپەکان ئەم جەوهەرەیان تێک داوە و و تووشی نامۆبوون و شێوانیان کردووە. هەرکاتێکیش ئەو سیستمانە نەمان و چەوساندنەوە کۆتایی هات و مرۆڤەکان ڕزگاریان بوو، ئیتر لەگەڵ جەوهەرە ڕەسەنەکەی خۆیاندا ئاشت دەبنەوە و دەچنەوە ناو سروشتی ئەسڵیی خۆیان، کە سروشتێکی ئازاد و عەقڵانییە[1]. فوکۆ پێی وایە ئەم دیدە بۆ مرۆڤ قابیلی قبووڵکردن نییە، چونکە دیدێکی تەواو نامێژووییە و وێنەیەکی تەواو هەڵەی مرۆڤمان پێ دەبەخشێت. خود لەم دیدەدا لە ناوەوەی مرۆڤدایە و لە شوێنێکی قووڵدا نیشتەجێیە، بەڵام بووە بەژێر تەپوتۆزی کێشە و گرفتی ناو سەردەمە مێژووییەکانەوە. ئەم خودە گریمانکراوەش هەمیشە و هەردەم دوو ئاکاری سەرەکییشی هەیە: یەکەمیان، ئەوەیە کە دیاردەیەکەی گەردوونییە، واتە بەشێکە لە مرۆڤبوونی مرۆڤ لە هەموو بەشە جیاوازەکانی دونیادا. دووهەمیان ئەوەیە کە دیاردەیەکی بانمێژوویی و

Humanisms from the Renaissance to the Present. Latitude Press.

١ بڕوانە:
Foucault, Michel (1997). The ethics of the concern of the self as a practicesof reedom. Paul Rabinow . Michel Foucault. Ethics, subjectivity and Truth. Volume one. The Penguin Press. P. 282.



nbooks

بانکولتورییە، واتە شتێکە پابەست نییە بەبوونی یان بەو ساتەوەختی تایبەتی ناو مێژووەوە. بەکورتی ئەم خودە جەوهەرییە، شتێکی دەرە-مێژوویی و دەرە-کولتوورییە، مرۆڤە بە مانا موجەرەدەکەی.

گرنگترین ئاکارێکی ئەم خودە گەردوونییە بانکولتووریی و بانمێژووییەش، وەک وتمان، بریتییە لە عەقڵانییەت. لەم دیدەدا مرۆڤ لە هەرشوێن و جێیەکدا بێت، لە هەر ژینگەیەکی کولتووریی و ڕەمزیدا ئامادە بێت، هێشتا خودێکی عەقڵانییە کە توانای ئەوەی هەیە باش لە خراپ و ڕاست لە ناڕاست و جوان لە ناشیرین، جیا بکاتەوە. عەقڵ بەشێکە لەو جەوهەرە ئینسانیە کە مرۆڤەکان بەیەکەوە گرێ ئەدات و دەیانکاتە ئەو بوونەوەرەی کە ناوی مرۆڤە. عەقڵ و عەقڵانییەت لێرەدا دوو دیاردەی گەردوونین و پابەستی بارودۆخ و هەلومەرج و کولتور و دۆخی کۆمەڵایەتیی و چییەتی گوتارەکان و سیاسەتی هەقیقەت نین. ئەو خودەش کە هەڵگری ئەم عەقڵانییەتەیە پێدراوێکی جەوهەرییە، شتێک نییە پابەست بە مێژوو و کۆمەڵگا و گوتار و جۆری دەسەڵات و میکانیزمەکانی کارکردنییەوە.

یەکێک لە ئاکارە سەرەکییەکانی ئەم ڕوانینە بۆ مرۆڤ باوەڕبوونە بەو دیدە گەشبین و پۆزەتیڤە کە ڕۆشنگەریی بەگشتی و هیومانیزم بەتایبەتی هەڵگریەتی. ئەو دیدەی پێی وایە مرۆڤایەتی لەسەر هێڵێکی ڕاست بەردەوام لە بەرەوپێشچوون و گەشەکردندایە و ئەمڕۆی مرۆڤایەتیی لە دوێنێی باشترە و سبەینێشی لە ئەمڕۆ باشتر دەبێت. ئەم وێنە ڕۆمانسییە گەشبینەیە دیدی هیومانیزم بۆ مێژوو دەستنیشان



https://

دەکات. هیومانیزم لێرەدا وێنەی خۆی وەک فەلسەفەیەکی پێشکەوتنخواز نمایش دەکات، کە لە ئاستە عەقڵیەکەیدا مانای خۆڕزگارکردن لە خورافەت و باوەشکردنە بە زانستدا. مرۆڤیش لێرەدا وەک بوونەوەرێکی بەرپرسیار وێنا دەکرێت کە ئامادەیە پشت بکاتە خورافەت و دونیا بەپێی پێدراوە عەقڵیی و زانستییەکان دابڕێژێتەوە. هۆکاری ئەم گەشبینیەش پەیوەندیی بە وێنەی عەقڵەوە هەیە لە دیدی هیومانیزمدا. لەم دیدەدا عەقڵ لە هەرشوێن و ژینگەیەکدا بێت، لەناو هەر سەردەمێکی مەعریفی و زانستیدا بێت، ئەرکی سەرەکیی و ژمارە یەکی ئەوەیە کە هەقیقەت بدۆزێتەوە، یەکێک لە توانا ناوەکییە گەردونییەکانی عەقڵ خۆیشی بریتییە لە دۆزینەوەی هەقیقەت. بەمەیش خۆپاراستن لە هەڵە و خورافەت و غەیب و ناعەقڵانییەت دەبێت بە بەشێک لە ئاکاری مرۆڤی عەقڵانیی کە لە دیدی هیومانیستیدا مرۆڤی ئایندەی مرۆڤایەتی دەبێت[1].

هیومانیزم کە باس لەم خودە گەردوونی و بانمێژوویی و بانکولتورییە دەکات باس لە شتێک دەکات کە لەناو هەموو مرۆڤێکدا ئامادەیە، جەوهەرێکە دەشێت مرۆڤ لێی بەئاگا نەبێت، یان نەیبینێت، بەڵام هەمیشە وەک ژێرخانێکی عەقڵی و لە "قوڵایی" مرۆڤبوونیدا نیشتەجێ و پەنهانە. لەم دیدەدا هەموو مرۆڤێک خاوەنی "خودێکی شاراوە" یان "قووڵ" یان "نادیارە" کە جەوهەری ڕاستەقینە و هەقیقەتی ئەو وەک مرۆڤ بەرجەستە دەکات. ئەو "خودە شاراوەیە" وەک ئەو بەشە "قووڵە"ی مرۆڤ نمایش دەکات کە زۆر جار

---

١ بڕوانە سایتی ڕێکخراوی هیومانیستی ئەمریکی:
the American HumanistAssociation http://www.americanhumanist.org/humanism



nbooks

لە مرۆڤ خۆی ونە و دەبێت بەدوایدا بگەڕێت بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە و بیناسێت. لەم دیدەدا ئەو بەشە نەبینراوە بەشە "ڕەسەنە"کەی کەسایەتیی مرۆڤە کە دەشێت مرۆڤ هەموو تەمەنی لە "دۆزینەوە"یدا سەرف بکات. زۆر جار ئەم خودە قوووڵ و ڕەسەنە لە تاریکیدا دەمێنێتەوە و تەپوتۆز و غوباری ژیانی ڕۆژانە دای دەپۆشێت، ئەرکی مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکی عەقڵانیی و ئەخلاقی ئەوەیە ئەو تەپوتۆزە لا ببات و ئەو قووڵاییە نادیارە ئاشکرا بکات.

بەکورتی، لەم دیدە ڕۆمانسی و نیمچەسۆفییەدا، ئەم خودە ئینسانییە گریمانکراوە جەوهەرێکی نەگۆڕە و لە سات و ڕەوت و قۆناغە جیاوازەکانیشدا بەنەگۆڕیی دەمێنێتەوە. ئەم خودە شتێکە پێشوەخت لە ئینساندا چێنراوە، ئەو هێزە نەگۆڕەیە کە مرۆڤ دەکات بە سەرچاوەی مەعریفە و هەقیقەت و ئەخلاق، هەموو شتەکان لەوەوە دەست پێ دەکەن و لەویشدا کۆتاییان پێ دێت. دەرکەوتەکانی ئەم جەوهەرە نەگۆڕ و عەقڵانییە لە دیدی هیومانیزمدا لە سێ ئاکاری سەرەکیی مرۆڤدا دەر دەکەون کە بریتین لە ویستی ئینسان بۆ ئازادیی و خواستی ئینسان بۆ ئۆتۆنۆمبوون و ئیرادەی ئەو بۆ چاکەکاریی. ئەم جەوهەرە ئینسانییەی هیومانیزم گریمانی دەکات جەوهەرێکی پۆزەتیڤە و مرۆڤ دەکات بە بوونەوەرێک کە حەز و ویستێکی ناوەکی بەرەو ئازادی و بەرەو سەربەخۆیی و بەرەو چاکەکاری دەیجووڵێنێت. مرۆڤ بە حوکمی ئەوەی مرۆڤە خاوەنی خودێکی چاکەکارە، ئەمەش خودێکە دەکەوێتە دەرەوەی هەموو مێژووییبوون و کۆمەڵایەتیبوون و کولتووریبوونێکی مرۆڤەوە. فوکۆ دژ بە



https://

سەرجەمی ئەم گریمانە و ڕوانینە هیومانیستییانەیە و لەباتیی ئەمانە وێنەیەکی دیکەی خود و شێوازی تری دروستبوونی خود گریمان دەکات.



nbooks

# مرۆڤبوون و گوتار

بە باوەڕی فوکۆ هەر سەردەمێکی مێژوویی وێنەیەکی تایبەتیی ئینسان و شێوازێکی دیاریکراوی ئەزموونکردنی ئینسان بۆ کەسایەتیی خۆی و جۆرێکی تایبەت لە بەخودبوون و بەتاکەکەسبوون بەرهەم دەهێنێت، هەر ڕۆژگارە و جۆرێکی تایبەت لە دونیای ناوەکیی ئینسانییانە دروست دەکات، هەر سەردەمە و مانایەک بە ڕۆح و بە دەروون و بە خولیاکانی مرۆڤ دەبەخشێت. ئەم بەخشینەش کردەیەکەی بێلایەن و بابەتی و زانستی نییە بەتەنها، بەڵکو کردەیەکی تێکەڵە بە میکانیزمە جیاوازەکانی کارکردنی دەسەڵات، بە جۆرێک ئەو وێنە باڵادەستانەی بۆ مرۆڤبوون دروست دەبن، لە کردەی دروستبوونیاندا، چەندەها وێنەی تری مرۆڤبوون لەناو دەبەن یان پەراوێز دەخەن کە شانسی باڵادەستبوونیان نییە. ئەمە وا دەکات فوکۆ باوەڕی بەوە نەبێت شتێک هەبێت ناوی "جەوهەر"ێکی ئینسانیی نەگۆڕ بێت، "شتێک" بە درێژایی مێژوو وەک بەشێک لە پێکهاتەیەکی دەروونی قووڵ و نەگۆڕ



https://

لەناو مرۆڤدا بوونی هەبێت و بێ گۆڕانکاری بەناو سەردەم و ڕۆژگارە جیاوازەکاندا تێبپەڕێت. "دەروونی جێگیر،" "ڕۆحی نەگۆڕ،" "قووڵایی ناوەکیی ئەبەدی،" "جەوهەری مرۆڤ" و زۆر وێنە و دەستەواژەی تری لەم بابەتە، کۆمەڵێک وێنە و دەستەواژەی بەتاڵن و بەسەر یەکەوە وێنەیەکی هەڵەمان لەسەر مرۆڤ و مرۆڤبوون پێ دەبەخشن. لە دیدی فوکۆدا هەموو ئەم شتانە کە وەک جەوهەر و نەگۆڕ و قووڵاییە نەبینراوەکانی مرۆڤ نیشان ئەدرێن، بەتایبەتی لە دیدی هیومانیستیدا، دروستکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگین و لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە شێوازی جیاواز دەر دەکەون و بە شێوازی جیاوازیش بەرهەم دەهێنرێن و ناوەرۆکی جیاوازیش دەگرنە خۆیان. مرۆڤ جەوهەرێکی جێگیر و نەگۆڕی نییە، بەڵکو لە کردەی بەمرۆڤبوونێکی بێکۆتایی و بەردەوامدایە، پێناسێکی هەمیشەیی و نەگۆڕی نییە، بەڵکو لە پرۆسەی دروستکردن و هەڵوەشاندنەوەیەکی بەردەوامی پێناسەکانیدایە. فوکۆ ئەم پرۆسە ئاڵۆز و پرگۆڕانانەی بەمرۆڤبوون بە بوون و ئامادەگیی گوتارەکانەوە گرێ دەدات. ئەوەی مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی تایبەت لە سەردەمێکی تایبەتدا، گوتارەکانن[1]. کە باس لە گوتاریش دەکات تەنها مەبەستی لە تیۆرە زانستییەکان و تێکستە فەلسەفی و فیکرییە ڕەسمییەکان نییە، بەتەنهاش باس لە بەرهەمی

---

[1] سەبارەت بە چەمکی گوتار و شێوازی شیکردنەوەی گوتار لای فۆکۆ بڕوانە:
Arribas-Ayllon, Michael; Walkerdine, Valerie (2008). Foucauldian Discourse Analysis. London: Sage. pp. 91–108



nbooks

زانستە سروشتی و ئینسانییەکان ناکات، بەڵکو مەبەستی سەرجەمی ئەو زانیارییانەشە کە لە دەرەوەی زانستەکاندا، بۆ نموونە، لە تێکستە دینی و ئەخلاقی و ئەدەبییەکاندا ئامادەیە، هەروەها ئەو تێکستە نیمچەپزیشکییانەش کە باس لە لەش و جەستە و دەروونی ئینسان دەکەن، ئیتر چ سەر بە زانستی پزیشکی بن، یاخود لە دەرمانسازی و داوەرگەرایی میللییەوە هاتبن. ئەمە جگە لەو تێکستانەی کە لە شێوەی گێڕانەوەی ژیانی تاکەکەسیی نووسەرەکان خۆیان و گێڕانەوەی ژیانی کەسانی دیکەدا نووسراون، واتە ئەو شێوازە لە نووسین کە ناوی بیۆگرافی و ئۆتۆبایۆگرافی لێ نراوە. هاوکات ئەدەبیات و هونەر و حیکمەتی ڕۆژانەش. ئەم گشتە ئاڵۆزە لە زانیاریی زانستی و ئەدەبی و دینی و فەلسەفی و میللیی و تەنانەت ئەفسانەییش، بەسەر یەکەوە ئەو سەرزەمینە گوتارییە دروست دەکەن کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا دەستنیشانی ئەوە دەکەن چی وەک هەقیقەت و چی وەک ناهەقیقەت، چی وەک ئەخلاقی و ئاسایی و قبوڵکراو و چی وەک نائەخلاقی و نائاسایی و قبوڵنەکراو دەر بکەون، چی دەشێت بکرێت و چی ناشێت بکرێت، چی ئینسانی و عەقڵانییە و چی نائینسانی و ناعەقڵانیی. بەم شێوەیە عەقڵ و ئەخلاق و هەقیقەت و ڕۆح و جەستە و دەروون و شتەکانی تری ناو بوونی ئینسانی لەپاڵ ئەم گشتە گەورەیە لە زانیاریی فرەجۆردا دروست دەبن، نەک شتێک بن پێشوەخت و بە شێوەیەکی سروشتی بە مرۆڤ بەخشرابن. ئەمانەش لەپاڵ ڕستێکی گەورە لە دەزگا و دامەزراوی تایبەتدا ئامادەن و لۆژیکی جیاواز ئەو دەزگایانە ئاراستە دەکات. بە مانایەکی تر گوتار



https://

تەنها لە ڕێگای هۆشیاری و بیرکردنەوەوە دروست نابێت، تەنها عەقڵ بەرهەمی ناهێنێت، بەڵکو چینی کۆمەڵایەتی، مەسڵەحەت و دەسکەوتی ئابووریی، بەها و نرخی تایبەتی، دەزگا و یاساکانیش بەشدارن لە بەرهەمهێنانیدا[1].

ئەم گشتە گەورەیە دەستنیشانی ئەوە دەکەن ئینسان چ وێنەیەکی بۆ خۆی و چ تێڕوانینێکی بۆ دونیا ناوەکییەکەی و چ چاوەڕوانییەکیشی لە خۆی هەبێت، لە هەمووشی گرنگتر چ زمان و گوتارێکی هەبێت بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە باسی خۆی بکات و خۆی بۆ خۆی و خۆی بۆ کۆمەڵگا لێک بداتەوە و ڕاڤە بکات[2]. بەکورتی ئەگەر ئینسان خاوەنی خودێکی تایبەت بێت، ئەوا ئەو خودە لە قووڵاییەکی نادیارەوە نایەت، شتێک نییە پێشوەخت بە مرۆڤ درابێت، ئەو خودە هەمیشە خودێکی دروستکراوە و سەرجەمی ئەو شتانەی باسمان کردن دەستنیشانی ئەوە دەکەن ئینسان هەڵگری چ جۆرە خودێک بێت، چۆن خودبوونی خۆی وێنا بکات و کام تێگەیشتنی بۆ مرۆڤبوونی خۆی هەبێت.

یەکەمین دەرەنجامێک لەم دیدەوە بۆ مرۆڤ و بۆ خودبوون بەدەستی بهێنین ئەوەیە کە سەرچاوەی هەقیقەت، خود یان دونیای ناوەکیی مرۆڤەکان نییە، واتە ئەوە خود و عەقڵ و عەقڵانییەت نییە کە دەستنیشانی ئەوە دەکەن هەقیقەت چییە و کامەیە، ئەوەی ئەم کارە دەکات گوتارەکانە، سەرجەمی ئەو گوتارانەیە کە لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا ئامادەن و بەسەر یەکەوە زمان و گریمانە و کۆد

1 Veyne, Paul (2010). Foucault, de denker, de mens, Kampen, Uitgeverij Klement, p. 47.

٢ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.



nbooks

و ئاراستەی ڕوانینەکان لە کایە فیکریی و فەرهەنگییەکاندا و لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستنیشان دەکەن، لەمانەش بۆ نموونە گوتارە یاساییەکان، گوتارە پزیشکییەکان، گوتارە دینییەکان و گوتارە فیکرییەکان و گوتارە ئەدەبییەکان و... هتد. بەم مانایە هەقیقەت بەرهەمی گەڕانی بوونەوەرێکی هەقیقەتدۆست نییە کە خولیای دۆزینەوەی ڕاستییەکان ئاراستەی بکات و بێمەبەستانە بیجوڵێنێت، بەڵکو بەرهەمی کارلێک و کارلێکی پێچەوانەی سەرجەمی ئەو گوتارانەیە لەسەر یەکتری. ئەو تێڕوانینانەیش کە ئینسان بەرامبەر بە خۆی دروستیان دەکات و ئەو وێنانەش کە لەسەر خۆی وەک خودێک بەرهەمیان دەهێنێت، لەوێوە نەهاتووە کە خودێکی عەقڵانیی سەربەخۆی هەیە و دەگەڕێت بۆ ئەوەی وێنە ڕاستەقینەکانی خۆی بدۆزێتەوە، یان ئەو "من"ە بدۆزێتەوە کە گوایە "منێکی ڕەسەن"ە و لە "قووڵایی کەسایەتیی" ئەودا نیشتەجێییە، یان ئەو جەوهەرە ڕاستەقینە ئەفلاتونییە بدۆزێتەوە لە ڕێگای بیرکردنەوەی عەقڵانیی و زانستییەوە. نا، ئەوەی خود دەکات بە خود، ئەوەی شێوازێکی تایبەتیی مرۆڤبوون بە کەسێک و کۆمەڵگایەک و سەردەمێکی مێژوویی تایبەت دەبەخشێت، ئەوەی دونیای ناوەکی و تەنانەت بەشێکی زۆری پراکتیک و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ ئاراستە دەکات، ئەو گوتارانە و ئەو دەرەنجامانەن کە لە کارکردنی ئەو گوتار و پراکتیکانەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا دروست دەبن.

بەکورتی فیکری فوکۆ لەم ئاستەدا پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێت کە هەموو سەردەمێکی مێژوویی خاوەنی



https://

گوتـار و پەیوەندیی دەسـەڵات و فۆرمـی مەعریفی و پراکتیک و هەقیقەتـی تایبەتـی خۆیەتـی، ئەمانـەش "هەقیقـەت"ی جیاواز دەربـارەی چییەتـی مـرۆڤ و دونیـا ناوەکییەکەی مرۆڤ بەرهەم دەهێنن و بەسـەر یەکیشـەوە دەستنیشـانی خودبوونی مرۆڤ و وێنەکانـی بـۆ خـۆی و بـۆ ئەوانـی تـر دەکـەن. خـود شـتێک نییە پێشـوەخت بـە مـرۆڤ درابێـت و لـە قووڵایـی ئینسـاندا پەنهـان و جێگیـر کرابێت، بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ سـەرقاڵی دۆزینـەوەی بێـت، بەڵکـو لـە پەیوەندیـدا بـەو گوتـار و پراکتیـک و هەقیقەتانـەوە دروسـت دەبێـت کـە لـە سـەردەمێکی مێژووییـدا ئامـادەن. ئەمـە وا دەکات لەگـەڵ گۆڕانـی گوتـارەکان و هەقیقەتەکانـدا خـودی ئینسـان خۆی و وێنە و نماییشکردنەکانیشـی گۆڕانیان بەسـەردا بێـت. هەقیقـەت خۆشـی پێدراوێکـی بابەتـی نییـە لـە شـوێنێکی دەرەکیـدا دانرابێـت و ئینسـان بەدوایـدا بگەڕێـت و بیدۆزێتـەوە، هەروەهـا بەرهەمـی خودێکـی قسـەکەر یـان نووسـەر یـان بیرکەرەوەیـش نییـە کـە بلیمەتـە و خاوەنـی عەقـڵ و خەیاڵێکـی گەورەیـە و دەتوانێـت بیدۆزێتـەوە، بەڵکـو بەرهەمـی کارکردنـی گوتارەکانـە کـە لـە فۆرمـی چەندەهـا تێکسـتی جۆراوجـۆر و دەزگای جیـاواز و پراکتیکـی جیـاواز و زمانـی جیـاواز و جەبـر و فشـاری کۆمەڵایەتیـی و ڕەمزیـی جیـاوازدا، ئامـادەن. خـود لـە خێـزان و قوتابخانـە و کارخانـە و خەسـتەخانە و بـازاڕ و سـوپا و مزگـەوت و کەنیسـە و دەزگاکانـی تـری نـاو کۆمەڵگادا دروسـت دەکرێـت، ئەمانـەش بەهـا و نـۆرم و یاسـای تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە کـە لـە پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆدان بـە سـەرجەمی ئـەو گوتارانـەوە کـە لـە سـاتەوەختێکی مێژوویـی دیاریکـراودا دەستنیشـانی ئـەوە دەکـەن بـاش و خـراپ، ڕاسـت و ناڕاسـت و



nbooks

هەقیقەت و ناهەقیقەت چین. ئەم گشتە گەورەیەیە ئەو زمان و وێنە و زانیارییانە دەخەنە بەردەستی مرۆڤ بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە وێنەیەک لەسەر خۆی و لەسەر مرۆڤبوونی خۆی دروست بکات.



https://

# جەبری گوتارەکان و جەبری دەسەڵات

ئاشـکرایە برێکـی زۆر لـە جەبـر و ناچارکـردن لـەم ڕوانینـە فوکۆییـەدا بـۆ دروسـتکردنی خـود و بـۆ چنیـن و داڕشـتنی مرۆڤبوونـی مرۆڤـەکان ئامادەیـە. لای فوکـۆ ئـەوە گوتارەکانـن دەستنیشـانی ئـەوە دەکـەن مـرۆڤ چۆن لـە مرۆڤبوونـی خۆی بڕوانێـت و چ مانـا و دەرکەوتێکـی پـێ ببەخشـێت. فوکـۆ لـە قۆناغێکی تایبەتیی بیرکردنەوەیدا تەنها ڕووبەرێکی پەراوێزی و بچـووک بـۆ کـردەی سـەربەخۆ و ئازادانـەی مـرۆڤ، لـە پرۆسـەی دروستکردنی خودی خۆی و نەخشـاندنی کەسـایەتیی خۆیـدا دەهێڵێتـەوە. واتـە شـوێنێکی ئەوتـۆ بـۆ "خودسـازی"یەکی سەربەخۆ، بۆ نەخشاندن و داڕشتنەوەی ناوەکی و سەربەخۆی خـود، لـە دەرەوەی میکانیزم و فشـاری گوتارەکاندا ناهێڵێتـەوە. بـەڵام فوکـۆ لـە قۆناغـی سـێهەمی گەشـەکردنی فیکـری خۆیـدا گـۆڕان بەسـەر ئـەم ڕوانینـەدا دەهێنێـت و لـە زۆر ئاسـتدا خۆی لـەو جەبریەتـە هەمەلایەنـە ڕزگار دەکات کـە کەسـایەتیی مـرۆڤ کـورت دەکاتـەوە بـۆ دەرەنجامـی کارکردنـی گوتـارەکان



nbooks

بەتەنها. لەم قۆناغە نوێیەدا، کە وەک وتم بە قۆناغی ئەتیک یان ئەخلاق ناو دەبرێت، فوکۆ دەروازیەکی گرنگ بەسەر "خودسازییەکی سەربەخۆ " و "هۆشیار"دا دەکاتەوە، کە دواتر ناوی "ئیستاتیکای بوون"ی لێ دەنێت، ئیستاتیکایەک مرۆڤ تیایدا هەوڵی ئەوە ئەدات ژیانی خۆی وەک تابلۆیەکی هونەری مامەڵە بکات، خۆی ببێت بە داهێنەری بەشێکی گرنگی کەسایەتی و شوناس و مرۆڤبوونی خۆی[1]. لە بەشی سێهەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژیی لەسەر ئەم ڕەهەندە تایبەتەی فیکری فوکۆ دەوەستین.

لەم قۆناغە تازەیەدا فوکۆ گوتارەکان بە تاقە سەرچاوەی دروستکردنی خود نازانێت، تەنها دەسەڵاتی مەعریفە و دەسەڵاتی دیسپلین و بیۆدەسەڵات بەشدار نین لە دروستکردنی تاکەکەسدا، بەڵکو لەپاڵ ئەواندا هێما بۆ کۆمەڵێک پراکتیک و هەڵسوکەوت و بڕیاری تاکەکەسیی سەربەخۆش دەکات، کە ڕۆڵی گرنگ لە دروستکردنی خود و بەخشینی شوناسێک بە خود، دەبینن. ئەم هەڵسوکەوت و پراکتیکە سەربەخۆیانە وەک گوتارەکان ناشەخسیی و کۆنترۆڵکەر نین، بەڵکو کردە و جوڵەی سەربەخۆن و ڕووبەرێکی گرنگ بە ئینسان دەبەخشن بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەستانە خۆی خودی خۆی دروست و بەرجەستە بکات. ئەم هەڵسوکەوت و پراکتیکە سەربەخۆیانە، کە لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەدرێژیی باسیان دەکەم، فوکۆ وەک ئەگەرێکی گرنگ وێنایان دەکات و وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی کردەی بەرگریکردنی

1 Huijer, Marli (2015). The aesthetics of existence in the work of Michel Foucault. Philosophy and Sovial Crticism. Vol 25 no 2. pp. 61-85.



https://

مرۆڤن بەرامبەر بە میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ و چاودێریکردن دەیانناسێنێت. بەڵام تەنانەت لەم قۆناغە نوێیەشدا فوکۆ بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێتەوە بۆ پرنسیپە سەرەکییەکانی دیدی هیومانیزم، فوکۆ هێشتا فشارەکانی گوتار و جەبری پەیوەندییەکانی دەسەڵات و میکانیزمەکانی دیپسلین و کۆنترۆڵکردن لە دروستکردنی خوددا بە گرنگ دەزانێت، بەڵام لەپاڵ ئەمانەدا ڕووبەرێک بۆ بەرگریکردن و کاری سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم دەدۆزێتەوە، کە دەتوانن هاریکاریی مرۆڤ بن بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی ببێت بە بکەری ژیانی خۆی و سەرقاڵی خودسازییەکی سەربەخۆ و ئازاد بێت. لە بەشی داهاتوودا بەدرێژی لەسەر کردە و توانای بەرگرییکردن لە فیکری فوکۆدا دەوەستین و شێوازەکانی نیشان ئەدەین.



nbooks

# عەقڵ وەک دروستکراوێکی مێژوویی

فیکری فوکۆ ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆیە لەو وێنە عەقڵانییی و گەردوونی و بانمێژووییانەی هیومانیزم بۆ مرۆڤ وەک خودێکی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆمی دروستیان دەکات، هەروەها ڕەخنەشە لەو دیدە نامێژووییەی هیومانیزم بۆ چەمکەکانی عەقڵ و عەقڵانییەت هەیەتی کە وەک یەکەی ڕەها و دەرە-کات و دەرە-ڕەوت وێنایان دەکات. لای فوکۆ، وەک وتمان، خودی مرۆڤ جەوهەر و پێدراوێکی پێشین و گەردوونی نییە کە هەمیشە هەبووبێت، بەڵکو دروستکراوێکی مێژوویی کۆنکرێتە، بەو شێوەیەش عەقڵانیی نییە کە هیومانیزم گریمانی دەکات، واتە مرۆڤ خاوەنی عەقڵێک نییە کە هەمیشە بتوانێت وەک داوەرێکی سەربەخۆ و بێلایەن، باش لە خراپ و پەسەند لە ناپەسەند و ئەشێ لە ناشێ جیا بکاتەوە، بەڵکو خودی عەقڵ خۆشی دروستکراوێکی مێژووییە و پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی مانا و گوتارەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە شێوازی دروستبوون و کارکردن و داوەریکردنەکانیدا[1]. لەم

١ لە ڕاستیدا فوکۆ لەم ڕەخنەکردنەی هیومانیزمدا تەنها نییە. هێڵێک لە



https://

ڕوانینەدا فوکۆ هەم خود و هەم عەقڵ و هەم ناعەقڵ، وەک پێدراوی پێشین نابینێت، وەک جەوهەری نەگۆڕ و نامێژوویی چێندراو لەناو مرۆڤدا مامەڵەیان ناکات، بەڵکو هەموویان لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا دەبینێت بە ستراتیژەکانی دەسەڵات و گوتار و شێوازەکانی مەعریفەی سەردەمێکی مێژوویی و ئەو پەیوەندییانەوە کە لەنێوان ئەم گشتە ئاڵۆزەدا دروست دەبێت. فوکۆ باوەڕی وایە ئەوەی هیومانیستەکان پێی دەڵێن "مرۆڤ" و وەک مۆدێلێکی گەردوونی و بانمێژوویی مامەڵەی دەکەن، داهێنراوێکی مۆدێرنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم. هەموو کتێبی *وشەکان و شتەکانی* میشێل فوکۆ، کە لە ساڵی ١٩٩٦دا بڵاو دەبێتەوە، تەرخانە بۆ سەلماندنی ئەم دیدە. فوکۆ لەم کتێبەدا نیشانی ئەدات چۆن لەو سەردەمە مۆدێرنەدا مرۆڤ دەبێت بە بوونەوەرێکی قسەکەر و ئیشکەر و خاوەنی ژیانێکی بایۆلۆژیی تایبەت و چۆن ئەم وێنە تازانە لەناو زانستە مۆدێرنەکاندا لەدایک دەبێت[1].

---

فیکری مۆدێرندا هەیە لە نیتشە و مارکس و فرۆیدەوە دەست پێ دەکات و دواتر بەناو هایدگەر و بلانشۆت و ئەلتوسێر و برۆدێل و لیڤی شتراوس و لاکان و زۆرانێکی دیکەدا تێدەپەڕێت، کە هەموویان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن جگە لە عەقڵ، ڕووبەر و بونیاد و پێکهاتی دیکە هەن، جیاواز لە عەقڵ، کە کاریگەریی گەورە لەسەر کار و کردەوە و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و بیرنەکردنەوەی مرۆڤ دادەنێن. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە بڕوانە:
Timothy O'Leary and Christopher Falzon (2010). The 'Death of Man': Foucault and humanism. in: http://privatewww.essex.ac.uk/~beatrice/The%20'Death%20of%20Man'%20%20Foucault%20and%20Humanism.pdf:

١ بڕوانە:
Foucault, M. (1973). The order of things, New York, Vintage.



nbooks

# هەقیقەت یان ڕژێمی هەقیقەت؟

لە دیدی فوکۆدا، ئەوەی گوایە مرۆڤە، جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە و ئەم جەوهەرە لە هەموو شوێن و کات و سەردەمێکدا بەبێ گۆڕان دەمێنێتەوە، ئەوەی گوایە ئەم جەوهەرە سەرچاوەی بەها و نۆرمە ئەخلاقییەکان و سەرچاوەی هەڵسەنگاندن و نرخاندن و داوەریکردنە ئەخلاقییەکانە، ئەفسانەیەکی فیکریی ناڕاست و گریمانکراوە. ئەو مرۆڤە ڕەهایەی هیومانیزم بە خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕی دەزانێت و دەیکاتە پێوەری هەموو دیاردەکان، مرۆڤێکی مێژووکردە و بەرهەمی کارکردنی تۆڕە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات و مەعریفەی ناو ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراوە. مرۆڤ بەو شێوەیەی لە دونیای ئەمڕۆدا وێنا دەکرێت، واتە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی عەقڵانیی سەربەخۆ و ئازاد، داهێنراوێکی تازەیە، نەک بەرجەستەکەری جەوهەرێکی ئەبەدی و گەردوونی. ئەم مرۆڤە ڕژێمێکی تایبەتیی هەقیقەت دروستی کردوە کە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بە شێوازە



https://

مۆدێرنەکانی دەسەڵات و شێوازە مۆدێرنەکانی مەعریفەوە و سەرەتاکانی دروستبوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم.

ئەوەی لەم تێڕوانینە فوکۆییەدا بۆ دروستبوونی خود گرنگە هەردوو چەمکی دەسەڵات و مەعریفەیە کە پێکەوە دەبنە دروستکەر و بەرهەمهێنەری ڕژێمێکی دیاریکراوی هەقیقەت، کە تیایدا هەقیقەت چیتر شتێکی بابەتی نییە کە گوایە عەقڵ لە ڕێگای پشکنینێکی بێلایەنانەوە ئەیدۆزێتەوە، بەڵکو وەک شتێک کە ڕژێمێکی تایبەتی دروستی دەکات و بەرهەمی دەهێنێت. هەقیقەت لێرەدا بەرەنجامی کردەی دۆزینەوە نییە، بەڵکو بەرەنجامی کردەی دروستکردنێکی سیستماتیکە. ئەم دروستکردنەیش لە ئارەزوویەکی ناوەکی و لە جەوهەری عەقڵەوە بۆ گەڕان بەدوای هەقیقەت و دۆزینەوەی هەقیقەتەوە نەهاتووە، بەڵکو دەرنجامی کارلێک و کارلێکی پێچەوانەی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و مەعریفە و بەرەنجامی کارکردنی گوتارەکانە لە ساتەوەختێکی مێژوویی تایبەتدا. ئەمەیە وا دەکات فوکۆ لەباتیی ئەوەی باس لە هەقیقەت بکات، باس لە "ڕژێمی هەقیقەت" دەکات، بەمەش فوکۆ هەقیقەت بە دۆزینەوەیەکی بێلایەن و زانستییانەی پێدراوێکی بابەتییەوە نابەستێتەوە، بەڵکو دەیبەستێتەوە بە "ڕژێم"ێکی تایبەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەتەوە. واتە دەیبەستێتەوە بە هێزێک یان بە دەسەڵاتێکەوە کە هەوڵی بەردەوام ئەدات بۆ جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە و ئەم جیاکردنەوەیەش وەک بەرجەستەکردن و دۆزینەوەی هەقیقەت



nbooks

نماییش دەکات[1]. فوکۆ کە باس لە "ڕژێم"ی هەقیقەت دەکات دەیەوێت پێ لەسەر ئەو خاڵە دابگرێت کە هەمیشە لەناو هەقیقەتدا هێز ئامادەیە، هێزێک کە دەیەوێت پێمان بڵێت چی ڕاستە و چی هەڵەیە، پێویستە چی بە ئاسایی و سروشتی بزانین و چیش با نائاسایی و شاز و هەڵە. فوکۆ دەنووسێت کە "هەقیقەت شتێکە سەر بەم جیهانەی ئێمەیە، چەندان هێز هەن کە سنووری بۆ دائەنێن. هەروەها هەقیقەت کاریگەریی دەسەڵاتی هەیە و ئەم کاریگەریانەش ڕێک خراون. هەموو کۆمەڵگایەکیش ڕژێمی هەقیقەتی تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو کۆمەڵگایەک سیاسەتێکی گشتیی بەهەقیقەتکردنی تایبەت بە خۆی هەیە"[2]. فوکۆ لێرەدا لەباتیی ئەوەی سەرچاوەی ترانسێندتاڵی و بابەتی بۆ بیرکردنەوە بدۆزێتەوە، بۆ نموونە وەک کانت و هوسرەڵ دەیکەن، ئەم سەرچاوەی تەرجیبی و سیاقی ئەدۆزێتەوە. بیرکردنەوە لێرەدا هەمیشە بەرهەمی ماشینێکە لە چەمک و زاراوە و زمان، ئەو ماشینە وا دەکات بیرکردنەوە لە ڕێگای ئەوەوە ڕەوایەتی بەدەست بهێنێت ئەوەی وەک هەقیقەت پێناسی دەکات وەک هەقیقەت ببینرێت و مامەڵە بکرێت.

لای فوکۆ خودی عەقڵ خۆشی، کە خۆی وەک بەرهەمهێنەری هەقیقەت نماییش دەکات، دیاردەیەکی مێژووییە، دروستکراوی سەردەمێکی مەعریفی دیاریکراوە. لە هەر ساتێک لە ساتەکاندا هەندێک شت بە ڕاست و

1 Foucault, M. Discipline and Punish. p30; 32 and 145; 164.

2 Veyne, Paul (2010). Foucault, de denker, de mens, Kampen, Uitgeverij Klement, p. 44.



https://

هەندێک شت بە هەڵە دەزانێت، وا دەکات هەندێک شت بکرێت بگوترێن و هەندێک شت نەکرێت بگوترێن، هەرجارە و گروپێک دروست دەبن بە ناوی هەقیقەتەوە قسە دەکەن و خۆیان بە دۆزەرەوەی هەقیقەت دەزانن. هەموو ئەمانەش وێنەیەک بۆ ئینسان و بۆ خود باڵادەست دەکەن کە مێژووییە، بە دروستکردنی ئەو وێنەیە و باڵادەستکردنیشی رێگە لە دروستبوونی وێنەی تر دەگیرێت، یان وێنەکانی تری مرۆڤ وەک وێنەی نائاسایی و نائەخلاقی و نەخۆش ناونووس دەکرێن. بەم شێوەیە فوکۆ چەمکەکانی مرۆڤ و خود و هەقیقەت دەکاتە چەمکی مێژوویی و لەناو ئەو ژینگە مەعریفی و مۆدێلانەی دەسەڵاتدا جێگیریان دەکات کە لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا باڵادەستن. بەمەش ئەو رەهاییبوون و گەردوونیبوون و نامێژووییبوونەیان لێ دەسێنێتەوە کە فیکری هیومانیزم پێیان دەبەخشێت.



nbooks

# خودی ناموتەعالی

وەک پێشتریش باس کرا خود و تاکبوون لای فوکۆ شتێک نین پێشوەخت بە مرۆڤ درابن، ناکەونە پێش پراکتیکەکانی دەسەڵات و فۆرمەکانی مەعریفەوە، هیچیشیان دیاردەیەکی "موتەعالی" دەرە-کات و دەرە-شوێن نین، جەوهەرێکی ئەفلاتونی نین لە دونیای ئایدیاکاندا جێگیر ببن، یان لە قووڵاییە نەبینراوەکاندا ئامادە ببن و مرۆڤ پێویست بێت لەوێدا بەدوایاندا بگەڕێت، بەڵکو هەردووکیان دروستکراوی مێژوویین و لەناو ئەو تۆڕانەی دەسەڵات و مەعریفەوە سەر دەر دێنن کە لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا ئەو پێوەرانە دروست دەکەن کە ڕاست لە ناڕاست و شیاو لە نەشیاو و هەقیقەت لە درۆ جیا دەکەنەوە. ئەمەش مانای ئەوەی کەی گۆڕان لە مەعریفە و گۆڕان لە ستراتیژەکانی دەسەڵاتدا دروست بوو، کەی گوتارەکان گۆڕان، ئەوکات گۆڕانیش بەسەر شێوەکانی وێناکردنی خودی ئینساندا و بەسەر تاکەکەسبوونی مرۆڤەکاندا دێت. نەک هەر ئەمە، بەڵکو



https://

شێوازەکانی تێگەیشتن لە عەقڵ و شێوازەکانی عەقڵانییەت خۆشیان گۆڕانیان بەسەردا دێت. بەم مانایە خود چیدی خودێکی نەگۆڕی موتەعالیی پێشوەخت دروستکراو نییە، خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو دروستکراوێکی مێژوویی کۆنکرێتە. ئەم دیدە فوکۆییە تەواو دژ بەو دیدە ئەفلاتونییەیە کە باس لە بوونی جەوهەری نەگۆڕ و ئایدیالی موتەعالیی پێشوەخت پێدراو و ڕەسەن و پاکژ و بێگەرد دەکات، کە ئێمە لەناو مێژوودا تەنها کۆپی و وێنە ساختەکانیان دەبینین. ئەو وێنە ڕەسەن و پاکژ و بێگەردانە کە گوایە مێژوو دەیانکات بەژێر تەپوتۆز و غوبارە زۆر و بەردەوامەکانییەوە. فوکۆ ئەم خودە موتەعالییە ئەفلاتونییە بە خودێکی وەهمی و دروستکراوێکی ساختە و ناڕاست دەزانێت.

لە پەیوەندی بە خودەوە، پرسیاری فوکۆ ئەوە نییە ئایا خود بە جەوهەری خۆی بەرەو ئازادی ئەڕوات یان نا؟ ئایا مرۆڤ بە سروشت ئازادە یان نا؟ پرسیاری فوکۆ ئەوەیە ئایا مرۆڤ لە ڕووی مێژووییەوە چۆن دروست دەبێت؟ ئایا خود بە چ شێوازێک دروست دەکرێت؟ ئایا ئێمە لە ئێستادا ئەتوانین چی لەم دروستبوونە بکەین[1]؟ پرسیار ئەوە نییە ئایا مرۆڤ بە جەوهەری خۆی بوونەوەرێکە بەدوای ئازادیدا دەگەڕێت یان حەزی بە کۆیلەییە؟ بەڵکو ئەوەیە ئایا ئێمە لەناو چ ڕووبەرێکی مێژووییدا دەژین و ئەگەر و

١ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دیدی فۆکۆ بۆ ئازادیی، بڕوانە:
May, Todd. (2011). Foucaults conception of freedom. In: Dianna Taylor. 2011. Michel Foucault: Key concepts. pp. 71-83.



nbooks

تواناکانی ئازادبوونمان لەناو ئەو ڕووبەرەدا چەندە؟ ئایا ئەو سنوورانەی کە دەتوانن ڕێگر بن لە ئازادیمان و ڕێگر بن لەوەی خۆمان ئازادانە ژیانی خۆمان دابڕێژین چین و کامانەن؟

ئەم ڕوانینە وا دەکات چەمکەکانی سەربەخۆیی و ئازادی دوو چەمکی مێژوویی بن، نەک ئەوەی پێگەیەکی میتافیزیکی بن مرۆڤ لەوانەوە بەدوای ئازادیی خۆیدا بگەڕێت. هەردوو چەمکەکە و شێوازی دەرکەوتن و لێتێگەیشتنیان لەناو دونیا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکاندا دروست دەبن، نەک بەشێک بن لە پێکهات یان نەخشەیەکی گریمانکراوی ناوەکیی ئینسان خۆی، یان بەشێک بن لە شوناسێکی ئەبەدیی و نەگۆڕیی مرۆڤ. ئەمە وا دەکات پرسیاری ئازادی لە فیکری فوکۆدا پرسیارگەلێکی لەم بابەتە نەبێت: ئایا مرۆڤ بە جەوهەر ئازادە یان نا؟ ئایا ئیرادە ئازادە یان ئازاد نییە؟ ئایا ئازادی مەیلێکی ئەبەدییە و لەناو مرۆڤدا بوونی هەیە یان نا؟ بەڵکو پرسیاری ئازادی ئەوە بێت، ئایا ئێمە لەناو چ ژینگەیەکی مێژووییدا دروست بووین و ئەو ژینگەیە چ ڕێگر و بەربەستێکی خستۆتە بەردەممان؟ ئایا ئازادیمان لەناو ئەو ژینگەیەدا چ فۆرمێکی وەر گرتوە و دەکرێت ئێمە چۆن دەسکاری بکەین و فۆرمەکانی تازە بکەینەوە؟

ئەم پرسیارانەش پرسیاری مێژوویین و دەکەونە دەرەوەی ئەو خودە موتاعالییە بانمێژوویی و دەرە-کاتەوە کە فیکری میتافیزیکی گریمانی دەکات.

# خاڵی کۆتایی، نەک خاڵی سەرەتا

خاڵێکی گرنگی تر لای میشێل فوکۆ ئەوەیە کە مەسەلەی بوونی وێنەی تاکەکەس وەک تاکەکەسێکی سەربەخۆ، یان وەک ئینسانێکی ئازاد و خاوەن ئیرادە و عەقڵانیی، خاڵی سەرەتا نین، بەڵکو خاڵی کۆتایین، پێدراو نین بەڵکو دەرەنجامن. شتێک لە "سەرەتادا" بوونی نییە ناوی تاکەکەس و مرۆڤی ئازاد و عەقڵانیی بێت، خودێکی موتەعالی بەو مانایە بوونی نییە، بەڵکو هەموو ئەمانە خاڵی کۆتایی چەندان پرۆسەی مێژوویی هێجگار ئاڵۆز و تازەن. دەرکەوتی جیاوازی جەوهەرێکی ئینسانیی ئەبەدیی گریمانکراو نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرهەمی مێژووییین و دوائەنجامی پیشەسازییەکی گەورەی دروستکردنی خود و بەرهەمهێنانی مرۆڤبوونی مۆدێرنن. لە دیدی فوکۆدا وێناکردنی ئینسان وەک بوونەوەرێکی ئازاد و عەقڵانیی و خاوەن بڕیاریی سەربەخۆ، خاڵی کۆتاییە، دەرەنجامی ئامادەگیی و ئیشکردنی شێوازێکی تایبەتی دەسەڵات و شێوازێکی تایبەتی مەعریفەیە، چەندان دەزگای



nbooks

مۆدێرن و چەندان زانستی کۆمەڵایەتی و سروشتی بەشدارن لە دروستکردنیدا. وەک پێشتریش وتمان عەقڵ خۆشی داوەرێکی بێلایەن و سەربەخۆ و بێمەبەست نییە، بەڵکو بەشێکە لەو گشتە ئاڵۆزەی لە سەردەمێکی مێژوویی تایبەتدا لەناو شێوازە جیاوازەکانی مەعریفە و دەزگا گەورەکانی دەسەڵاتدارێتیدا دروست دەبێت. عەقڵ لای فوکۆ داوەر نییە، بەڵکو خۆی گەمەکەرێکی چالاکی ناو تۆڕە ئاڵۆزەکانی پەیوەندی و ستراتیژەکانی پۆلێنکردن و ڕژێمێکی تایبەتی هەقیقەتی سەردەمێکی تایبەتە. ئیرادەش پێدراوێکی سروشتی نییە، بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەکی دوورودرێژی بەخودبوون و بەکۆمەڵگابوونە. وێنەی ئینسان وەک بوونەوەرێک کە توانای سەربەخۆبوون و توانای ئازادبوون و توانای داوەریکردنی عەقڵانییانەی هەیە لە قۆناغێکی تایبەتی مێژووی مرۆڤایەتیدا لەدایک دەبێت، بەرهەمی کێشە و پەیوەندی و ململانێ و کارکردنی کایەکانی ناو ئەو قۆناغەیە، نەک جەوهەرێکی ڕەسەن کە پەیوەندی بە مرۆڤبوونی مرۆڤەوە هەبێت. ئینسان لەم دیدەدا بە توانای سەربەخۆبوون و ئازادبوون و داوەریکردنی عەقڵانییەوە لەدایک نابێت، ئەمانە بەشێک نین لە جەوهەرێکی ئینسانی ئەبەدیی، بەڵکو هەموویان دروست دەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە. ئەو وێنەیەی کە گوایە مرۆڤ هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونییەوە بە توانای ئەنجامدانی کاری سەربەخۆ و بیرکردنەوەی عەقڵانیی و خەونبینین بە ئازادییەوە لەدایک دەبێت، ئەو وێنەیەی کە گوایە مرۆڤ بوونەوەرێکە بە جەوهەر توانای داوەریکردنێکی عەقڵانییانەی هەیە، وێنەیەکی نوێیە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی

سەدەی حەڤدەھەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەھەم. وەک وتم فوکۆ ئەم لەدایکبوونە دەبەستێتەوە بە لەدایکبوونی دەزگا گەورەکانی دیسپلین و کۆنترۆڵکردنەوە، لەوانەش زیندان و قوتابخانە و نەخۆشخانە و کارخانەکانی ناو دونیای مۆدێرنەوە، مرۆڤ لەناو ئەم دەزگایانەدا هەم بە شێوەیەکی تایبەت پەروەردە دەکرێت، هەم ڕیفۆم دەکرێت، هەم زمان و ڕوانینی تایبەتی تێدا دەچێندرێت، هەم ئامرازەکانی جیاکردنەوەی ڕاست و لە هەڵە و ئاسایی لە نائاسایی دەخرێتە بەردەم... هتد. ئەگەر شتێک هەبێت ناوی مرۆڤی مۆدێرن بێت ئەوا ئەم مرۆڤە لەم ماشێنە گەورەیە لە مەعریفە و دەزگا و پەیوەندیی دەسەلاتەوە هاتۆتە دەرەوە، نەک لە جەوهەرێکی ئینسانیی نامێژوویی گریمانکراوەوە.

وێنەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ و ئازاد و عەقلانیی، وێنەیەکی مێژووییە و دروستبوونیشی لەسەر لابردن و پەراوێزخستن و بێدەنگکردنی هەندێک وێنەی دیکە دروستبووە کە بەو وێنە عەقلانییە ناکۆکن و لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە وێنای مرۆڤ دەکەن. گەڕان بەدوای ئەو وێنانەدا کە لەلایەن وێنە عەقلانییەکانی مرۆڤەوە لاواز و پەراوێز و بێدەنگ دەکرێن، ئەو کارەیە کە فوکۆ خۆی پێوە خەریک دەکات و لە چەندان کتێبدا حیکایەتەکانیان دەگێڕێتەوە. هەر ئەمە ئەو خاڵەیە کە فیکری فوکۆ وەک فیکرێکی مێژوویی لە فیکری هیومانیستی وەک فیکرێکی میتافیزکی، جیا دەکاتەوە[1].

1 Visker, Rudi (1990). Michel Foucault: genealogie als kritiek, Uitgeverij Vantilt. P. 99.



nbooks

# مێژووی جیاواز و خودی جیاواز

وەک وتمان فیکری فوکۆ سەفەرێکی درێژە بەناو چۆنیەتیی لەدایکبوون و بەرهەمهێنانی ئەم خودە مۆدێرنەدا کە هیومانیزم سیفەتی سەربەخۆبوون و ئازادبوون و عەقڵانییبوونی پێ دەبەخشێت. بەشێکی گرنگی دۆزینەوەکانی فوکۆ لەم سەفەرەدا ئەوەیە کە ئەم خودە مۆدێرنە نە بوونەوەرێکی سەربەخۆ و نە بوونەوەرێکی ئازاد و نە بوونەوەرێکی عەقڵانییە بەو مانایانەی دیدی هیومانیستی پێشنیاریان دەکات، بەڵکو بوونەوەرێکی دیسپلین و چاودێریکراوە کە دەیان جەبری مەعریفی و گوتاری و ئابووریی دەزگایی و فەرهەنگی لەپشتی بیرکردنەوە و بەرخورد و هەڵسوکەوتەکانیەوەیە. لای فوکۆ مرۆڤ لە دونیای مۆدێرندا نە بەو ڕادەیەی ئازاد و نە بەو ڕادەیەش سەربەخۆ و نە بەو ڕادەیەش عەقڵانییە کە هیومانیزم باسی دەکات. هەم دەزگاکانی ناو ئەم دونیایە و هەم لقە جیاوازەکانی زانست و مەعریفە، هەم زمان و گوتارەکان، بە دەیان شێوە گەمارۆی ئەم مرۆڤەیان داوە و

لە ناوەوەڕا دەستکاری زمان و بیرکردنەوە و هەستەکانی دەکەن، چەندەها شێوازی جیاوازی چاوەڕوانی و هەستکردن و ترسی تێدا دەچێنن، لە دەرەوەشڕا جەستەی بەو جۆرە دادەڕێژن کە بتوانێت جەستەیەکی ئیشکەر و سوودبەخش بێت. دەسەڵاتی مۆدێرن بەم مانایە دەسەڵاتێک نییە تەنها نا و نەخێر بە مرۆڤ بڵێت، تەنها خەریکی چەپاندنی مرۆڤ بێت، وەک قوتابخانەکەی فرۆید و موشتەقاتەکانی باسی دەکەن، بەڵکو دەسەڵاتێکە بەرهەمهێنەرە، یەکێک لەو شتە گرنگانەی کە بەرهەمی دەهێنێت شێوازی تایبەتە لە تاکەکەس و خودسازیی، کە فوکۆ وەک شێوازی خود و مرۆڤی دیسپلینکراو وێنای دەکات.

خاڵێکی دیکە کە فوکۆ نیشانمان ئەدات ئەوەیە کە خود لە دونیای مۆدێرندا بە شێوازی جیاواز و لە ڕێگای تەکنیکی جیاوازەوە دروست دەبێت، بۆیە مۆدێلێکی گەردوونی بوونی نییە کە شێوازە جیاوازەکانی دروستبوونی خود نیشان بدات. لە ڕاستیدا دەکرێت ئەنجامگیری بکەین و بڵێین لە دیدی فوکۆدا خود یەک مێژووی نییە، بەڵکو زیاد لە مێژوویەکی هەیە، لە شوێنی جیاوازدا مۆدێل و شێواز و تەکنیکی دروستبوونی جیاواز و فرەڕەنگ دروستی دەکات. لە مێژوو خۆشیدا شێوازی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی تاکەکەسێک خۆی وەک خود ئەزموون بکات، مێژووە جیاوازەکان ئەگەری جیاوازی بەخودبوون و شێوازی جیاواز لە خودسازی دەخەنە بەردەمی مرۆڤەکانەوە. لە دواهەمین دوو کتێبیدا فوکۆ ڕووبەڕێکی تایبەت بۆ کاری سەربەخۆی مرۆڤ خۆشی لەسەر خودی خۆی دەکاتەوە و لەپاڵ تەکنیکەکانی سزا و



nbooks

دیسپلین و کۆنترۆڵکردندا باس لە تەکنیکی خود دەکات کە مرۆڤ لە ڕێگایانەوە دەتوانێت بەشدار بێت لە بەرهەمهێنانی خودی خۆیدا. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئەم خاڵە زیاتر شی دەکەینەوە.



https://

# دژەمیتافیزیک و دژەڕۆمانسییەت

ئەم دیدە کە دروستبوونی خود بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بەمێژوویی دەکات و بەوردی دەیبەستێتەوە بە شێوازە باڵادەستەکانی مەعریفە و دەسەڵاتەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا، نەک تەنها هەموو ڕەهەندێکی میتافیزیکی لە خودبوون و تاکەکەسبوون دەسێنێتەوە، بەڵکو هەموو ڕۆمانسییەتێکیش لە مرۆڤبوون دەسێنێتەوە. بەشی هەرەزۆری ڕۆمانسییەکان باس لە ونبوونی جەوهەرێکی ڕەسەن، ونبوونی بەرائەت، یان پیسبوونی ڕۆحی سەردەمە مۆدێرنەکان دەکەن. ئەوەی فوکۆ لەسەر مرۆڤی دەڵێت تەواو ناکۆکە بەم دیدە ڕۆمانسییە، لای فوکۆ، سەرجەمی ئەو ڕوانینانە بۆ مرۆڤ، ڕوانینێکن کە هیچ پێگەیەکیان لەناو مێژوودا نییە. ڕوانینی میتافیزکی و ناڕۆمانسییانەی فوکۆ بۆ خود و نیشتەجێکردنیان لەناو تەپوتۆزی مێژوودا، بەرەو یەکێک لە باناوبانگترین بۆچوونەکانی فوکۆمان دەبات، کە ماوەیەکی زۆر لەسەردەمی بەشێکی زۆر لە خوێنەرانی ئەم



nbooks

فەیلەسوفەبوو. ئەو بۆچوونەی کە لە کۆتایی کتێبی "و"دا باس لە "مەرگ" یان "کۆتایی" ئینسان دەکات[1].

وەک خوێنەرانی فوکۆ دەزانن بابەتی سەرەکی کتێبی *وشەکان و شتەکان* باسی چۆنیەتیی لەدایکبوونی شێوازە تازەکانی مەعریفە لە دونیای مۆدێرندا دەکات، بەتایبەتی لەدایکبوونی زانستە ئینسانییەکان. فوکۆ لەو کتێبەدا نیشانی ئەدات ئەوەی وا دەکات بیرۆکەی ئینسان ببێتە بیرۆکەی سەرەکی ناو فەلسەفە و فیکری مۆدێرن، بۆ نموونە لەباتیی بیرۆکەی خودا، لەدایکبوونی زانستە ئینسانییەکانە. بەر لەو ساتە ئینسان بابەتی فیکر و مەعریفە و دەسەلات نەبووە، ئینسان وەک ئینسان و مرۆڤ وەک تاکەکەس بابەتی قسەلەسەرکردن نەبوون. بابەتەکانی فیکر لە قۆناغی بەر لە لەدایکبوونی زانستە ئینسانییەکاندا گەردوون، یان خودا یان گشتێتیی هەموو شتەکان بەسەر یەکەوە، بابەتی سەرەکی تێرامان و بیرکردنەوە بوون. ئەوەی وا دەکات مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنخود، خودێکی سەربەخۆ و ئازاد و عەقڵانیی بێتە کایەوە و ببێتە بابەتی بیرکردنەوە، لەدایکبوونی زانستە ئینسانییەکانە. ئەمەیە وا لە فوکۆ دەکات کە بڵێت، "ئینسان" بوونەوەرێکی تازەیە، دروستکراوێکی تازەی ناو مەعریفەیە، پەیوەستە بە لەدایکبوونی کۆمەڵێک دەزگای

---

١ بڕوانە:

Timothy O'Leary and Christopher Falzon (2010). The 'Death of Man': Foucault and humanism. in: http://privatewww.essex.ac.uk/~beatrice/The%20'Death%20of%20Man'%20%20Foucault%20and%20Humanism.pdf:

هەروەها بڕوانە دواهەمین لاپەڕەی کتێبی:

Foucault, M. (1973). The order of things, New York, Vintage



https://

مۆدێرنــەوە کــە تیایانــدا بــە شــێوەیەکی وردتــر و ڕۆژانەتــر و بەردەوامتر چاودێری مرۆڤ دەکرێت و ئـەم چاودێریکردنـەش دەکرێتــە بنەمــای کۆکردنــەوەی زانیــاری زیاتــر لەســەر ئــەم بوونــەوەرە و ئــەم زانیارییانــەش وێنەیەکــی نوێــی مــرۆڤ و تێگەیشتنێکی تر لـە مرۆڤبـوون، مەیسـەر دەکـەن. بـەڵام ئـەوەی دیدی فوکۆ لـە زۆرێک لـە نووسـەرەکانی دیکـەدا جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئـەو ئـەو زانیارییانـە وەک زانیارییەکـی بابەتـی و بێلایەن و ڕاست مامەڵـە نـاکات، بەڵکو وەک بەشـێک لـە سـتراتیژێتێکی نوێی دەسـەڵات و لەدایکبوونـی کۆمەڵێک کایە وێنایـان دەکات کـە هێـز و دەســەڵات لەناویانـدا ئامادەیـە و ئەرکیشـیان لـە دونیـای مۆدێرنـدا کۆنتـرۆڵ و دیسـپلینکردنی تاکەکەسـەکانە. بـا کەمەکێـک وردتـر ئـەم مەسـەلانە ڕوون بکەینـەوە.



nbooks

# مەرگی ئینسان و لەدایکبوونی زانستە ئینسانییەکان

ڕەنگە بەناوبانگترین وێنەیەک لە خەیاڵی خوێنەرانی میشێل فوکۆدا دەربارەی ئینسان مابێتەوە ئەو وێنەیە بێت کە فوکۆ تیایدا باس لە "کۆتایی مرۆڤ" یان "مەرگی ئینسان" دەکات. لە کۆتایی کتێبی *وشەکان و شتەکان*دا میشێل فوکۆ لەبارەی ئەم کۆتاییەوە دەنووسێت، "لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆژیانەی بیرکردنەوەکانمان نیشانمان ئەدات کە مرۆڤ داهێنراوێکی تازەیە. هەروەها دەشێت مەسەلەی کۆتاییهاتن و نەمانیشی نزیک بێت. ئەگەر ئەو هەلومەرجانەی کە بوونە هۆی دروستبوونی مرۆڤ چیتر نەمێنن، ئەگەر بە هۆی ئەم یان ئەو ڕووداوەوە بگۆڕدرێن (...) بێگومان دەبێت ئەو کاتە تەواو لەوە دڵنیا بین کە مرۆڤ نامێنێت و کۆتایی دێت، وەک نەمانی وێنەی دەموچاوێک لەسەر لمی کەناری دەریا".[1]

1 Foucault, M. (1973). The order of things. P 387.



https://

دواهەمین ڕستەی ئەم پەرەگرافە ماوەیەکی درێژ دەبێتە مارکەیەک بۆ ناسینەوەی فیکری میشێل فوکۆ. ئەوانەی لە ساڵی ١٩٦٦دا، ساڵی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، ڕانان بۆ ئەم کتێبەی میشێل فوکۆ دەکەن گرنگییەکی گەورە بەم تێزەی نەمان یان مەرگی مرۆڤ لە کتێبەکەدا دەدەن، بەمەش ئەم تێزە دەبێتە یەکێک لە تێزە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو ساڵانە و یەکێک لە تێزە هەرە بەناوبانگەکانی فوکۆ خۆشی. بەڵام ئەم تێزە چ مانایەکی هەیە؟ بە چ مانایەک مرۆڤ بەرەو نەمان دەچێت؟ ئایا مەرگی مرۆڤ لە کتێبی *وشەکان و شتەکان*دا بە چ مانایەک دێت؟

لە خوێندنەوە سەرپێیی و سادەکاندا میشێل فوکۆ بەوە تاوانبار دەکرێت کە بانگەشەی کۆتایی و مردنی ئینسان دەکات، گوایە لەوە ئەدوێت کە سەردەمی ئینسان تێپەڕیوە و مرۆڤ ئەو نرخەی نەماوە کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا هەیبووە. زۆر کەس لەوانەی کە دژ بە فیکری ئەم فەیلەسوفە بوون بەردەوام هێمایان بۆ ئەم تێزی مەرگی مرۆڤە دەکرد و دەکەن و فوکۆ بە فەیلەسوفێکی دژەئینسان و دژەتاکەکەس ناوزەد دەکەن. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم تۆمەتانە چەند ڕاستن؟ ئایا بەڕاست فیکری فوکۆ فیکرێکە دژ بە ئینسان؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە دەبێت کەمەکێک زیاتر لەسەر بیرۆکەی مەرگ یان "کۆتایی ئینسان" لە فیکری ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییەدا بوەستین.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەدرێژیی لەسەر ڕوانینی فوکۆ بۆ چۆنیەتی لەدایکبوونی خودی مۆدێرن وەستاین و باسمان



nbooks

لەوە کرد کە ئەو خودە بەرهەمی ستراتیژەکانی دەسەڵات و مەعریفەی مۆدێرنن، ئەم خودە خودێکی مێژووییە و لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا دروست بووە، کە فوکۆ سەرەتاکانی بۆ سەدەی حەڤدەیەم دەگەڕێنێتەوە. لە ڕێگای ئەم پێداگرتنەوە لەسەر مێژووییبوونی ئەو خودە دەکرێت ئەنجامگیری بکەین و بڵێین مەبەستی سەرەکی فوکۆ لە دەستەواژەی "کۆتایی ئینسان" کۆتاییهاتنی مرۆڤ نییە وەک مرۆڤ، مانای ئەوە نییە مرۆڤ لەسەر زەوی نامێنێت و شوێنی بە ئاژەڵ یان گیانەوەرێکی تر دەگیرێتەوە. هەروەها مەبەست لێی دژایەتیکردنی مرۆڤ و مرۆڤبوون نییە بۆ بەرگریکردن لە شتێکی دیکە، بەڵکو مەبەست لەم ڕوانینە بۆ مرۆڤ ڕەخنەکردنی ئەو شێوازەیە لە فیکر کە بە هیومانیزم ناسراوە و پێی وایە مرۆڤ بەو مانایەی ئەمڕۆکە دەیناسین، وەک بوونەوەرێکی عەقڵانیی و سەربەخۆ و ئازاد، هەمیشە هەبووە. لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەدرێژیی لەسەر ڕەخنەکردنی ئەم تێزە وەستاین و دیدی فوکۆمان لەم بارەوە ڕوون کردەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لێ بکەین هەندێک مەسەلەی ترە لە پەیوەندیی بە تێزەی مەرگی مرۆڤەوە. تێزەی فوکۆ لەسەر مەرگی مرۆڤ ڕەخنە لە مرۆڤ خۆی نییە وەک مرۆڤ، کێشەکە لەگەڵ مرۆڤ خۆیدا نییە، بەڵکو ئەو تێزە ڕەخنەیە لە ڕوانینێک لە ڕوانینە فیکرییەکان بۆ مرۆڤ و لە پێناسێک لە پێناسە باڵادەستەکانی مرۆڤبوون. کێشە لەگەڵ مرۆڤدا نییە، بەڵکو کێشە لەگەڵ ئەو مەعریفە و گوتارانەدایە کە باس لە مرۆڤ دەکەن، کە لە ساڵانی پەنجا و سەرەتای شەستەکاندا گوتاری هیومانیزم



https://

بوو، بەتایبەتی لە چاپە سارتەرییەکەیدا. مەرگی مرۆڤ مانای کۆتایی ئەو وێنە و تێگەیشتنانە بۆ مرۆڤ کە لەم دیدە سارتەرییە هیومانیستەکەوە بۆ مرۆڤبوون سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر تێزەی "مەرگی خودا" لای نیتشە هێما بێت بۆ کۆتاییهاتن بە ڕۆڵی ئایین وەک چوارچێوەی سەرەکیی ئەخلاق و بەهاکان، ئاواش تێزەی "مەرگی ئینسان" لای فوکۆ هێما بۆ کۆتاییهاتنی دیدی هیومانیزم دەکات وەک چوارچێوەی سەرەکی تێگەیشتن لە ئینسان[١].

ئەگەر "مەرگی خودا" لای نیتشە هێما بێت بۆ کۆتایی دین و کۆتایی ئەو سیستمانەی وەک دین کار دەکەن لە دەستنیشانکردنی ماناکانی ئەخلاق و بەها و نۆرمە بنەڕەتییەکانی ژیاندا، واتە پێداگرتن بێت لەسەر ئەوەی دین چیتر چوارچێوەی بەها ئەخلاقییەکان نییە، ئاواش "مەرگی ئینسان" لای فوکۆ کۆتایی ئەو ڕوانینەیە کە بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ پەنا بۆ دیدی هیومانیزم دەبات. وەک لە لاپەڕەکانی پێشوشدا نیشانمان دا، گرنگترین شتێکیش کە تێزەی "مەرگی مرۆڤ" کۆتایی پێ دێنێت ئەو دیدە هیومانیستییە کە پێی وایە سەرچاوەی بیروبۆچوون و کار و کردەوەکانی مرۆڤ تاکەکەس یان خودی خۆیەتی، هەروەها کۆتایی ئەو تێزەشە

١ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر تێزی مەرگی خودا لای نیتشە، بڕوانە:
Franke, William. (2007). "The Deaths of God in Hegel and Nietzsche and the Crisis of Values in Secular Modernity and Post-secular Postmodernity." Religion and the Arts 11:2: 214–41.

یان بڕوانە:
Hudson, Fred M. (1952). "Four Meanings of 'the Death of God'". The Death of God Debate. Ed. by Jackson Lee Ice and John J. Carey. Philadelphia: The Westminster Press.



nbooks

کە تاکەکەس وەک گریمان و پێدراوێکی پێشین وەر دەگرێت و لەسەر ئەو بناغەیە شیکردنەوەی دونیا و کۆمەڵگا و دیاردەکان دەکات. هیومانیزم پێ لەسەر "سەربەخۆیی وشیاریی" و "سەربەخۆیی عەقڵ" و "سەربەخۆیی بیرکردنەوەی ئینسان" دادەگرێت و پێی وایە مرۆڤ بە جەوهەر خاوەنی ئیرادەیەکی ئازاد و سەربەخۆیە و بە جەوهەریش بوونەوەرێکە بەدوای ئازادیدا دەگەڕێت. بیرۆکەی کۆتایی ئینسان لای میشێل فوکۆ مانای کۆتاییهاتنی ئەم وێنە تایبەتەی ئینسان و لەدایکبوونی وێنەیەکی دیکەیە کە لەباتیی پێداگرتن لەسەر عەقڵانییبوون و سەربەخۆبوونی تاکەکەس، باس لە ئامادەگیی ئینسان لەناو پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی مانا و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دەکات. مرۆڤ وەک جەوهەرێکی ئازاد نابینێت، بە مانا سارتەرییەکەی، بەڵکو وەک بوونەوەری ناو چەندان تۆڕی دیسپلین و ئاراستەکردن وێنای دەکات. فوکۆ سنوورەکان و شێوازەکانی عەقڵانییبوون و سەربەخۆبوونی ئینسان، بە گشتێتیی ئەو سێ شێوازە لە پەیوەندییەوە گرێ دەدات[1].

لای فوکۆ هۆشیاریی ئینسان هۆشیارییەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو هۆشیارییەکە لەناو سەرجەمی جەبرەکانی ئەو سێ پەیوەندییەدا ئامادەیە کە باسمان کرد، مەبەستم پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی مانا و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە. هۆشیارییەکە ئەو پەیوەندییانە بەرهەمی دەهێنن و ئەو پەیوەندییانە سنوور و ئەگەرەکانی

1 Foucault, M. (1973). The order of things, New York, Vintage.



https://

دەستنیشان دەکەن. هۆشیاری لەم دیدەدا هۆشیارییەک نییە ئینسان لە سەربەخۆبوونی خۆیدا بەرهەمیان بهێنێت، یان وەک خودێکی موفاریقی دەرەوەی کات و دەرەوەی شوێن هەڵگری بێت، هۆشیاری و ئینسانبوون خۆشیان شتێک نین لە دەرەوەی شێوازی جیاوازی جەبری گوتاری و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا دروست ببن، بەڵکو هەم هۆشیاری و هەم مرۆڤبوون هۆشیاری و مرۆڤبوونێکن لەناو گوتارەکان و پەیوەندییەکاندا دروست دەبن و لەوێشدا دەجوڵێن و کار دەکەن و دەگۆڕێن. وەک نیشانیشمان دا چەمکی گوتار لای فوکۆ مانایەکی تایبەتی هەیە، گوتار دەستەواژەیەک نییە فوکۆ بەبێ بەخشینی کۆمەڵێک مانای تایبەت پێی بەکاری بهێنێت. لە کتێبی *سیستمی گوتار*دا فوکۆ بەدرێژی لەسەر شیکردنەوەی ماناکانی گوتار ڕادەوەستێت و نیشانی ئەدات کە چەپاندن و بێدەنگکردن و پۆلینکردن و ناونانی دیاردەکان، بەشێکن لەو دونیا ناوەکییەی گوتارەکان کاری پێ دەکەن. گوتار لای فوکۆ پانتاییەکی سەربەخۆ و ئازاد نییە، بەڵکو پانتاییەکە بە شێوازی جیاواز کۆنترۆڵ و ئاراستە کراوە و شێوازی جیاوازیی دەسەڵات لەناویدا ئامادەن، لەوانەش جەبرەکانی زمان و جەبری تیۆرییە زانستییەکان و جەبری دەزگاکان، تا بە جەبری ئەوانەش دەگات کە بە ناوی ئەو زانستانەوە قسە دەکەن و خۆیان وەک هەقیقەتبێژ دەناسێنن. بۆیە هۆشیاریی ئینسان لای فوکۆ هۆشیارییەکی ئازاد نییە، بەڵکو لەناو گوتارەکاندا دروست و بەرجەستە دەبێت و هەر لەوێشدا دەپارێزرێت. بەم مانایە هۆشیاریی مرۆڤ هۆشیارییەکە لە سەرجەمی گەمەکانی دەسەڵات و مەعریفەی



nbooks

سەردەمێکی دیاریکراوەوە ئالاوە. گوتارەکان ئەو شوێنەن کە زمانی قسەکردنی مرۆڤی تیادا دروست دەبێت، قسەکردن لەسەر خۆی و لەسەر دونیای دەوروبەری و لەسەر ئەوانی تر کە لە خۆی ناچن، گوتارەکان ئەو چەمک و تیۆرانە بە مرۆڤ دەبەخشن کە بە هۆیانەوە دەوروبەر دەناسێت، ئەو پۆلێنکردن و سنوورانەمان نیشان ئەدەن کە دەبێت بیانزانین، هەندێک کەسمان بۆ دەکەن بە خاوەنی ئەو مەعریفەیەی کە پێمان دەڵێت چی بە زانست و چی بە نازانست بزانین و ئەوانی تریش بە کەسانێک کە نائاسایی و نەزان و بیمارن. گوتارەکان دەزگا هەیە بەرهەمیان دەهێنێت و دەزگا هەیە بڵاویان دەکاتەوە و دەزگایش هەیە دەیانپارێزێت. کە فوکۆ باس لە کۆتایی ئینسان دەکات باس لە کۆتایی گوتارێک لە گوتارەکانی قسەکردن لەسەر ئینسان دەکات. باس لە کۆتایی ئەو گوتارە دەکات کە ئینسان وەک بوونەوەرێکی خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆ و خاوەن هەڵبژاردنی ئازاد و بێسنوور وێنا دەکات و مرۆڤ لە دەرەوەی جەبرەکانی دەسەلات و جەبرەکانی مەعریفە و جەبری دەزگاکاندا دەبینێت و جەوهەرێکی عەقڵانیی و سەربەخۆی نامێژوویی پێ دەبەخشێت. مەرگی ئینسان مەرگی مرۆڤ نییە وەک مرۆڤ، بەڵکو مەرگی ڕوانینێکی ڕۆمانسییانە بۆ مرۆڤ کە پێی وایە مرۆڤ خاوەنی جەوهەرێکی ئازاد و چاکەکار و سەربەخۆیە. بێگومان ئەم ڕوانینە هەڵگری ئیستاتیکایەکی تایبەتە، بەڵام ڕوانینێکی تەواو هەڵە و نامێژووییە.

تێزەی مەرگی مرۆڤ جۆرێکی نوێ لە بیرکردنەوە سەبارەت بە مرۆڤ پێشنیار دەکات کە لە تێڕوانین بۆ



https://

تاکەکەسەوە وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ دەست پێ نەکات، بۆ ئەوەی دوای ئەوە لە ماناکان و کردەکان و پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و چۆنیەتیی کارکردنی دەسەڵات تێبگات، بەڵکو لەباتیی ئەمە لە جەبرەکانی دەسەڵات و مەعریفە و لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و ڕەمزییەکانەوە دەست پێ بکات و لەوانەوە بۆ قسەکردن لەسەر تاکەکەس بپەڕێتەوە. مەرگی ئینسان مەرگی ئەم وێنە سوپەرمانییەی ئینسانە کە فیکری هیومانیزم بۆ ئینسانی دروست دەکات، مەرگی وێنە میتافیزیکییەکانی ئینسانە لە ڕێگای جێگرتنەوەیان بەو وێنە مێژووییە جیاوازانەی کە ساتەوەختە مێژووییە جیاوازەکان بۆ مرۆڤ و مرۆڤبوونی دروست دەکەن. مەرگی ئینسان مانای لەدایکبوونی وێنەیەک بۆ ئینسان وەک بوونەوەرێکی ئامادە لەناو جەبری هەمەجۆری گوتارەکاندا.

ڕەهەندێکی گرنگی تری تێزەی "مەرگی ئینسان" پەیوەندیی بە چۆنیەتیی وێناکردنی ئیرادەی ئینسانەوە هەیە. فوکۆ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئیرادەی ئینسان ئیرادەیەکی خۆڕسک و سەربەخۆ و ڕەها نییە، شتێک نییە وەک جەوهەرێک لەناو مرۆڤدا بوونی هەبێت، بەڵکو دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییە و لەناو تۆڕێک لە پەیوەندییەکان و هاوکێشە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا ئامادەیە، بەشێک نییە لە پێکهاتی سروشتی ئینسان، بەڵکو ئامادەگییەکی کۆمەڵایەتییە کە بوونی مێژوویيانەی مرۆڤ ناوەرۆک و پێکهات و تواناکانی دەستنیشان دەکات. فوکۆ بیرۆکەی "تاکەکەسی خاوەنی ئیرادە" یان "تاکەکەسی ئازاد" یان "تاکەکەسی بەرپرسیار" ناکاتە بناغەی تێگەیشتن لە کۆمەڵگا و مێژوو و دیاردەکان،



nbooks

هەروەهـا وەک جەوهەرێکـی ئینسـانیی پێشوەختدروسـتکراو مامەڵەیـان نـاکات، لـە کاتێکدا فەلسـەفەی هیومانیـزم ئـەم وێنانـە بـۆ مـرۆڤ دەکاتـە بناغـەی خوێندنـەوەی دونیـا و دیـاردەکان. فوکۆ پێی وایـە تاکەکـەس بـەو مانایە ئازاد نییە کە هیومانیزم گریمانـی دەکات و بـەو مانایـەش بەرپرسـیار نییـە کـە ئـەو فەلسـەفەیە باسـی دەکات و بـەو مانایـەش ئیرادەگـەر نییـە کـە وێنـای دەکات. لـە ڕاسـتیدا فوکـۆ لێرەدا ڕووی دەمـی لـە بوونگەراییەکەی جان پۆل سـارتەرە و ڕەخنـەی ئـەو ڕوانینـە هیومانیسـتییە بـۆ ئیرادەگەرێتـی مـرۆڤ دەکات. لای فوکـۆ تاکەکـەس بـەردەوام لەنـاو کۆمەڵێک پەیوەندیی هێز و مانـا و بەرهەمهێناندا ئامادەیە کـە سنوورێک بۆ ئازادی و سنوورێک بۆ بەرپرسـیارێتی و سـنوورێک بـۆ ئیـرادە دادەنێت.

بەشـێکی گرنگی فیکری فوکۆ بریتییـە لـە بەگژاچوونـەوەی ئـەم دیـدە هیومانیسـتییە بـۆ تاکەکەسـی ئـازاد و تاکەکەسـی بەرپرسیار، بەڵام نـە لەبـەر ئـەوەی فوکۆ حـەز بە کۆیلەیەتیی و نائازادیی و ناسـەربەخۆیی ئینسـان دەکات، نـە لەبـەر ئـەوەش فیکـری فوکـۆ فیکرێکـە دژ بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی و هەڵبژاردنـی ئازاد، بە پێچەوانـەوە ئـەوەی فوکۆ دەیەوێت بیڵێت جەختکردنە لـەو ڕاسـتییەی کە ئینسـان بـەو شـێوەیە ئیرادەگـەر و سـەربەخۆ و ئازاد نییە کـە هیومانیـزم باسـی دەکات، ئینسـان نیشـتەجێی نـاو پەیوەندییەکانـی دەسـەڵات و بونیادەکانـی مەعریفـەی سـەردەمانێکی مێژووییـە کـە هەردووکیـان وەک سـنووری سیاسـی و کۆمەڵایەتیی و مەعریفی و ئەخلاقی کار دەکەن و چەندەهـا ڕێگر بۆ ئازادی و سـەربەخۆبوونی ئینسـان دروسـت دەکـەن. لـەم ڕەخنەیـەدا فوکـۆ بەبەردەوامـی پێـی



https://

لەسەر ئەو خاڵە دادەگرێت کە هۆشیاری لە پەیوەندییەکی ئازاد و ڕاستەوخۆدا نییە بە دونیاوە، بەڵکوو لە ڕێگای گوتارەکانەوە ئەم پەیوەندییە مەیسەر دەبێت و گوتارەکانیش هەڵگری شێوازی جیاوازی جەبر و ناچاریی و پۆلێنکردنی تایبەتن، کە نائاگایانە کاریگەریی زۆر لەسەر هۆشیاریی خۆی و لەسەر ئازادی و تواناکانی مرۆڤ جێ دەهێڵن.



nbooks

# فرۆید و مارکس و نیتشه و فوکۆ

بێگومـان فوکـۆ یەکـەم نووسـەر نییـە کـە بەگـژ ئـەم وێنـە هیومانیسـتییەدا بـۆ مـرۆڤ دەچێتـەوە، بـەر لـە فوکـۆ چەنـدان فەیلەسـوف و زانـای کۆمەڵایەتـی و پزیشـکی سـایکۆلۆژی بەگـژ ئـەم دیدە هیومانیسـتیەدا چوونەتـەوە. من لێرەدا زۆر بەکورتـی بـاس لـە دیـدی سـیگمۆند فرۆیـد و کارل مارکـس و نیتشـە دەکـەم.

بیرۆکـەی "نەسـت" یـان "نائاگایـی" لای فرۆیـد دەرگا لەسـەر ڕووبەرێکـی گـەورە لـە ناهۆشـیاریی و ناعەقڵانییـەت و نەسـت لـە کەسـایەتیی مرۆڤدا دەکاتـەوە، کـە هەموویـان ڕۆڵـی گرنـگ و سـەرەکی دەبینن لـە دەستنیشـانکردنی هەڵسـوکەوت و بڕیـار و کار و کردەوەکانـی ئینسـاندا. لای فرۆیـد مـرۆڤ بوونەوەرێکـی عەقڵانیـی نییـە بـەو مانایـەی هیومانیـزم باسـی دەکات، بـە بۆچوونـی ئـەم دەروونناسـە ڕووبـەرە نەسـتییەکان پڕیەتـی لـە پاڵنـەر و هێـز و وزەی سـەرکوتکراو کـە ڕۆڵـی گـەورە لـەوەدا دەبینـن ئینسـان چـۆن هەڵسـوکەوت بـکات، چـۆن بیـر بکاتـەوە



https://

و چ وێنەیەکی لەسەر خۆی و لەسەر ئەوانی تریش هەبێت. بیرۆکەی نەست لای فرۆید نیشانی ئەدات کە هۆشیاریی تاقە سەرچاوەی ئاکار و هەڵسوکەوتی ئینسان نییە، هۆشیاری تەنها سەرچاوەیەکی بوونی ئەخلاقی و کولتوری و سیاسیی ئەم بوونەوەرە نییە، عەقڵ بەتەنها دەستنیشانی جەوهەری گریمانکراوی ئینسان ناکات، ئینسان بەو ئەندازەیە سەربەخۆ و هۆشیار نییە لە هەڵسوکەوتیدا وەک هیومانیزم پێشنیاری دەکات. لای فرۆید نەست، ئەو سەرزەمینە تاریک و ڕێکنەخراو و نەناسراوەیە کە پڕە لە هێز و ئارەزو و حەز و وزەی ناعەقڵانیی و خەفەکراو، ئەم ڕووبەرە ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەبینێت لە دەستنیشانکردنی چییەتی ئینسان و ئەو شێوازی خودبوونەی کە مرۆڤ هەڵگریەتی. بەکورتی فرۆید لەپاڵ هۆشیاریدا وەک یەکێک لە دەستنیشانکەرەکانی ئاکار و هەڵسوکەوتی ئینسانی، باس لە بوونی کیشوەرێکی نەبینراو و نائاگا دەکات کە بە هەمان ڕادەی هۆشیاری، ئەگەر زیاتریش نەبێت، کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و ئاکاری مرۆڤ جێ دەهێڵێت. ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ بەو ئەندازەیە هۆشیار و سەربەخۆ و عەقڵانیی نییە لە بڕیار و ئاکار و کردەوەکانیدا وەک هیومانیزم گریمانی دەکات، بەڵکو هێزگەلێکی ناعەقڵانیی و غەریزەیی و خەفەکراوی تریش هەن دەیجوڵێنن، کە خۆی زۆر جار بێئاگایە لێیان و لە دەرەوەی جوگرافیای بیرکردنەوەی هۆشیارانەی مرۆڤدان[1].

---

١ سەبارەت بە چەمکی نەس یان نائاگایی لای فرۆید و بەر لە فرۆید بڕوانە:

Whyte, Lancelot Law. (1962). The unconscious befor Freud. London, Basic Books.



nbooks

لەپاڵ فرۆیدا دەکرێت هێما بۆ کارل مارکسیش بکەین وەک فەیلەسوفێک کە لە دیدێکی دیکەوە عەقڵانییبوون و سەربەخۆبوون و ئیرادەگەرێتی ئینسان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بە شێوەیەکی بەرفروانیش سنووردارییان دەکات. بە پێچەوانەی فرۆیدەوە مارکس باس لە "بونیادێکی سایکۆلۆژیی" ناوەکی ناکات کە پڕە لە لەمپەر و وزە و بەربەستی دەروونی کە سنوورێک بۆ ئازادی و ویست و توانا عەقڵانییەکانی ئینسان دادەنێت، بەڵکو باس لە "بونیادێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی" دەرەکی دەکات، کە ئینسان بە کۆمەڵێک هەڵبژاردن و ڕوانین و وێناکردن و جەبریی مێژوویی مەحکوم دەکات، کە سنوورێکی گەورە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و سەربەخۆی مرۆڤ دادەنێن. لای مارکس "بونیادێکی ئابووریی" قووڵ، ژێرخانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بوونیان هەیە کە هیچیان بە چاو نابینرێن، بەڵام ژێرخانی کاپیتالیزم وەک سیستم دەستنیشان دەکەن. ئەم ژێرخانەش دەستنیشانی هۆشیاریی و سنووری جوڵە و ناوەرۆک و ئاراستەی کردە و هەڵوێستە مێژووییەکانی ئینسان دەکەن. لای مارکسیش بیرکردنەوەی عەقڵانیی و هەڵبژاردنی ئازاد و ئیرادەی سەربەخۆ ئەو هێزانە نین کە مرۆڤ دەجوڵێنن و مێژوو دروست دەکەن، بەڵکو خودی ئەو شتانە خۆیان لەسەر هەندێک بونیادی قووڵتر وەستاون کە لە ژێرەوە سنوور و ئاراستەی ئیشکردنیان دیاری دەکات[١].

---

١ لە وتارێکی زۆر بەناوبانگی فۆکۆدا بە ناوی نیتشە، فرۆید، مارکس، ئەم سێ بیریارە بە ماستەرەکانی گومان ناو دەبات. لەوێدا باس لەوە



https://

ڕوانینی فوکۆ بۆ ئینسان و بۆ خود لە قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەیدا، کە هەندێک کەس بە قۆناغی بونیادگەریشی ناو دەبەن، نزیکە لەم دیدە فرۆیدی و مارکسییەوە. بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕوانینی فوکۆ بۆ خود درێژکراوەی ڕوانینی فرۆید و مارکسە، وردتر بدوێین درێژکراوەی ئەو دیدە فەلسەفییەیە کە ڕەخنە لە دیدی هیومانیستی بۆ ئینسان دەگرێت. بەڵام دیدی فوکۆ بە هیچ مانایەک کۆپیکردنی دیدی فرۆید و مارکس نییە، بەڵکو کۆمەڵێک جیاوازیی زۆر گەورەی هەیە کە ڕەنگە هەرە دیارتریان ئەوە بێت لای فرۆید بوونی ئەو هێزە نادیارانەی کە کاروکردەوە و بڕیارەکانی مرۆڤ دەستنیشان دەکەن، لەناو مرۆڤ خۆیدان و سروشتێکی غەریزیان هەیە، واتە بەشێکن لە سروشت و جەوهەری گریمانکراوی مرۆڤ و مرۆڤبوون لای فرۆید. لای مارکسیش ئەو هێزانەی کە دەستنیشانی ئەوە دەکەن مرۆڤ هەڵگری چ کەسایەتییەک و چ خودێکی مێژوویی بێت، کۆمەڵە هێزێکی دەرەکین کە لەناو بونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیی سەردەمێکی مێژووییدا بەرجەستەن. مارکس مۆدێلێکی تایبەتییشی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی ئازاد هەیە، مۆدێلی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، کە لای فوکۆ بوونی نییە و بە زۆر ماناش تەواو دژ بە دروستکردنی وێنەی سیستماتیکی لەو جۆرەیە بۆ ئایندە. مرۆڤی ئازاد لای مارکس مرۆڤی

---

دەکات کە لەپشتی هەر کولتوور و گوتار و کارێکی ڕەمزییەوە، بونیادێکی نەبینراو هەیە، لای مارکس ململانێی چینایەتی و لای فۆرید حەزوئارەزوو و لای نیتشە ئیرادەی دەسەڵاتە. بڕوانە:

Foucault, M. (1969.) “ Nietzsche, Freud, Marx” in Nietzsche. Paris: Minuti.



nbooks

ناو کۆمەڵگایەکی بێچین و بێموڵکایەتی تایبەت و بێدەوڵەتە، بەڵام فوکۆ خودی ئەو وێنە ئازادە بۆ مرۆڤ وەک وێنەیەکی ئایدیۆلۆژی دەبینێت و وەک هەوڵێک بۆ دەستگرتن بەسەر ئایندە و مۆنۆپۆلکردنیدا وێنای دەکات، چونکە ئەو وێنەیە بۆ ئایندە وێنەیەکە لە ئەمڕۆدا و لە سایەی مەعریفە و زانین و پەیوەندییەکانی دەسەلات لە ئەمڕۆدا بەرهەم هاتوون و بەسەر ئایندەدا دەسەپێنرێن. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم خاڵە، خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەو گفتوگۆ بەناوبانگە بگەڕێتەوە کە فوکۆ لەگەڵ چۆمسکیدا ئەنجامی ئەدات).

جگە لە مارکس و فرۆید، میشێل فوکۆ پێی وایە نیتشەش یەکێکە لە گەورەترین ڕەخنەگرانی دیدی هیومانیزم بۆ مرۆڤ. بە بۆچوونی فوکۆ بیرۆکەی "مەرگی خودا" و لەدایکبوونی بیرۆکەی "سوپەرمان" یان "ئینسانی باڵا" لای نیتشە هێمایەکی ئاشکران بۆ مەرگ یان کۆتایی ئینسان بەو شێوەیەی کە فیکری هیومانیستی وێنای دەکات. لای نیتشە ئەوەی مرۆڤ دەجوڵێنێت عەقڵ و نەست و ئیحساسات نییە، بەڵکو ئیرادەی دەسەلاتە، ئیرادەی دەسەلاتیش شتێکە جیاواز لە ئیرادەی عەقڵ و بیرکردنەوەی عەقڵانیی.

کۆتایی ئینسان کۆتایی ئەو فەلسەفانەیە کە پێیان وایە ئینسان سەنتەری سروشت و جێگرەوەی خودایە لەسەر زەوی، کۆتایی وێناکردنی ئینسانە وەک تاکەکەسێکی ئازاد و هۆشیار و عەقڵانیی کە سەرچاوەی هەموو شتەکانە و بەو ئاگارانەشەوە لەپشتی هەموو بڕیار و کاروکردەوەکانەوە ئامادەیە، بەبێ گرنگیدان بەو بونیاد و ڕێگر و پەیوەندییانەی کە ئینسان هەم لەناویاندا ئامادەیە و هەم تا ڕادەیەکی



https://

زۆریش دەتوانن دەستنیشانی ئەوە بکەن مرۆڤ دەتوانێت چی بکات و بە چ جۆرێک بیر بکاتەوە و بتوانێت چی بڵێت و چیش نەتوانێت بکات و بڵێت و بیر بکاتەوە.

بەکورتی ئەگەر لای فرۆید "نەست" یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی هەڵسوکەوت و ویست و ئارەزووەکانی ئینسان بێت، ئەگەر لای مارکس "ژێرخانی ئابووریی" دەستنیشانی هۆشیاری و هەڵسوکەوتی ئینسان بکات و لای نیتشە ئیرادەی دەسەڵات، ئەوا لای فوکۆ ئەوەی کە دەستنیشانی ئەوە دەکات ئینسان چی بێت و چۆن بیر بکاتەوە و چی بڵێت، یان هەڵگری چ جۆرە خودێک بێت، پەیوەندییەکانی دەسەڵات و گوتارەکانن، یان دەسەڵاتی گوتارەکانن. دەسەڵات و گوتارەکان ئەو ڕووبەرە پێک دەهێنن کە ئینسان لەناویدا ئامادەیە و بیر دەکاتەوە و ئارەزوو دەکات و دەژی و دەمرێت. وەک دەبینین وێنەی مرۆڤ لای فوکۆ تەواو ناکۆکە بەو وێنەیەی کە هیومانیزمی سارتەر دەیکێشێت.



nbooks

# دەرەنجام

فوکۆ لە قۆناغی یەکەم و دووهەمی گەشەکردنی فیکریی خۆیدا، واتە لە کتێبی *مێژووی دێوانەیی*یەوە تا بەرگی یەکەمی کتێبی *مێژووی سێکسوالیتە*، بە تێپەڕین بەناو کتێبی *دیسپلین و سزا*دا، هەڵگری وێنەیەکە بۆ تاکەکەس و بۆ خود کە زیاتر دروست دەکرێت و کەمتر خۆی دروست دەکات، کە ئاراستە دەکرێت و کەمتر بەرگریی دەکات، کە لە دەرەوەڕا و لەناو گوتارەکان و دەزگاکانەوە شوناسەکانی بەسەردا دەسەپێت، نەک خۆی بەشدار بێت لە دروستکرنی ئەو شوناسانەدا. ڕوانینی فوکۆ لەم قۆناغەدا بۆ تاکەکەس ڕوانینێکی ڕەشبینە و تاک وەک بوونەوەرێکی پاسیڤ و بێچالاکی یان کەمچالاکی دەبینێت. فوکۆ لەم قۆناغەدا سەرقاڵی دۆزینەوەی ئەو میکانیزم و دەزگا و گوتار و شێوازانەی مەعریفەیە کە دونیای ناوەکیی تاکەکەس لە دونیای مۆدێرندا دادەڕێژن و دروست دەکەن. ئەم کردەیەش کردەیەکی گوتاریانەیە، واتە دروستکردنێکە پڕ لە فشار و مەشق و میکانیزمی دیسپلینکردن و کۆنترۆڵ



https://

و چاودێریکردن، نەک بەرجەستەبوونی خودێکی گەردوونیی عەقڵانیی و سەربەخۆ کە دیدی هیومانیزم بەرگریی لێ دەکات. ئەو وێنە گشتییەی مرۆڤ لەدوای خوێندنەوەی کتێبە گرنگەکانی ئەم قۆناغەی فیکری فوکۆوە لەسەر مرۆڤ دەستی دەکەوێت، وێنەی مرۆڤێکی لە ناوەوە کۆنترۆڵ و دیسپلینکراوە، کەسێکە برێکی گەورە لە پاسیڤبوون لە دەروونیدا چێنراوە و هەندێک جار وا هەست دەکەیت کە ئەگەرێکی بۆ دەربازبوون لە گەمەکانی دەسەڵات و مەعریفە و لە ڕژێمی هەقیقەتی سەردەمەکەی خۆی، لە بەردەمدا نییە.

تێزەی "مەرگی مرۆڤ" بەرجەستەکەری ئەم قۆناغەی فیکری فوکۆیە، ئەگەرچی لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەدرێژیی لەسەر مانا سەرەکییەکانی ئەم تێزە وەستام، بەڵام دەمەوێت لێرەدا هێما بۆ ئەو نارەحەتییە بکەم کە ئەم تێزە بۆ فیکری فوکۆ دروستی دەکات. هەرچۆنێک ئەم تێزە لێک بدەینەوە لەوە ڕزگارمان نابێت وەک تێزێکی گرفتئامێز نەیبینین، چونکە ئەوەی لەپشتی ئەم تێزەوە ئامادەیە، یان ئەم وێنەیەی لەسەر مرۆڤ پێشنیاری دەکات، ئەوە وێنەی مرۆڤێکە کە بوونە ئینسانییەکەی بەتەواوەتی لەلایەن هێزە دەرەکییەکانی دەرەوەی خۆیەوە دەستنیشان دەکرێت. گوتارەکان و شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵات و ڕژێمەکانی هەقیقەت، پێکهاتەی ناوەکیی ئینسان دەستنیشان دەکەن و مرۆڤێک دروست دەکەن پرۆگرامکراو و ئاراستەکراو. لەم ڕوانینەدا دەروونی ئینسان سەرزەمینێکە تا ڕادەیەکی گەورە لەلایەن بونیادەکان و گوتارەکان و شێوازەکانی دەسەڵات و جۆرە باڵادەستەکانی مەعریفەوە داڕێژراوە و دادەڕێژرێت. مرۆڤ



nbooks

بوونەوەرێکی کارلەسەرکراوی نێگەتیڤ و بێکردەی پاسیڤە و پانتاییەکە بێ توانای بەرگرییکردن بەرامبەر بە بونیادەکانی دەسەلاّت و سەربەخۆبوون لە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی مانا و تەکنیکەکانی دیسپلینکردن. مەرگی ئینسان وەک چۆن هێمایە بۆ کۆتایی ئەو دیدە ئیرادەگەرییە ڕۆمانسییە هەڵە و ناڕاستەی هیومانیزم هەڵگریەتی و پێی وایە مرۆڤ ئۆتۆنۆمانە، مێژووی خۆی دروست دەکات و سەربەخۆیانە پیادەی ئازادییەکانی خۆی دەکات، ئاواش، بە جۆرێک لە جۆرەکان، هێمایە بۆ ئامادەگیی دیدێکی حەتمیەتپەرست دەکات کە ئینسان وەک پووشی ناو شەپۆلێکی گەورە وێنا دەکات، کە بەبێ توانایەکی ڕاستەقینەی بەرگریکردن شەپۆلەکان دەیهێنن و دەیبەن. بۆیە تێزەی مەرگی مرۆڤ، ئەگەر لە سەرێکەوە لە وەهمەکانی هیومانیزم و ڕۆمانسییەتی ڕۆشنگەرانە ڕزگارمان بکات، لە سەرێکی دیکەوە دەکرێت ڕووبەڕووی کێشەی فەرامۆشکردنێکی تەواوی ئازادیی و ئیرادە و توانای بەرگریکردنی تاکەکەسمان بکاتەوە. تێزەی مەرگی ئینسان کێشەی تیۆری و ئەخلاقیی گەورە بۆ بیرۆکەی کردە و توانای بەرگریکردن لای مرۆڤ دروست دەکات، فوکۆ خۆی لە کۆتایی سالأنی حەفتادا هۆشیارانە لەگەڵ ئەم سنووردارکردنەی تواناکانی مرۆڤدا مامەڵە دەکات و شتگەلێکی نوێ دەنووسێت کە تیایدا پێداگرتن لەسەر توانای مرۆڤ بۆ بەرگریکردن و بۆ دارشتنی خودی خۆی وەک بوونەوەرێکی تایبەت، دەبێتە تێمای سەرەکیی. لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا ئەم خاڵە بەدرێژیی باس دەکەین.



https://

# سەرچاوەکان

1. Arribas-Ayllon, Michael & Walkerdine, Valerie (2008). *Foucauldian Discourse Analysis*. London: Sage.
2. Dreyfus, H. L. & Rabinow P. (1982). *Michel Foucault, beyond structuralism and hermeneutics*. Chicago: University of Chicago Press.
3. Foucault, M. (1969). Nietzsche, Freud, Marx. In *Nietzsche*. Paris: Minuti.
4. Foucault, M. (1973). *The order of things*. New York: Vintage Books.
5. Foucault, M. (1977). *Language, counter-memory, practice*. Ed. D.F.
6. Foucault, M. (1979). *Discipline and Punish*. New York: Vintage
7. Foucault, M. (1983). The subject and power. In H. Dreyfus & P. Rabinow (Eds.), *Michel Foucault: Beyond Structuralism and Hermeneutics*. University of Chicago Press.
8. Foucault, M. (1987). The ethic of care for the self as a practice of freedom. *Philosophy and Social Criticism*, Vol.12, no.2-3, Summer 1987, p.123.
9. Foucault, M. (1990). *The history of sexuality: An introduction (Vol. 1)*. New York: Vintage Books.
10. Foucault, M. (1993). *The Archaeology of Knowledge*. New York: Barnes and Noble.
11. Foucault, M. (1997). The ethics of the concern of the self as a practices of freedom.
In Paul Rabinow (ed.), *Michel Foucault. Ethics, Subjectivity and Truth. Volume one*. Penguin Press.
12. Franke, William (2007). The Deaths of God in Hegel and Nietzsche and the Crisis of Values in Secular Modernity and Post-secular Postmodernity. *Religion and*



nbooks

*the Arts* 11:2: 214–41.
13. Fraser, Nancy (1989). Foucault on Modern Power: Empirical Insights and
Normative Confusions. In Nancy Fraser, *Unruly Practices: Power, Discourse, and Gender in Contemporary Social Theory.* Minneapolis: University of Minnesota Press.
14. Habermas, Jurgen (1990). *The Philosophical Discourse of Modernity.* Cambridge: MIT Press.
15. Han-Pile, Beatrice (2010). The death of man : Foucault and anti-humanism.
In Timothy O'Leary & Christopher Falzon (eds.), *Foucault and Philosophy.* Wiley-Blackwell 118—42. Retrieved from: http://privatewww.essex.ac.uk/~beatrice/The%20 'Death%20of%20Man'%20 %20Foucault%20and%20 Humanism.pdf
16. Hudson, Fred M. (1952). Four Meanings of 'the Death of God'. In Jackson Lee Ice and John J. Carey (eds.), *The Death of God Debate.* Philadelphia: The Westminster Press.
17. Huijer, Marli (2015). The aesthetics of existence in the work of Michel Foucault. *Philosophy and Social Criticism.* Vol 25 no 2. pp. 61-85.
18. May, Todd (2011). Foucaults conception of freedom. In Dianna Taylor (ed.), *Michel Foucault: Key concepts.* Acumen Publishing. pp. 71-83.
19. McLaren, M. A. (2002). *Feminism, Foucault, and embodied subjectivity.* Albany: State University of New York Press.
20. Miller, James (1993). *The Passion of Michel Foucault.* New York: Simon & Schuster.
21. Sartre, Jean-Paul (1973). *Existentialism & Humanism.* London: Eyre Methuen.
22. S. Puledda (1997). *Interpretations of Humanism: Western Humanisms from the Renaissance to the Present.* Latitude Press.
23. Veyne, Paul (2010). *Foucault, de denker, de mens.* Kampen: Uitgeverij Klement.
24. Visker, Rudi (1990). *Michel Foucault: genealogie als*



https://

*kritiek.* Uitgeverij Vantilt.
Whyte, Lancelot Law (1962). *The unconscious before Freud.* London: Basic Books.



nbooks

https://

# بەشی سێهەم
# بەرگریی: ئەگەر و توانایەکی هەمیشەیی

nbooks

https://

# سەرەتا

وەک لـە بەشـی پێشـوودا هێمایەکـی خێـرام پـێ کـرد یەکێـک لـەو ڕەخنانـەی لـە فیکـری فوکـۆ دەگیرێـت لاوازیـی چەمکـی بەرگـری و پەراوێزبوونـی کـردەی بەرگرییـە لـە فیکـری ئـەم نووسـەرەدا، لانـی کـەم لـە کتێبـی *مێـژووی دێوانەییـ*ـەوە لـە سـەرەتای شەسـتەکانەوە بـۆ بەرگـی یەکەمـی کتێبـی *مێژووی سێکسوالیتە* کۆتایی حەفتاکاندا. ئەم ڕەخنەیە، بە پلەی یەکەم، ڕەخنەیـە لـە هـەردوو چەمکـی دەسـەڵات و چەمکـی خـود لـە فیکری فوکۆدا. لێرەدا باس لەوە دەکرێت کە فوکۆ دەسـەڵات وەک هێزێکـی خـاوەن هەیمەنـە و هەمەلایـەن و فرەتوانـا و پـڕ زەبـری مادیـی و مەعنەویـی دەبینێـت، کـە شـوێنێک بـۆ خودسـازییەکی ئـازاد و بـۆ کـردەی بەرگرییکـردن لای ئینسـان ناهێڵێتـەوە. دەسـەڵات وەک شـتێک کـە لـە هەمـوو شـوێنێک و لەنـاو هەمـوو پەیوەندییـەک و هەمـوو خانـە و ئۆرگانێکـی



nbooks

کۆمەڵایەتیدایە[1]. نەک هەر ئەمە بەڵکو هەندێک ڕەخنەگر هەن دەڵێن تێگەیشتنی فوکۆ بۆ دەسەڵات بە شێوەیەکە نەک تەنها کردەی بەرگرییکردن، بەڵکو هەموو کردەیەکی مێژوویی ئیفلیج دەکات و ڕووبەرێکی ڕاستەقینە بۆ بەرگریکردن ناهێڵێتەوە. وەک هابرماس دەڵێت فوکۆ دیدگا و پێگەیەک ناهێڵێتەوە کە لەوێوە ڕەخنە لە دەزگاکانی دونیای مۆدێرن بگیرێت و بەمەش بنەمایەک بۆ کردەی سیاسیی و ئەخلاقیی ناهێڵێتەوە، ئەمە جگە لەوەی شتێک بە ناوی تاکەکەسەوە نامێنێتەوە کە بتوانێت دەستی لەناو گۆڕین و دەستکاریکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا هەبێت[2].

خاڵێکی تر کە وەک ڕەخنە ئاراستەی فوکۆ دەکرێت ئەوەیە کە لە دۆخی دروستبوون و شکڵگیریی گوتارەکاندا، یان لە دروستبوونی ئەو دەزگایانەدا کە دەسەڵات و مەعریفە دەکەونە پەیوەندییەوە، کەس نازانێت کێ پێوستە دژ بە کێ بەرگریی بکات و کێ نەهێڵێت کێ چی بەرهەم بهێنێت[3]. واتە ڕووبەری بەرهەمهێنانی گوتار و دروستکردنی دەزگاکان لە فیکری فۆکۆدا وەک ڕووبەرێکی بێبکەر دەردەکون و شتەکان وا دەر دەکەون وەک ئەوەی لەناو کۆمەڵێک پرۆسە و بونیاد

---

١ بۆ نموونە، بڕوانە:
Foucalut, Michel(1990). The history of sexualty, Vol. 1. p. 93.

٢ بڕوانە:
Habermas (1987). The political discourse of modernity, Cambridge: MA, MIT Press. p. 265-270.

٣ بڕوانە:
Trombadori,Duccio (1991). Michel Foucault: Remarks on Marx, New York: Semiotext(e). p. 18-19..



https://

و میکانیزمی بێبکەردا کار بکەن، بۆیە ناکرێت بزانرێت ئەوەی ڕوو دەدات کێ لێی بەرپرسیارە و ناشکرێت بزانرێت کێ پێویستە بەرامبەر بە کام شت بوەستێتەوە و بەرگریی بکات.

لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەم فراوانی ئەم ڕەخنانە لە فیکری فوکۆ کەمێک سنووردار بکەم و ئەو ئەگەر و پەنجەرانە نیشان ئەدەم کە لە فیکری فوکۆدا هەن و هێما بۆ توانای بەرگریکردن و بەشدرابوون لە بەرپاکردنی گۆڕانکاریدا دەکەن. هەوڵ ئەدەم ئەو خاڵە ڕوون بکەمەوە کە ئەگەری بەرگریی لای فوکۆ ئەگەرێکی گرنگ و بەردەوامە، چونکە تاکەکەس لای ئەو، وەک خۆی دەڵێت، "هەم دەرەنجامی کارکردنی دەسەڵاتە، هەم ڕەگەزی دروستبوون و شکڵگیریشیەتی"[1]. لە دیدی فوکۆدا وەک چۆن دەسەڵات تاکەکەس دروست دەکات، لە ڕێگای گوتار و دەزگاکانەوە، ئاواش تاکەکەس بەشدارە لە دروستکردنی دەسەڵاتدا، وەک چۆن تاکەکەس دەرەنجامی شێوازەکانی کارکردنی دەسەڵاتە ئاواش دەسەڵات لەڕێگای تاکەکەسەوە فۆرم و شکڵی خۆی وەر دەگرێت. لای فوکۆ، وەک پێشتریش باسم کرد، مەسەلەی سەرەکی مەسەلەی دەسەڵات نییە، بەڵکو مەسەلەی "پەیوەندییەکانی دەسەڵات"ە، دەسەڵات نییە وەک جەبر، بەڵکو دەسەڵاتە وەک پەیوەندی و وەک هاوکێشەیەکی چەندجەمسەرە کە تاکەکەسی ناو هەریەکێک لە جەمسەرەکان دەتوانن کاریگەریی گەورە لەسەر شێوازی کارکردن و دارشتن و تۆڕبەندیی پەیوەندییەکان جێ بهێڵن. بەڵام بەر لەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەم دەمەوێت سەرەتا کەمەکێک وردتر لەسەر تێزی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکەر و

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٩.



nbooks

خاوەنی هەیمەنە لە فیکری فوکۆدا بدوێم، چونکە یەکێک لەو سەرنجانەی دەسەڵاتی دیسپلینەکەر لای فوکۆ لەسەر خوێنەر جێی دەهێڵێت، وێناکردنی ئەم دەسەڵاتەیەوەک دەسەڵاتێکی خاوەن هەیمەنە کە هیچ مەودایەک بۆ دەربازبوون لێی لە بەردەمی تاکەکەسدا نییە. لە لاپەڕەکانی ڕابردوودا کەمەکێک لەسەر ئەم بابەتە وەستام و ڕوانینە سەرەتاییەکانی فوکۆم لەم ڕووەوە نیشان دا. لێرەدا هەوڵ ئەدەم کەمەکێک فراوانتر لە پەیوەندیی نێوان هەیمەنە و دیسپلین بڕوانم بۆ ئەوەی دوای ئەوە بتوانم شێوازەکانی بەرگریی لە فیکری فوکۆدا وردتر باس بکەم

# هەیمەنە و دیسپلین

وەک پێشتریش هێمام پێ کرد فوکۆ چەند ساڵێک دوای نووسینی کتێبی *وشەکان و شتەکان*، کە تیایدا باس لە لەدایکبوونی ئینسان لەناو زانستەکاندا دەکات، جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر هەمان بابەت، بەڵام ئەم جارەیان لە ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا. ئەگەر فوکۆ لە کتێبی *وشەکان و شتەکاندا* باس لە لەدایکبوونی چەمکی ئینسان بکات لەناو زانستەکاندا، بەتایبەتی لەناو زانستە ئینسانییەکاندا، کە مرۆڤ شوێنی خودا و شوێنی پادشاکان دەگرێتەوە و ئەم زانستانە لەباتیی خۆخەریککردن بە خودا و پادشاوە دەکەونە باسکردن و شیکردنەوەی ئینسان، ئەوا لە کتێبی *دیسپلین و سزادا* فوکۆ باس لە لەدایکبوونی تاکەکەسی مۆدێرن دەکات لەناو دەزگاکان و تەکنیکەکانی چاودێریکردن و پەیوەندییە تازەکانی دەسەڵاتدا. لە کتێبی *دیسپلین و سزادا* فوکۆ لەم کتێبەدا تەماشای ئەو شێوازی دەزگا و جۆری دەسەڵات و تەکنیکی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنانە دەکات



nbooks

کە وا دەکەن تاکەکەس و خودی مۆدێرن لەدایک ببێت.

تەکنیکەکانی ئەو مۆدێلە تازەیەی دەسەڵات کە فوکۆ لە کتێبی *دیسپلین و سزا*دا باسی دەکات، مۆدێلی زیندان، تەکنیکی دروستکردنی هەیمەنەن و لەناو زۆربەی هەرەزۆری دەزگاکانی تری ناو کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ئامادەیە. واتە ئەم تەکنیکانەی دەسەڵات، کە فوکۆ ناوی میکرۆفیزیای دەسەڵاتیان لێ دەنێت، تەنها لەنێو زیندانەکاندا ئامادە نییە، بەڵکو لەناو بەشێکی زۆری دەزگا سەرەکییەکانی دونیای مۆدێرندا ئامادەیە، لە دەزگاکانی فێربوونەوە بیگرە، بۆ دەزگاکانی پشکنینی دەروونیی و خەستەخانەکان و سوپا و کارخانەکان. لە هەموو ئەم شوێنانەدا مرۆڤی مۆدێرن وەک تاکەکەس لە بەردەم چاودێریکردن و ئاراستەکردن و فێرکردن و مەشقکردنێکی تایبەتدایە بۆ ئەوەی دواجار مرۆڤێکی گوێڕایەڵی لێ دەر بچێت کە هەڵگری خودێکی بەرنامەڕێژکراو و ئاراستەکراوە. بەم مانایە دەسەڵاتی دیسپلینکەر دەسەڵاتێک نییە تەنها کاری کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنی تاکەکەسەکان بێت، بەڵکو دەسەڵاتێکی بەرهەمهێنیشە، بەڵکو لەپاڵ دەزگای تایبەتدا هاوکات مرۆڤ و خودی زۆر تایبەت بەرهەم دەهێنێت. وەک چۆن لە زیندانەکاندا چەندان شێواز و تەکنیکی تایبەت بەکار دەهێنرێن بۆ ئەوەی تاوانبارێک یان "مرۆڤێکی هەڵە،" بکەنەوە بە "مرۆڤێکی ئاسایی،" ئاواش لەناو دەزگاکانی تردا هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی ئاسایی ئەنجام ئەدرێت. قوتابخانە منداڵان دەکاتە مرۆڤی "بەسوود،" سوپا کەسەکان دەکات بە "سەربازی بەسوود،" خەستەخانەکان بیمارەکان دەکەن بە مرۆڤی تەندروست و



https://

بەسوود... هتد. تێزەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە پرۆسەی دروستکردنی تاکەکەس، پرۆسەی داڕشتنی خودی مرۆڤ و ڕەنگرێژکردنی دونیا ناوەکییەکەی، لە دونیای مۆدێرندا، پرۆسەیەکە دەسەڵات ئاراستەی دەکات و دەسەڵات هێڵە سەرەکییەکانی دەکێشێت. ئەگەر مرۆڤ لە کتێبی *وشەکان و شتەکان*دا زانست و مەعریفەی هاوچەرخ دروستی بکات، ئەوا لە کتێبی *دیسپلین و سزا*دا دەزگا گەورەکانی دونیای مۆدێرن، زیندان و قوتابخانە و نەخۆشخانە و لەشکر و... هتد. ئەو شوێنانەن کە تاکەکەسی مۆدێرنی تێدا دروست دەکرێت. دیدی باڵادەست لە *دیسپلین و سزا*دا هێمایەکی ئەوتۆ بۆ تەکنیک و میکانیزمێک ناکات کە خود خۆی، کە تاکەکەس بە شێوەیەکی سەربەخۆ، لە دروستکردنی کەسایەتیی خۆیدا بەکاریان بهێنێت. هەروەها هێمایەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بۆ توانا و کردەی بەرگریکردن ناکات. لەم کتێبەدا دەسەڵات وەک هێزێکی دەستنیشانکەر و بڕیاردەر و هەمەتوانا دەر دەکەوێت کە لە دۆخی هەیمەنەیەکی تەواودایە بەسەر تاکەکەس و بەسەر شێوازە جیاوازەکانی بەخودبووندا.



nbooks

# دیسپلین وەک هەیمەنە

هەیمەنە ئەو شێوازە تایبەتەی دەسەڵاتە کە تیایدا لایەنێک بتوانێت بەتەواوی دەستنیشانی چۆنیەتی هەڵسوکەوت و چۆنیەتی کارکردنی ئیرادەی لایەنێکی دیکە بکات، لەباتیی ئەو ئیرادەیە خۆی بڕیار بدات بڕیارەکانی لە شوێنێکی ترەوە بۆ بدرێت. بەمەش مەودایەک بۆ کار و جوڵانەوەی سەربەخۆی ئەو ئیرادەیە نەمێنێتەوە و بە کردەوە ئەوە بکات کە لێی چاوەڕوان دەکرێت کە بیکات. هەیمەنە ئەو شێوازەیە لە دەسەڵات کە سەرجەمی شێوازەکان و ئەگەرە سەربەخۆکانی دەسەڵاتێکی لە خۆی جیاواز بێدەنگ دەکات، هیچ مەودایەک بۆ بەرگریکردن و نەخێرگوتن ڕەفزکردنێکی ڕاستەقینە بەرامبەر بەو ئیرادە باڵادەستە و بەرامبەر بە دەرکەوت و ئامادەگییەکانی ناهێڵێتەوە. لە دۆخی هەیمەنەدا دەسەڵات سروشتی پەیوەندییەکی داخراوی هەیە، هەڵگری هیچ جۆرە کرانەوەیەکی ڕاستەقینە بەسەر کەسەکان و لایەنەکان و مەوقیعە جیاوازەکانی دەرەوەی خۆیدا نییە. دەسەڵاتی



https://

خاوەن هەیمەنە دەسەڵاتێکە ناهێڵێت لە دەرەوەی خۆیدا هیچ هێزێکی دیکە کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دونیا هەبێت، ناهێڵێت هیچ هێزێک توانای بڕیاری لەسەر ئاراستە گشتییەکانی گەشەکردن و گۆڕان و جموجوڵی کۆمەڵایەتیی، هەبێت. هەیمەنە ئامادەگیی ئەو جۆرە تایبەتەی دەسەڵاتە کە ویست و توانای دەسەڵاتەکانی دەرەوەی خۆی پەک دەخات، ئەگەرێکی ڕاستەقینە بۆ ئامادەبوون و کارکردن و هەڵبژاردنە تایبەتەکانیان ناهێڵێتەوە. بەکورتیی، دەسەڵاتی خاوەن هەیمەنە ئەو دەسەڵاتەیە کە پانتایی و ئەگەر و ڕووبەرێک بۆ بەرگریکردن ناهێڵێتەوە، خاڵەکانی بەرگرییکردن یان وێران دەکات، یان دەیانخاتە ناو چوارچێوەی ستراتیژییەکانی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی خۆیەوە. سیستمێک دروست دەکات تیایدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە بەردەم ئەگەری هیچ گۆڕانێکی ڕاستەقینەدا نەبن و هەمیشە و هەردەم بە هەمان شێوە و بە هەمان قورسایی و بە هەمان ستراتیژەوە بەرهەم بهێندرێنەوە. بەڵام "دەسەڵاتی بێهەیمەنە" یان "ناموهەیمن"ە، لە فیکری فوکۆدا دەسەڵاتێکی کراوەیە، بەشێکە لە تۆڕی پەیوەندیی ئاڵۆز لەنێوان کۆمەڵێک خود و هێز و لایەنی جیاوازدا کە هەریەکێکیان توانای کارکردن و کارلێکردن و گەمەکردنی تایبەت و سەربەخۆیان هەیە. توانای ئەوەیان هەیە بە یەکدی بڵێن نا، بۆچوون و دید و بڕیارەکانی یەکدی قبووڵ یان ڕەت بکەنەوە، هەریەکێکیان توانایەکی تایبەتیی جوڵە و پیادەکردنی کرداری سەربەخۆ و توانای دەستنیشانکردنی ئاراستەکانی خۆی هەیە. دەسەڵاتی بێهەیمەنە پەیوەندییەکە لەنێوان کۆمەڵێک لایەندا دروست



nbooks

دەبێت کە هەریەکێکیان بڕێک لە دەسەڵاتی هەیە و کەسیان بێدەسەڵات و بێکاریگەریی نییە. هاوکات دەسەڵاتێکە هەمیشە لە بەردەم شێوە جیاوازەکانی بەرگریدا ئامادەیە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو بەرگریی بەشێکە لە خودی پەیوەندییەکانی دەسەڵات خۆشی.

وێنەی باڵادەست بۆ دەسەڵات، لانی کەم لە کتێبی *مێژووی دێوانەیی*یەوە تا کتێبی *دیسپلین و سزا*، وێنەی دەسەڵاتێکی خاوەن هەیمەنەیە، دەسەڵاتێکە شێوازی بوون و ئامادەگیی پەیوەندییەکان و ماناکان و شتەکان دەستنیشان دەکات و خۆشی لەناو خانە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و لەناو پەیوەندییەکان و لەناو دەزگا و گوتارەکاندا دروست دەکات و بەرهەم دەهێنێتەوە. لە نووسینەکانی کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی فوکۆدا وێنەیەکی تر بۆ دەسەڵات ئامادەیە، جیاواز لەو وێنەی سەرەوە. لەم قۆناغە تازەیەدا دەسەڵات چیتر دەسەڵاتێکی خاوەن هەیمەنەی گشتیی نییە، چیدی خاوەنی ئەو هێزە شاقوڵییە یەکلایەنە نییە کە توانای ئاراستەکردنی هەمووانی هەیە، بەڵکو ئەو جۆرەیە لە دەسەڵات کە تیایدا بەردەوام چەندان خاڵی بەرگریی ئامادەیە و دەتوانن شتگەلێک بڵێن و بکەن لە دەرەوەی ستراتیژییەکانی دەسەڵاتدا. بەرگرییەک کە هێما بۆ شێوازێکی دیکەی بەتاکەکەسبوون و بەخودبوون دەکات. ئەم ئامادەگییەی بەرگرییش ئامادەگییەکی هەمیشەییە، فوکۆ لەم بارەیەوە دەنووسێت، "لەکوێ دەسەڵات هەبێت لەوێیش بەرگریی ئامادەیە"[1]. لە ڕاستیدا لەم تێڕوانینەدا بۆ دەسەڵات،

1 Foucault (1990. The history of sexualty, Vol. P. 95

بەرگریی بەشێکی گرنگی پەیوەندییەکانی دەسەڵات خۆیەتی.
با ئەم خاڵانە وردتر باس بکەین.



nbooks

# خود و چێژ و بەرگریی

فوکۆ لە کتێبی *مێژووی سێکسوالیتە*دا باس لە ڕەهەندێکی نوێی ژیانی ئینسانی مۆدێرن دەکات کە ڕەهەندی کارکردن و مەشقکردن و پێگەیاندنی جەستە نییە، بەڵکو ڕەهەندی چێژ و ئارەزووەکانە کە بە پلەی یەکەم لە سێکس و ژیانی سێکسییدا بەرجەستەیە. فوکۆ لەم کتێبەدا، بەتایبەتی لە بەرگی دووهەم و سێیهەمی کتێبەکەدا، لەباتیی ئەوەی باس لە جەستەیەک بکات کە دەسەڵات وەک جەستەیەکی بەرهەمهێن و چالاک و کارکەر و تەندروست دروستی دەکات، باس لە جەستەیەک دەکات کە چێژبەخش و چێژگەرە، ئارەزووی سێکسی هەیە و بەدوای تێرکردنی ئەو ئارەزووە سێکسییەکانیەوەیە[1]. لەم قۆناغەدا چێژ دەبێتە یەکێک لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی فوکۆ و بابەتی سەرەکیی هەرسێ بەشەکەی

---

١ بڕوانە بەرگی دووهەم و سێیهەمی کتێبی مێژووی سێکسوالیتە. بەرگی دووهەمی بە ناوی بەکارهێنانی چێژ و بەرگی سێیهەم بە ناوی خۆ بە خود سەرقاڵکردنەوە یان مشورخواردن بۆ خود.



https://

کتێبی *مێژووی سێکسوالیتە*ش. بەڵام چێژ لای فوکۆ چێژێکی میتافیزیکی و عیرفانیی و مەعنەویی نییە، چێژێکیش نییە گرێدراو بە جەوهەرێکی گریمانکراوی ئینسانییەوە، بەڵکو دیاردەیەکی مێژووییە و لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا شێوازی جیاواز و مانای جیاواز و دەرکەوتی جیاواز و تێگەیشتنی جیاوازیی هەبووە. چێژ لەم کتێبانەی فوکۆدا چێژێکە دەگۆڕدرێت و شێوازەکانی تازە دەبنەوە، ئەوەی دوێنێ حەڵاڵ بووە ئەمڕۆ دەشێت حەرام بێت و ئەوەی لە قۆناغێکدا حەرام بووە دەشێت لە سەردەمێکی تردا حەڵاڵ بێت و ببێت بە بەشێکی بنەڕەتی و سەرەکیی شوناسیی کەسەکان و بە بنەمایەکی پتەویی ڕوانینی مرۆڤ بۆخۆی و بۆ جەستە و بۆ ئارەزووەکانی. بێگومان چێژ لەم کتێبانەشدا دابڕاو نییە لە تەکنیکەکانی دەسەڵات و ئەم تەکنیکانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە چۆنیەتی پێناسەکردن و شێوازی ئەزموونکردنی چێژەکاندا، بەڵام ئەوەی تازەیە ئەوەیە فوکۆ ڕووبەرێک دەهێڵێتەوە کە تاکەکەس خۆی دەتوانێت پڕی بکاتەوە و خۆی میکانیزم و ماناکانی دابڕێژێت، یان لانی کەم ئەو مانا و پێناس و ئاکارانە قبووڵ نەکات کە دەسەڵات و مەعریفە دەیانەوێت بیسەپێنن. لەم کتێبانەدا ڕووبەر و توانەیەک لەئارادایە کە تاکەکەس بە هۆیانەوە دەتوانێت خۆی خۆی دابهێنێت و خۆی دروستکەر و داڕێژەر و داهێنەری ژیان و کەسایەتی و چێژەکانی خۆی بێت. دەسەڵات لە هەموو فۆرمەکانیدا، جا چ لە فۆرمی دەسەڵاتی زانستییدا بێت، بۆ نموونە زانستی پزیشکی، یان لە فۆرمی دەسەڵاتی سیاسیی و دینیی و فەرهەنگیدا، یان لە شێوازی

بیۆدەسەڵاتدا، هەموویان شتگەلێکی زۆریان هەیە لەسەر جەستە وەک ئامێرێکی چێژبەخش و لەسەر خودی چێژ خۆشی وەک دۆخێکی تایبەت، بیڵێن، بەلام لەپاڵ ئەمانەشدا تاکەکەس خۆشی شتێکی هەیە کە بیڵێت. لەناو چێژدا چەندەها دەسەڵات هەن، کە بۆ نموونە چێژی ڕێپێدراو و لە چێژی ڕێپێنەدراو، چێژی سروشتیی لە چێژی ناسروشتیی، چێژی شیاو لە چێژی نەشیاو، چێژی حەلاڵ لە چێژی حەرام جیا دەکەنەوە. ئەمانە هەموویان شێوازی جیاوازی کارکردنی تەکنیکەکانی دەسەڵاتن لەسەر ئامادەگیی و ئەزموونی جەستە بۆ چێژ. واتە دەسەڵات بەشدارە لە دەستنیشانکردنی ئەوەدا، جەستە چۆن لەگەڵ چێژدا بجولێتەوە و چۆن تێی بگات و چۆن مامەڵەی بکات. هەموو ئەمانەیش بەسەر یەکەوە وا دەکەن چێژ لە دیدی فوکۆدا پێدراوێکی بایۆلۆژی نەبێت، بەڵکو پێدراوێکی گوتاریی و مێژوویی و سیاسیی بێت.

بەلام وەک وتم، جیاوازییە گەورەکە لە ڕوانینداییە بۆ سنوور و ڕووبەرەکانی دەسەڵات و تواناکانی تاکەکەس بۆ ئەوەی سەرقاڵی خودسازییەکی سەربەخۆ بن. وەک وتمان دوو وێناکردنی جیاواز بۆ دەسەڵات لە کتێبی "دیسپلین و سزا" و کتێبی "مێژووی ژیانی سێکسیی"دا هەیە. لەیەکەمیاندا، وەک نیشانماندا، دەسەڵات هەیمەنەی هەیە و بەلام لە دووهەمیاندا ئەم هەیمەنەیەی نییە، یان لانیکەم بەو شێوەیە هەژمونکار نییە وەک لە دیسپلین و سزادا ئامادەیە. ئەگەر لەیەکەمیاندا دەسەڵات دەستنیشانکەر بێت لە دووهەمیاندا ئەو توانای دەستنیشانکردنەی سنووردار کراوە بە هەڵبژاردنەکانی تاکەکەس خۆی. ئەم جیاوازییانەش

دەرەنجامی گرنگییان بۆ شێوازەکانی بەرهەمهێنانی خود و بۆ چۆنیەتیەکانی ئەزموونکردنی خود بۆ خۆی و بۆ بابەتی بەگریکردن وەک بابەتێکی نوێ و سەرەکیی لە فیکری فوکۆدا هەیە.

هەندێک کەس ئەم قۆناغەی کۆتایی فیکری فوکۆ، کە بە قۆناغی ئەتیک ناو دەبەن، یان بە قۆناغی "جینالۆژیای ئارەزووەکان،" فوکۆ لێرەدا دەگەڕێتەوە سەر قسەکردن لەسەر مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەن ئارەزوو، خاوەن "پراکتیکی خوددروستکەر"ی تایبەت، بەڵام وەک وتم ئەم ئارەزوو و پراکتیکانە لەناو جوڵە و گۆڕانکاری و بەرجەستەبوونە مێژووییە جیاوازەکانیاندا نیشتەجێ دەکات[1]. پرۆژەی فوکۆ لێرەدا قسەکردنە لەسەر لەشی مرۆڤ وەک گۆشت و خوێن، وەک فیزیا و ماتریاڵ، وەک سەرزەمینێک بۆ چێژ و ئارەزوو، نەک تەنها وەک ڕووبەرێکی دیسپلین و کۆنترۆڵکراو. لەشێک کە بێگومان شوێنی پیداگۆگیی و سیاسەت و دین و ئابووریی و بێۆدەسەڵاتیشە، بە مانایەکی دیکە چێژ و ئارەزوو شوێنی ئەو میکانیزمانەی دەسەڵات ناگرنەوە کە لە کتێبەکانی پێشووتریدا باسیان دەکات، بەڵکو لەپاڵ ئەو میکانیزمانەدا دروست دەبێت و کار دەکات.

فوکۆ بۆ گەڕاندنەوە بۆ لەش و بۆ چێژ وەک بابەتی سەرەکیی، دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن و بۆ خوێندنەوەی تێکستی فەیلەسوفان و نووسەرانی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی

---

١ بۆ دەستەواژەی "جینالۆجیای ئارەزووەکان" بڕوانە:
Devos, Rob (2004). Macht en verzet: het subject in het denken van Michel Foucault. Kapellen, Uitgeverij Pelckmans. P. 89.



nbooks

خوێندنـەوەی ئەفلاتـون و ئەرسـتۆ. لەپـاڵ ئـەم دوو نـاوەدا، فوکـۆ ئـەو تێکسـتانەی تریـش دەخوێنێتـەوە کـە پزیشـکەکانی ئـەو ڕۆژگارە لەسـەر لەشـی مـرۆڤ نووسـیویانە. خاڵێـک کـە لـەم پـرۆژە تازەیـەدا سـەرەکیی و گرنگـە ئەوەیـە فوکـۆ لـە یۆنانـی کۆنـدا جۆرێـک لـە "پراکتیککردنـی خـود،" واتـە جۆرێـک لـە هەڵسـوکەوت و خۆدروسـتکردنی سـەربەخۆ و تایبەتـی مرۆڤەکان ئەدۆزێتـەوە، کە دەکەونـە دەرەوەی تاکتیک و فشـارەکانی دەسـەڵاتەوە. پراکتیکەکانـی خـود ڕوبەرێکـی شەخسـیی تایبەتـن و مـرۆڤ تیایـدا ئازادانـە کەسایەتیی خـۆی دادەهێنێت. ئـەم ڕووبـەرە شەخسـیی و ئـازادە ئـەو ڕووبـەرە تازەیەیـە کـە دێتـە نـاو فیکـری فوکـۆوە و وا دەکات ڕوانینێکـی نـوێ بـۆ دەسـەڵات بێتـە کایـەوە کـە ئـەو هەیمەنـە گەورەیـەی نەبێـت کـە لـە کتێبـی *دیسـپلین و سـزا*دا بەرچـاو دەکەوێـت. فوکـۆ لێـرەدا سـەیری ئـەو پەیوەندییانـە دەکات کـە تاکەکـەس لەگـەڵ خـودی خۆیـدا دروسـتی دەکات و لـە ڕێـگای ئەوانـەوە خـۆی وەک خودێکـی تایبـەت دروسـت دەکات و شوناسـێکی تایبەتـی بەخـۆی دەبەخشـێت[1]. فوکـۆ ئـەم جـۆرە لـە پەیوەندییـی لـە یۆنانـی کۆنـدا کـە تاکەکـەس لەگـەڵ خۆیـدا دروسـتی دەکات لەنـاو کۆمەڵێـک تێکسـتدا دەخوێنێتـەوە کـە زیاتـر تێکسـتی ئەخلاقیی و پەروەردەیی و شیعرین. بۆ نموونـە فوکۆ سـەیری ئـەو نامانـە دەکات کـە کەسـەکان بـۆ یەکتریـان ناردووە، سـەیری ڕۆژژمێرەکانیـان دەکات، دیالۆگیـان لەگـەڵ یەکتریـدا دەخوێنێتـەوە، ئـەو حیکایەتانـەی بۆ یەکتری دەگێڕنـەوە دەکاتـە بابەتـی تێڕامـان، هتـد. فوکۆ ئەم تێکسـتانە وەک شـتێکی لاوەکیی

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٠.



https://

و کەمنرخ مامەڵە ناکات، بەڵکو "تەکنیکەکانی خوددروستکردن" لە دونیای کۆندا سەیریان دەکات و هەر ئەو ناوەشیان لێ دەنێت. ئەم تێکستانەن، کە زۆر شەخسیی و تایبەتن، بەرهەمی دەستپێشخەریی تاکەکەسەکان خۆیانن و فوکۆ وەک هێز و ئامرازێک بۆ دروستکردنی خودی خۆیان وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقیی دەبینێت و مامەڵە دەکات. ئەم تەکنیک و کردەی خۆدروستکردنە ئازادە دەبێت شێوازێکی گرنگیی بەرگریی تاکەکەس بەرامبەر بە ئەخلاقیات و مۆراڵ و دەزگا و ڕوانین و چاوەڕوانییە دەرەکییەکان. دەبێتە بەشداریی تایبەتیی تاکەکەس، خۆی لە دروستکردنی خودی خۆیدا وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقیی و بەرپرسیار. وەک دەبینین بەرگریی لێرەدا بەتەنها بەرگرییەکی سیاسیی نییە، کە بێگومان لە فیکر و ئاکاری فوکۆدا وەک ڕۆشنبیر گرنگییەکی گەورەی هەیە، بەڵکو بەرگرییە بەرامبەر بە سەرجەمی ستراتیژەکانی دیسپلینکردن و پۆلێنکردن و سەپاندن و پەراوێزخستن. مرۆڤ لە ڕێگای دروستکردنی کەسایەتیی خۆیەوە وەک خودێکی ئەخلاقیی، بەگژ گشتێتی ئەو تەکنیکانەی دەسەڵات و ئەو ستراتیژانەدا دەچێتەوە کە دەخوازن شوناسێکی دەرەکیی بەسەردا بسەپێنن و بیگۆڕن بۆ بوونەوەرێکی گوێڕایەڵ. فوکۆ لەم قۆناغەدا گرنگیی بە دوو بابەتی گرنگیی تر ئەدات کە هەردووکیان دەبنە بەرجەستەکەریی ئەو ڕوانینەی کە بۆ بەرگرییکردن گەشەی پێ ئەدات. یەکەمیان بابەتی پاریسیایە بە مانای قسەکردنی ئازاد و بوێریی و ئەوی تریان بابەتی گۆڕینی ژیانە بۆ کارێکی هونەریی. هەردوو بابەتەکە لە دواهەمین بەشی ئەم کتێبەدا بەدرێژیی باس دەکرێن.



nbooks

# بەرگریی وەک بابەتی سەرەکیی

هەندێک فوکۆناس بابەتی بەرگرییکردن لە فیکری میشێل فوکۆدا تەنها بۆ ئەم قۆناغی سێهەمەی فیکری ئەو نابەنەوە، تەنها نایبەستنەوە بە مەسەلەی لەش و چێژ و ژیانی سێکسییەوە، بەڵکو وەک بابەتێکی گرنگی ناو سەرجەمی کارە تیۆرییەکانی ئەم نووسەرە وێنای دەکەن. لەم ڕوانینەدا بابەتی بەرگریکردن لە هەرسێ قۆناغەکەی فیکری فوکۆدا ئامادەیە، لە کتێبی *مێژووی دێوانەییە*وە تا دواهەمین کتێبی ئەم نووسەرە، هێڵێکی بەرگریکردن ئامادەیە، کە بینینی پێویستیی بە خوێندنەوەیەکی وردی ئەو کارانە هەیە. یەکێک لەو نووسەرانە برێنتڵ پیکێتە، Pickett .BrentL کە پێی وایە بابەتی بەرگریکردن لە فیکری فوکۆدا لە کتێبی یەکەمییەوە دەست پێ دەکات[1].

---

[1] بڕوانە:
Pickett, BrentL (1996). Foucaultand the Politics of Resistance. Polity, Vol 28, No 4, PP. 445-466.



https://

لەلای ئەم نووسەرە سێ قۆناغی سەرەکیی لە ڕوانینی فوکۆدا بۆ مەسەلەی بەرگریکردن لەئارادایە. قۆناغی یەکەمیان قۆناغی سالانی شەستە کە تیایدا فوکۆ بەبەردەوامی پێ لەسەر میکانیزمەکانی دروستکردنی جیاوازیی دادەگرێت. قۆناغی دووهەمیان، قۆناغی سالانی هەفتایە کە فوکۆ تیایدا پێ لەسەر تووڕەبوون و ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانە دادەگرێت. قۆناغی سێهەمیش قۆناغی بەرگریی بەربلاو و لۆکاڵییە لە سالانی هەشتادا. لەم خوێندنەوەیەدا لە هەریەکێک لەم قۆناغانەدا بەرگریی مانایەکی تایبەت و شێوازێکی تایبەت و ستراتیژێکی تایبەتی هەبووە.



nbooks

# قۆناغی یەکەم: مێژووی دێوانەیی

ئەم قۆناغە هێما بۆ ئەو سەردەمە دەکات کە هێشتا شیکردنەوەی دەسەڵات نەبووە بە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی میشێل فوکۆ. وەک پێشتریش باسمان کرد کتێبی *مێژووی دێوانەیی*، تێزەی دکتۆراکەی میشێل فوکۆ کە لە ساڵی ١٩٦١دا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، سەرەتای ئەم قۆناغەیە. فوکۆ لەم قۆناغەدا نە دەستەواژەی بەرگریی و نە دەستەواژەی دەسەڵات بەکار ناهێنێت، لەباتیی ئەوانە دەستەواژەی "سنوورەکان،" بە ئینگلیزی limits، بەکار دەهێنێت. سنوور لێرەدا وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی جیاوازیی و پۆلێنکردن بەکار دەهێنێت، بۆ جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتریی. بۆ نموونە ئەو سنوورانە کامانەن کە شتێک دەکەن بە باش و شتێکی تر دەکەن بە خراپ، شتێک دەکەن بە شیاو و شتێکی تر بە نەشیاو، شتێک بە ئاسایی و قبووڵکراو و شتێکی تر بە نائاسایی و قبووڵنەکراو، شتێک بە بیمار و شتێک بە تەندروست، شتێک بە دێوانە و



https://

شتێک بە عەقڵانیی. سنوور لێرەدا میکانیزمێکە بە هۆیەوە بیرکردنەوەکان و پەیوەندییەکان و مرۆڤەکان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە و بە هەریەکێکیان شوناسێکی تایبەت دەبەخشرێت. پرسیاری سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە: ئایا کەسێک چ سنوورێک ببەزێنێت بۆ ئەوەی لە ڕووی دەروونییە وەک بیمار و نەخۆش و دێوانە وێنا و مامەڵە بکرێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم سنوورانە لای فوکۆ سنووری سروشتیی یان بابەتیی یان زانستیی نین، بەڵکو سنووری مێژوویی دروستکراون و ئەوەشی لە پەیوەندیدا بە بیماریی و دێوانەییەوە ئەو سنوورە دەستنیشان دەکات، مەعریفە یان زانستە. بابەتی سەرەکیی کتێبی *مێژووی دێوانەیی* دۆزینەوەی ئەو "سنوور"انەیە کە لە دونیای مۆدێرندا عەقڵ لە ناعەقڵ و عەقڵانییەت لە دێوانەیی و بیمار لە ساغ، جیا دەکاتەوە. ئەو سنوورە سەرەکیی و بنەڕەتییەش کە لەم کتێبەدا شی دەکرێتەوە و بەرخوردیی لەگەڵ دەکرێت ئەو سنوورەیە کە لەنێوان عەقڵ و ناعەقڵ و عەقڵانییەت و دێوانەییدا دادەنرێت، ئەو جیاکارییە کە ئەم دووانە لە یەکتری جیا دەکاتەوە. زانست و مەعریفەی نوێ لە سەدەی حەڤدەهەمەوە، واتە لە ساتەوەختی دیکارتەوە، زۆر بەتوندی پێ لەسەر جیاکردنەوەی ئەم دووانە لە یەکتری دادەگرێت و چەندان میکانیزم ئەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەم جیاکارییە جێبەجێ بکرێت و نەهێڵدرێت بە یەکدی تێکەڵ بکرێن. ئەو سنوورانەی کە عەقڵ و ناعەقڵ یان عەقڵ و دێوانەیی لە یەکتری جیا دەکەنەوە نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو سنوورانەیە کە نابێت ببەزێنرێن و بازیان بەسەردا بدرێت. لە دیدی فوکۆدا عەقڵ لە ڕێگای ئەم جیاکارییەوە

کۆمەڵێک سنوور و ڕووبەر بۆخۆی دروست دەکات کە جیای دەکاتەوە لە ڕووبەرەکانی ناعەقڵ و یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی عەقڵ خۆشی پاراستنی ئەم سنوورە و ڕێگرتنە لە ونبوون و کاڵبوونەوە و تێکەڵبوونی بە دەرەوەی خۆی. لەم قۆناغەدا فوکۆ دوو دەستەواژە بەکار دەهێنێت بۆ نیشاندانی بەرگریی و سڕینەوەی ئەو سنوورانە، هەروەها بۆ هەوڵدان بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستییەی کە ئەو سنوورانە مێژوویی و دەستکردن، نەک سروشتیی و بابەتیی. ئەو دوو دەستەواژەیەش بریتین لە دەستەواژەی Transgression، واتە تەجاوز یان تێپەڕاندن، کە لە باتای وەر دەگرێت و ئەوی تریشیان دەستەواژەی contestation، واتە تەعنەلێدان یان ڕەتدانەوە و قبووڵنەکردنە، فوکۆ ئەمەیان لە مارسێل بلانشۆت وەر دەگرێت[1]. مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم دوو دەستەواژەیەش ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو سنوورە کێشراوانە قبووڵ نەکات و لە دژیان کار بکات و هەوڵ بدات کۆتاییان پێ بهێنێت، یان لانی کەم ئەو سنوورانە بکرێن بە مەسەلەیەکی ناجێگیر و لەوە بخرێن کە پێوەرێکی ڕەها و پیرۆز، یان هێڵێک بن نەکرێت تێبپەڕێندرێن. فوکۆ بۆ هێنانەوەی نموونەش بۆ ئەو جۆرە کەس و نووسینانەی کە ئەو سنوورانەیان تێپەڕاندوە کە ویستویانە عەقڵ و دێوانەیی لە یەکتری جیا بکەنەوە و ئەو شێوازە لە عەقڵیەتی دوالیستی بهەژێنن، هێما بۆ نووسینەکانی نیتشە و تابلۆکانی ڤان کوخ و نووسینەکانی ئارتۆ دەکات. لە ڕێگای تەجاوز و تێپەڕاندنەوە، هەروەها لە ڕێگای تەعنەلێدان و ڕەتکردنەوەوە، ئەم نووسەرانە ئەو

١ هەمان سەرچاوی پێشوو ل٤٤٨



https://

سنورانەیان قبووڵ نەکردوە کە لە قۆناغی ڕێنیسانس و دواتریش لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا کێشراون بۆ ئەوەی عەقڵ و ناعەقڵ و ساغیی و دێوانەیی لە یەکتری جیا بکانەوە. لە کاری ئەم نووسەر و هونەرمەندانەدا سنوورەکان دەهەژێنرێن و بەمەیش کورتهێنانی ئەو سنوورانە دەبینرێن و نیشان ئەدرێن. لە ڕێگای کارەکانیانەوە ئەم نووسەر و هونەرمەندانە نیشانی ئەدەن کێشانی ئەم سنوورانە چەند کارێکی میکانیکیی پڕفشار و پڕ لە دروستکردنیی جیاوازیی و جیاکاریی ناڕاستە. ئەم کارەش وا دەکات کە عەقڵانییەتی باڵادەست ناچار بێت بە سیستمی حەڵاڵ و حەرامەکان و بە پۆلێن و کێشانی سنوورەکانی خۆیاندا بچنەوە. لە کتێبی *مێژووی دێوانەیی*دا فوکۆ بەدرێژیی باس لەو سنوورانە دەکات کە بۆ جیاکردنەوەی ئەو دەنگانەی کە بە دەنگی شێتێتی و پەراوێزیی و ناڕاست ناو دەبرێن و لەو دەنگانەی کە وەک دەنگی عەقڵ و عەقڵانییەت پێشنیار دەکرێن، جیا بکرێنەوە.

لەم خوێندنەوەیەدا ئەوەی لای فوکۆ و لەم کتێبەدا کردەی بەرگرییکردن دەستنیشان دەکات تێپەڕاندنی ئەو سنوورانەیە کە کێشراون، پەڕینەوەیە لە ڕووبەری ئەشێکانەوە بۆ ڕووبەری ناشێکان و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی حەڵاڵ و حەرامە کولتووریی و سیاسیی و زانستیی و ڕەمزییەکانە. بەرگریی لێرەدا بەخشینی دەنگە بەو دەنگانەی کە وەک دەنگی شێتیی و دەنگی ناعەقڵانییەت و دەنگی نازانستیی پەراوێز خراون، گوێگرتنە لە ئەزموونە بەپەراوێزخراوەکان و وردبوونەوەیە لەو زمان و ڕەمز و مانایانەی بەکاری دەهێنن

و بەرهەمیان دەهێنن. ئەمەش لە ئاستی کۆمەڵایەتیی و سیاسیدا مانای کردنەوەی سیستمە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکانە بە ڕووی ئەو دەنگ و ڕاوبۆچوون و دید و دونیابینیانەدا کە وەک شاز و ناڕاست و نازانستیی و ناحەلاڵ و نەشیاو، وێنا دەکرێن و لەم ڕێگەیەشەوە بچووککردنەوە و بەرتەسککردنەوەی ڕووبەرەکانی یاساغکردن و بەپەراوێزکردن و نەفیکردن لەسەر بنەمای دروستکردنی جیاوازیی و پۆلێنکردنێکی تایبەت. ئەمەش مانای تێکشکاندنی هەموو داخرانە ئەخلاقیی و کولتووریی و مەعریفییانە و والاکردنی ڕووبەرە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە بەردەم ئەو دەنگانەدا کە وەک دەنگی ناعەقڵ پێناس کراون و لەسەر بنەمای ئەم پێناسەکردنە پەراوێز خراون. بە مانایەک لە ماناکان ئەم ڕوانینە بۆ بەرگریکردن مانای گەورەکردنی پلورالیزم و ڕێگرتن لەوەی دید و دەنگ و زمانێک بچێتە شوێنی هەموو دید و دەنگ و زمانەکانی دیکە.

بێگومان ئەم دیدە فوکۆییە مانای ئەوە نییە کە نابێت هیچ سنوورێک بمێنێت، یان نابێت شتێک بە ناوی حەلاڵ و حەرامەوە بوونی هەبێت، هەروەها مانای ئەوەش نییە عەقڵ و دێوانەیی، شیاو و نەشیاو، ڕاست و هەڵە خۆیان لە یەکتری جیا نەکەنەوە و هەموو شتێک هەم ڕاست بێت و هەم هەڵەش. بەکورتی ئەم دیدە مانای دروستبوونی دونیایەکی بێسنوور نییە، بەڵکو مانای دەستکاریکردنی وێناکردنەکانی سنوور و شێوازی کرانەوە و داخرانی ئەو سنوورانەیە. یان بە وتەی فوکۆ خۆی، "ئاگادارکردنەوەی سنوورەکانە لە گوناهەکانی

خۆیان"[1]. گوناهی بێدەنگکردن و چەپاندنن و پەراوێزخستنی هەموو دەنگ و بۆچوون و دونیابینییانەی ناکەونە ناو ئەو سنوورانەوە و ناچنە ناو پێناسەکانی عەقڵ و عەقڵانییەتی ئەو ساتەوەختە مێژووییەوە.

ئەوەی فوکۆ لەم کتێبەدا دەیەوێت نیشانی بدات ئەوەیە کە ئەو سنوورانە سنووری دروستکراون، ئەو جیاکارییانەی ئەنجام دراون جیاکاریی پیرۆز و بابەتی نین نەکرێت دەسکاریی بکرێن، بەڵکو ئاستێکی دیاریکراوی مەعریفە و سیاسەتێکی تایبەتی بەرهەمهێنانی فیکر و زانست دروستی کردوون، کە دەشێت لە ساتێکی تر و لە ئاستێکی دیکەی مەعریفەدا ئەو سنوورانە بوونیان نەبێت یان نەمێنێت. بۆیە پێویستە ئینسان هەم هۆشیار بێت بە سنوورەکان هەم هەوڵ بدات ڕیژەییبوونیان ببینێت و بە ڕووی گۆڕان و تازەبوونەوەدا بیانکاتەوە. بەرگریی لەم دیدەدا مانای بەرگرییکردنە بەرامبەر سەرجەمی ئەو سنوورانەی کە کێشراون و دەستکاریکردنیان بەو شێوەیەی کە شوێنی ئەو دەنگ و ڕوانینانە و بۆچوونانەش ببێتەوە کە خراونەتە دەرەوەی ئەو سنوورانەوە لە ڕێگای چەپاندن و بێدەنگکردن و پەراوێزخستنەوە. بە مانایەک لە ماناکان بەرگریی لێرەدا مانای دروستکردنی زمانێکی هاوبەشە لەنێوان حەلاڵ و حەرامدا، لەنێوان گوناه و باوەڕدا، لەنێوان ئەشیَ و ناشیَ کۆمەڵایەتییەکاندا، لەنێوان عەقڵ و دێوانەییدا، لەنێوان هونەر و زانستدا، هتد... ئەمەش مانای سڕینەوەی ئەو

١ بڕوانە:
Foucault, M (1967). Madness and Civilization, p. 231



nbooks

جیاکارییانـەی بـە شـێوەیەکی شـاقوڵیی دروسـت دەکرێـن و بەمـەش پلورالیزمـی ئەزموونـەکان و دەنگەکان وێران دەکـەن. کاری بەرگریـی لـەم ئاسـتەدا بریتییـە لـە کاری دروسـتکردنی ئەو سـەرزەمینە هاوبەشـە، چ لـە زمـان و چ لـە واقیعدا، لەنێوان ئەو دوولایەنـە دژبەیەکەدا، لـە ڕێگای تێگەیشتنی هەرلایەکیـان لە نوقسـانەییەکان و لـە گوناهەکانی خۆی، بەر لـە تێگەیشتنی لـەوەی بەرامبەرەکـەی. لـە ڕاسـتیدا کتێبی *مێژووی دێوانەیـی* هەوڵدانێکـە بـۆ بەرگریکـردن لـە بوونـی زمانێکـی هاوبـەش لەنێـوان عەقـڵ و ناعەقڵـدا، لەباتـی دابڕانـی ئـەو دوو زمانـە لـە یەکتـری، یـان وێناکردنـی ئەمیـان بـۆ ئـەوی تریـان یـان هەردووکیان بـۆ یەکتـری، دۆزینـەوەی هاوبەشێک لەنێوانیانـدا. دروسـتکردنی ڕووبەرێکی هاوبەش لەنێوان هەردووکیاندا ئەو ئەرکەیـە کـە کردەی بەرگریی دەیگرێتـە ئەسـتۆی خۆی و وەک ئەرکـی خـۆی وێنـای دەکات.

لـە ئاسـتە فەرهەنگییەکـەی ئـەم دیـدەی فوکـۆ مانـای بەرگیرکردن لە جیاوازیی، لە ئەزموونی جیاوازیی ئینسـانەکان لەپـاڵ یـەک و لەگـەڵ یەکدا، بەرگریکـردن لـە جیاوازیـی ڕوانینـەکان و ئاسـۆکان و شـێوازەکانی بینیـن. لـە ڕاسـتیدا و بـەم مانایە کردەی بەرگریی تەنها ڕووی لە هەڵوەشـاندنەوەی سـنوورەکانی نییـە، بەڵکو بەرگریشـە لـە جیاوازیی ئینسـانەکان لەگـەڵ یەکدا. واتـە تەجاوزکردنـی سـنوورەکان و هەوڵـدان بـۆ هەژاندنیـان، بـە بەرگریکـردن لـە فیکـری جیاوازیـی و جیاوازبـوون، قووڵتـر و هەمەلایەنتـر دەکرێـت. لـە ڕاسـتیدا ئەوەنـدە بـەس نییـە کـە سـنوورەکان تەجـاوز بکرێـن، کـردەی بەرگریی تەنها کردەی تەجاوزکردنەکە نییـە، تەنها نەفیکردنی



https://

سنووره کێشراوەکان نییە، بەڵکو هاوکات سەلماندنی جیاوازییەکان و بەرگریکردنە لە پلورالیزمیی دەنگەکان و ڕوانینەکان. بەڵام لە سەلماندنی جیاوازییەکاندا فوکۆ بەرگریی لە ناوەرۆکێکی دیاریکراو ناکات، ناڵێت چی باشە و چی خراپە، چونکە ئەو دەزانێت سەرجەمی ئەو شتانەی لە سەردەمێکی دیاریکراودا وەک باشە و وەک خراپە پێناس کراون، بەرهەمی مێژوویەکی تایبەتن، دۆخێکی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و مەعریفیی دیاریکراو و هەندێک بەها و نۆرم و پێدراوی کولتووریی دروستی کردون. کاری بەرگرییکردن لێرەدا بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو شێوانەی جەوهەرگەرایی کە بە ناوی جەوهەرەکانەوە دەیەها سنوور دەکێشن و چەندەها دەنگ بە نارەسەن و نەشیاو و نەکراو ناو دەبەن و پەراوێز دەخەن.



nbooks

# قۆناغی دووهەم: بەرگریی وەک کردەی شۆڕشگێڕانە

لەدوای بەرپابوونی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٦٨ لە فەرەنسا و لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا، یاخیبوون و پیادەکردنی کردەی شۆڕشگێڕانە لەسەر شەقام و ناو گۆڕەپان و زانکۆ و کارخانەکان، بووە ئاکاری سەرەکی ڕاپەڕینەکان، ئەمەش گۆڕانێکی لە دید و بۆچوونەکانی فوکۆدا سەبارەت بە توانا و ئەگەری بەرگرییکردن دروست کرد. شارەزایان ئەم قۆناغە لە فیکری فوکۆدا بە قۆناغێکی کورتی "چەپگەرییەکی ناکامڵ" ناو دەبەن[1]. لەم قۆناغەدا، کە تەنها دوو ساڵی ١٩٧١ و ١٩٧٢ دەخایەنێت، فوکۆ دەبێتە هەواداری هێزە چەپگەرە توندڕەوە مارکسیی و ماویەکانی فەرەنسا. باوەڕیشی وا بوو ئەو کردە کۆنکرێت و چالاکە

---

١ بڕوانە:
Pickett, BrentL (1996). Foucaultand the Politics of Resistance, P. 451



https://

ڕۆژانەییانەی هێزە ڕیشەیی و ڕادیکاڵەکان ئەنجامیان ئەدا و ئەو شێوازی ژیان و جۆری کۆبوونەوانەی لە بە شێوەیەکی دەستەجەمعیی لە گرووپی بچووکدا دروستیان دەکرد و ئەو پەیوەندییە سێکسییە نوێیانەی کە دایان دەهێنا، دەشێت ببنە بنەمای دروستبوونی ژیان و سیستمێکی ئەخلاقیی و فەرهەنگیی و سیاسیی نوێ، یان یارمەتی لەدایکبوونی چوارچێوە گشتییەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگا نوێیە بدەن.

ئەم قۆناغە تازەیە ئەو سەرەتا نوێیە دەخولقێنێت کە وا دەکات بابەتی سەرەکی بیرکردنەوەی فوکۆ لە شیکردنەوەی گوتار و شێوازە تایبەت و باڵادەستەکانی مەعریفەوە، بگۆڕێت بۆ شیکردنەوەی دەسەڵات خۆی. لێرە بەدوا دەسەڵات دەبێتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ناو بیرکردنەوەی میشێل فوکۆ و کتێبی *دیسپلین و سزا* لە درێژەی ئەم گۆڕانکارییەدا لەدایک دەبێت. بەڵام فوکۆ هەرزوو واز لەو دیدە تەقلیدیی و سوونەتییە دەهێنێت کە لە لە فیکری سیاسیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ دەسەڵات لەئارادا بوو، لەباتی ئەمە تێگەیشتنێکی تەواو نوێ بۆ دەسەڵات پێشنیار دەکات کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەدرێژیی باسمان کرد.

گۆڕانێکی تر کە هەر لەم ماوەیەدا لە فیکری فوکۆدا ڕوو دەدات گواستنەوەیە لە شیکردنەوەی گوتارەکان و شیکردنەوەی ئەو دەنگ و مەعریفە و وێنانەوە کە گوتارە باڵادەستەکان بێدەنگ و نەفیی و پەراوێزیان دەخەن، بۆ شیکردنەوەی کردە و جوڵە و هەڵسوکەوتەکان و بۆ لێکۆڵینەوە لە دەزگا و پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان. فوکۆ لەم قۆناغەدا خۆی بە شیکردنەوەی ئەو هەڵسوکەوت و پراکتیکانەوە



nbooks

سەرقاڵ دەكات، بۆ نموونە، لەناو دەزگاكانی وەک زیندان و كارخانە و قوتابخانە و نەخۆشخانەكاندا باڵادەست دەبن و لەوێدا بەدوای دەركەوتەكانی ئیشكردنی دەسەڵاتی مۆدێرندا دەگەڕێت. بەكورتی فوكۆ لەم قۆناغەدا تەماشای پراكتیكە دەزگاییەكان و پراكتیكە گوتارییەكانی دەسەڵات دەكات، وەک چۆن تەماشای ئەو گوتارە ئایدۆلۆژیانەش دەكات كە لەپشتی ئەم دەزگایانەوە ئامادەن و ڕەوایەتی بە كاركردنی ئەم دەزگایانە و پراكتیكەكانیان ئەدەن. بە بۆچوونی فوكۆ ئەو گوتارەی كە لەپشتی دروستبوون و بەهێزبوونی دەزگا مۆدێرنەكانی وەک زیندان و كارخانە و لەشكر و نەخۆشخانە و قوتابخانەكانەوە كار دەكات، مەبەستی گوتاری هیومانیزمە كە لە بەشی پێشووی ئەم نووسینەدا بەدوورودرێژی باسمان كردن، ناتوانێت هاریكارمان بێت بۆ تێگەیشتن لە ئیشی ئەو دەزگایانە و لە شێوازی ئەوكۆمەڵگا تازەیەی لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا و بە هۆی ئەو دەزگایانەوە لەدایک دەبێت. فوكۆ پێی وایە لەباتیی بینینی توانا گەورەكانی كۆنترۆڵ و دیسپلینكردنی ئەم دەزگایانە و لەباتیی بینینی جۆری ئەو كەسایەتییەی لەم دەزگایانەدا دروست دەكرێت، كە لە دیدی فوكۆدا جۆرێكی گوێڕایەڵ و دیسپلینكراوە، ئایدیۆلۆژیای هیومانیزم داهێنانی ئەم دەزگایانە وەک دەسكەوت و پێشكەوتنێكی ئینسانیی و ئەخلاقیی وێنا دەكات. لە دیدی فوكۆدا ئەم دەزگا تازانە بە شێوەیەكی زۆر قووڵ و ڕاستەوخۆ لەسەر كەسایەتیی ئینسان و چۆنیەتی هەڵسوكەوت و شێوازی بیركردنەوەی كار دەكەن و بەسەر یەكەوە جۆرێک لە مرۆڤ بەرهەم دەهێنن كە گوێڕایەڵ و داماڵراوە لە ویست



https://

و ئیرادە و پراکتیکی سەربەخۆ. ئەم دەزگایانە دەیانەوێت "جەوهەر"ێکی تایبەت بە ئینسان ببەخشن و ئەوە بسەلمێنن کە ئینسان "سروشت"ێکی دیاریکراوی هەیە و کاری ئەم دەزگایانە ئەوەیە ئەو "سروشت" و "جەوهەر"ە لەناو ئینسانەکاندا بپارێزن و ئەگەر مرۆڤەکان لێیان لادا ئەوا هەموو تەکنیکەکانی دەسەڵات بخەنە کار بۆ ئەوەی ئەو جەوهەرەیان بۆ بگەڕێننەوە. فوکۆ لەم ڕووەوە دیدێکی نیتشەییانەی بۆ ئینسان و بۆ چەمکی "جەوهەر" و "سروشت" لای ئینسان هەیە. فوکۆ وەک نیتشە پێی وایە گریمانکردنی هەر سروشت و جەوهەرێکی ئینسانیی، یان هەر سروشت و جەوهەرێک بۆ ئینسان، لەسەر پەراوێزخستن و چەپاندن و کەنارگیرکردنی ئەگەر و شێوازی تری مرۆڤبوون کار دەکات[1]. فوکۆ هەموو جەوهەر و سروشتە ئینسانییەکان وەک جەوهەر و سروشتی مێژوویی دەبینێت، ئەوەی لە سەردەمێکی دیاریکراودا وەک جەوهەر و سروشتی ئینسانی پێناس دەکرێت، شتێکە تایبەت بە تێگەیشتن و بیرکردنەوە و پراکتیکەکانی ئەو سەردەمەوە، نەک تەعبیر بێت لە شتێکی نەگۆڕ و ئەبەدیی لە ئینسان خۆیدا لە کۆنی کۆنەوە بۆ ئەمڕۆ و لە ئەمڕۆشەوە بۆ کۆتایی دونیا. بۆیە لە دیدی فوکۆدا، وەک لە دیدی نیتشەدا، هەر تیۆرییەکی تایبەتیش دەربارەی ئەوەی ئینسان چ جۆرە جەوهەر و سروشتێکی نەگۆڕی هەیە، تیۆرییەکی ساختە و ناڕاستە، دەرەنجامەکانیشی ئەوەیە کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەگەری هاتنەکایە و دروستبوونی شێوازی تری مرۆڤبوون و ئەزموونی ناوەکیی و مرۆڤانەی جیاوازدا. ئەمە جگە

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٢ .



nbooks

لەوەی هەموو ئەو شێوازانەی تری ئینسنابوون، کە دەکەونە دەرەوەی ئەو شێوازەی مرۆڤبوونەوە کە بە سروشتیی ناسراوە، دەخرێنە پەراوێزەوە یان بەتەواوی یاساغ و حەرام دەکرێن[1]. بەکورتی فوکۆ لەم سەردەمەدا ڕووی ڕەخنە و پیاچوونەوەکانی دەکاتە ئەو پراکتیک و هەڵسوکەوت و دەزگایانەی کە خەریکی دروستکردن و بەرهەمهێنانی "ئینسانی ئاسایی" و "سروشتین،" ئینسانێک بەو شێوەیە بیر بکاتەوە و بجوڵێتەوە کە گوتار و دەزگا و دەسەڵاتە باڵا و گەورەکانی کۆمەڵگا داوای دەکەن. لێرەشدا هەموو هێرشێک بۆ سەر پێناسە باڵادەستەکانی چییەتی ئینسانی سروشتیی و ئینسانی ئاسایی، گوێنەگرتن بۆ ئەو پێناسانە، شکاندنی سنوورەکانیان، تێکدانی سیستمی حەڵاڵ و حەرامەکانیان و ڕەخنەکردنی ئەو دەزگایانەی ئەم گشتە گەورەیە دەپارێزن، وەک کردەی بەرگریی گرنگ وێنا دەکات.

لە ئاستی واقیعیی و سیاسیشدا فوکۆ پێشنیاری گوێگرتن لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە قوربانیی ئەم جۆرە دەزگا و پراکتیکانەی دەسەڵاتن، گوێگرتن لەو کەسە پەراوێزخراو و بەنائاسایی و بیمار ناسراوانەی کە گوتاری هیومانیزم و پراکتیکیی دەزگا مۆدێرنەکان، وەک بیمار و نائاسایی و ناسروشتی دروست و وێنای کردوون. فوکۆ ئەم جۆرە مرۆڤە قوربانییانە، وەک مرۆڤی بەرگریکەر و تەسلیمنەبوو بە میکانیزمە باڵاکانی ئیشکردنی دەسەڵات دەزانێت و پێی وایە گوێگرتن لێیان و فێربوون لێیانەوە، هاریکارن بۆ دۆزینەوەی شێوازی مۆدێرن و کاریگەریی بەرگریکردن لە ئەگەر و

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٢.



https://

تواناکانی دروستبوونی جۆری تری ژیان و شێوازی تری بەمرۆڤبوون. فوکۆ ئەم شێوازەش لە خەبات وەک خەبات لەپێناوی بەرگریکردن لە مافپەروەریی نابینێت، بەڵکو وەک خەباتێک دەیبینێت لەپێناوی ئەوەدا ئەو شێوازانەی تری بەئینسانبوون و ئەو جۆرانەی تری ژیان کە چەپێنێران و دوور خراونەتەوە، توانای ئەوەیان هەبێت هەبن و بژین بەو شێوەیە بن کە دەیانەوێت. بەرگریی لێرەدا لەپێناوی مافپەروەریدا نییە، بەڵکو لەپێناوی بەخشینی دەسەڵاتدایە بە هەموو شێوازەکانی تری ژیان و هەموو ئەگەرەکانی تر بوونی ئینسانیی. لەم ڕوانینەدا بۆ خەبات و بەرگریی فوکۆ کۆمەڵگا وەک ڕووبەرێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و ڕەمزیی وێنا دەکات کە شوێنی پێکدادانی شێوازە جیاوازەکانی ژیان و شێوازە جیاوازەکانی مرۆڤبوونە، واتە ڕووبەرێکە بۆ جەنگ و ململانێیەکی بەردەوام لەسەر دەسەڵاتی بوون و ئامادەگیی لە دونیادا بەو جۆرەی کەسەکان خۆیان حەز دەکەن هەبن و بەو جۆرەی دەیانەوێت بژین و ئامادە بن. لەم ڕووەوە دیدی فوکۆ بۆ کۆمەڵگا وەک سەرزەمینێکە بۆ جەنگ و ململانێی بەردەوام لەنێوان شێوازە جیاوازەکانی ژیان و جۆرە جیاوازەکانی بەمرۆڤبووندا، ئەمەش زۆر لە دیدی مارکس بۆ ململانێی نێوان چینەکان و ململانێی نێوان پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر و هەمەلایەنترە، ئەگەر لای مارکس ململانێکان لەنێوان چینەکاندا بێت، ئەوا لای فوکۆ لە نێوانی شێوە جیاوازەکانی ژیان و شێوە جیاوازەکانی بەمرۆڤبووندایە. ململانێکەش تەنها لەنێوان دوو چیندا نییە، بەڵکو لەناو هەموو کۆمەڵگادا و لەنێوانی هەمووانداییە.



nbooks

فوکۆ لێرەدا پێ لەسەر لۆکاڵیبوونی بەرگرییەکان دادەگرێت، قوتابیان دژ بە سیستمی پەروەردە و فێربوون و زیندانیان دژ بە سیستمی زیندانەکان، و بیمارەکانی ناو نەخۆشخانە دەروونییەکان دژ بە گوتارە سایکۆتێپرەپیەکان، هتد... بەلای فوکۆ ئەم کەسانە کە خۆیان ڕۆژانە کاریگەرییەکانی ئیشکردنی دەسەڵات لەسەر ژیان و کەسایەتیی خۆیان هەست پێ دەکەن و دەبینن، لە هەموو کەس باشتر دەزانن دەبێت چی بگۆڕدرێت و چۆن بگۆڕدرێت. بۆیە پێویستیان بە ڕۆشنبیرانێک نییە بە ناوی هەڵگرانی هەقیقەت و زانینەوە، یان بە ناوی نوێنەرایەتیی مرۆڤایەتییەوە، مامۆستاییان بەسەرەوە بکەن. هەر لەم گۆشەنیگایەوە فوکۆ بیرۆکەی ڕۆشنبیریی ناگەردونیی و لۆکاڵیی پێشنیار دەکات و دەیخاتە شوێنی ئەو ڕۆشنبیرانەی بە ناوی هەقیقەت و کۆمەڵگا و پێشکەوتن و ئایندەوە قسە دەکەن. ڕۆشنبیریی لۆکاڵیی کەسێکە لەباتیی خەڵک و کۆمەڵگا و گروپەکان قسە ناکات، بە ناوی هەبوونی زانیارییەکی بێمەبەست و بێچاوەڕوانییەوە نادوێت، بەڵکو جۆرێک لە شیکردنەوە و کردەی مێژوویی پێشنیار دەکات کە جێگیریی و نەگۆڕیی دۆخە مێژووییەکان لەق دەکات و نیشانی ئەدات ئەوەی هەیە و دروست کراوە دەشێت بگۆڕێت و لا ببرێت. واتە کاری ڕۆشنبیر دەبێتە بەشێک لە کاری بەرگریکردنی کۆمەڵگا و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆیان، نەک ئەوەی بچێتە شوێنی ئەوان و لەباتیی ئەوان قسە بکات. هاوکات ڕۆشنبیر دەبێتە بکەرێک لەپاڵ بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی تردا، نەک کەسێک یان بکەرێک لە سەروی کۆمەڵگا و سەروی کێشەکان و



https://

سەروی کردە مێژووییەکانەوە. کاری ڕۆشنبیر لێرەدا وەک بەشێک لە کردەی بەرگریکردن بریتییە لە بەرهەمهێنانی دوودڵیی و گومان بەرامبەر بەو دۆخە مێژووییەی سەرووەر کراوە، ئیدی گرنگ نییە بە ناوی چییەوە سەرووەر کراوە، بە ناوی بەرجەستەکردنی "هەقیقەت"ی دینەوە، یان "هەقیقەت"ی نەتەوەییەوە، یان "هەقیقەت"ی چینێکی کۆمەڵایەتییەوە، یان "هەقیقەت"ی زانست و ڕۆشنگەریی و پێشکەوتنەوە. ئیشی ڕۆشنبیر ئەوەیە نیشانی بدات چۆن بڕێکی گەورە لە دەسەڵات و ئەفسانە و ویست و تەماحی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی تایبەت لەناو ئەو شێوازە جیاوازانەی هەقیقەت و بێگوناهیی و بێتەماحییدا ئامادەن، ئەمەش ئەرکی ڕۆشنبیرە وەک بوونەوەرێکی بەرگریکەر. ئەوەی لەم شێوازە تایبەتەی بەرگریکردندا گرنگە، ئەوەیە ڕۆشنبیر نەکەوێتە هەڵە و ئەفسانەی بەرهەمهێنانی حیکایەتێکی گەورەی تر و هەقیقەتێکی تازەی تر، کە وەک حیکایەت و هەقیقەتەکانی پێشخۆی پڕبێت لە تەماح و میکانیزمی تایبەتیی دەسەڵات و تەکنیکی پەراوێزخستن و بێدەنگکردن و بێناوکردنی هەموو کەس و هێز و لایەن و بکەرانەی ئەو دیدەی ڕۆشنبیرانی بۆ هەقیقەت قبووڵ نەبێت. بەشێک لە کردەی بەرگریی ڕۆشنبیر ئەوەیە نیشانی بدات کە ئەو هەقیقەت نانووسێت، بەڵکو لە دیدگایەکی تایبەتەوە دەنووسێت، بەرگریی لە هەقیقەتێکی بابەتی ناکات، بەڵکو بەرگریی لە دیدێک دەکات کە پلورالترە و پەراوێزخستنی کەمتری لێ دەکەوێتەوە. نیشاننەدانی ئەم دیدگا تایبەتە و شاردنەوەی لەژێر هەر ناوێکدا خیانەتێکی گەورەیە ڕۆشنبیر لە کردەی بەرگریکردنی دەکات، چونکە



nbooks

فرۆشتنی دیدگا تایبەتەکان وەک هەقیقەت دووبارەکردنەوەی مێژوویەکی پڕ بێدەنگکردن و هەڵاویردنە لەژێر ناو و لەبەر سێبەری هەندێک هەقیقەتی نوێدا، بەوەی وای نیشان بدەیت ئەوەی ڕۆشنبیر دەیڵێت بێمەبەستە و لە دەرەوەی هەر خواست و ئامانج و ستراتیژێکی تایبەتدایە. لەمەش بترازێت ئەوەی ڕۆشنبیر دەینووسێت و دەیڵێت دەبێت خۆشی ڕووبەڕێک بێت بۆ بەرگریی، بەرگریی تەنها بە مانای ئەوە نا کە دژ بەم هێز یان ئەو گروپی سیاسیی بێت، یان تەنها دژ بەم دیدی دینیی و ئەو ڕوانینی ئایدیۆلۆژیی تایبەت، بەڵکو لە دۆخی بەرگرییەکی ناوەکییشدا بیت لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی دەینووسێت، نیشانی بدات یان لانی کەم ئەو هەستە لای خوێنەر دروست بکات، کە ئەوەی ئەو وەک ڕۆشنبیر دەیڵێت دواهەمین هەقیقەتی دونیا نییە، ڕاستیی نییە بە مانا ڕەهاکەی، شتێک نییە نەکرێت گومان و پرسیاری گەورەی ڕووبەڕوو بکرێتەوە، بەکورتی ئایەتی موقەدەس و هەقیقەتی بێکێشە و ڕای قابیلی گومانلێنەکردن نییە، بەرگریی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر لە دروستکردنی ئەو گومان و نادڵنیاییە ناوەکییانەدایە کە لەناو نووسینەکانیدا جێگیرە، بەم مانایەش نووسین وەک بەشێک لە کردەی بەرگریی مانای بەتاڵکردنەوەی نووسین لە هەموو توندوتیژییەکی ناوەکیی. بەکورتی بەرگریی ڕاستەقینە، بەرگرییەک کە فوکۆ لە ئاستی میتۆدیدا بە جینالۆجیا ناوی دەبات، بەرگریی نییە تەنها بەرامبەر بە دەرەوە، بەڵکو بەرگرییشە لە پەیوەندیدا بە خود خۆیەوە، بەو شتانەوە کە خود دەیانڵێت و دەیاننووسێت.

لەم قۆناغەدا فوکۆ ڕەخنەکردنی سێ دەزگای سەرەکی



https://

کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بە کارێکی هێجگار گرنگ دادەنێت[1]. یەکەمیان، ڕەخنەکردنی قوتابخانەیە، چونکە قوتابخانە یەکێکە لەو دەزگایانەی کە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بە ناوی مەعریفە و بە ناوی زانستێکی بێگوناه و بێلایەنەوە بڵاو دەکاتەوە. ئایدیۆلۆژیایەک کە زۆر جار دەمامکی مەعریفەی زانستیی پۆشیوە. دووهەمین دەزگا کە دەبێت ڕەخنە بکرێت دەزگاکانی پزیشکیی دەروونناسییە، چونکە لێرەشدا ئەو پێوەرانە بەرهەم دەهێنێت و بڵاو دەکرێتەوە کە نیشانی ئەدەن ئینسانی ئاسایی کامەیە و ئینسانی نائاسایی یان بیمار کامەیە، کێ عەقڵانییە و کێ ناعەقڵانیی یان بێعەقڵە، کێ نەخۆش و بیمارە و کێ ساغ و بێکێشەیە. سێهەمین دەزگا کە دەبێت ڕەخنە بکرێت دەزگاکانی داوەرین، فوکۆ ڕەخنەکردنی ئەم دەزگایانە بە کارێکی هێجگار گرنگ دەزانێت، چونکە ئەم دەزگایانە لەسەر جیاکردنەوەی ئەخلاقیی ئینسانەکان لە یەکتری کار دەکەن، جیاکردنەوەی تاوانبار لە بێتاوان، ئەوەی دەبێت زیندانی بکرێت و لە کۆمەڵگا دوور بخرێتەوە، یان کۆمەڵگای لێ بپارێزرێت، بەرامبەر بەوەی کە بێتاوانە و کۆمەڵگا پێویستیی پێیەتی. هەر لێرەشدا بە شێوەیەکی بەرچاو و بەرجەستە باش لە خراپ و نیزام لە بێنیزامی و ئاسایش لە فیتنەی کۆمەڵایەتیی لە یەکتری جیا دەکرێتەوە. بە بۆچوونی فوکۆ توانای دەسەڵات لێرەدا و لەناو ئەم دەزگایانەدا دەگاتە چڵەپۆپە[2]. بەکورتی فوکۆ لەم قۆناغەدا گرنگییەکی گەورە بە ڕەخنەکردنی دەزگا سەرەکیی و ناوەندییانەی

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٥ .

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٦ .



nbooks

کۆمەڵگا مۆدێرنەکان ئەدات و پێی وایە ڕەخنەکردنیان، بەتایبەتی لە لایەن ئەوانەوە کە ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانیانەوە، کارێکی گرنگە. ئەم ڕەخنەکردنە دەشێت ئامرازێکی گرنگ بێت بۆ نەهێشتنی هەرەمیەتی کۆمەڵایەتیی بە مانا پاتریارکییەکەی و بە مانای ئەوەی کۆمەڵێک دەزگا، یان ئەوانەی ئەو دەزگایانە بەڕێوە دەبەن، چیتر نەتوانن هەموو ژیانی کۆمەڵایەتیی ئاراستەبکەن و دەستنیشانی ئەوە بکەن کێ باش و بەسوود و کێ خراپ و تاوانبارە. وەک دەبینین ئەم ڕەخنەکردنە شێوازێکی گرنگی بەرگریکردنە لە جۆرێک لە پلورالیزم و فرەدەنگیی و فرەڕەنگی لە کۆمەڵگادا. ئەم قۆناغەش قۆناغی کتێبی *دیسپلین و سزا* و ئەو وانانەیە کە فوکۆ سالانە لە کۆلێژی دی فرانس دەیلێتەوە.



https://

# قۆناغی سێهەم: بەرگریی لە هەموو شوێنێکدا

ئەم قۆناغە لە فیکری فوکۆدا قۆناغی بەرهەمهێنانی دیدێکی نوێیە بۆ دەسەڵات کە تەواو ناکۆکە بە دیدی مارکسیزم و دیدی لیبراڵیزم بۆ دەسەڵات. لەم دیدە نوێیەدا فوکۆ دەسەڵات وەک شتێک نابینێت تەنها لە شوێنێکدا هەبێت، بۆ نموونە تەنها لەناو دەوڵەت یان دەزگاکانی حوکمڕانیدا، بەڵکو وەک تۆڕێکی بەربڵاو وێنای دەکات و لەناو هەموو ڕووبەرە جیاوازەکانی پەیوەندیی لەناو کۆمەڵگادا نیشتەجێی دەکات. دەسەڵات لێرەدا تەنها بەشێک نییە لە دەوڵەت، بەڵکو بەشێکە لە هەموو شێوە جیاوازەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی. ئەم دیدە فوکۆ ناچار دەکات بەرگرییش تەنها لە سنووری بەگژاچوونەوەی ئەم یان ئەو سنووری کێشراودا، یان بەگژاچوونەوە و ڕەخنەکردنی ئەم یان ئەو دەزگای کۆمەڵایەتیدا نەهێڵێتەوە، بەڵکو وەک کردەیەکی هێجگار



nbooks

بەربڵاو و فرەشێوە وێنای بکات کە لە هەموو ئەو شوێنانەدا ئامادەیە کە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیان تێدایە. فوکۆ لێرەدا، وەک پێشتریش هێمامان پێ کرد، دەیەوێت بڵێت لەکوێ دەسەڵات هەبێت لەوێش بەرگریی هەیە، مادام دەسەڵات خاڵێکی تایبەتی نییە لێوەی بێت و بەسەر کۆمەڵگادا بڵاو ببێتەوە، مادام دەسەڵات لە هەموو شوێنێک و لە هەموو خانەیەکی کۆمەڵایەتیدایە و لە شێوەی تۆڕادا ئامادەیە نەک هەرەم، بۆیە بەرگرییش تەنها لە یەک شوێندا نییە و نابێت، تەنها ڕووی لە لابردنی ئەم یان ئەو سنوور نییە و تەنها بەگژ ژمارەیەکی کەم لە دەزگادا ناچێتەوە، بەڵکو ڕووی لە هەموو شوێنەکانە و لەو هەزاران خاڵەدا ئامادەیە کە دەسەڵات تیایاندا ئامادەیە.

خاڵێک کە فوکۆ لەم قۆناغەدا دەیەوێت زۆر بەوردی جەختی لێ بکات ئەوەیە کە دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا خۆی کەمتر دەر دەخات، ناڕاستەوخۆ ئامادەیە، لە سێبەردا دەمێنێتە و وا دەکات نەبینرێت، هاوکات دەسەڵاتی مۆدێرن دەسەڵاتێک نییە تەنها لەسەر یاساغکردن کار بکات، بەڵکو دەسەڵات دەخوازێت کەسانی خاوەن بەرهەم و بەسوود بەرهەم بهێنێت، هێزی بەرهەمهێنان و سوودبەخشینیش لە کەسەکاندا گەورە بکات، بەڵام هاوکات دەخوازێت توانا و هێزی سیاسیی و توانای بەرگریکردن لە مرۆڤەکاندا لاواز و لاوازتر بکات[1]. لەم قۆناغەدا ئەوەی بەلای فوکۆوە گرنگە، ڕووە نەفیکەر و چەپێنەرەکانی دەسەڵات نییە، ڕاستە دەسەڵات بەردەوام ئەم ڕووکارانەی هەیە و بینین و

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٨ .



https://

بەگژاچوونەوەشیان کاریکی پێویستە، بەڵام ئەوەی لای فوکۆ گرنگە، پێداگرتنە لەسەر ڕووە بەرهەمهێن و پۆزەتیڤەکانی دەسەڵات، واتە بینین و مامەڵەکردنی دەسەڵاتە وەک هێزێکی بەرهەمهێن بۆ زمان و ڕەمز و وێنە و پاڵنەری تایبەت و جۆرێکی تایبەت لە خود و لە تاکەکەس. ئەم دیوەی دەسەڵات دیوێکە لەسەر نا گوتن بە ئینسان و بە کۆمەڵگا کار ناکات، بەڵکو لەسەر گوتنی بەڵێ، بەڵێیەکی تایبەت کار دەکات. بەڵام ئەم بەڵێ گوتنەی دەسەڵات بە کۆمەڵگا و بە تاکەکەس، بەڵێیەکە لە هەوڵی دروستکردنی ئینسان و کۆمەڵگایەکی گوێڕایەڵ و دەستەمۆکراودایە. بۆیە فوکۆ لێرە بەدوا کێشەی دەسەڵات لەوەدا نابینێت کە کۆمەڵێک ئینسانی دیاریکراو دەکاتە ئینسانی پەراوێزخراو و دوورخراوە، لەوەشدا نابینێت کە تەنها جۆرێکی تایبەتی مەعریفە و زانین لاواز و پەراوێز دەخات، بەڵکو لەوەدا دەبینێت کە جۆرێک لە ئینسانی تایبەت و جۆرێک لە کۆمەڵگای تایبەت و جۆرێک لە مەعریفەی تایبەت دروست دەکات. واتە مەسەلەکە چیدی ئینسانە پەراوێزخراو و بێدەنگکراوەکان نین، بەڵکو ئەو شێوازە باڵادەستەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئینسان و تاکەکەسە کە لە کۆمەڵگادا باڵادەست دەکرێت. بۆیە ئەو مەعریفە ستراتیژییەی کە دەبێت بۆ بەرگریکردن دروست ببێت، یان بەشێک بێت لە کردەی بەرگریکردن، پێویستە خۆی سەرقاڵی ئەم ڕووکارە پۆزەتیڤ و بەرهەمهێنەی دەسەڵات بکات[1].

فوکۆ لێرەدا بەرگرییکردن کورت ناکاتەوە تەنها بۆ ئیزعاجکردنی دەسەڵات، بۆ نا وتنێکی سادە، بۆ ڕەفزکردن

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٨ .



nbooks

و گوێنەگرتن لە بڕیار و یاسا سەپێنراوەکان، هاوکات بەگریکردن وەک کردەی ڕاکردن و خۆدەربازکردن لە دەسەڵات وێنا ناکات، ڕاستە ئەمانە دەتوانن دەرکەوتی گرنگی بەرگریی بن، بەڵام هەموو کردەی بەرگریی و هەموو شێوازەکانی بەرگرییکردن نین. بەرگریی ڕاستە دەبێت وەک هەڕەشە لە دەسەڵات، وەک ناحەزیی بەرامبەر و ڕەخنەگرێکی سەرسەختی دەسەڵات دەر بکەوێت، بەڵام بەرگریی دیوێکی دیکەشی هەیە کە لەسەر نەفیکردنی دەسەڵات کار ناکات، بەڵکو لەسەر بەرهەمهێنانی شێوازی نوێی کەسایەتیی و شێوازی نوێی بەتاکەکەسبوون و جۆری تازەی بەمرۆڤبوون کار دەکات. ئەوەی لێرەدا کردەیەکی ستراتیژییە ئەوەیە کەسانێک دروست ببن جیاواز بن لەوانەی دەسەڵات دەیانەوێت دروستیان بکات و ئاراستەیان بکات. بە مانایەکی دیکە وەک چۆن دەسەڵات بەرهەمهێنە، ئاوا بە هەمان شێوە دەبێت بەرگرییش بەرهەمهێن بێت[1].

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٩ .



https://

# خودسازیی ئیستاتیکی وەک کردەی بەرگریی

لە کتێبەکانی کۆتایی ژیانیدا، فوکۆ شێوازێکی تری بەرگریی پێشکەش دەکات کە پەیوەندییەکی پتەوی بە کردەی کارکردنی مرۆڤ خۆیەوە هەیە لەسەر خۆی، پەیوەندیی بەوەوە هەیە مرۆڤ خۆی چۆن خودی خۆی دادەڕێژێت، چۆن دژ بە گوتار و میکانیزمە زۆرەکانی دیسپلینکردن، بیۆدەسەڵات، سەربەخۆیانە خۆی وەک کارێکی ئیستاتیکیی، وەک تابلۆیەک، وەک کاری هونەرمەندێک دروست دەکات. بەکورتی فوکۆ لەم قۆناغەدا خەریکی ئەوەیە بزانێت ئایا بە چ شێوەیەک و چۆن تاکەکەس دەتوانێت خۆی ببێتە نووسەر و داهێنەری ژیانی خۆی و چۆن ژیانی خۆی وەک کارێکی هونەری وێنا بکات و خودی خۆشی وەک تابلۆیەکی هونەری دابهێنێت.

فوکۆ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، سەفەرێکی درێژ لە یۆنانی کۆنەوە تا سەدەی نۆزدەهەم، دەست پێ دەکات



nbooks

و بە مێژووی لەش و مێژووی ژیانی سێکسدا دەچێتەوە. لەم سەفەرەدا بەو دەرەنجامە دەگات، کە ئەو هێزانەی بەشدارن لە داڕشتنی کەسایەتیی مرۆڤدا تەنها فۆرمە جیاوازەکانی مەعریفە و دەسەڵات نین، بەڵکو تەکنیکەکانی خۆدروستکردنی تاکەکەسیشە کە تاکەکەس ئازادانە دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ ئەوەی ببێت بەو کەسەی کە دەخوازێت پێی ببێت. فوکۆ بەو دەرەنجامە دەگات کە مرۆڤ دەتوانێت ڕووبەری تایبەت بە خۆی لە دەرەوەی ئەو ڕووبەرە فەرمییانەدا دروست بکات کە ئەخلاق و سیاسەت و سایکۆلۆژیا و دەزگا و شێوازە باڵادەستەکانی مەعریفە بۆ مرۆڤی دیاری دەکەن. مرۆڤ لە ڕێگای پەیوەندیکردنێکی ئیستاتیکیی و ڕەخنەیی تایبەتەوە بە خودی خۆیەوە، لە ڕێگای کارکردنی بەردەوامەوە لەسەر خودی خۆی و لە ڕێگای داهێنانی خۆیەوە وەک بوونەوەرێکی ئازاد، دەتوانێت ئەم ڕووبەرە شەخسییە دروست و گەورە بکات و بەمەش لە دۆخی بەرگریکردنێکی بەردەوامدا بێت. بەرگریی لەم ئاستەدا بەرگرییەکی هەمەلایەنە، لە زیاد لە کایەیەکدا و بە زیاد لە ئاراستەیەکدا دەڕوات، چونکە دەخوازێت دەستکاری مۆدێلە باڵادەستەکانی بەتاکەکەسبوون و بەخودبوون لە کۆمەڵگادا بکات. دەیەوێت شێوازە باڵادەستەکانی بەخودبوون بخاتە ژێرپرسیارەوە و دەرگای نوێ لەسەر هەقیقەتی نوێ بکاتەوە. لە ڕاستیدا بەرگریی بەم مانایە دەربڕی هەوڵدانی بەردەوامی ئینسانە بۆ دەرچوون لەو دۆخ و پێناس و مانا باڵادەستانەی لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا دەستنیشانی ئەوە دەکەن ئینسانبوونی ئەو چییە، پێی دەڵێن چۆن بژی و بە چ



https://

شێوەیەک ئەزموونی کەسایەتیی خۆی بکات.

بە بۆچوونی فوکۆ کاری خۆدروستکردنی مرۆڤ بۆ خود و کەسایەتی خۆی، تەنها کارێکی تاکەکەسیی نییە بەبێ دەرەنجامی سیاسیی، فوکۆ کارکردنی تاکەکەس لەسەر خۆی بە "پراکتیکی ئازادیی" ناو دەبات، ئەو پراکتیک و هەڵسوکەتە ئازادانەی کە تاکەکەس لە ڕێگایانەوە کەسایەتیی خۆی بەو شێوەیە دادەڕێژێت کە دەیەوێت. ئەمەش مانای سەندنەوەی کەسایەتیی مرۆڤ لە پۆلیسەکانی ئەخلاق و دین و دەسەڵات و مەعریفە و بەخشینەوەی بە خود خۆی. ئەم ستراتیژە لە ئاستی ژیانی گشتیدا مانای پەراوێزخستنی هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە دەخوازن تاکەکەس دیسپلین و کۆنترۆڵ بکەن، مانای سەندنەوەی ڕووبەرەکانی ئەخلاق لە دەوڵەت و دەزگاکانی داوەریکردن و پیاوانی دین و کەنیسە و تەکیەکان و پزیشکەکان و بەخشینەوەیان بە تاکەکەس خۆی. ئەم کردەی بەرگرییە کردەی ڕێگرتنە لەوەی دەزگاکان و ڕوانینە ئەخلاقییە باڵادەستەکان و خواستەکانی دەسەڵات، تاکەکەس بکەنە کۆپییەک لەو کۆپییە زۆرانەی هەریەکێکیان بە کۆمەڵگادا بڵاوی دەکاتەوە. بەگژاچوونەوەی ئەو کۆپی و مۆدێلانە لە ئینسان، کە دەسەڵات و یاسا و بەها ئەخلاقییە باڵادەستەکان دەیانخوازن، بە بەرگریی ڕەهەندێکی سیاسیی و دەستەجەمعیی گرنگ دەبەخشێت. بەرگریی لێرەدا مانای ڕاوەستان لە بەردەم ئەم گشتە گەورەیەدا و ڕەفزکردنی مۆدێلەکانیان، لەباتیی ئەمانە داهێنانی مرۆڤ بۆ کەسایەتیی و خودیی خۆی بەو شێوزەی کە دەیەوێت. بە مانایەکی سادەتر بەرگریی لێرەدا مانای چوونە پەیوەندییەکی



nbooks

ڕەخنەیی هەمەلایەنەوە لەگەڵ ڕووبەرە ئەخلاقییەکانی حەڵاڵ و حەرامکردنی فەرمیدا، بەمەش ئەگەری بوون بە خودێکی تر، ئەگەری هێنانەکایەی سیاسەتێکی تری بەخودبوون، نەک تەنها گەورە بکات، بەڵکو پیادەش بکات.

بڕێکی زۆر لەم بابەتانە لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باس دەکرێت.



https://

# دەرەنجام

وەک نیشانمان دا، فیکری فوکۆ لە قۆناغی جیاوازدا ڕوانینی جیاوازی بۆ چییەتی بەرگریی و شێوازەکانی بەرگریکردن هەبووە، بابەتەکەش، وەک هەندێک فوکۆناس دەڵێن، لە سەرەتاوە لەناو فیکری ئەم فەیلەسوفەدا ئامادە بووە. ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەوەیە مەسەلەی بەرگریی لای فوکۆ بە پرۆگرامێکی سیاسیی دیاریکراو، بەم یان بەو وێنە بۆ ئایندەوە، یاخود بەم یان بەو خواستی ئایدیۆلۆژییەوە نەبەستراوەتەوە. لای فوکۆ بەرگریی بەشێکە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات خۆی، لەناو هەموو پەیوەندییەکی دەسەڵاتدا شتێک لە بەرگریی بوونی هەیە و شتێک لە بەرگریکردن ئامادەیە، مەگەر ئەو پەیوەندییە کورت بووبێتەوە بۆ هەیمەنەیەکی تەواوەتی و بەشێک بێت لە دەسەڵاتێکی تۆتالیتاریی. لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا، بەشی چوارەم، بەدرێژیی لەسەر دیدی فوکۆ بۆ ئەخلاق و بۆ "کردنی ژیان بە کارێکی هونەریی" و بۆ چەمکی "پراکتییەکانی ئازادیی" و بۆ "کەسایەتیی پاریسیایی"



nbooks

دەوەستین، کە هەموویان نەک تەنها کۆمەڵێک چەمکی نوێی ناو قۆناغی سێهەمی فیکری فوکۆن، بەڵکو بەشێکن لەو دەزگای چەمکییە نوێیەی کە بەرگریکردن بە شێوازی نوێ تیۆریزە دەکەن. وەک وتمان ئەگەر پرسیاریی سەرەکیی فوکۆ ئەوە بێت ئێمە چۆن کراوین بەو کەسانەی کە لە ئێستادا هەین؟ چۆن بووین بەو مرۆڤەی ئێستا؟ ئەم ئێستایە چۆن دروست کراوە؟ ئەوا، وەک فوکۆ خۆی دەڵێت، لەناو خودی پرسیارەکە خۆیدا ئەگەری گۆڕان و بەرگریکردن ئامادەیە.

خاڵێک بمەوێت لێرەدا هێمایەکی خێرای پێ بکەم گەڕانەوەیە بۆ سێ شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵات لە فیکری فوکۆدا، مەبەستی دەسەڵاتی سەروەر و دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵاتە. لۆژیکی ئەم جیاکارییەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری، هاوکات لۆژیکی جیاکردنەوەی شێوازەکانی بەرگرییکردنە لە یەکتری. مادامەکی کاری سەرەکیی دەسەڵات لە مۆدێلی دەسەڵاتی سەروەردا بریتییە لە لێسەندنەوە و دەستبەسەرداگرتن، ئیتر لە سەندنەوەی مافەوە بیگرە بۆ سەندنەوەی موڵکوماڵ تا بە سەندنەوەی ژیان دەگات، بۆیە بەرگریی لێرەدا مانای بەگژاچوونەوەی ئەو دەسەڵاتەیە لە ڕێگای بەرگریکرن لە مافەکان و سەندنەوەی ئەو توانایەنە لە دەسەڵات کە وای لێ دەکات بتوانێت ئەو شتانە لە مرۆڤ بسێنێتەوە، جێگرتنەوەی ئەو دەسەڵاتە بە دەسەڵاتێک چیتر ئەو کارانە نەکات. هاوکات کاتێک دەسەڵات لەسەر یاساغکردن و سانسۆرکردن و نەخێروتن کار بکات، ئەوا بەرگرییکردن مانای گوێنەگرتنە لەو دەسەڵاتە و بەگژاچوونەوەی حەرام و حەڵاڵەکان و گەورەکردنی ڕووبەری ئازادییە. خۆ ئەگەر



https://

دەسەڵات موڵکی ئەم یان ئەو کەس و ئەم یان ئەم گروپ بێت بەتەنها و کەسانێکی تر دەسەڵاتیان نەبێت، ئەودەم بەرگرییکردن مانای هەوڵدانە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵات و دەرهێنانی لە دەستی ئەو تاکەکەس و گروپە بچووکانە.

بەڵام بەرگریی بەرامبەر بە دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵات هەمان ئەو شێوازانەی بەرگرییکردن نییە کە باسمان کرد. چونکە وەک وتمان دەسەڵات لێرەدا لەسەر میکانیزمەکانی لێسەندنەوە و چەپاندن و بێبەشکردن کار ناکات، خەریکی یاساغکردن و نەخێرگوتن نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی بەرهەمهێنە و لە دەستی گروپێکی بچووکیشدا نییە، بەڵکو لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگادا و لەناو هەموو پەیوەندییەکاندا ئامادەیە. ئەمە وا دەکات ستراتیژییەتی بەرگریکردن لێرەدا هەمان ستراتیژی بەرگریکردن نەبێت بەرامبەر بە دەسەڵاتی سەروەر. یەکێک لە تێزە سەرەکییەکانی فوکۆ لێرەدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵات بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتێکی بەرهەمهێنن، بۆیە ڕووبەر و شێوازی تایبەتیی بەرگریکردنیش بەرهەم دەهێنن. بەرگریی لێرەدا مانای ڕەفزکردنی دەسەڵات ناگەیەنێت، چونکە دەسەڵات دەرەوەیەکی نییە مرۆڤ لە ڕێگای کردەی ڕەفزکردنەوە بۆی بچێت. مرۆڤ ناتوانێت لە دونیای مۆدێرندا نەچێت بۆ قوتابخانە و نەخۆش نەکەوێت و پێویستی بە دکتۆرەکان نەبێت، یان کار نەکات و نەچێتە ناو سیستەمە بیرۆکراسییەکانەوە، هتد... لە دونیای مۆدێرندا هەموومان لەناو ئەم شتانەداین، بۆیە کردەی بەرگریی بەرامبەر بەم جۆرە دەسەڵاتە، چوونەدەرەوە



nbooks

یان ڕەفزکردنی دەسەڵاتەکە نییە، بەڵکو کردەی تەواوکردن و پڕکردنەوە و دەستکاریکردنی نوقسانییەکانی دەسەڵاتە. فوکۆ ڕەخنە وەک ئامرازیی سەرەکیی بەرگریکردن بەرامبەر بە دەسەڵاتی دیسپلینەکەر و بیۆدەسەڵات دەبینێت. ڕەخنەکردنی بەردەوام، ڕەخنەکردن لە هەموو شوێنێکدا و لەناو هەر پەیوەندییەکی دەسەڵاتدا، هاوکات ڕێگرتن لەوەی کە دەسەڵات بە بڕ و چەندایەتیی زۆرەوە بێتە ناو ژیانی تاکەکەسییەوە، مرۆڤ نەهێڵێت بەبەردەوامیی و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دەرەوەڕا حوکمڕانیی بکرێت و گوتار و بۆچوون و هەقیقەت و دابەشکردنی تایبەتی بەسەردا بسەپێنرێت. بە مانایەکی دیکە ڕێگەگرتن لەوەی دەسەڵات بتوانێت وەک دەسەڵاتێکی موهەیمن کار بکات.

مرۆڤ لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا لە دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵات ڕزگاری نابێت، ئەوەی ئەتوانێت بەرامبەر ئەم دوو شێوازە لە دەسەڵات ئەنجامی بدات، ئەوەیە نەهێڵێت ئەم دەسەڵاتانە ببن بە دەسەڵاتی تۆتالیتێر و ژیانمان بەتەواوی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەگەر دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵات لە ڕێی چەکەوە کار نەکەن و لە ڕێی نۆرم و بەهاکانەوە کار بکەن، ئەوەدەم کردەی بەرگریی لەم ئاستەدا کردەی بەرەنگارییە بەرامبەر بەو بەهایانەی ئەم دەسەڵاتانە کاری پێ دەکەن، ڕەخنەکردنیانە، قبوڵنەکردنیانە بە شێوەیەکی خۆبەخۆ و ئۆتۆماتیکی، گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی بەهای ئەڵتەرناتیڤ و جیاوازدا، بەرگریکردنە لە پلورالیزمی بەهاکان و ڕێگرتنە لە پەراوێزخستنی دەنگەکان. یەکێک لە ستراتیژییە سەرەکییەکانی بەرگرییکردن لێرەدا



https://

ئەوەیە کە نۆرم و بەهاکان یان پیادە و قبووڵیان نەکەین، یان بەردەوام خۆمانی لێ لا بدەین، یان بە جۆرێک پیادەی بکەین، نەچنە ناو ستراتیژەکانی دەسەڵاتەوە. لەم ئاستەدا فیکری فوکۆ بانگەشەیەکی گەورەیە بۆ قبووڵنەکردنی دونیا بەو شێوەیەی کە هەیە و بەگژاچوونەوەی دەزگاکان و میکانیزمەکان و گوتارەکانیەتی، بەڵام هەموو ئەمانە بەبێ بوونی وەهمی ئەوەی کە ئێمە سیستمێکی نوێ دروست دەکەین لە دەرەوەی دەسەڵاتی دیسپلینکردن و بیۆدەسەڵاتدا، یان سیستمێک دروست بکەین دەسەڵاتی تێدا نەبێت.



nbooks

# سەرچاوەکان

1. Devos, Rob (2004). *Macht en verzet: het subject in het denken van Michel Foucault*. Kapellen: Uitgeverij Pelckmans.

2. Foucault, M. (1990). *The history of sexuality, Volume 1: an introduction*. New York: Vintage.

3. Foucault, M. (1967). *Madness and Civilization. A History of Insanity in the Age of Reason*. New York: Pantheon Books.

4. Habermas, J. (1987). *The political discourse of modernity*. Cambridge: MIT Press.

5. Pickett, Brent L. (1996). Foucault and the Politics of Resistance. *Polity*, Vol 28, No 4, PP. 445-466.

6. Trombadori, Duccio (1991). Introduction. In Michel Foucault, *Remarks on Marx*. New York: Semiotext(e).



https://

# بەشی چوارهەم
# ئیستاتیکای بوون
# ژیان وەک کارێکی هونەریی

onbooks

https://

# سەرەتا

دواهەمین بەشی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ باسکردنی ئەو فەلسەفە ئەخلاقییانەی میشێل فوکۆ، کە چەند ساڵێک بەر لە مردنی پێشنیاری دەکات و بەشێکی زۆری نووسینەکانی بۆ تەرخان دەکات، فەلسەفەیەکی ئەخلاقیی لە دەرەوەی تیۆرە ئەخلاقییە باڵادەستەکانی ناو فیکری فەلسەفیی سەدەمەکەی خۆیدا. فوکۆ ئەم تیۆرە ئەخلاقییە تازەیە ناو دەنێت "ئیستاتیکای بوون،" یان گۆڕینی ژیان بۆ ڕووبەرێکی ئیستاتیکیی و هونەریی و گرێشی ئەدات بە هەندێک تەکنیکی خودسازیی سەربەخۆوە کە بە "تەکنیکەکانی خود" ناویان دەبات[1]. هەندێک جار فوکۆ لەباتیی چەمکی "ئیستاتیکای بوون،" چەمکی تری ئەڵتەرناتیڤ بەکار دەهێنێت بۆ گەیاندنی هەمان مانا، لەوانەش هەرە دیاردەکانیان بریتین لە

---

1 Foucault, M., Martin L.H., Gutman H. & Hutton P.H. (1988). Technologies of the Self: A Seminar With Michel Foucault. Amherst: University of Massachusetts Press.



nbooks

چەمکەکانی "گرنگیدان بە خود" یان "مشورخواردن بۆ خود". لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا باسم لەوە کرد کە لە قۆناغی یەکەم و دووهەمی فیکری فوکۆدا دروستکردنی خود، چۆنیەتی بوونی مرۆڤەکان بە تاکەکەس، شتێک نین مرۆڤ خۆی ئازادانە بتوانێت ئەنجامیان بدات، بیرۆکەی ئازادیی و بەرگریی ڕۆڵی سەرەکیی لە دروستکردن و داڕشتنی خود و کەسایەتیدا نابینن. ئەمەش یەکێکە لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی فوکۆ و نووسینی دەکرایەوە. لە "ئیستاتیکای بوون"دا فوکۆ هەوڵ ئەدات ئەم نوقسانییە پڕ بکاتەوە و گۆڕانێکی گەورە بەسەر مەسەلەی خۆدروستکردنی تاکەکەس بۆ خودی خۆیدا دێت. فوکۆ لەم قۆناغە تازەیەدا پێ لەسەر توانا خودیی و تاکەکەسییەکانی مرۆڤ خۆی دادەگرێت لە چۆنیەتی دروستکردن و داڕشتنی کەسایەتیی خۆیدا. باس لە جۆرێک لە خودسازیی سەربەخۆ و ڕەخنەیی دەکات. ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشتردا فوکۆ، وەک نیشانمان دا، هەم کاریگەرییەکانی دەسەڵاتی دیسپلینکەری ناو دەزگا گەورەکانی دونیای مۆدێرن و هەم کاریگەرییەکانی زانستە ئینسانییەکان و مەعریفەی مۆدێرنی لەسەر داڕشتنی کەسایەتیی و دونیای ناوەکیی تاکەکەسەکان ئاشکرا کردبێت، ئەوا لە "ئیستاتیکای بوون"دا فوکۆ ئەم ڕووبەرە دیسپلین و ئاراستەکراوانە جێ دەهێڵێت و دەچێتە ناو دونیای هەڵبژاردنە ئەخلاقییەکانی تاکەکەس خۆیەوە. پێداگرتن لەسەر خودسازییەکی سەربەخۆ و تاکەکەسییانە دەبێتە ژێرخانی ئەو فەلسەفە ئەخلاقییەی پێشنیاری دەکات. لەم بەشەدا بەدرێژی لەسەر ئەم قۆناغی ئەخلاقە لە بیرکردنەوەی فوکۆدا دەوەستین، هەم تێزە



https://

سـەرەكییەكانی نیشـان ئەدەیـن و هـەم ئـەو چەمـک و زمـان و وێنانـەش داناسـێنین كـە فوكـۆ لـەم قۆناغـەدا بەكاریـان دەهێنێت، لەوانـەش بـۆ نموونـە تیـژی ئیسـتاتیكای بـوون و ژیـان وەک كارێكـی هونەریی، پراكتیكەكانـی ئازادیـی، تەكنیكەكانـی خـود و "پاریسـیا و ڕۆشـنگەریی و ڕەخنـە، هتـد.... هەمـوو ئـەم چەمكانـە ڕەهەندێكـی تاكەكسـیی بـە خودسـازیی ئـەدەن و شـوێنێكی سـێنترالْ بـە كـردەی بەرگریكـردن و بوێریـی ئەخلاقیـی و سیاسـیی و كۆمەڵایەتیـی دەبەخشـن. بەمـەش ڕەهەندێكـی سیاسـیی گرنـگ بـەم خودسـازییە سـەربەخۆیە دەبەخشـن.



nbooks

# ئیستاتیکای بوون

ماوەیەکی کەم بەر لە مردنی، فوکۆ گەشە بە دیدێکی ئەخلاقیی ئەدات، کە گرنگترینِ خاڵ تیایدا داواکردنە لە مرۆڤی ئەم سەردەمە خۆی بگۆڕێت و ژیانی خۆی بە جۆرێک دابڕێژێتەوە لە کارێکی هونەریی بچێت. "گۆڕینی ژیان بۆ کارێکی هونەریی" ئەو داخوازییە ئەخلاقییەیە کە فوکۆ پێشنیار و بەرگریی لێ دەکات. ئەگەر دروشمی ڕۆشنگەریی لای کانت ئەمە بێت: "بوێر بە و عەقڵی خۆت بەکار بهێنە،" ئەوا دروشمی ئەم دیدە ئەخلاقییەی فوکۆ ئەمەیە: "بوێر بە و ژیانی خۆت بگۆڕە بۆ کارێکی هونەریی". ئەگەرچی بڕێکی زۆر لە شیعریەت لەم داخوازییە ئەخلاقییەدا ئامادەیە، بەڵام فەلسەفە ئەخلاقییەکەی فوکۆ فەلسەفەیەکی شیعریی نییە، بەڵکو فەلسەفەیەکە بە کۆمەڵێک دەرەنجامی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی گرنگەوە، کە هەوڵ ئەدەم لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەرە گرنگەکانیان نیشان بدەم. ئەو تێزەی دەمەوێت لێرەدا بەرگریی لێ بکەم، ئەوەیە کە دیدە



https://

ئەخلاقییەکانی قۆناغی سێهەمی فیکری فوکۆ دەرەنجامی سیاسیی گرنگیان لێ دەکەوێتەوە و ناکرێت تەنها وەک خواستێکی شیعریی و تاکەکەسیی مامەڵە بکرێن.

لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا فوکۆ بەم شێوەیە تێزی گۆڕانی ژیان بۆ کارێکی هونەری نیشان ئەدات، "ئەوەی من سەرم لێی سوورِ ماوە، ئەوەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هونەر بووە بە شتێک، پەیوەندیی تەنها بە شتەکانەوە هەیە نەک بە تاکەکەسەکانەوە، یان بە ژیانەوە. هونەر بووە بە کارێکی تایبەتییش کە تەنها کۆمەڵێک خەڵکی شارەزا و لێزان ئەنجامی ئەدەن، کە هونەرمەندەکانن. بەڵام ئایا ناکرێت ژیانی هەر تاکەکەسێک بکرێت بە کارێکی هونەریی؟ بۆ دەبێت چرایەک یان گڵۆپێک، یاخود خانوویەک ببن بە بابەتی هونەر، بەڵام ژیانی ئێمە نەبێت؟"[1]. لە سەرەتای هەشتاکانەوە فیکری فوکۆ دەبێت بە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە و بەرگریکردن لە تێزی گۆڕینی ژیان بۆ کارێکی هونەریی. ئەم داواکارییە تەنها دروشمێکی بێناوەڕۆک نییە، ڕستەیەکی ئینشایی نییە نەچێتەوە سەر هیچ تیۆر و ڕوانین و دونیابینییەکی ڕەخنەیی کارلەسەرکراو، بە پێچەوانەوە، ئەم ڕستەیە هێما بۆ سەرەتاکانی گەڵاڵەبوونی فەلسەفەیەکی ئەخلاقیی لای ئەم نووسەرە دەکات کە دواتر هەم خۆی و هەم فوکۆناسەکان ناوی "گرنگیدان بە خود" یان "مشورخواردن بۆ خود" یان "ئیستاتیکای بوون"ی لێ دەنێن. گۆڕینی ژیان بۆ کارێکی هونەریی و پێداگرتن لەسەر

١ بڕوانە:
Smaert, Barry (1994). Michel Foucault: Critical Assessments.London and New York: Routledge. P. 262.



nbooks

تواناكانی مرۆڤ لە داهێنانی كەسایەتیی خۆیدا، بەشداریی ئەم فەیلەسوفەیە لە پێشنیاركردنی فەلسەفەیەكی ئەخلاقیی نوێدا كە دیدێكی كراوەی هەم بۆ ئینسان و هەم بۆ ئەخلاق و هەم بۆ دەسەڵات هەڵگرتووە.

بە مانا هەرە گشتییەكەی، ئیستاتیكای بوون مانای پەیوەندیی شەخسیی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە، پەیوەندییەك كە ئاكارێكی ئیستاتیكیی هەیە و بوونێكیش تیایدا مرۆڤ لەپاڵ فشارەكانی دیسپلین و كۆنترۆلكردندا، لەپاڵ فشاری هەقیقەت و زەبری مەعریفە باڵادەستەكاندا، پەنجەرەیەكی تر دەكاتەوە كە تیایدا سەربەخۆیانە و لە دەرەوەی ئەو فشارانەدا پەیوەندیی بە خودی خۆیەوە دەكات و بوونێك دادەهێنێت سەربەخۆ و ئیستاتیكیی. خاڵی سەرەكی لێرەدا پێداگرییەكی گەورەیە لەسەر بڕیاری تاكەكەسەكان خۆیان و لەسەر بەكارهێنانی ئیرادە و خواستی سەربەخۆی خۆیان بۆ ئەوەی خۆیان ژیانی خۆیان دابڕێژن و بگۆڕن، خودسازییەكی سەربەخۆ دەست پێ بكەن، بە شێوەیەك بژین ژیانیان وەك كارێكی هونەریی لێ بێت. خۆیان مشوری خۆیان بخۆن و بەتەنگ تاكەكەسبوون و ئینسانبوونی خۆیانەوە بێن. بەڵام گۆڕینی ژیان بۆ كارێكی هونەریی، چ مانایەكی هەیە؟

ئەم داوكارییەی فوكۆ، كە شێوەی دروشمی وەر گرتووە، بریتییە لە داواكردنی شێوازێكی نوێ لە ئەخلاق و شێوازێكی نوێ لە پەیوەندیی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە، خواستی هێنانەكایەی دیدێكی ئەخلاقیی لە دەرەوەی ئەو فشارانەدا كە لە قۆناغەكانی پێشووتری بیركردنەوەی فوكۆدا ئامادە بوون. وەك یەكێك لە فوكۆناسەكان دەڵێت ئەم دیدە ئەخلاقییە لای



https://

فوکۆ هەڵگری کۆمەڵێک ئامۆژگاریی و داواکاریی ئەخلاقیی کۆگیرییە، فەلسەفەیەک نییە هەڵگری کۆمەڵێک ئەمر و نەهیکردنی ئەخلاقیی بێت، پرنسیپ و گریمانەی گەردوونیی پێشوەخت پێدراوی نییە و بە ئینسان ناڵێت پێویستە چی بکات و چی نەکات، لیستی حەلاڵ و حەرامی تایبەتیی نییە، ناڵێت چی ئەخلاقییە و چی نائەخلاقیی؟ چی دەشێت و چی ناشێت؟ واتە ئەم دیدە ئەخلاقییە فەلسەفەی دەستنیشانکردنی سنوورەکانی ئەشێ و ناشێی ئەخلاقیی و بەخشینەوەی ئامۆژگاریی و نەسیحەت و پرنسیپی ئەخلاقیی گشتگیر و گەردوونیی نییە کە لە دەرەوەڕا دابنرێن و بە مرۆڤ بڵێن پێویستە چی بکات و چی نەکات. هەروەها ئەم فەلسەفە ئەخلاقییە فەلسەفەی لێکدانەوە و شیکردنەوە و داوەریکردنی هەڵسوکەوتی ئەخلاقییانەی ئینسان نییە، بەم ئەخلاق بڵێت باش و بەوی دیکەیان بڵێت خراپ. لەباتیی هەموو ئەمانە فوکۆ قسە لە "مەیل"ێکی ئەخلاقی دەکات، باس لە جۆرێک لە ئارەزووی ئەخلاقیی دەکات کە ئامانجی ئەوەیە ئەو پەیوەندییەی ئینسان لەگەڵ خودی خۆیدا هەیەتی بکاتە کارێکی هونەریی"[1]. ئەخلاق بەم مانایە لای فوکۆ باس لەو پەیوەندییە دەکات کە ئینسان لەگەڵ خودی خۆیدا دروستی دەکات، ئەو پەیوەندییەی کە ئینسان بە هۆیەوە وێنەیەک لەسەر خۆی و لەسەر ژیانی خۆی دروست دەکات و هەوڵ ئەدات ناوەرۆکێک هەم بە خۆی و هەم بە بوون و بە ژیانی، ببەخشێت. ئەم مەیلە ئەخلاقییە دەخوازێت ئەو

1 Huijer, Marli (2015). The aesthetics of existence in the work of Michel Foucault. in: Philospophy & social Criticism. Vol 25 no 2. pp. 61-85.



nbooks

پەیوەندییەی ئینسان لەگەڵ خودی خۆیدا دروستی دەکات بگۆڕێت بۆ پەیوەنییەک کە لەسەر توانای بەردەوامی گۆڕان و تازەبوونەوە و لەسەر توانای فرەمانایی و یاریکردن بە سنووره جێگیر و وێنە جێگیر و پێدراوە جێگیرەکان کار بکات (ئەمە مانای هونەرە). وەک چۆن هونەر ناکرێت لە چوارچێوەی یاسایەکی عەقڵانییدا جێگیر بکرێت، پێناسێک ناتوانێت هەموو شێوە و جۆرەکانی بگرێتە خۆی، هەمیشە فرەڕەهەند و پلورال و کراوەیە بە ڕووی گۆڕانکاریدا، ئاوایش ئەو پەیوەندییەی ئینسان لەگەڵ خودی خۆیدا دروستی دەکات، نابێت پەیوەندییەکی داخراو و یەکسەرە و دۆگمایی بێت، بەڵکو دەبێت، وەک لە هونەردا ئامادەیە، پەیوەندییەکی کراوە و پلورال و فرەڕەنگ بێت و نەچێتە ژێر چەتری هیچ دیدێکی ئەخلاقیی دۆگمایی باڵادەستەوە، جا چ عەقڵانیی بێت بەو مانایەی پەیوەندییەک بێت لەسەر بنەمای بەدەمەوەچوونی لۆژیکی کۆمەڵایەتیی باڵادەست دروست بووبێت، یان ناعەقڵانییش بە مانای یاخیبوون لەپێناوی یاخیبووندا. عەقڵانییەتی باڵادەست لای فوکۆ هەمیشە عەقڵانییەتێکی دەسەڵاتگەرە، ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا و لە ساتەوەختێکی مێژوویی تایبەتدا توانیویەتی باڵادەست بێت، هەمیشە ئەو شێوازەیە لە عەقڵانییەت کە توانیویەتی شێوازەکانی دیکەی عەقڵانییەت یان بێدەنگ بکات، یان وەک ناعەقڵانییەت و شاز و نەخۆش وێنا و پێناسیان بکات، یان تاوانباریان بکات و لە زیندانەکاندا گلیان بداتەوە. بەم مانایە لەناو هەموو شێوازێکی باڵادەستی عەقڵانییەتدا دەسەڵات ئامادەیە، ئیدی لە دەسەڵاتی سیاسییەوە بیگرە بۆ دەسەڵاتی



https://

مەعریفی تا بە دەسەڵاتی ئەخلاقیاتی باڵادەست دەگات. "ئیستاتیکای بوون" ئەخلاقیاتی دەرەوەی ئەم شێوازانەیە لە ئەخلاقیاتی باڵادەست.

وەک پێشتریش باسمان کرد تاکەکەس لای فوکۆ بوونەوەرێک نییە هەر کە دێتە دونیاوە بە شێوەیەکی کامڵ دروست بووبێت و خودێکی دروستکراو و جەوهەرێکی تایبەتیی پێ بەخشرابێت. تا دواتر ژیانی کورت ببێتەوە بۆ تەعبیرکردن لەو "جەوهەر" یان "شتە" پێدراوەکان، کە گوایە لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە بە مرۆڤ بەخشراوە. تاکەکەس، کەسێک نییە بۆ یەک جار و بە یەک ناوەرۆک و یەک وێنەوە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە دروست کرابێت و ژیانی بریتیی بێت لە پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی ویست و داخوزییەکانی ئەو "جەوهەر"ە نەگۆڕە کە هەڵگریەتی. تاکەکەس لای فوکۆ "پێدراو" نییە، بەڵکو "دروستکراو"ە، شتێک نییە مرۆڤ وەک "بۆماوە" بۆی مابێتەوە، بەڵکو شتێکە بەردەوام دروستی دەکات و دەسکاری دەکات و دەیگۆڕێت و دای دەڕێژێتەوە. ئەمانەش وا دەکەن هەمیشە دروستکراوێکی مێژوویی بێت. کولتوور و زمان و ئاستی مەعریفە و دەسەڵات و دەزگاکان بەشدارن لەم دروستکردنەدا، ئەم گشتە لەناو هەڵسوکەوت و قسەکردن و بیرکردنەوە و جوڵانەوەی تاکەکاندا ئامادەیە، بەڵام هاوکات هەمیشە ڕووبەرێکی ناگوتاریی دەرەدەسەڵات هەیە کە تاکەکەس دەتوانێت تیایاندا خۆی ئازادانە، لە دەرەوەی فشارەکانی دەسەڵات و کولتوور و مەعریفەدا، کەسایەتیی خۆی دابهێنێت و دروست بکات. واتە تاکەکەس شتێکە کە تەنها خۆی دروستکەری خودی خۆی نییە، هەموو ئەو شتانە

کە باسمان کردن بەشدارن لە دروستکردن و بەخشینی ناوەرۆک و فۆرمێکدا بە ژیان و بیرکردنەوە و ویست و ئارەزووەکانی. ئیستاتیکای بوون لای فوکۆ بریتییە لەوەی چۆن مرۆڤ بتوانێت ئەو خودەی کە دەزگاکان و مەعریفە و کولتوور لە ئینساندا دروستیان کردووە یان ئەو خودەی وەک دەرەنجامی کارکردنی ئەو شتانە لە ئینساندا دروست بووە، بخرێنە ژێر پرسیارەوە و سەرلەنوێ و بە شێواز و ناوەرۆک و ڕوانینی ترەوە، دروست بکرێتەوە. ئیستاتیکای بوون پێشنیارکردنی دیدێکی ئەخلاقییە مرۆڤ بتوانێت بە هۆیەوە ببێتە داهێنەری ژیانی خۆی و ژیانیشی بگۆڕێت بە کارێکی هونەریی. واتە تاکەکەس بتوانێت ئەو بوونەی کە پێی بەخشراوە و باڵادەست کراوە، بکاتە کێشەیەک و لە خەمی دەرچووندا بێت لێی و بەدوای گۆڕین و سەرلەنوێ دارشتنەوەیدا بگەڕێت. مەسەلەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە تاکەکەس ئەو جیهان و ژینگەیەی تیایدا دەژی، ئەو مەعریفە و دەزگا و بەهایانەی کە تیایاندایە بگۆڕێت بۆ کێشە، وەک پێدراوێکی سروشتیی وەریان نەگرێت، problematize[1] .

فوکۆ بەر لە هەموو کەس ئەم تێڕوانیانەی بۆ خود بەسەر خۆیدا پیادە کردووە. ئەو لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت، "من بۆیە دەنووسم بۆ ئەوەی دەموچاوم نەبێت"[٢].

١ بۆ درێژەی ئەم دیدە، بروانە بەشی دووهەمی کتێبی مێژووی سێکسوالیتە بە ناوی بەکارهێنانی چێژ، بەتایبەتی بەشی یەکەمی ئەو کتێبە.

٢ بۆ سەرجەمی چاوپێکەوتنەکە بروانە:
Gutting, Gary (2005). Foucault: a very short introduction. Oxford University Press. P. 6



https://

مەبەستی فوکۆ لەم دەربڕینە ئەوەیە کە ئەو نایەوێت یەک شوناسی جێگیر و چەسپاو و نەگۆڕیی هەبێت، کردەی نووسین و بیرکردنەوە، کردەی پشکنین و داهێنان، پەیوەندیی نوێ و ڕەخنەیی لەگەڵ عەقڵانییەت و مەعریفەی باڵادەستدا، ئەو ئامرازانەن کە فوکۆ خۆی لە ڕێگایانەوە دەستکاریی خودی خۆی دەکات و خۆی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی تازە، بۆ کەسێک دەموچاوێکی دیکەی هەبێت، دەموچاوێکی جێگیر نا، بەڵکو دەموچاوێک بتوانێت بەردەوام بیگۆڕێت و تازەی بکاتەوە. بەر لە مردنی بە ماوەیەکی کەم فوکۆ لە هەمان ڕوانگەوە جارێکی دیکە ئەو بۆچوونەی سەرەوە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت، "گەورەترین خۆشیی ژیان و خۆشیی کارکردن لەوەدایە بتکەن بە کەسێک کە لە سەرەتادا ئەو نەبوویت"[1]. هەوڵدانی ئەوەی بەردەوام ببیت بە کەسێکی دی، ببیت بە کەسێک جیاواز بەدوور لە دووبارەبوونەوە، تا ڕادەی بوون بە نا-کەس، یاخود ڕاکردنی بەردەوام لە هەموو ئەو پێناسانەی کە بە کەسێک دەبەخشرێت، یان قبوڵیان نەکەیت و لە دۆخی بەرگریدا بیت لەگەڵیاندا، بنەمای ئەو دیدە ئەخلاقییەیە کە فوکۆ بەرگریی لێ دەکات. ئەمەش بە ناوی فەلسەفەیەکی ئەخلاقییەوە ناکات کە وەک دین یان هەر ئایدیۆلۆژیایەکی تر پێشوەخت بە مرۆڤیان گوتبێت پێویستە چی بکات و چی نەکات، چی بە حەڵاڵ و چی بە حەرام بزانێت، بەڵکو بە ناوی گەشەدان بە پەیوەندییەکی

---

1 Michel Foucault Truth, Power, Self: An Interview with Michel Foucault – October 25th, 1982. From: Martin, L.H. et al (1988) Technologies of the Self: A Seminar with Michel Foucault. London: Tavistock. P.9



nbooks

ئیستاتیکییەوە دەیکات کە کراوەیە بەسەر ئەگەری گۆڕان و سەرلەنوێ دروستبوونەوەدا. لەم "ئیستاتیکای بوون"ەدا تیۆریەک یان فەلسەفەیەک بوونی نییە بە مرۆڤ بڵێت چۆن ئەو بەرگرییە بەردەوامە بەرامبەر بە فشارە ئەخلاقییەکانی دونیای دەرەوە پیادە بکات، لە ئیستاتیکای بووندا هەرکەسە و ڕێگای تایبەتی هەیە بەرەو خودسازیی سەربەخۆ، هەرکەسە و بە شێوەی تایبەتیی خۆی دەبێتە ئەو کەسەی دەخوازێت پێی ببێت. لە ڕاستیدا فوکۆ زۆر دژی بوونی تیۆرە یان فەلسەفەیەکی ئەخلاقیی گەردوونییە کە بە مرۆڤ بڵێت چی بکات و چی نەکات، بە بۆچوونی ئەو ئەم شێوازانە لە تیۆرەی گەردوونیی لەباتیی چارەسەری کێشەکان بکات کارەساتی گەورە دروست دەکەن. لەم ڕووەوە دەڵێت، "گەڕان بەدوای جۆرێک لە ئەخلاقیاتدا کە بۆ هەموو کەسێک قبووڵکراو بێت، بەو مانایەی هەمووان تەسلیمی ببن، بەلای منەوە کارەساتێکی گەورەیە"[1].

بەڵام ئەگەر بوونی تاکەکەس بوونێک نەبێت تەنها دروستکراو و داهێنراوی خۆی بێت، بەڵکو بوونێک بێت چەندان هێزی دەرەکی دەرەوەی تاکەکەس تێیدا بەشدار بن، لەوانە کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئاستی گەشەکردنی مەعریفە و شێوازی بۆچوونە ئەخلاقییە باوەکانی سەردەمی خۆی، ئەوکات پرسیاری ئەخلاق لە ئیستاتیکای بووندا ئەوەیە ئینسان چۆن بتوانێت خودی خۆی بەو شێوەیە دابڕێژێتەوە کە دەربازی بکات لە فشار و جەبری پێدراوە دەرەکییەکان، یان لانی

١ بڕوانە:
Huijer, Marli (2015. The aesthetics of existence. P 65.

کەم چۆن بتوانێت لەپاڵ ئەو فشارانەدا ڕووبەرێکی ئازاد دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئازادانە دەستکاریی خۆی و شوناسەکانی بکات. بە مانایەکی دیکە چۆن دروستکردن و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئەم خودە ببێتە کارێکی هونەریی؟ چۆن ئەو شتانەی ئەم خودە دەیانکات و ئەو شتانەی حەزیان لێ دەکات، چۆن ئەو دونیایەی تیایدا دەژی، چۆن ئەوەی کە هەیە و کە بووە پێی، بخاتە ژێر پرسیار و سەرلەنوێ پێداچوونەوە و داڕشتنەوەوە[1]؟ بەکورتی چۆن مرۆڤ خودی خۆی وەک خودێکی ئیستاتیکیی و ئەخلاقیی دابڕێژێت، چۆن ببێتە ئەو شتەی کە ئەو لە ئێستادا ئەو نییە، کە مەعریفە و عەقلانییەتی باڵادەست ناهێڵێت ئەو بێت، یان ببێت پێی، کە تیۆرە ئەخلاقییە تەقلیدییەکان ئەو بوونە تازەیە وەک نەشیاو و نەکراو و نەوتراو مامەڵە دەکەن.

لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا میشێل فوکۆ هەمان ئەو بیرۆکانەی سەرەوە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت، "گەورەترین هۆکار بۆ حەزکردن لە ژیان و حەزکردن لە کارکردن لەوەدایە ئینسان ببێتە ئەو شتەی کە لە سەرەتادا ئەو نەبووە. کە دەست بە نووسینی کتێبێک دەکەیت ئەگەر هەر لە سەرەتاوە کۆتایی کتێبەکەت زانی، ئایا بەڕاستیی تاقەت و غیرەتی ئەوەت دەبێت بەردەوام بیت لە نووسینی ئەو کتێبەدا؟ ئەوەی بۆ نووسین و بۆ خۆشەویستیی ڕاستە بۆ ژیانیش ڕاستە. یاریکردنیش تا ئەو کاتە نرخی هەیە کە نازانین کۆتایی یارییەکە چۆنە[2]." فوکۆ لە هەمان

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٢ .

[2] Michel Foucault (1988). Truth, Power, Self: An Interview with Michel Foucault - October 25th, 1982. From: Martin,



nbooks

چاوپێکەوتنـدا دەڵێـت، "ئامانجـی مـن ئەوەیـە نیشـانی خەڵکـی بـدەم ئـەو شـتانەی کـە بەشـێکە لـە ژیـان و بوونـی ئـەوان، دەرەنجامـی هەندێـک گۆڕانکاریـی مێژوویـی زۆر تایبـەت و دیاریکـراون. هەمـوو لێکدانەوەکانی مـن دژ بـە فیکـرەی بوونـی حەتمییەتێکـی فرەلایەنـە لـە بوونـی ئینسـانیدا"[1]. وەک دەبینیـن ئـەوەی فوکۆ لێرەدا دەیڵێت نووسینی ڕەچەتەیەکی گشتیی و گەردوونـی نییـە بـۆ گۆڕانکاریـی و شۆڕشـکردن و یاخیبـوون، بیرکردنـەوەی ڕەخنەیـی لای فوکـۆ، بـە ئیسـتاتیکای بـوون خۆشـییەوە، سـەرقاڵی بەرپاکردنـی شـۆڕش و قڵپکردنـەوەی شـتەکان نییـە، بەڵکـو لەسـەر گۆڕیـن و دەسـتکاریکردنی ئـەو سنوور و ڕێگرانـە کار دەکات کە لـە ساتەوەختێکی مێژووییدا قابیلـی کارلەسـەرکردن و دەسـتکاریکردنن. فوکـۆ بـاوەڕی وایـە هەمیشـە توانـای ئەنجامدانـی هەندێـک کار هەیـە، هەمیشـە جۆرێـک لـە ئەکتیڤیـزم قابیلی بوون و ئەنجامدانـە[2]. بـەڵام بەبـێ بەرنامەیەکـی سیاسـیی گەردوونیـی، یاخـود بەبـێ هەندێـک حەتمییەتـی تایبـەت لـە گۆڕانکاریـدا.

بـە بۆچونـی مـن مەبەسـتی فوکۆ لێرەدا دوو شـتە، یەکەمیان ئەوەیە دەیەوێت بڵێت گرنگیی و گەورەیی و چێژی ڕاستەقینەی ژیـان لەوەدایـە کـە نازانیـن چـی لـێ دێـت و بـەرەو کـوێ دەڕوات و ئێمـە چـۆن لەگەڵیـدا دەڕۆیـن. واتـە نازانیـن ئێمـە چیمـان لـێ

---

L.H. et al Technologies of the Self: A Seminar with Michel Foucault. London: Tavistock. pp.9-15

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢ بڕوانە:

Foucault, M. (1984) 'On the Genealogy of Ethics: An Overview of Work in Progress', interview with H. Dreyfus and P. Rabinow, in P. Rabinow (ed.). p 343.



https://

دێت و چۆن دەگۆڕێین و دەبین بە چی و چ شتێکمان لێ دروست دەبێت. ئەگەر ئەوەمان بزانیایە ئەوا ژیان ئەو نرخ و بەها و چێژەی نەدەما کە پێویستە هەیبێت. خاڵی دووهەم ئەوەیە بەرگریی لەوە بکات ئینسان هەرچییەک بووبێت و هەرچییەک بێت، ئەوە دەرەنجامی ڕەوتێکی مێژوویی تایبەتە، نەک تەعبیر لە جەوهەرێکی نەگۆڕ. بۆیە دەکرا لە ڕەوتێکی مێژوویی دیکەدا هەمان ئینسان ببوایە بە کەسێکی دیکە. لەم دیدەدا شتێک نییە ناوی حەتمییەت بێت و ئینسان و کۆمەڵگاکان بە شوناس و وێنە و پێکهاتێکی دیاریکراو ناچار بکەن. فشار و میکانیزمی دیسپلینکردن و ئاراستەکردن هەن، بەڵام توانای دەرچوون لەوانەش هەیە.

لە ڕاستیدا فوکۆ هەر لەم دیدەوە باس لە ڕۆڵی ڕۆشنبیرانیش وەک یەکێک لە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، دەکات. بەلای ئەوەوە ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوە نییە بەرنامە دابنێت و پێشبینی ئاییندە بکات و بە مرۆڤایەتی بڵێت خەون بە چییەوە ببینێت. فوکۆ دەڵێت،" بۆ ماوەیەکی درێژ خەڵک پرسیاریان لە من دەکرد کە پێیان بڵێم چی لە ئاییندەدا ڕوو ئەدات، داوای ئەوەیان دەکرد پرۆگرامێکیان بدەمێ. بەڵام گەرچی مەبەستیشمان زۆر پاک بێت و تەنها چاکەکاریی بخوازین، ئێمە زۆر باش دەزانین ئەو پرۆگرامانەی کە دەنووسرێن دواتر دەبن بە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوە. ڕۆسۆ کە خۆی عاشقی ئازادیی بوو (بیروبۆچوونەکانی) لە شۆڕشی فەرەنسیدا بەکار هێنرا بۆ دروستکردنی مۆدێلێک لە چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی. بێگومان مارکس(زیندوو بوایە) زەندەقی لە لینیزم و ستالینیزم دەچوو. (بۆیە) ڕۆڵی من



nbooks

ئەوەیە بە خەڵک بڵێم ئەوان زۆر لەوە ئازادترن کە هەستی پێ دەکەن، یان ئەوەی کە ئەوان وەک هەقیقەت یان وەک بەڵگەنەویست وەریان گرتووە، هەموویان کۆمەڵێک بابەتن لە ساتەوەختێکی دیاریکراوی مێژوودا دروست کراون و ئەو بەڵگەنەویستانەش دەکرێت ڕەخنە بکرێن و تێک بشکێنرێن. ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوەیە شتێک لە عەقڵ و تێگەیشتنی خەڵکدا بگۆڕێت"[1]. بەم مانایە ڕۆشنبیر کەسێک نییە ڕۆڵی پێغەمبەرێک ببینێت و دەستی کۆمەڵگا بەرەو هەقیقەت و ڕاستیی و جوانیی بگرێت، کەسێک نییە بێتەماح جوانیپەرست. ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوەیە ئێستا شی بکاتەوە و ئێستاییبوونی دەزگاکان و پەیوەندییەکان و شێوازەکانی مەعریفە و دیدە ئەخلاقییەکان نیشان بدات پێ لەسەر ڕێژەییبوونیان دابگرێت، نیشانی بدات ئەوەی کە هەیە و دروست کراوە بە شێوازێکی زۆر تایبەت دروستبووە، لەناو مێژوو و پەیوەندییەکانی دەسەڵات و شێوازی تایبەتیی مەعریفەدا بەرهەم هاتووە، بۆیە دەکرێت لەپاڵ پەیوەندیی دەسەڵات و مەعریفە و بڕیاری تردا، بگۆڕێن و دەستکاری بکرێن. ئیستاتیکای بوون لە ئاستە دەستەجەمعی و کۆییەکەیدا بەرگریکردنە لەم دیدە بۆ بەڕێژەییکردنی ئەو دونیایەی دروست کراوە، بەڕێژەییکردنی هەقیقەت و دەزگا و تێزە ئەخلاقییەکانی.

---

1 Michel Foucault (1988). Truth, Power, Self: An Interview with Michel Foucault



https://

# دوو کەلەپووری فەلسەفیی

فوکۆ تێزەی "ئیستاتیکای بوون" بۆ ئەزموونی یۆنانییە کۆنەکان دەگەڕێنێتەوە، لە دیدی ئەودا لە یۆنانی کۆندا مرۆڤ لە خەمی بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکی ئیستاتیکیدا بووە بە ژیان و کەسایەتیی خۆیەوە. فوکۆ لە خوێندنەوەیدا بۆ فەلسەفەی خۆرئاوایی جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەنێوان دوو کەلەپووری فەلسەفیدا دەکات. یەکەمیان ئەو کەلەپوورەیە کە دەڵێت، "خۆت بناسە" دووهەمیان ئەو کەلەپوورەیە کە دەڵێت، "بەتەنگ خۆتەوە بە". یەکەمیان دەبێتە هۆی لەدایکبوونی ئەو جۆرە فەلسەفەیە کە دواتر و تا ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا باڵادەستە، واتە فەلسەفەیەک کە بەدوای "گەڕان بەدوای خود" و بەدوای زانیاریی و مەعریفەدا وێڵە. لە کاتێکدا دووهەمیان ئەو فەلسەفەیەیە کە بەدوای "چۆنیەتی دروستکردنی خود" و چۆنیەتی دروستکردنی شێوەژیانی تایبەتدا وێڵە. بە باوەڕی فوکۆ لە مێژووی فەلسەفە لە خۆرئاوا کەلەپووری یەکەمیان کەلەپووری دووهەمیانی بێدەنگ کردووە، یان لانی کەم



nbooks

بەتەواوی پەراوێزی کردووە. ئیستاتیکای بوون هەوڵدانێکە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو کەلەپوورە فەلسەفییە بێدەنگکراوە کە لەباتیی خۆخەریکردن بە مەسەلەی دۆزینەوەی هەقیقەت و مەعریفەی بێهەڵەوە، داوای "دروستکردن و گرنگیدان بە خود" دەکات و مەسەلەی "مشوورخواردن و بەتەنگەوەهاتن بۆ خود" دەکاتە مەسەلەی هەرە سەرەکیی.

تێزەی "ناسینی خود،" لەباتیی "بەتەنگەوەهاتنی خود،" ئەو جۆرە فەلسەفەیە دەهێنێتەوە کایەوە کە بە کێشە تیۆرییەکانەوە سەرقاڵە، ئەو جۆرە فەلسەفەیە ئەمڕۆ لە ناوەندە ئەکادیمییە فەلسەفییەکاندا دەیبینین، وەک فەلسەفەی سیاسیی، فەلسەفەی میتافیزیک، ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفیی و هتد.. لە هەموو ئەمانەدا مەسەلەی هەقیقەت سێنتەری تێڕامانە تیۆرییەکانە. لە کاتێکدا دووهەمیان، کەلەپووری مشورخواردن و بەتەنگەوەهاتنی خود، فەلسەفە وەک ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت وێنا ناکات، بەڵکو وەک مۆدێل یان شێوازێکی تایبەت لە ژیان وێنای دەکات، فەلسەفە یان فیکر خۆشی دەبێت بە جۆرێک لە ژیان، جۆرێک لەناو دونیادابوون و لەگەڵ ئەوانی تردابوون و لەگەڵ خودبووندا. لە دیدی فوکۆدا ئەم کەلەپوورەیان لە سۆفیستەکان و ئەبیکورییەکانەوە دەست پێ دەکات و مێژوویەکی تایبەتیی نائەکادیمی درێژ دروست دەکات کە تێیدا بونیادنانی خود و تەکنیکەکانی ئەم بونیادنانە مەسەلەی هەرە سەرەکین. کەلەپووری یەکەمیان فەلسەفەیەک بەرهەم دەهێنێت کە هەقیقەت بە ئەپستمۆلۆژیاوە دەبەستێتەوە، لە کاتێکدا دووهەمیان هەقیقەت بە پراکتیک و هەڵسوکەوتەکانی



https://

مرۆڤـەوە گـرێ دەدات[1]. فوکـۆ هــەردوو چەمکـە گرنگەکانـی "تەکنیکەکانـی خودسـازیی" یـان "پراکتیکەکانـی خـود" لـەم کەلەپـووری دووهەمـەی فیکـری فەلسـەفییەوە وەر دەگرێـت و بەمـەش ئـەو رووبـەرە ئـازادە بـۆ خودسـازیی ئەدۆزێتـەوە کـە دەکەوێتـە دەرەوەی هـەوڵ و سـتراتیژە گەورەکانـی دیسـپلین و ئاراسـتەکردنی مرۆڤـەوە، تەکنیکەکانـی خـود یـان خودسـازیی تەکنیکـی رێ گرتنـە لـە دروسـتبوونی خودێکـی پرۆگرامکـراو، خودێـک دەسـەڵات و مەعریفـە بیانەوێـت بـەو شـێوەیە دروسـتی بکەن کە لەگەڵ ستراتیژەکان و تێزەکانیاندا دەگونجێت. ئەمەش وا دەکات ئـەم خودسـازییە سـەربەخۆیە وەک کردەیەکـی گرنـگ و بەردەوامـی بەرگریکـردن دەر بکەوێـت.

بـۆ ئـەوەی ئـەم بیرۆکەیـە زیاتـر ئاشـکراتر بێـت دەشـێت سـۆکرات خـۆی وەک فەیلەسـوفێک بـە نموونـە وەر بگریـن. ئـەوەی بـەلای کەلەپـووری یەکەمیانـەوە گرنگـە بیروبۆچـوون و قسـەکانی سـۆکراتە، کـە مەبەسـت لێیـان دۆزینـەوە و گەیشـتن بـە هەقیقەتـە، لـە کاتێکدا ئـەوەی بـە لای کەلەپووری دووهەمیانـەوە گرنگـە شـێوەژیان و مـردن و هەڵسـوکەوتەکانی سـۆکراتە. فوکـۆ پێـی وایـە تێگەیشـتنی سـۆکرات بـۆ فەلسـەفە سـەر بە کەلەپووری دووهەمیانە و بەلای سۆکراتەوە فەلسـەفە تەنهـا بیروبۆچـوون و تێـز و تیـۆر نەبـووە، بەڵکـو شـێوەژیان و شـێوەپەیوەندیی و لەنـاو دونیادابـوون و لەگـەڵ ئەوانـی تریشـدابوون بـووە، راسـتتر بدوێـم، فەلسـەفە بـە پلـەی یەکـەم شـێوەیەکی تایبەتیـی ژیـان بـووە، هێمـا بـووە بـۆ هەڵبـژاردن

١ بڕوانە:
Flynn, Thomas (2005). Pjilosophy as a way of life. in: Philosophy & social criticism. Vol 31 nos 5-6. Pp. 609-622



nbooks

و پیادەکردنی شێوازێکی تایبەتیی ژیان و شێوازێکی تایبەتیی مردن و جۆرێکی تایبەتییش لە هەڵسوکەوتکردن. لە دیدی فۆکوە فەلسەفە بۆ سۆکرات، بە پلەی یەکەم، ئەمە بووە، نەک داهێنانی کۆمەڵێک تیۆرە و بیروبۆچوونی تایبەت. لە دیدی فوکۆدا ئەم تێگەیشتنە سۆکراتیانە بۆ فەلسەفە، واتە وێناکردنی فەلسەفە وەک شێوازێکی تایبەت لە ژیان، وەک مۆدێلێک لە هەڵسوکەوت و خۆناساندن و خۆدروستکردن، لەناو خۆرئاوا خۆیدا کراوەتە دەرەوەی ئەکادیمیا و سێنتەرەکانی خوێندن و فێربوونی فەلسەفەوە و وەک شتێکی کەمنرخ و بێبایەخ وێنا دەکرێت. ئێستاتیکای بوون لەم ئاستەدا گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفە و بۆ فیکر وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی شێوەژیان و شێوەهەڵسوکەوت و شێوەمردنێکی تایبەت.

ئەوەی ئاشکرایە فوکۆ لەپشتی ئەم جیاکردنەوەوەیەی دوو شێواز لە کەلەپووری فەلسەفییەوە لە خۆرئاوادا دەیەوێت مەسەلەی چۆنیەتی خۆدروستکردن و خودسازیی مرۆڤ بکاتە ئەرکی ژمارە یەکەمی فەلسەفە لە دونیای هاوچەرخدا. فیکر لەوە بخات کورت ببێتەوە بۆ ئەپستمۆلۆژیا و دۆزینەوەی هەقیقەت و بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی فیکر چ جۆرە مرۆڤێکمان لێ دروست بکات و وامان لێ بکات چ جۆرە ژیانێک بژین. فوکۆ بە درێژایی ژیانی خۆشی خەریکی تێڕامان و خوێندنەوە و ڕەخنەکردنی ئەو شێوازە تایبەتانەی بوون و بەتاکەکەسبوون و بەمرۆڤبوون بوو، کە ئینسانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان کەوتۆتە ناویانەوە. فوکۆ خەریکی خوێندنەوەی ئەو جۆرە تایبەتە لە خودسازیی کۆنترۆڵکراو

بوو کە پرۆژەی مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە کایەوە، لە کاتێکدا دیدە ئەخلاقییەکانی لە کۆتاییی ژیانیدا دەیەوێت سەرەتایەک دروست بکات بۆ جۆرێکی دیکە لە خودسازیی و جۆرێکی دیکە لە بەمرۆڤبوون و بەتاکەکەسبوون. مەبەست لە گەڕانەوەی فوکۆ بۆ فەلسەفەی یۆنانی کۆن و بۆ زیندووکردنەوەی ئەو کەلەپوورە لە فەلسەفە کە گرنگیی بە خۆدروستکردن و بە مشوورخواردن و بەتەنگەوەهاتنی خود ئەدات، ئەوەیە بە مرۆڤی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بڵێت، کە دەکرێت ئینسان بە شێوەیەکی دیکە خۆی دروست بکات و بە شێوازێکی دیکە ژیانی خۆی و ژیانی کۆمەڵگاشی دابڕێژێتەوە، مۆدێلێک لە تاکەکسبوون و لە کۆمەڵگا دروست بکات لە دەرەوەی پرۆژەی دیسپلین و کۆنترۆڵکردندا. لەم ڕووەوە فوکۆ لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت ئەو دەیەوێت "مۆدێرنە بە شێوەیەکی وا ئەزموون بکات کە بە گۆڕدراوی لێیەوە بێینە دەرەوە"[1]. واتە فوکۆ بەدوای مۆدێرنەیەکدا دەگەڕێت جیاواز لەو مۆدێرنەیەی کە هەیە و باڵادەستە. وەک لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا نیشانمان دا مۆدێرنە لای فوکۆ سەردەمێکی تازەیە کە تیایدا شێوازێکی نوێی دەسەڵات دێتە کایەوە کە ئەو بە دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بە بیۆدەسەڵات ناویان دەبات و بەسەر یەکەوە ژیان دەگۆڕن بۆ ڕووبەرێکی بیرۆکراسیی کۆنترۆڵ و دیسپلینکراو. لای فوکۆ ئەم شێوازانەی دەسەڵاتە تەنها دانەبەزیونەتە ناو پێکهاتی دەروونی ئینسانەکانەوە و تەنها دونیا ناوەکییەکەیانی دانەڕشتووە، بەڵکو شێوازی جەستە

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦١١ .



nbooks

و جوڵە و هەڵسوکەوتی لاشەکانیش دەستنیشان دەکەن. دەسەڵات لە دونیای مۆدێرندا لە یەک کاتدا هەم لەسەر تاکەکەسەکان کار دەکات، هەم لەسەر ئەو گشتە گەورەیەش کە فوکۆ ناوی دانیشتووانی لێ دەنێت. واتە دەسەڵات هەم پرۆسەی بەتاککردن و هەم پرۆسەی بەگشتیکردن بەڕێوە دەبات، وەک چۆن تاکەکەس بەرهەم دەهێنێت ئاواش دانیشتووانیش دروست دەکات. لە هەردوو دۆخەکەشدا ڕۆڵی زانست و فیکر و فەلسەفە لە چۆنیەتی کارکردنی ئەم دەسەڵاتە دیسپلینکەردا ڕۆڵێکی گرنگە و خۆشیان یان بەشێکن لە تەکنیکەکانی دەسەڵات یاخود لە پەیوەندییەکی پتەودان بە تەکنیکەکانی دەسەڵاتەوە. ئەم خاڵە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین فوکۆ شێوازی ناسوکراتیانەی فەلسەفە، واتە ئەو شێوازەی فیکر و فەلسەفە کە لەسەر بیرکردنەوەی تیۆریی دەژیی و دروشمەکەی لەوەدا بەرجەستەیە کە دەڵێت، "خۆت بناسە،" بە بەشێک لە پرۆژەی دیسپلینکردن بزانێت. بۆیە گەڕانەوە بۆ کەلەپوورەکەی تری فەلسەفە کە پێ لەسەر مشوورخواردنی مرۆڤ بۆ خۆی و بەتەنگەوەهاتنی خود بۆ خۆی دادەگرێت، واتە ئەو بەشەی فەلسەفە و فیکر کە لەسەر پێشنیارکردنی خودسازییەکی نوێ و سەربەخۆ دادەگرێت، بەو هیوایەی گۆڕانی گەورە لەناو مۆدێرنەدا دروست بکات، گۆڕانێک وا بکات ئینسان بتوانێت ژیانی خۆی بکاتە تابلۆیەکی هونەریی، پرۆژە ئەخلاقیی و فیکرییەکەی ئەم فەیلەسوفەیە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا. ئیستاتیکای بوون ئەم پرۆژەی بەرپاکردنی گۆڕانکارییە ئاراستەی دەکات، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە لەپشت وێناکردنی فوکۆوەیە



https://

بۆ فەلسەفە وەک شێوازێکی تایبەتی ژیان[١]. بێگومان فوکۆ دژ بە ئەتیکی "خۆت بناسە" نییە، ئەم ڕوانینە بۆ ئەرکی فیکر و فەلسەفە شتێک نییە دژ بەوە بێت مرۆڤ مشووری خۆی بخوات و بەتەنگ خۆیەوە بچێت، بە مانایەکی دیکە ئەخلاقیاتی "خۆت بناسە" دژ بە ئەخلاقیاتی "مشووری خۆت بخۆ" نییە. پرسیارەکە ئەوەیە کامیان ببن بە چوارچێوەی ئەوی تریان. فوکۆ پێی وایە ئەتیکی سۆکراتی ئەو ئەتیکەیە کە تیایدا "مشوورخواردن بۆ خود" دەبێت بە چوارچێوەی ئەتیکی "خۆت بناسە،" ئەوەی کێشەیە ئەوەیە لە دونیای مۆدێرندا ئەم پەیوەندییە پێچەوانە بووەتەوە، واتە ئەتیکی خۆت بناسە، ئەتیکی مشووری خۆت بخۆی بەتەواوی لاواز یان پەراوێز خستووە. دروستکردنی جێگۆڕکێی لەنێوان ئەخلاقیاتی "خۆت بناسە" و ئەخلاقیاتی "مشووری خۆت بخۆ" وا دەکات پرۆژەی داهێنانی ئەخلاقێکی نوێ لای فوکۆ پرۆژەیەکی تیۆری نەبێت، بەڵکو پرۆژەیەکی پراکتیکیی بێت. خاڵی سەرەکییش تیایدا ئەوەیە مرۆڤ لە ڕێگای مشوورخواردنەوە بتوانێت دەستکاری لەش و ڕۆحی خۆی بکات، دەستکاری بیرکردنەوە و خولیاکانی بکات، دەستکاریی شێوازی هەڵسوکەوت و ئەخلاقیی خۆی بکات، بەمەش کەسایەتیی خۆی بگۆڕێت و ئەو بەختەوەریی و پاکژییە بەدەست بهێنێت کە خۆی دەیەوێت[2]. لە هەموو ئەمانەدا ئیستاتیکای بوون و ئەخلاقیاتیی مشوورخواردن بۆ خود، ئەخلاقیاتی گوێڕایەڵیی و پیادەکردنی بەها و نۆرمە ئەخلاقییە

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦١٢.

2 Huijer, Marli (2015). The aesthetics of existence.. P. 69



nbooks

بالادەستەکان نییە، بەڵکو ئیشکردنێکی چالاکە لەسەر خود خۆی بۆ ئەوەی شێوازێکی دیکە و ستایەڵێکی تر لە بوون ئەنجام بدات. گۆڕینی بوون لای فوکۆ تەنها دەستەواژەیەکی شیعریی نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی سیاسیی گرنگیی هەیە کە لە باسکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیردا خاڵە گشتییەکانیمان نیشان دا. بەم مانایە ئەخلاقیاتی خۆدروستکردن و ئیستاتیکای بوون ئەخلاقیاتێکی سیاسییە و ئەو فەلسەفەیەش کە لێیەوە دەست پێ دەکات فەلسەفەیەکی سیاسییە.

خاڵی لاواز لەم پرۆژەیەدا ئەوەیە کە فوکۆ نیشانمان دەدا ئەو تەکنیکانە کامانەن کە وا دەکەن مرۆڤ بتوانێت لە پەیوەندییەکی سەربەخۆدا بێت بە ناوەوەی خۆیەوە، مرۆڤ چۆن و بە چ شێوەیەک لەسەر خودی خۆی کار بکات، یان چۆن بکرێت ژیانی خۆی وەک کارێکی هونەری لێ بکات، هەنگاوە کردەییەکان بەرەو ئەم ئەخلاقیاتە تازەیە کامانەن؟ بەداخەوە فوکۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ناداتەوە، ئەو تەنها باس لە هەندێک تەکنیکی مێژوویی سەردەمی یۆنانی کۆن دەکات لە فۆرمی نامەنووسین و پەنابردن بۆ ڕۆژژمێر و تۆمارکردنی شەخسیی مرۆڤ بۆ هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانیی و گەشەدان بە هاوڕێیەتیی و دۆستایەتیی و... پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم تەکنیکانەی خۆدروستکردن لە دونیای کۆندا دەتوانن لە ژیانی مۆدێرن کار بکەن. بەداخەوە مردنی لەپڕی فوکۆ وای کرد ڕەهەندە کردەیی و پراکتیکییەکانی ئەم پرۆژە گرنگە تەواو نەبێت و ئەو پرسیارانە بێوەڵام بمێننەوە.



https://

# پراکتیکەکانی ئازادیی

فوکۆ لە بەشی دووهەمی کتێبی *مێژووی سێکسوالیتە*دا جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەنێوان "ئێتۆس" و "ئەخلاق،" ئەخلاق بە مانای مۆراڵدا دەکات. فوکۆ لێرەدا ئەخلاق وەک کۆمەڵێک کۆدی گشتیی وێنا دەکات کە دەخوازن هەمووان پەیڕەویان بکەن، بەڵام "ئێتۆس" ئەو ڕەهەندە تاکەکەسیی و تایبەتەیە کە پەیوەندیی بە هەڵسوکەوت و کاروکردەوەکانی تاکەکەسەوە هەیە. مەبەست لە "ئێتۆس" کۆمەڵێک گوتارە کە دەخوازن هاریکاریی تاکەکەس بکەن بۆ ئەوەی خۆی لەسەر ژیانی خۆی کار بکات، پەیوەندییەکی ئازادیی بە خودی خۆیەوە هەبێت، نەک لە ڕێگای کۆدە ئەخلاقییە گشتییەکانەوە سەیری ژیان و سەیری کەسایەتیی خۆی بکات. ئێتۆس ئەو ئەگەرانە بە تاکەکەس دەبەخشن کە پرسیار لە خۆی و هەڵسوکەوتەکانی خۆی بکات، ئەو هەڵسوکەوتانە لەبەرامبەر خواستی کۆدە ئەخلاقییە گشتییەکاندا بپارێزێت، گەشەیان پێ بدات و لەم ڕێگەیەشەوە خۆی وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقیی



nbooks

دروست بکات[١]. بە کوردییەکی سادەتر ئەگەر ئەخلاق سیستم بێت، کۆمەڵێک کۆدی گشتگیر بێت، ئەوا ئێتۆس تەعبیرە لە کۆدە شەخسییەکانی تاکەکەس، بریتییە لەو پەیوەندیانەی تاکەکەس ئازادانە و لە دەرەوەی کۆد و سیستمە ئەخلاقییە باڵادەستەکاندا بە خۆیەوە و بە ژیانەوە و بەوانی ترەوە دروستی دەکات. فوکۆ، وەک فوکۆناسیی هۆڵەندی کارن ڤیتگێس دەنووسێت، لەناو هەموو سیستمێکی ئەخلاقیدا، لەناو هەمو کۆدە مۆراڵییە گشتییەکاندا، هەمیشە "ئێتۆس"ێک دەبینێت کە ڕەهەندی چۆنیەتی وێناکردنی تاکەکەسە بۆ خۆی و بۆ ئەو کۆدانە و بۆ شێوازی هەڵسوکەوتی خۆی وەک بوونەوەرێکی دەرەوەی کۆدەکان، یان بوونەوەرێک تەسلیمی ئەو کۆدانە نەبێت. بەم مانایە هەمیشە لەناو سیستمە ئەخلاقییە گشتییەکاندا ڕەهەندێکی ئەخلاقیی شەخسی هەیە کە ئەگەری دەرچوون لە کۆدە ئەخلاقییە باڵادەستەکان مەیسەر دەکەن. ئەم ڕەهەندە تاکەکەسیی و شەخسییە، واتە ئەم ئێتۆسە، بەردەوام بە شێوازی جیاواز لەناو سیستمە ئەخلاقییەکاندا ئامادەیە و لە پەیوەندییەکی ململانێئامێزدایە بە کۆدە ئەخلاقییە باڵادەستەکانەوە، هەندێک جار دەشێت تەواو کۆنترۆڵ بکرێت، هەندێک جار نیمچەسەربەخۆ بێت و هەندێک جاریش دەتوانێت بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ گەشە بە خۆی بدات و کار بکات. لە ڕاستیدا ئەم ڕەهەندە شەخسیی و تاکەکەسییەی ئەخلاقە، ئەم ئێتۆسەیە، کە فوکۆ

---

١ بڕوانە بەشی یەکەمی کتێبی بەکارهێنانی چێژەکان، بەتایبەتی بەشی یەکەم کە تیایدا فۆکۆ ئەم جیاکارییە لەنێوان مۆراڵ و ئێتیکدا دەکات و چەمکە سەرەکییەکانی تری وەک "تەکنیکەکانی خود" و "هونەری بوون" و "ئیستاتیکای بوون" پێشکەش دەکات.



https://

ناوی "ئیستاتیکای بوون" یان "مشوورخواردن بۆ خود"ی لێ دەنێت و ئەو ئەگەرە بە تاکەکەس ئەبەخشن بتوانێت خۆی وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقیی دروست بکات و دابهێنێت. ئەم توانای سەربەخۆبوون و داهێنانە تاکەکەسییەیە، وەک ئەو فوکۆناسە هۆڵەندییە دەڵێت، وا لە فوکۆ دەکات ئەم ڕەهەندە شەخسییە ناو بنێت "پراکتییەکانی ئازادیی،" یان "هەڵسوکەوتەکانی ئازادیی".[١] بە مانایەکی دیکە لەناو هەموو سیستمێکی ئەخلاقیی گشتگیر و لەناو کۆدە ئەخلاقییە باڵادەستەکاندا، هەمیشە تاکەکەس لە بەردەم کۆمەڵێک پراکتیکی ئازادانەدایە و دەتوانێت ئێتۆسی تاکەکەسیی خۆی دروست بکات و لەو ئێتۆسەوە سەیری خۆی و ئەوانی تر و دونیا بکات.

ئەم پراکتیک و هەڵسوکەوتە ئازادانە، وەک فوکۆ خۆی دەڵێت، "هەڵسوکەوتی هۆشیارانەن... لە ڕێگای ئەوانەوە کەسەکان نەک تەنها یاسای ئەخلاقیی بۆ خۆیان دادەنێن، بەڵکو هاوکات هەوڵ ئەدەن خۆشیان بگۆڕن، جەوهەری خۆیان بۆ خۆیان پاسادان بکەن و ژیانی خۆیان بگۆڕن بۆ کارێکی هونەریی".[2] خاڵێک کە فوکۆ بەلایەوە گرنگە جەختی لێ بکات ئەوەیە ئەم ڕەهەندە تاکەکەسیی و شەخسییە، ئەم پراکتیکانەی ئازادیی، کە هەمان ئەخلاقیاتی مشوورخواردنی تاکەکەسە بۆ خودی خۆی، بە هیچ شێوەیەک مانای نارسیسم و خودئەڤینیی ناگەیەنێت، مانای چەمانەوە بەسەر خود خۆیدا و داخران بە ڕووی ئەوانی تردا ناگەیەنێت، مانای

1 Vitges, Karen (2003). De terugkerr van het engagement. Boom Essay. Amsterdam, Boom. P. 32-33.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٣ .



nbooks

دوورکەوتنەوە لە دونیا و پشتکردنە ژیانی گشتیی ناگەیەنێت، یانی جۆرێک نییە لە سوفیزمی هەڵاتن لە دونیا و لە ئەوانی تر و لە خودی خۆیشی. بەڵکو مانای پەیوەندییەکی باشتر و کراوەترە بەوانی ترەوە، مانای خەمخۆرییە بۆ ئەوانی تریش و بۆ ئەو گشتەش لە مرۆڤەکانی تر کە ئەو تاکەکەسە لەگەڵیاندا ژیانێکی پێکەوەیی و هاوبەش دروست دەکات. مشوورخواردن بۆ خودی خۆی و هەڵسوکەوتی ئازادانە، مانای باشترکردنی پەیوەندییە بە خودەوە و لە ڕێگای خودیش خۆیەوە بە ئەوانی ترەوە، مانای "هەڵبژاردنی پێگەیەکی ڕاستەقینە"یە بەرامبەر بەوانی تر، ئەمەش مانای بەرزکردنەوەی ئاستی ئازادیی تاکەکەسیی و گشتیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی ئەو گشتە کۆمەڵایەتییەش کە تاکەکەس تیایدا دەستبەکارە. چونکە، وەک کارن ڤیتگێنس ئەڵێت، "هەڵبژاردنی پێگەی ڕاستەقینە" لە هەڵسوکەوتی ئازادانەدا دژ بە خواستی زاڵبوون و ئاراستەکردنێکی سەپێنەرانەیە[1]. ئەو شوێنەی مرۆڤ لەم شێوازە لە پەیوەندیی ئەخلاقییدا بە خۆیەوە و بەوانی ترەوە هەڵی دەبژێرێت، پێگەی ناچارکردن و بەکۆیلەکردنی ئەوانی تر نییە، بەڵکو پێگەی ئازادکردنی خود و ئازادکردنی ئەوانی تریشە. "مشوورخواردن بۆ خود" بەم مانایە پراکتیک و کارێکی تاکەکەسیی نییە، مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە کەسانی ترە و پێویستە بۆ کەسانی تریش، هەمیشە پێویستی بە دۆست و هاوڕێ و هاوسێیە بۆ ئەوەی بتوانێت مشوور بۆ خۆی بخوات، ئەم پێداویستیەش وا دەکات مشوورخواردن بۆ خودی خۆی، بەشێک بێت لەو پەیوەندییانەی تاکەکەس

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٣ .

بەوانـی تـرەوە دروسـتی دەکات. هەمـوو ئەمانـە وا دەکـەن هـەم ئێتـۆس و هـەم پراکتیکەکانی ئازادیی مانایەکی ئەخلاقیی گرنـگ وەر بگـرن و وا دەر بکـەون وەک ئـەوەی گەشـە و پەرەدان بێت بـە پەیوەندییەکی باش و دۆستانە لەگەڵ ئەوانی تـردا. لـەم پراکتیکی ئازادییـەدا مرۆڤـەکان زیاتـر وەک هـاوڕێ و هاوشـار و هاوسـایەی یەکتـری دەر دەکـەون، بەتـاڵ لـە ویسـت و حـەزی داگیرکـردن و ئاراسـتەکردن و بەکۆیلەکردنی ئەوانی تـر. پراکتییەکانی ئازادیی بـەم مانایـە چەنـدە پراکتیکی خودسـازن و هـاوکات پراکتیکی دروسـتکردنی دۆسـت و هـاوڕێ و هاوسـایەن لەنـاو جیهانـدا، ئەمـەش وا دەکات کـردەی خودسـازیی کردەیەکی تاکوتەنها نەبێت، یان تاکەکـەس بەتەنها و بەدابـڕاوی لەوانـی تر ئەنجامی نـەدات، بەڵکو کـردەی چوونـە پەیوەندییەکـی ترەوەیـە لەگـەڵ ئەوانـی تـردا کـە پەیوەندیـی زاڵبـوون و هێنانەژێـر ڕکێفـەوە نییـە.

لـە یەکێـک لـە چاوپێکەوتنـە بەناوبانگەکانیـدا بـە ناوونیشـانی "ئێتیکـی مشـوورخواردن بـۆ خـود و پراکتیکەکانـی ئازادیـی" فوکـۆ بـاس لـەوە دەکات کـە پراکتیکەکانی ئازادیی ڕەهەندێکی ئەخلاقیـی زۆر گرنگیـان هەیـە وایـان لـێ دەکات پەیوەندیمـان بـە کەسـانی تـرەوە وەک پەیوەندییەکـی ئینسـانیی و بـاش بێتـە کایـەوە[1]. ئـەم پراکتیکانـە مانـای ئـەوەی مـرۆڤ لـە پەیوەندییەکـی ئەخلاقیـدا بێـت لەگـەڵ ئەوانـی تـردا، فوکـۆ لێـرەدا جیاکارییەکـی گرنـگ دەکات لەنێـوان "پراکتیکانـەی ئازادیـی" و "مەسـەلەی ڕزگاربـوون". ڕزگاربـوون دەکرێـت کردەیەکـی سیاسـی بێـت، وەک ڕزگاربـوون لـە کۆلۆنیالیـزم و

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٣ .



nbooks

داگیرکاریی، بەڵام پراکتیکەکانی ئازادیی کردەی دوای ئەو ڕزگارییەیە، سەر بەو کاتەیە کە دوای ڕزگاربوون دێتە کایەوە، یان لانی کەم دوای دەستەبەرکردنی لانی کەمی ئازادیی لە فۆرمی ڕزگاریدا، مەسەلەی پراکتیکەکانی ئازادیی مرۆڤەکان وەک مەسەلەی سەرەکیی دێتە کایەوە. وەک وتم لای فوکۆ پراکتیکەکانی ئازادی ڕەهەندێکی ئەخلاقیی هێجگار بەهێزیان هەیە و لەم ڕووەوە دەنووسێت،" ئێتیک شتێک نییە زیاتر لە پراکتیککردنێکی هۆشیارانەی ئازادیی"[1]. ئەم گرێدانە بەهێزەی ئێتیک و ئازادیی پێکەوە وا لە چەمکی پراکتییەکانی ئازادیی دەکات وەک پراکتیکێکی ئێتیکی دەر بکەون و پراکتیکە ئێتیکییەکانیش وەک پراکتیکی ئازادیی ببینرێن. ئەمەش وا دەکات هەم ئێتیک و هەم ئازادییش بەتوندیی بە مەسەلەی چاکەکارییەوە گرێ بدرێت. هەموو ئەمانەش بەسەر یەکەوە، واتە پێداگرتن لەسەر پراکتیکی ئازادیی و بەستنەوەی ئەم پراکتیکانە بە ئەنجامدانی کاری چاکە و خاڵیکردنەوەی پەیوەندییەکان لە فشار و زۆربۆهێنان و ئاراستەکردن، هەردوو چەمکەکە، مەبەستم پراکتیکەکانی ئازادیی و مشوورخواردنە بۆ خود، دەگۆڕێت بۆ دوو چەمکی سیاسیی، یان لانی کەم ڕەهەندێکی سیاسیی گرنگیان پێ دەبەخشێت. مشوورخواردن بۆ خود، وەک پراکتیکی ئازادیی، مانای ئەوەی مرۆڤ سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت خۆی باش

---

١ بڕوانە:
Foucault, Michel (1997). The ethics of the concern of the self as a practicesof reedom. Edt Paul Rabinow 1997. Michel Foucault. Ethics, subjectivity and Truth. Volume one. The Penguin Press. P. 284.



https://

بناسێت، دەبێت کۆمەڵگا و یاسا و بەها و نۆرم و مرۆڤەکانی ناویشی باش بناسێت. ئەمەش پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ بزانێت پێگەی ڕاستەقینەی خۆی لەکوێدایە و دەبێت چی بکات بۆ ئەوەی خۆی وەک بوونەوەرێکی ئازاد و پەیوەندییەکانی بە ئەوانی ترەوە خاڵی لە فشار و زۆربۆهێنان وێنا بکات. یان بۆ ئەوەی ئەوانی تر وەک هاوڕێ و دۆست و هاوسێ وێنا بکات و بە یەکەوە ژیانێکی گشتیی دروست بکەن قابیلی ئەو دۆخی هاوڕێیەتیی و هاوسێیەتیی و دۆستایەتییە بێت. هەموو ئەمانەش ڕەهەندێکی کۆیی و دەستەجەمعیی گرنگ بە پراکتیکەکانی ئازادیی دەبەخشن. ئەم ڕەهەندە گشتییەیە کە ئەم پراکتیکانە جارێکی دیکە و لە ڕێگایەکی دیکەوە دەباتەوە ناو سیاسەت و پرۆژەی خودسازییەکی ئازاد دەکاتە پرۆژەیەکی سیاسیی.



nbooks

# پارێسیا: بوێریی و قسەی ئازاد

لە کۆمەڵێک وانە و سیمیناردا کە فوکۆ ساڵی ١٩٨٣دا، ساڵێک بەر لە مردنی، لە زانکۆی بێرکلی لە نیویۆرک پێشکەشیان دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی پارێسیا و لە ڕێگای ئەم چەمکانەوە شتگەلێکی گرنگ دەڵێت لەسەر گرنگیی قسەکردنی ئازادانە و بوێرانە لەناو ژیانی گشتیدا. لەمەشدا درێژە بەو هێڵە لە بیرکردنەوە ئەدات کە لە مشوورخواردن بۆ خود و ئیستاتیکای بووندا ئامادەیە و سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕووبەرێکی فیکرییە بۆ کردەی ئازاد و سەربەخۆیی تاکەکسەکان لە دەرەوەی ستراتیژەکانی دەسەڵات و مەعریفەی باڵادەستدا. ئەم وانانەی فوکۆ دواتر لە کتێبێکدا بە ناوی *پارێسیا: قسەکردنی بوێرانە و هەقیقەت* بڵاو دەبێتەوە، ئەوەی من لێرەدا وەک سەرچاوە بۆ باسکردنی بابەتی پارێسیا بەکاری دەهێنم وەرگێڕانە هۆڵەندییەکەی ئەو کتێبەیە کە ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەمستردام بڵاو کراوەتەوە[١].

١ بڕوانە:



https://

لە سەرەتای کتێبەکەدا فوکۆ مانای وشەی پاریسیا لێک ئەداتەوە و بەم شێوەیە پێناسی دەکات: "پاریسیا ئەو کەسەیە کە هەقیقەت دەڵێت"[1]. بەلاّم ئایا ئەم کەسە، ئەم هەقیقەتبێژە، ئەو کەسەی کە ڕاستییەکان دەڵێت، چ جۆرە کەسێکە؟ ئایا وتنی هەموو ڕاستییەک ڕاستیبێژەکە دەکات بە کەسێکی پاریسیایی؟ فوکۆ هەر لە سەرەتای وانەی یەکەمدا دوو جۆر کەس لە یەکتری جیا دەکاتەوە کە دەشێت بە یەکێکیان بڵێین پاریسیایە و بە ئەوی تریان نا. فوکۆ دەڵێت کەسانێک هەنە کە زۆربڵێ و چەنەبازن و هەموو شتێک ئەڵێن، ئەوەی دەیزانن و بە خەیاڵیاندا دێت دەیڵێن، هەندێک جار شتی ڕاست و هەندێک جاریش شتی گەمژە و نەزانانە، ئەمانە ئەگەر لەوەدا لە پاریسیا بچن کە ئازادانە قسە دەکەن بەلاّم پاریسیا نین، یان "پاریسیای خراپن". پاریسیا هەموو شتێک ناڵێت و چەنەبازیی ناکات، پاریسیا تەنها هەقیقەت دەڵێت[2].

هاوکات کاتێک بە کەسێک دەگوترێت پاریسیا کە بیروبۆچوون و وەسوەسەکانی بەکاملیی و بەڕۆشنیی بەیان بکات، زۆر بەڕوونیی ئەوەی بە هەقیقەتی دەزانێت بیڵێت، بۆ ئەوەی ئەوانەی گوێی لێ دەگرن بتوانن تێبگەن ئەو بەڕاستیی دەیەوێت چی بڵێت. ئەوەشی کە دەیڵێت ڕاوبۆچوونی ڕاستەقینەی خۆیەتیی، نەک هیی کەسێک یان لایەنێکی دیکە، یان بە ناوی کەسێکی دیکەوە بیڵێت. فوکۆ

---

Foucault, Michel (2004). Parresia: Vrijmoedig spreken en waarheid. Amsterdam, Uitgeverij Paressia..

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩ .

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠ –١١.



nbooks

دەڵێت دەبێت ئەم خاڵە زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت، قسەکەری پارێسیایی دەبێت بە ناوی خۆیەوە قسە بکات: "ئەوەی ئەم قسە و ڕاوبۆچوونانەی هەیە منم" و ئەوەشی کە دەیڵێت بە زمانێکی تەواو ئاشکرا و بێ گرێگۆڵ و دوور لە ڕیتۆریک بیانڵێت بە جۆرێک سەر لە گوێگرەکانی نەشێوێنت[1]. فوکۆ دەڵێت ئەوەی پارێسیا لە قسەکەری تر جیا دەکاتەوە تەنها وتنی هەقیقەت نییە، تەنها قسەکردن نییە بە ناوی خۆیەوە، بەڵکو شێوازی قسەکردنەکەشیەتی کە دەبێت بە زمانێک بیڵێت بێریتۆریک و ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بۆ ئەوەی سەر لە گوێگرەکانی تێک نەدات و ئەگەری تەفسیرکردنی جیاواز لە مەبەستەکانی خۆی بە کەسی تر نەدات.

خاڵێکی گرنگیی تر ئەوەیە ئەوەی پارێسیا دەیڵێت قسەکردن نییە لەپێناوی قسەکردندا، بەڵکو قسەکردنە لە هەستکردن بە ئەرک یان واجبەوە سەرچاوە دەگرێت، کەسی پارێسیایی بە ئەرکی خۆی دەزانێت ئەو شتانە بڵێت کە بە ڕاستیان دەزانێت. ئەم هەستکردنەیش بە ئەرک کاتێک مانا ڕاستەقینەکانی کە دەزانین ئەوەی هەقیقەتەکان دەڵێت و ئاشکرا دەکات لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی لاوازەوە ئەو قسانە دەکات. پارێسیا قسە بۆ کەسێک یان جمهورێک دەکات کە پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان لە پێگەی خۆی بەهێزترە، بۆ نموونە ئەوان دەسەڵاتدارترن و ئەم لە ڕووی دەسەڵاتەوە لەوان لاوازترە. ئەمەش وا دەکات ئەوەی ئەو کەسە پارێسیاییە دەیڵێت ڕەنگە ڕووبەڕووی هەڕەشە و تووڕەبوون و مەترسیی گەورەی بکاتەوە. بوونی نایەکسانیی لە پێگەکانی

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩ –١٠.



https://

دەسەڵات و بوونی هەڕەشە و مەترسیی بۆ سەر کەسی قسەکەر ئەو مەرجانەن کە لە قسەکردنی پارێسیاییدا هەنە و مەرج نییە لە قسەکردنی دیکەدا هەبن[1]. هەقیقەتبێژیی لای کەسی پارێسیایی یەکسانە بە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی، تا ئاستی کوشتن و لەناوبردن و نەفیکردن.

یەکێک لەو شتانەی وا دەکات خەڵک ئەوەی کەسێکی پارێسیایی دەیڵێت بە ڕاست بزانن، یان ئەوەی وا دەکات هەست بەوە بکەن کە ڕاستیی لە قسەی کەسی پارێسیاییدا هەبێت، ئەوەیە کە لەپشتی قسەکردنەکانەوە بوێریی و ئازایەتییەکی زۆر هەیە. چونکە ئەوەی پارێسیا دەیڵێت مەترسیدارە، خەڵکی تر ناوێرن بیڵێن و بێدەنگیی بەرامبەر دەکەن. زۆر جاریش ئەوەی دەیڵێت لە ڕای گشتیی لا دەدات و شتێک دەڵێت کە زۆرینە بەدڵیان نییە، یان حەز ناکەن بیبیستن. ئەم ئازایەتیی و ڕیسککردنە خۆی یەکێکە لە هێماکانی ئەوەی ئەو کەسە دەیڵێت ڕاستە، گەر ڕاست نەبێت، ڕیسکی ئەوە ناکات بیڵێت[2]. فوکۆ بۆ نیشاندانی جیاوازیی نێوان دوو کەس کە هەردووکیان ڕاستی دەڵێن، بەڵام یەکێکیان پارێسیایە و ئەوی تریان پارێسیا نییە، نموونەی مامۆستایەک دەهێنێتەوە لە پۆلدا کە لە بەردەم قوتابییاندا هەقیقەتی ناو یەکێک لە زانستەکان یان هەقیقەتێکی مەعریفیان پێ دەڵێت. ئەم مامۆستایە گەرچی ڕاستیی بێژە و هەقیقەت دەڵێت، بەڵام خەریکی کردەیەکی پاریسیایی نییە، چونکە هیچ ڕیسک و مەترسییەک لە کردەی وتنی ڕاستییەکاندا نییە. ئەمە جگە

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠ .

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٢ .



nbooks

لەوەی کە دەسەڵات و پێگەی مامۆستاکە لە پۆلەکەدا وەک مامۆستا لە پێگەی قوتابییەکان بەهێزترە. بە هەمان شێوە کاتێک باوکێک ڕەخنە لە منداڵەکەی دەگرێت و هەندێک ڕاستیی بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەویش لە هەڵویستێکی پارێسیاییدا نییە، بەڵام کاتێک نووسەرێک یان فەیلەسوفێک کە بە پادشا یان دەسەڵاتگەرێکی ستەمگەر دەڵێت کە ستەمگەرییەکەی شێوێنەر و خراپ و مەترسیدارە، چونکە ستەمگەریی و دادپەروەریی بە یەکەوە کۆ نابنەوە، ئەوکات ئەو نووسەر یان فەیلەسوفە هەقیقەت دەڵێت، بەڵام هاوشان بە ڕیسک و مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ژیانی خۆی. چونکە ستەمگەرەکە دەتوانێت تووڕە بێت، سزای بدات، نەفی بکات، یان بیکوژێت[1].

هاوکات فوکۆ باس لەوەش دەکات کە مەرج نییە هەقیقەتبێژیی پارێسیایی هەمیشە ڕیسک و هەڕەشەی مردن لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. فوکۆ لێرەدا دوو نموونە دەهێنێتەوە کە کردەی پارێسیاین، بەڵام بەبێ ڕیسک و هەڕەشەی مردن. یەکێکیان ئەوەیە دوو هاوڕێ یەکێکیان کارێکی خراپ ئەنجام ئەدات و ئەوی تریان لە خراپبوونی کارەکەی ئاگاداری دەکاتەوە و پێی دەڵێت کە ئەو خراپەی کردووە. بەمەش هاوڕێکەی تووڕە دەکات و ڕیسکی ئەوە دروست دەبێت کە هاوڕێیەتییەکەیان کێشەی تێ بکەوێت تا دەگاتە ئاستی پچڕانی هەموو پەیوەندییەک. دووهەمیان، نموونەی ئەو سیاسییە کە دەوێرێت شتێک بڵێت دژ بە ڕاوبۆچوونی زۆرینەی کۆمەڵگا، یان ئەو شتەی کە دەیڵێت ببێتە هۆکاریی ئابڕووچوونێکی سیاسیی. بەمەش ئەو سیاسییە ڕیسکی ئەوە

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٢ -١٣.



https://

دەکات کە شـەعبیەت و خۆشەویسـتیی خـۆی لەدەسـت بـدات. فوکـۆ دەڵێـت لـە هـەردوو دۆخەکـەدا ئـەو دوو کەسـە کەسـی پاریسـیایین و ئـەوەی کردوویانـە کردەیەکـی پاریسـیاییه[1].

ڕەهەندێکـی دیکـەی هەقبێژیـی پاریسـیایی و ئازایەتیـی لـە وتنـی ڕاسـتیدا بریتییـە لـەو پەیوەندییـە تایبەتـەی کـە کەسـی هەقبێژیـی پاریسـیایی لەگـەڵ خـودی خۆیـدا دروسـتی دەکات. هەقبێژیـی لێـرەدا تەنهـا ئـەوە نییـە لـە پەیوەندییەکـی تایبەتـدا بیـت لەگـەڵ ئەوانـی تـردا، ئەوانـەی هەقیقەتەکەیـان ڕووبـەڕوو دەکاتـەوە، بەڵکو لـە پەیوەندییەکـی تایبەتییشـدایە لەگـەڵ خـودی خۆیـدا. ئـەم پەیوەندییـەش پەیوەندییەکـی قـووڵ و ڕاسـتەقینەیە، چوونکـە کەسـی پاریسـیایی ڕیسـک بـە ژیـان و پەیوەندییەکانـی خۆیـەوە دەکات. ئەمـەش مانـای ئـەوەی کەسـی پاریسـیایی وێنـەی خـۆی وەک کەسـێکی هەقیقەتبێـژ، بـۆ خـود خـۆی، بـەر لـەوەی بـۆ ئەوانـی تـر، بەرجەسـتە دەکات. لـە کـردەی پاریسـیاییدا کەسـی هەقیقەتبێـژ شووناسـێکی تایبـەت بـە خـۆی دەبەخشـێت، خـۆی بـە شـێوەیەکی تایبـەت دروسـت و دادەهێنێت و وێنەیەکـی تایبـەت لەسـەر کەسـایەتیی خـۆی دروسـت دەکات.

فوکـۆ پەیوەندییەکـی پتـەو لەنێـوان کـردەی پاریسـیایی و ڕەخنـەدا پێشـنیار دەکات. ئـەوەی کـە کەسـی پاریسـیایی دەیڵێت تەنهـا بـۆ ئـەوە نییـە هەقیقـەت بـە خەڵـک یـان بـە پادشـا یـان بـە دەسـەڵاتدارێک بڵێـت، یـان ئەمـە مەبەسـتی سـەرەکیی نییـە، ئـەوەی ئـەو دەیڵێـت و ئەنجامـی ئـەدات ڕەخنەگرتنـە لـەو کەسـانە بـۆ ئـەوەی بـەو شـێوەیە بـەردەوام نەبـن کـە هـەن، ئـەو شـتە نەکـەن کـە ئێسـتا دەیانکـەن و درێـژە نـەدەن بـەوەی

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل. ١٣



nbooks

لـە ئێستادا هەیـە و دروسـت كـراوە. لەباتیـی ئەمانـە شـتێكی دیكـە بـن جیـاواز لـەوەی ئێسـتا. بـەم مانایـە ئەركـی كەسـی پارێسـیایی نیشـاندانی هەقیقـەت نییـە، بەڵكـو ڕەخنەگرتنـە لەڕێگای نیشـاندانی هەقیقەتـەوە[1]. هەقیقەتبێژیـی لەپێنـاوی هەقیقەتگوتنـدا نـا، بەڵكـو ڕەخنەگرتـن بـە مەبەسـتی گـۆڕان و دەسـتكاریكردنی شـتەكان.

دواهەمیـن ڕەهەندیـی پارێسـیا ئەوەیـە ئـەوەی دەیڵێـت و ئەنجامـی ئـەدات، ڕاسـتییگوتن و هەقیقەتبێژییەكـەی لـە هەسـتكردنە بـە ئـەرك یـان واجبـەوە دێـت. كەسـی پارێسـیایی هەسـت دەكات ئـەوە ئەركـی ئـەوە ئـەو قسـانە بـكات، ئـەو ڕاسـتیانە بڵێـت كـە دەیەوێـت بیانڵێـت. كەسـی پارێسـیایی ئەتوانێت بێدەنگ بێت و هیچ نەڵێت، بـەڵام هەسـتێكی ناوەكیی بـە ئـەرك دەیجوڵێنێت بۆ ئـەوەی قسـە بكات، ئەركی ئەوە ئەو ڕاسـتییانە بڵێت بـە هەمـوو ڕیسـكەكانیی ئـەو ڕاسـتییگوتنەوە[2].

وەك دەبینیـن فوكـۆ لـە پارێسـیادا زۆر بەتونـدی پـێ لەسـەر مەسـەلەی بوێریـی و ئازایەتـی دادەگرێـت تـا ئـەو شـوێنەی مـرۆڤ ڕووبـەڕووی مەترسـیی و ڕیسـكی مـردن ببێتـەوە. فوكۆ ئـەم بوێرییـە بـە مەسـەلەی "ڕاسـتگۆیی" و ئەركـەوە گـرێ ئـەدات. كەسـی پارێسـیایی بـە ئەركـی سیاسـیی و ئەخلاقیـی خـۆی دەزانێـت قسـەكانی بـكات و بێدەنگـی هەڵنەبژێرێـت. بەسـتنەوەی "هەقیقـەت" بـە بوێریـی و بـە ئامادەگییـەوە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی مەترسـیی، ڕووبەرێكـی تازەیـە لـە فیكـری فوكـۆدا كـە بـە پێگەیـەك بـە خواسـت و ویسـت و توانـای

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٤ .

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٥ .



https://

تاکەکەسیی مرۆڤ دەبەخشێت. لە قۆناغەکانی تری فیکری فوکۆدا هەقیقەت لای فوکۆ بەردەوام بە دەسەڵات و بە مەعریفەی باڵادەستەوە گرێ دراوە، ئەو باسی لە سیاسەتی هەقیقەت دەکرد، بەڵام لێرەدا هەقیقەت بە بیرۆکەی ئەرک و بیرۆکەی ئازایەتیی و ڕیسکەوە گرێ ئەدات. بەمەش پەنجەرەیەکی گەورە بەسەر ئاکارە تایبەتەکانی تاکەکەس و هەستکردنی بە بەرپرسیاریەتی و بوێریدا دەکاتەوە کە کردە و بڕیار و قسەکردنەکانی دەخاتە دەرەوەی میکانیزمەکانی دیسپلینکردن و بێدەنگکردن و ئاراستەکردنەوە. پاریسیا ئەو کەسەیە کە ڕاستی دەڵێت بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات ئەو ڕاستیگوتنە ڕووبەڕوی چ جۆرە هەڕەشە و مەترسییەکی دەسەڵاتداران و هەقیقەتپەرستانی سونەتیی دەکاتەوە.

فوکۆ لە پارێسیادا باسی هەقیقەت خۆی ناکات، بەڵکو باس لەو کەسە دەکات کە هەقیقەت دەڵێت. فوکۆ دەیەوێت لەو "هەقیقەتبێژە" بدوێت کە وتنی هەقیقەت ژیانی دەخاتە مەترسییەوە، باس لەو ڕەهەندە ڕەخنەییە دەکات کە بە گوتنی هەقیقەتەوە پەیوەستە. لای فوکۆ ئەخلاقی پارێسییایە ئەخلاقێکی ڕەخنەگرانەیە و بەشێکیشە لە مێژووی ڕەخنەگرتن لە خۆرئاوا خۆیدا. لە پارێسیادا هەقیقەتبێژ خۆی و هەقیقەتگوتن خۆشی وەک چالاکیی یان پراکتیکێکی تایبەت، شوێنی خوێندنەوە و تێڕامانە. پەیوەندیی سەرەکیی لێرەدا پەیوەندییە لە نێوان کەسی هەقبێژ و ئەو شتەدا کە ئەیڵێت. فۆکۆ ئەم پەیوەندییە وەک پەیوەندییەکی ئەخلاقیی وێنادەکات. ئەوەی پاریسیا دەکاتە بوونەوەرێکی ئەخلاقیی تەنها ڕاستیی وتنەکە نییە، بەڵکو ئەو بوێریی و ئازایەتییە کە کە بو گوتنی



nbooks

ئەو ڕاستییەوە گرێدراوە ئەوەیە ئەو کەسە شتگەلێک دەڵێت کە زۆرینە یان دەسەلاتداران باوەڕیان پێینییە و دەشێت مەترسییەکی گەورە لەم کردەی ڕاستیگوتنەوە لەدایکببێت. بەلام ئەمانە هەموو ئاکارەکانی کەسی پاریسیایی نییە، مەرجێکی گەورەی تر هەیە کە بریتییە لەوەی ئەو ڕاستییبێژە بە چ زمانێک دەدوێت؟ چۆن ڕاستییەکان دادەڕێژێت؟ وەک پێشتریش هێمامانپێکرد کەسێک بۆ ئەوەی ببێتە پاریسیا و بتوانێت وەک ڕەخنەگرێکی پاریسیایی وێنابکرێت، واتە بۆئەوەی ببێت بە بوونەوەرێکی ئەخلاقیی، دەبێت ئەو زمانەی بەکاریدەهێنێت زمانێکی بێ گرێ و ڕۆشن بێت، دوور لە ڕیتۆریک و ئالۆزیی کە وابکەن قسەکان قابیلی ئەوە بن بە شێوازی جیاواز لێکبدرێنەوە و هەرکەسەو ئەو شتەی لێدروستبکات کە خۆی دەیەوێت. لە پاریسیادا ئەوەی کە دەگوترێت دەبێت بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و پاک و ڕاستەوخۆ بگوترێت، وانەبێت یەکێک وەک ڕەش و یەکێکی تر وەک سپی تەفیسرییبکات. ئەوەشی کەسی پاریسیایی دەیڵێت دەبێت زۆر بە ڕوونی وەک ڕا و بۆچوونی خۆی نیشانییبدات، نەک بۆ نموونە وەک ڕا و بۆچوونی کەسێکی دیکە، یان ڕا و بۆچوونی پاڵەوانی ناو چیرۆکێک، یان کەسێکی تری ناو گوتارێکی دیکە نیشانییبدات.

هەموو ئەمانە هەم مرۆڤێک دروستدەکەن کە خاوەنی ئیرادەی قسەکردنێکی ئازاد بێت و هەم کەسێکی ئەخلاقیی، ئەمەش ئەو مۆدێلەیە لە تاکەکەس کە فۆکۆ لە کۆتاییەکانی ژیانیدا باسیدەکات و بەرگریلێدەکات. لەڕاستیدا دەکرێت ئەم مۆدێلە وەک مۆدێلێک بۆ هاولاتیبوونێکی هۆشیار و ڕەخنەیی

و بەرپرسیار وێنابکەین و پارێسیابوون وەک داواکارییەک بۆ بەشداریی سیاسیی هۆشیارانەی هاولاتییان لە ژیانی گشتییدا وێنابکەین. دەکرێت پارێسیا وەک کەسێکی قابیلی باوەرپێکردن، و رەخنە و هەقیقەتبێژییەکەشی وەک بەشدارییەکی سیاسیی و ئەخلاقیی باوەرپێکراو وێنابکەین. پارێسیا هەم کەسێکی رەخنەگرە، هەم کەسێکە درۆزن و دوو روو فرەدەموچاو نییە، هاوکات هەستێکی ئەخلاقیی ناوەکیی و هەستکردنێکی بەهێز بە ئەرک و بەرپرسیارێتی دەیجولێنێت، نەک ئەم یان ئەو تەماحی شەخسیی و مەبەستی شاراوەی نابەرپرسیار. ئەوەی پارێسیا دەجولێنێت بەرپرسیارێتیە بەرامبەر بە خۆی و بەو ژینگە گشتییەی تیایدا دەژیی . کەسێکە ئازادانە بیر لە خۆی و بیر لەوانی تر دەکاتەوە. بەم مانایە پاریسیا ئەو کەسەیە کە مەعریفە و سیاسەت، ئەرک و ئەخلاق، ژیانی تایبەت و ژیانی گشتیی، بەیەکتری دەگەیەنێت و وەک هاوولاتییەکی رەخنەیی لە ژیانی سیاسیی و ژیانی گشتیدا بەشدارە. رەنگە پێشنیاکردنی ئەم شێوازە لە ئەخلاق و ئەم شێوازە لە بەرپرسیارێتی دواهەمین وەسێتی سیاسیی فۆکۆ بێت بەر لەوەی بمرێت.



nbooks

# ڕۆشنگەریی وەک ڕەخنە

یەکێک لە ئەگەرەکانی تری کردەی سەربەخۆ گەڕانەوەیە بۆ چەمکی ڕۆشنگەریی و پێشنیارکردنی دیدێکە بۆ ڕۆشنگەریی وەک هێزێک بۆ ڕەخنەگرتن و سەربەخۆ بەکارهێنانی عەقڵ. فۆکۆ زیاد لە جارێک بۆ ئەو تێکستەی کانت دەگەڕێتەوە کە ئەم ناونیشانەی هەیە: "دەربارەی پرسیاری: ئایا ڕۆشنگەریی چ مانایەکی هەیە؟" فۆکۆ ئەم پرسیارەی کانت وەک پرسیارێکی تەواو مۆدێرن مامەڵەدەکات. لەدیدی فۆکۆدا ئەم پرسیارەی کانت دەربارەی چییەتی ڕۆشنگەریی، پرسیارە دەربارەی ئەوەی ئایا ئێمە لە چ ئێستایەکدا دەژین؟ ئێمە کێین و چ جۆرە کەسێکین لەناو ئەو ئێستایەدا؟ ئێمە چۆن لەو ئێستایەدا بیردەکەینەوە و چ جۆرە کارێکیش ئەنجامئەدەین. فۆکۆ پێیوایە کانت ڕۆشنگەریی وەک کردەی نەفیکردن وێنادەکات، وەک کردەی دەرچوون لە دۆخێک و چوونە ناو دۆخێکی دیکەوە. ئەو دۆخەش بریتییە لە دەرچوون لەوەی مرۆڤ کلیکی عەقڵی خۆی بداتە دەستی خەڵکی تر، مانای خۆڕزگارکردن



https://

لە دەسەلاتی ئەوانی تر لە دەستنیشانکردنی ئەوە ئێمە چۆن بیربکەینەوە و چی ئەنجامبدەین. مانای بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆ و ئازاد. کانت ئەنجامنەدانی ئەم شتانە وەک دۆخی پێنەگەیشتن و کامڵنەبوون وێنادەکات. ڕۆشنگەریی مانای دەرچوونە لەو دۆخی نووقسانیی و ناکامڵبوونە. بە مانایەکی دیکە ڕۆشنگەریی مانای دروستکردنی گۆڕانکاریی لە پەیوەندیی نێوان دەسەلاتداران و ئیرادە و عەقڵی خۆماندا. کانت لە خوێندنەوەکەی فۆکۆدا، ڕۆشنگەریی تەنها وەک کۆمەڵێک پرۆسەی مێژوویی نابینێت، بەڵکو وەک ئەرکێکیش وێنایدەکات، ئەرکی دەرچوون لە دۆخی وابەستەیی و پاشکۆیەتی عەقڵی، بۆ دۆخی کامڵبوون لەڕێگای بەکارهێنانی سەربەخۆی عەقڵەوە.[1] کانت مرۆڤ خۆی بەرپرسیاردەکات بەرامبەر بە دۆخی نووقسانیی و دواکەوتن و سەربەخۆ بەکارنەهێنانی عەقڵی خۆی. بەڵام بۆ دەرچوون لەم دۆخە کانت باس لەوەدەکات کە مرۆڤ دەبێت خاوەنی بوێریی و ئازایەتییەکی تایبەت بێت، "بوێری ئەوەی بەسەربەخۆیی بیربکەیتەوە". ئەم بەستنەوەیە هەمان ئەو بەستنەوەیەیە کە گوتنی هەقیقەتە لای کەسایەتی پاریسیایی بە ئازایەتییەوە گرێئەدات. لای کانت مەسەلەی سەربەخۆبەکارهێنانی عەقڵ دەبەستێتەوە بە ئامادەنەبوون بۆ گوێڕایەڵی کوێرانە، بیرکردنەوەی سەربەخۆ مانای ئەوەی مرۆڤ گوێڕایەڵ نەبێت بۆ ئەو شتانەی کە لەدەرەوەڕا دەسەلات، پیاوانی دین و پیاوانی سیاسەت، بەسەریدا دەسەپێنن. کردەی

---

١ بڕوانە:
Devos, Rob (2004). Macht en verzet. p. 102-103.



nbooks

بیرکردنـەوە و سـەربەخۆ بەکارهێنانی عەقڵ تەنها کردەیەکی ئەپسـتۆمۆلۆژیی نییـە، بەڵکو کردەیەکی ئەخلاقییـە، پەیوەسـتە بـە بوێریـی و ئازایەتیـی مرۆڤـەوە بـۆ ئـەوەی عەقڵـی خـۆی خـۆی بەکاربهێنێـت، بەرپرسـیاربێت بەرامبـەر بـە خـۆی و لەوێشـەوە بەرامبـەر بـە دەرەوەی خۆی. فۆکۆ لەڕاستیدا ئـەم جۆرە ئەخلاقیاتـە وەک ئەخلاقیاتی پەیوەندیکردن بـە ئێسـتاوە وێنـادەکات، جۆرێکی تایبـەت لـە ئەخلاقیاتـی پەیوەندیکردن بـە ئێسـتاوە، جۆرێـک لـە هەڵبـژاردن و جۆرێـک لـە بیرکردنـەوە و جۆرێک لـە هەستکردنە بە دونیا، جۆرێک لـە هەڵسوکەوت و ڕەوشـتە کـە هـەم هێمـا بـۆ ئینتیمـای مـرۆڤ بـۆ ئێسـتا دەکات هـەم وەک ئەرکێـک وێنایـدەکات.[1]

فۆکـۆ لەڕێـگای گەڕاندنـەوە بـۆ ئـەم تێکسـتەی کانتـەوە ئازایەتـی بیرکردنـەوەی سـەربەخۆ و بەکارهێنانـی سـەربەخۆیانەی عەقڵ، ڕووبەرێکی تایبەت بۆ بەرگریکردن و داهێنانـی خـود وەک وەک بوونەوەرێکـی ڕۆشـنگەر دەکاتـەوە.

١ هەمان سەرچاوی پێشوو ل١٠٤ -١٠٥.



https://

# دەرەنجام

لەم بەشەدا چوار چەمکی سەرەکیمان لە قۆناغی سێهەمی بیرکردنەوە میشێل فوکۆدا باس کرد کە بریتیی بوون لە چەمکەکانی ئیستاتیکای بوون، پراکتیکەکانی ئازادیی و پارێسیا و "ڕۆشنگەریی وەک ڕەخنە. هەرچوار چەمکەکە پێ لەسەر پەیوەندیی ڕەخنەیی تاکەکەسەکان بە خۆیان و بە ژیان و بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەوە دادەگرن کە تیایدا دەژین و ئامادەن. لە یەکەمیاندا ئەوە لە تاکەکەس چاوەڕوان دەکرێت کە ئەو مۆدێلە لە مرۆڤ و تاکەکەسبوون قبوڵ نەکات کە تەکنیکەکانی دیسپلین و تیۆرە باڵادەستەکانی ناو زانستە ئینسانیی و کۆمەڵایەتییەکان بەسەر مرۆڤدا دەیسەپێنن. لەباتیی ئەمە مرۆڤ لە ڕێگای تەکنیکەکانی خودەوە، یان لە ڕێگای خودسازییەکی سەربەخۆوە، هۆشیارانە لەسەر کەسایەتیی خۆی کار بکات و "مشووری خۆی بخوات". لە دووهەمیاندا مرۆڤ هەوڵی ئەوە ئەدات کە ئێتۆسێکی ئەخلاقیی سەربەخۆ گەشە پێ بدات کە لە ڕێگایەوە ئازادیی خۆی بژی و ئازادانە



nbooks

هەڵسوکەوت بکات بەرامبەر بە کۆدە ئەخلاقییە گشتییەکان. لە سێهەمیاندا پەیوەندییەکی بوێرانە گریمان دەکات لەنێوان وتنی هەقیقەت و ریسککردن بە ژیانەوە، گوتن و کردنی شتێک کە گوتار و ئەخلاقیات و ڕوانینە باڵادەستەکان قبوڵی ناکەن یان چاوەڕێی ناکەن. لە چوارەمیاندا ڕەخنە وەک بەشێک لە کردەی سەربەخۆ بەکارهێنانی عەقڵ و سەربەخۆبیرکردنەوە ئامادەیە و لەم ڕێگایەشەوە تاکەکەس دەچێتە پەیوەندییەکی ڕەخنەییەوە بەرامبەر بەو ئێستایەی دروست و باڵادەست کراوە. هەموو ئەمانەش شێوازی جیاوازیی کردەی سەربەخۆ و کردەی بەرگریی و کردەی خۆدروستکردن و هەڵوێست دروستکردنی سەربەخۆن.

ئەو وانەیەی لە قۆناغە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی فوکۆوە فێری دەبین ئەوەیە کە بەمرۆڤبوون، کە کردەی بوون بە تاکەکەس، دیاردەیەکی سروشتی نییە، شتێک نییە پێشوەخت بە مرۆڤ بەخشرابێت، بەڵکو کردەیەکی مێژوویی و مەعریفیی و دەزگایی و ڕەخنەییە. مرۆڤ بوونەوەرێکە بەبەردەوامی لە دۆخی دروستبووندایە، ئێمە بەبەردەوامی دروست دەکرێین، دەکرێن بە شێوازێکی تایبەت لە مرۆڤ و بە هەڵگری شێوازێکی تایبەت لە خودبوون. کردەی بەرگریکردن بریتییە لە دەستکاریکردنی ئەم دروستکردنە بەردەوامە، ڕێگە گرتنە لە سەپاندنی دەرەکییانەی کەسایەتیی بەسەر تاکەکەسدا. لە پراکتییەکانی ئازادیدا ئەوە لە تاکەکەس چاوەڕوان دەکرێت کە خۆی یاسا و بەها ئەخلاقییەکانی خۆی هەڵبژێرێت، نەک بێ بیرکردنەوە کۆدە ئەخلاقییەکانی ناو کۆمەڵگا کۆپی بکات و لە هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانیدا



https://

پەیڕەویان بکات. هەرچی پاریسیایە هێما بۆ ئەو پەیوەندییە ڕەخنەییە دەکات کە تاکەکەس بە دەسەڵات و هەقیقەت و کۆمەڵگاکەی خۆیەوە گرێ ئەدات، باس لە گرنگیی بوونی جۆرێک لە هاووڵاتیی ئەکات کە ئیلتیزامی بە مەسەلە گرنگەکانەوە هەبێت، بە هەموو ڕیسکەکانی ئەو ئیلتیزامەوە. ئەمەش وەک ئەرک و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی وێنابکات و کەسایەتی خۆی وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقیی دابهێنێت. لە بەکارهێنانی سەربەخۆ و ڕەخنەگرانەی عەقڵەوە مرۆڤ پەیوەندییەکی ڕەخنەیی و ئەخلاقیی بەئێستاییبوونی خۆی و ئێستاییبوونی دونیاوە گەشە پێ ئەدات.

وەک ئاشکرایە فوکۆ لە هەموو ئەمانەدا بەرنامەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیایی بەرپاکردنی شۆڕشی یەکجارەکی دانانێت، مانیفێستی گۆڕینی سیستم و گۆڕانی سەرتاسەریی و گەردوونیی دونیای پێ نییە، هەر لە بنەڕەتیشەوە بۆ بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی دیسپلینکەر و بیۆدەسەڵات ئەم جۆرە بەرگرییە ئایدیۆلۆژیی و سیاسییە کردەیەکی ناڕاست و هەڵەیە. بەڵام هاوکات هەریەکێک لەم چوار چەمکەی باسمان کرد ڕەهەندی سیاسیی و دەستەجەمعیی گرنگیان هەیە و هەریەکێکیان وەک پرنسیپێکی ئەخلاقیی ڕەهەندێکی گرنگی ڕەخنەکردنی کۆمەڵگا و ڕەخنەکردنی گوتارە ئەخلاقیی و سیاسییە باڵادەستەکانی هەڵگرتووە. فوکۆ نەخشە و ڕەچەتەی بۆ کردەی شۆڕشگێڕانە پێ نییە، باس لە دەرچوون لە سیستمێک بەرەو سیستمێکی دیکە ناکات، بەڵام ئەو دید و بۆچوونانەی بەرهەمیان دەهێنێت پڕن لە وزەی ڕەخنەگرانە، چ لە ئاستە ئەخلاقییەکاندا و چ لە ئاستی



nbooks

سیاسیدا. ڕاستە ئەم چوار چەمکەی لەم بەشەدا باس کران، لە بنەڕەتدا باس لە تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ ئەخلاق دەکەن، بەڵام ئەم ئەخلاقە هەم هەڵگری فەلسەفەیەکی سیاسیی و هەم هەڵگری ئەخلاقێکی سیاسیی تایبەتە. هەردووکیشیان دەکرێت هاریکارمان بن بۆ ئەوەی بتوانین چ وەک تاکەکەس و چ وەک هێزی کۆمەڵایەتیی، لە ڕووی سیاسییەوە، چالاک بین و بەشدار بین لە گۆڕانی دونیادا.



https://

# سەرچاوەکان

1. Devos, Rob (2004). Macht en verzet: het subject in het denken van Michel Foucault. Pelckmns/Klement.
2. Flynn, Thomas (2005). Philosophy as a way of life. *Philosophy & social criticism.* Vol 31 nos 5-6. Pp. 609-622.
3. Foucault, M. (1984) On the Genealogy of Ethics: An Overview of Work in Progress. In P. Rabinow (Ed.), The Foucault Reader (pp. 340-372). New York: Pantheon.
4. Foucault, M., Martin L.H., Gutman H. & Hutton P.H. (1988). *Technologies of the Self: A Seminar With Michel Foucault.* Amherst: University of Massachusetts Press.
5. Foucault, M. (1988). Truth, Power, Self: An Interview with Michel Foucault - October 25th, 1982. In Martin, L.H. et al, *Technologies of the Self: A Seminar with Michel Foucault.* London: Tavistock.
6. Foucault, Michel (1997). The ethics of the concern of the self as a practice of freedom. In Paul Rabinow (Ed.), *Michel Foucault. Ethics, subjectivity and Truth. Volume one.* The Penguin Press.
7. Foucault, Michel (2004). *Parresia: Vrijmoedig spreken en waarheid.* Amsterdam: Uitgeverij Paressia.
8. Gutting, Gary (2005). *Foucault: a very short introduction.* Oxford University Press.
9. Huijer, Marli (2015). The aesthetics of existence in the work of Michel Foucault. *Philosophy and Social Criticism.* Vol 25 no 2. pp. 61-85.
10. Smaert, Barry (Ed.) (1994). *Michel Foucault: Critical Assessments.* Routledge.
11. Vintges, Karen (2003). *De terugkeer van het engagement.* Amsterdam: Boom.



nbooks

https://

# کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە (چ٢)-فەرهاد پیربال
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ٢)-فەرهاد پیربال
٤. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٥. نەتەوەی ژێرابەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کورد(چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سۆفیزم و کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی..-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیریەت و باتینیەت و..-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان (چ٢)-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات-ستیڤن هۆکینگ و لیۆنارد ملۆدیتۆ-و. حوسێن حوسێنی و هیوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال-ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا-وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەڵات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئێستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شووناس و ئاڵۆزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٢. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هێمن قەرەداغی
٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و,,,-گۆران ئیبراهیم ساڵح
٢٦. سەمەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا
٢٧. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-تەحسین حەمەغەریب
٢٩.گەشەسەندنی رامیاری..-د. ک. پێسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٣)-جەمال ڕەشید و فەوزیە ڕەشید-و. ملکۆ کەلاری
٣١. منداڵانی گەڕەک-هیوا قادر
٣٢. مرۆڤی یاخی (چ٢)-ئەلبێر کامۆ-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی..-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)-فریشتە نورائی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)-توانا ڕەشید کەریم
٣٦. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد

nbooks

٣٧. شاری سلێمانی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨-١٧ی تەمموزی ١٩٦٨)-هەورامان جەوهەر مەجید
٣٨. فیک و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتێب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کۆمەڵگەی ڕەش-د. عادل باخەوان
٤٣. زستانێکی درێژ-کولم توبین-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکۆس قەدیسی من (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبۆنە-ئێریش ماریا ریمارک-و. کەریم پەرەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبێرتۆ مۆرافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دۆست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. ڕوخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. ڕووناک شوانی
٥٠. قەپێلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەلا (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پێر لاگەرگڤیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨٤ (چ٢)-جۆرج ئۆروێل-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و ڕەش-ستاندال-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا (چ٢)-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئێوارستان-پێر لاگەرگڤیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی مۆراکامی-و. تارا شێخ عوسمان
٦٠. ئێوارەی پەروانە (چ٧)-بەختیار عەلی
٦١. شاری مۆسیقارە سپییەکان(چ٤)-بەختیار عەلی
٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سێوی سێهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاورەکەی ئۆرفیۆس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتیی دوژمن (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٩. دواهەمین هەناری دونیا (چ٧)-بەختیار عەلی
٧٠. ئێمەی پەنابەر-کۆمەڵێک نووسەر
٧١. گرەوی بەختە هەڵاڵە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عێراقییەک لە پاریس-ساموئێل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ٥)-یۆستاین گاردەر و ئۆتە بیوهمە-و. بەهرۆز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقاڵ (چ٧)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٥. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٦. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن

https://

٧٧. نهێنیی یاریی کاغەز (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٩. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار-کۆمەڵێ نووسەر-و. هەورامان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک رووبارە بەخورەکە-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٨٣. سێشەممان لەگەڵ مۆری (چ٣)-میچ ئەڵبوم-و. جوتیار ژاژڵەیی
٨٤. دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای رۆمی و...-لهۆن قادر عەبدولرەحمان
٨٥. رووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئوزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆڵتێر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زێبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. منداڵی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دلاوەر قەرەداغی
٩٠. ورێنە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە روانگەی ئایینەکانەوە (چ٢)-بوساحە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گوێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤)-ویلهێلم رایش-و. خەبات عارف
٩٣. رێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گێرەرەوەکە-هێرنان ریڤێرا لێتێلیێر-و. عەتا محەمەد
٩٥. باوکی ئەو (چ٢) پەرینووش سەنیعی-و. رووناک شوانی
٩٦. داوێنپیسی-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٧. کیمیاگەر (چ٤)-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٩٨. رۆژهەلاتی عەدەن، رۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠١. رۆژژمێری کیژۆڵەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب
١٠٢. جیهانی رۆمان-د. هاشم ئەحمەدزادە
١٠٣. نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی (چ٢)-عەتیق رەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی
١٠٤. فایدۆن (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٥. گۆرگیاس (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٦. سیاتیتۆس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٧. مەسیح لەخاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
١٠٩. سەگوەڕ (چ٧)-محەمەد موکری
١١٠. چاوەکانی (چ١١)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی
١١١. A-6171 من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فێرێنک گوێندوێر-و. عەتا محەمەد
١١٢. باراباس-پێێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
١١٣. تۆڵە (چ٥)-محەمەد موکری
١١٤. سڵاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١١٥. هیچ (چ٢)-کۆچەر ئەبوبەکر
١١٦. هەورەکانی دانیال (چ٢)-بەختیار عەلی
١١٧. ئێمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتوسکا-و. دلاوەر قەرەداغی

nbooks

١١٨. به ناوی ژیانەوە (چ٥)-ئەریک فرۆم-و. ئازاد بەرزنجی
١١٩. لەودیو هەستەکانەوە-ڤینسێنت رایان رۆگیرۆ-و. هەرێم هادی
١٢٠. کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا-د. بورهان أ. یاسین
١٢١. دڵڕەقی و بێماڵی-مەریوان وریا قانع
١٢٢. دزێکی ڕاستگۆ-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٣. تیمساح-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٤. سۆفیست-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٥. نهێنیی کریسمس (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١٢٦. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی-د. کەساس جەباری
١٢٧. دوایین ڕۆژەکانی سۆکرات-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٨. یەکەمین مەکتووب-پاولۆ کویلۆ-و. سیروان مەحمود
١٢٩. ئاگرەکەم مەسڕنەوە-ئازاد سوبحی
١٣٠. تامیتامی-ئەنتوان چیخۆف-و. دلاوەر قەرەداغی
١٣١. کۆلۆنێل-مەحموود دەوڵەت ئابادی-و. ئازاد بەرزنجی
١٣٢. کێشەی بوونی مرۆڤ-ئومێد حەمەعەلی
١٣٣. شەوانی ئادەم-بەیان سەلمان
١٣٤. قەموورەکەی نۆتر دام-ڤیکتور هیگۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٣٥. بەدوای عەشقا (چ٢)-بەهجەت یەحیا
١٣٦. دەربارەی باوکە گۆریۆ-و. حەمەکەریم عارف
١٣٧. دەربارەی برایانی کارامازۆف-و. حەمەکەریم عارف
١٣٨. دەربارەی بێنەوایان-و. حەمەکەریم عارف
١٣٩. دەربارەی داستانی ئیلیادە-و. حەمەکەریم عارف
١٤٠. دەربارەی دۆن کیشۆت-و. حەمەکەریم عارف
١٤١. دەربارەی شەڕ و ئاشتی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٢. دەربارەی دیکامیرۆن-و. حەمەکەریم عارف
١٤٣. دەربارەی فاوست-و. حەمەکەریم عارف
١٤٤. دەربارەی کاندید-و. حەمەکەریم عارف
١٤٥. دەربارەی کۆمیدیای یەزدانی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٦. دەربارەی هاملێت-و. حەمەکەریم عارف
١٤٧. هەتا چاو بڕ بکات... تاریکی-فەرهاد مستەفا
١٤٨. جوانییەکانی تارێکی-بەختیار عەلی
١٤٩. ڕەخنە لە ئەقڵی فاشیستی-بەختیار عەلی
١٥٠. نەرسیسی کوژراو-بەختیار عەلی
١٥١. یادەوەری و زەمەن-بەختیار عەلی
١٥٢. ئیمان و جەنگاوەرانی (چ٢)-بەختیار عەلی
١٥٣. قەلەندەر و قەلا-یەحیا یەسریبی-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٤. ئاوریشم (چ٣)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٥. ئەفسانەی ١٩٠٠ یان نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (چ٢)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٦. کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە-هارپەر لی-و. لۆنا دڵشاد مەریوانی
١٥٧. شەوگەڕەکان-میران ئەبراهام
١٥٨. دەبێت شتێک بگێڕمەوە-باران

https://

١٥٩. نامەکانی فێرناندۆ-ئەژین عەبدولخالق
١٦٠. پرۆتاگۆراس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٦١. رۆژانێک من ئۆکۆردیۆنم دەژەند-دلاوەر قەرەداغی
١٦٢. لەبارەی ئیسلام و جیهانگیری و خۆرئاواوە-د. شاکر نابلوسی-و. شوان ئەحمەد
١٦٣. مارتن لوتەر-د. هاشم ساڵح-و. شوان ئەحمەد
١٦٤. هەزار و یەک شەوە (چ٣)-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٦٥. کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن-حەلیم یوسف-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٦. هانیٔ ساڵح، ئەوە چاوم و پێی بروانە-یاشار کەمال-و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٦٧. ئەسپێک لە پەرەی گوڵاڵە (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٨. دەربەندی پەپوولە (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٦٩. خێراکە... مردن خەریکە بگات! (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٧٠. خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێ (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٧١. یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکوکی-شێرکۆ بێکەس
١٧٢. ژیان و ئەزموونی شیعریم-ئەدۆنیس-و. شوان ئەحمەد
١٧٣. پارادۆکسی نووسین (چ٢)-رەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
١٧٤. پیاوێکی تێکشکاو (چ٢)-تاهیر بن جەللون-و. ئازاد بەرزنجی
١٧٥. نامۆ-ئەلبێر کامۆ-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٦. لەبارەی ئازادییەوە-جۆن ستیوارت میڵ-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٧٧. گوزەرێک بۆ یادکردنەوەی رابردوو-نیکۆلاس سپارکس-و. بەرزان عوسمان
١٧٨. دابڕانی ئیپستمۆلۆژی لە فیکر و ژیاندا (چ٢)-د. هاشم ساڵح-و. شوان ئەحمەد
١٧٩. لە قووڵاییی سیاسەتدا-د. بورهان أ. یاسین
١٨٠. شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە!-نیلس هاو-و. ئالان پەری
١٨١. حەللاج-عەباس ئەرنائوت-و. ئازاد بەرزنجی
١٨٢. پاسە شینەکە-هیوا قادر
١٨٣. وەهمێک-ریچارد داوکینز-و. نوری کەریم
١٨٤. رێگە-نەجیب مەحفوز-و. کارزان عەلی
١٨٥. نوختەی نوونەکەی ژیان-فەرهاد شاکەلی
١٨٦. کۆشکی بۆق (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١٨٧. زۆر تایبەت-عەباس مەعروفی-و. ڤیدا قادری
١٨٨. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٩. گێلاسی خوێن (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٠. گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩١. فەهرەست (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٢. خواجە نەسرەدین، کە لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٣. تیۆریی ئەدەبی-تێری ئیگڵتن-و. عەتا قەرەداغی
١٩٤. ماڵی بێدەنگ-ئۆرهان پاموک-و. سامان کەریم
١٩٥. چیرۆکەکانی کریسمس-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٩٦. بەکولتوورکردنی خوێندنەوە-محەمەد فەریق حەسەن
١٩٧. کەوتنی ئاسمانەکان-جەبار جەماڵ غەریب
١٩٨. پەیمانی کۆمەڵایەتی-جان جاک رۆسۆ-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٩٩. سەد ساڵ تەنیایی-گابریێل گارسییا مارکێز-و. ئەحمەدی مەلا

nbooks

٢٠٠. شەقامی دوکانە تاریکەکان-پاتریک مۆدیانۆ-و. بەیان سەلمان
٢٠١. مرۆڤ و کەرامەت-مەریوان وریا قانع
٢٠٢. ژیان و بەرهەمەکانی سادق هیدایەت-حەسەن قائمیان-و. فەرشید شەریفی
٢٠٣. ئایین و مەعنەوییەت-موستەفا مەلەکیان-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٠٤. کەشتیی فیکر و دەریای مەعنەوییەت-تەحسین حەمەغەریب (ئەندیشەی ئایین)
٢٠٥. پێپ گواردیۆلا (چ٢)-گایلۆم بالاگێ-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندێشەی وەرزش)
٢٠٦. پەرەسەندنی فیزیا-ئالبێرت ئاینیشتایین و لیۆپۆلد ئینفلد-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٠٧. تیۆریی ڕێژەیی چییە؟-لانداو، ڕومەر-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٠٨. ئالبێرت ئاینیشتایین-جینیفێر جولیەن ئاندرسن-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٠٩. عەلائەدین-کارین کریبدەر-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١٠. دەمبۆ-واڵت دیزنی ستودیۆ-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١١. سێ ورچەکە-ڕۆب هێڤیران-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١٢. سیمبا-جەستین کورمان-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١٣. سێ بەرازە بچکۆلەکە-واڵت دیزنی ستودیۆ-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١٤. تەنز-سلاڤۆمێر مرۆژیک-و. خەبات عارف
٢١٥. پاپالانگی: پیاوە سپییەکە-ئێریش شێورمان-و. خەبات عارف
٢١٦. ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژلەیی
٢١٧. تەنیا یەک ڕۆژی تر-میچ ئەلبوم-و. لۆنا دڵشاد مەریوانی
٢١٨. نایادەوەری-ئەندرێ مالرۆ-و. دلاوەر قەرەداغی
٢١٩. گەشتێک بە ڕۆحی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا-هەورامان ئەنوەر
٢٢٠. کلیلەکەی سارا-تاتیانا دی ڕۆزنێ-و. هەوار جەوهەر و جەوهەر مەحمود داراغا
٢٢١. لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای ئیسلام-د. عەلی شەریعەتی-و. دانا مەلا حەسەن
٢٢٢. هێزی ئەدەب-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
٢٢٣. عیرفان، باغێک لە حەقیقەت-موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٢٤. عیشق گەورەتر لە عیشق-موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٢٥. مرۆڤی خودا ڕەنگ-سەلمان نادر (ئەندێشەی ئایین)
٢٢٦. ستیڤن هۆکینگ-کارین لاتچانا کینی-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٢٧. دەروازەیەک بۆ زانستی نانۆ و تەکنەلۆجیای نانۆ-د. خالید محەمەدعومەر (ئەندێشەی زانست)
٢٢٨. تیۆرییەک بۆ هەموو شت-ستیڤن هۆکینگ-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٢٩. زەویناسی و کۆمەڵ-د. ئیبراهیم محەمەد جەزا محێدین (ئەندێشەی زانست)
٢٣٠. گەشتەکات بە زمانی سادە-ماری و جۆن گریبین-و. زەردەشت نورەدین (ئەندێشەی زانست)
٢٣١. من زلاتانم-دەیڤد لاگیر کرانتز-و. مەسعوود حەسەن (ئەندێشەی وەرزش)
٢٣٢. هەرەمی هەڵگەڕاوە-جۆناسان وێلسن-و. کامەران پالانی (ئەندێشەی وەرزش)
٢٣٣. خۆرخێ مێندێس-میگێل کۆستا و جۆناسان سانچێز-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندێشەی وەرزش)
٢٣٤. من ترس ڕۆحی سمیوم-محەمەد ماغوت-و. شوان ئەحمەد
٢٣٥. ئەفسوونی ئەدەب-نزار ئاگری-و. شوان ئەحمەد
٢٣٦. میرۆکە-ئەنتوان دو سانت ئێگزیوپێری-و. لیۆن کارین

https://

٢٣٧. ژنێ لە بەردەم وەرزێکی ساردا (چ٤)-فروغ فەرۆخزاد-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٨. عاشق هەمیشە تەنیایە (چ٤)-سوهراب سپهری-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٩. مێردی هەمیشەیی-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
٢٤٠. قومارچی (چ٢)-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٤١. مەرگی مەیموون-ماردین ئیبراهیم
٢٤٢. تاقگەی وشە و هەڵوێست (نامەکانی شێرکۆ بێکەس)-ئا. کامەران سوبحان
٢٤٣. دیوانی موفتی پێنجوێنی-مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی-ئا. ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم
٢٤٤. دەروازەیەک بۆ ناساندنی فەلسەفەی دین-تەحسین حەمەغەریب (ئەندێشەی ئایین)
٢٤٥. رۆژ و شەوی یوسف-مەحموود دەوڵەت ئابادی-و. بەرزان محەمەد
٢٤٦. بومەلەرزەکان-جانیس ڤانکلیف-و. هێمن حوسێن (ئەندێشەی زانست)
٢٤٧. لاپەڕەکانی ژیانم-د. نەوال سەعداوی-و. جیڤارا کەمال
٢٤٨. نامەی منالان بۆ خوا-ئا. ستوارت هامپڵ و ئێریک مارشاڵ-و. ئازاد بەرزنجی
٢٤٩. فریو و خۆحەشاردان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٠. تارژەنی رەنگ (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥١. زارەکانی خەون (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٢. پاشماوەی خێڵەکان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٣. رۆماننووسی سادە و رۆماننووسی بیرکەرەوە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٤. قەڵای سپی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٥. ژیانی من-سێر ئالێکس فێرگسۆن-و. رێبوار محەمەد (ئەندێشەی وەرزش)
٢٥٦. ئایناسیی مەولانا-د. عەبدولکەریم سرووش-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٥٧. ئەژدیهاکانی عەدەن-کارڵ ساگان-و. رۆژگار حەمید (ئەندێشەی زانست)
٢٥٨. نامە بۆ کچەکەم-تیۆدۆر کالیفاتیدیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٥٩. خەونی مشکەکان و پیاوەکان-جۆن شتاینبێک-و. شێنێ بۆسکانی
٢٦٠. لۆلیتا (چ٢)-فلادیمێر نابۆکۆف-و. توانا حەمەنووری
٢٦١. من ناوم سوورە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٢. رابەرانی هزری کۆمەڵایەتی-د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن-و. دانا مەلا حەسەن
٢٦٣. جۆناسانی نەورەس (چ٣)-ریچارد باخ-و. ئازاد بەرزنجی
٢٦٤. پیاوێکی بێچارەنووس-ئیمرە کیرتێز-و. رووناک شوانی
٢٦٥. بەفر (چ٣)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٦. ژنە قژسوورەکە-ئۆرهان پاموک-و. سامان کەریم
٢٦٧. ژنێک بۆ خۆشویستن (چ٢)-تیۆدۆر کالیفاتیدیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٦٨. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٩. گەڕانەوەی زەردەشت-ئەحمەدی مەلا
٢٧٠. پاسەوانانی خودا (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٧١. تاکسی (چ٢)-خالد ئەلخەمیسی-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٢. هەرەسی ژێرخانێک-نەوزەت شەمدین-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٣. لە دێرسیم مردم-مەحمود نەجمەدین
٢٧٤. سوبارتۆ-حەلیم یوسف-و. وریا غەفوری
٢٧٥. پادشای ئەنگوستیلەکان (هۆبیت)-جۆن رۆناڵد رویێل تۆلکین-و. بەرزان عوسمان
٢٧٦. دوو شاباڵی نووریی شار-تەحسین حەمەغەریب

nbooks

٢٧٧. جیهانی میشێل فوکۆ (چ٢)-کۆمەڵێک نووسەر-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
٢٧٨. مێژووی سێکسوالیتە-میشێل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٧٩. داروین و ڕەچەڵەکی مرۆڤ (چ٢)-گۆران ئیبراهیم
٢٨٠. وشەکان و شتەکان-میشێل فوکۆ-و. ئارام ئەمین شوانی
٢٨١. زیندەبەگۆڕ-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٨٢. حاجی ئاغا-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٨٣. سواڵکەرەکە-نەجیب مەحفووز-و. توانا حەمەنووری
٢٨٤. سەوزێکی کاڵ بوو دەباری-خەبات عارف
٢٨٥. کۆتەڵی ڕۆژ-کازۆ ئیشیجۆرۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٨٦. نرکەی چیاکە-یاسۆناری کاواباتا-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٨٧. ئەخلاق و بەرگری-مەریوان وریا قانع

https://